# کۆتایی
# دیموکراسی



# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: کۆتایی دیموکراسی

ئا: دڵزار حەسەن

نەخشەساز: ئیبراهیم ساڵح

ساڵی چاپ: 2022

نۆبەی چاپ: یەکەم

شوێنی چاپ: تاران

تیراژ: 1000

نرخ: 5000

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/

هەرێمی کوردستان ژمارە 323 ی ساڵی 2022 پێدراوە.

# پێرست:

لەپەراوێزی دیموکراسییدا.... ڕانانێك وەك پێشەکی ... ٥
لەبارەی دیموکراسییەوە ... ٣٧
هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان چین؟ ... ٥٦
ئازادی و هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان ... ٦٦
دیموکراسییەتی تەندروست ... ٨٣
جیاوازی لە پێناو جیاوازیدا ... ٨٧
فرە لایەنی لە هەڵبژاردندا ... ١٠٦
تایبەتمەندییەکانی سیستەمی فیدرالیزم ... ١٢٦
هەلومەرجی بە دیموکراسیبوون ... ١٣٨
دیموکراسییەت وەك .... پرسێکی کۆمەڵایەتی ... ١٥٩
جیهانی سێیەم و دیموکراسییەت ... ١٦٩
ژەهرە شیرینەکەی بەجیهانیبوون ... ١٨١
خزمگەرێتی و گەندەڵی ... دیوە ناشیرینەکەی دیموکراسییەت.٢٢٢
ئازادی ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربڕین ... ٢٣٨
دیموکراسی وەکوو خەونێکی تێکشکاو ... ٢٥٣
پۆپۆلیزم و دیموکراسی ... ٢٦١
پاراستنی عێراق لە نەوتەکەی ... ٢٩٢
سەرچاوەکان ... ٣٢٥

# لەپەراوێزی دیموکراسییدا.... ڕانانێك وەك پێشەکی

جان بۆڵ سارتەر١٩٠٥ – ١٩٨٠ وەك بیرمەندێکی فەرەنسایی لەفەلسەفە وجودییەکەیدا، بوونی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە جۆرێک، لەئازادی کە بەهۆی کۆشش و ڕەنجەوە بەدەستی هێناوە، بۆیە دەڵێت: ئازادی بەتەنها ماهییەت و جەوهەری مرۆڤ نییە، بەڵکوو شتێکە مرۆڤایەتی ئەزموونی دەکات و بەدەستی دەهێنێت. یانی کەرەستەیەك نییە بەناوی ئازادی (چەسپاو، سروشتی) لە مرۆڤدا، بەڵکوو مرۆڤەکان لەڕێگای بوونیانەوە. دواجار بە تێکۆشان و ماندوبوون و هەوڵ و کارەوە، بەدەستی دەهێنن. ئەوەیش دەبەستێتەوە بە جۆرێک لەئازادی، لەفەزای گشتییدا و دەڵێت: ئازادی توانا و بەهرەیەکە بەهۆی ئەوەوە، مرۆڤ دەتوانێ خۆیی و جیهان بگۆڕێت. سارتەر، چەمکی هەڵبژاردن (انتخاب) بە ئایدیای ئاگاییەوە پێناسە دەکات. و پێشییوایە بێ مەرجبوونی ئازادی، هۆکاری دڵەڕاوکێ و دەرفەتی هەڵبژاردنی نێوان پێویست و ئەگەرەکان. سەرچاوەی دڵەڕاوکێیە و، دڵەڕاوکێش لە هەڵبژاردندا خۆی دەرخەری ئازادییە. هەموومان ئازادی لەگەڵ دڵەڕاوکێدا ئەزموون دەکەین، واتە ئەو هەستە میتافیزیکییەی کە ئازادیی بێ مەرج و پێویستی هەڵبژاردن لەناوماندا دەیجووڵێنێت. لە هەرکوێ ئازادی هەبێت، بەناچاری زەرووڕەتی هەڵبژاردنیش دێتە ئاراوە.

مرۆڤ لەڕێگەی دوو جۆر بوونەوە کە پێشتر باسمانکرد، خەسڵەت دەبەخشێتە خۆی و خۆی پێناسە دەکات. لە دیدی "سارتە"رەوە، مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادیی و هەڵبژاردن. ئازادیی بەکارهێنانی توانای مرۆڤە، بۆ ژیانێکی باشتر. ئەوەیش دەلالەتە لەسەر ئاگایی ئینسان، لەدۆخی بووندا. دڵەڕاوکێ تەنیا چەمکێکی دەروونی نییە، مرۆڤ بۆ هەڵهاتن لە دڵەڕاوکێ، دەست بۆ هەندێك کاری وەك بڕوای (خۆفریودان و ئەویترفریودان دەبات) کە سارتەر پێیی دەڵێت: (بڕوای خراپ)، سارتەر لە کتێبی "بوون و نەبوون"دا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئاوڕي، لە باسکردنی فینۆمینۆلۆژییانەی ڕەفتارە ڕەسەن و ناڕەسەنەکان داوەتەوە. واتە بڕوای خراپ: ئەگەر لە جێییەکدا کە پێویست بکات دەست بدەینە هەڵبژاردن، و لە هەڵبژاردنەکە هەڵبێین، یان لە هەڵبژاردنەکەدا ساختەکاری بکەین، ئەوا بووینەتە هۆکاری خۆفریوادن و بڕوای خراپ، کە لەڕاستییدا ئەو فشارە، دەرکەوتەیەکی تری "ناڕەسەنێتی"یە. "سارتەر" لەو کتێبەدا، چەمکگەلێکی تازە دەورووژێنێت و دەنووسێت: بوونی مرۆڤ، دەکەوێتە پێش ناوەڕۆك و جەوهەریەوە. واتە مرۆڤ ناوەڕۆك و جەوهەرێکی پێشوەخت و پێش دانراوی نییە، و جەوهەرەکەی لەپاش بوونیەوە دروست دەبێت. لێرەدا هەندێك، لە ئایدیای مرۆدۆستانە "هیومانیستەکان" دەگرێتەخۆی و پەرەیان پێ دەدات. بۆنمونە، ئەو وتەیەی "ئیراسمۆس" وەك سەمپڵێك دەهێنێتەوە کە

دەڵێت: (مرۆڤ، بەمرۆڤی لەدایك نابێت، بەڵكوو دەبێت بە مرۆڤ). "سیمۆن دۆبوڤوار"یش هەمان ئایدیا لە ئیراسمۆسەوە وەردەگرێت و دەڵێت: (ژن، بەژنی لەدایك نابێت، بەڵكوو دەبێت بە ژن)، یان ئەو وتەیەی "پیكۆ میراندۆلا" كە دەڵێت: (مرۆڤ بەدروستی، خۆی دروست دەكات، خۆی پەروەردە دەكات و، خۆی دەگۆڕێت). بەهەرحاڵ، لەنێوان هەموو فەلسەفەكاندا، بوونێكی تایبەت بەناوی مرۆڤەوە دەبینرێت كە سیفەتی نەفی و نیهیلەیشنی هەیە. واتە بوونێك، بۆ خود كە وەكوو ماددەی خاو، بۆ گۆڕینی سەیری "بوون لە خوداكان"ی تر دەكات. سارتەر. بوون بە پرۆژەیەك دەزانێت، بۆ ئایندە. سەدەی هەژدە كە بە دونیای تازەگەریی و ڕۆشنگەری هاوچەرخ ناوی دەهێندرێت، خۆ هەمووی خێر و بەرەكەت نەبووە؟!. گەر سەیرێكی دەركەوتەكانی بكەیت، یان لە ڕووی بەركەوتەكانیەوە بیخوێنیتەوە. تێدەگەیت كە سەدەی هەژدە ئاماژەكانی، بۆ دونیای ئێستامان چەندان نیگەرانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. مرۆڤی لەژێر هەژموونی دەرەبەگایەتییەوە دابەزاند، بۆ نێو جیهانی ماددەگەرایی و وردە بۆرژوازی نزم. لەئەپستراكتی لاهوتییەوە بەرە و وابەستەبوونی، بە كایەكانی ئالەتگەرایی پەلكێشكرد كە مرۆڤ تیاییدا هەستی بە نامۆبوون دەكرد، بەرانبەر بە سروشت. تەنانەت وایكرد، مرۆڤ بەرانبەر بە كۆی مرۆڤایەتیش هەست بەو نامۆییە بكات، هەمیشە هێشتنەوەی دەروونێكی نامۆ و

تێكشكاو لای كەسی ڕەنجدەر، لەبەردەم خاوەن ڕەنج خولْقاندووە. وەك كارڵ ماركسی بیرمەند، دەیڵێت (ئەوە فۆڕمێكی نەرمی مرۆڤخۆرییە). دونیای ڕِۆشنگەری هاوچەرخ، لەسەدەی هەژدەدا. مرۆڤی لەكامەرانی وەهمییەوە گواستەوە، بۆ نیگەرانییەكی واقیعی. لەدەرەبەگایەتییەوە بەرەو بۆرژوازیی. ماركس گوتەنی: (بەهەشت بوونی نییە، بەلام دۆزەخ ئەوەتا ئێمە وا لەناویدا دەژین). لەسەردەمی گەشەی پیشەسازیی و گەشەی دەستی كاردا، لە ئەورووپا ئایین وەك هەژموونێكی باڵا لەنێو كۆمەڵگەدا، لەجووڵە كەوت، لەبری ئەوەدا جۆرێكی دیكە لەتێگەیشتن، بۆ ئایین لای بیرمەندانی ڕۆشنگەری هاتە ئاراوە. ئەوان پێیانوابوو گەشەی پیشەسازیی ڕێ لەزیندوویەتی دین لە ناخی مرۆڤ دەگرێت، یان وەك درۆیەكی ئاشكرا لە فۆڕمی جیاجیادا خۆی وێنای دەكات و نمایشی دەكاتەوە. لەو سۆنگەیەوە، دەتوانین بڵێین سەدەی هەژدە دواجار بە سەدەی ڕەخنەی عەقڵانی لەئایین چاوی لێدەكرێت، یان دەخوێندرێتەوە. پێچەوانەی دونیای خۆمان "خۆرهەڵاتی ناوین" كە لانەی لەدایك بوونی بەشی زۆری ئایینەكانە و پێچەوانەی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپایی، كەمترین ڕەخنەی عەقڵانی لەدین تیاییدا زەمینەی بۆ سازكراوە. لای "سارتەر" گەلێك ناتوانێ گۆڕانكاری بكات كە تاكەكانی ئازاد نەبن، ئازادی بەدی هێندراویش پەیوەندی بە دۆخی هۆشیاریی و ژیری تاكەوە هەیە.

ناکرێ تۆ باسی گۆڕانکاری بکەیت کە هۆشت لای ئەو واقیعە نەبێت کە دەستەمۆی کردووی. دەبێ پرسیار لەو نا ئاگاییەی خۆت بکەی کە دایبڕاندووی، لەخۆت و کۆمەڵگەکەت. ئەوەیش وایکردووە، هەمیشە دەسەڵات بە هۆشیارییەوە مامەڵە بکات و تۆش جگە لە جەستەیەکی خەواڵوو، هیچ شتێکی دیکە بەو واقیعەت نەبەستێتەوە. کاتێک پرسیار لەخۆمان دەکەین، بۆ ئەو دۆخەی خۆمانمان پێناگۆڕ درێت!؟. هۆیەکەی ئەوەیە تۆ نوستووی، لەخەیاڵ دەژیت و هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیی ناتبەستێتەوە بەو واقیعە، بۆیە ناتوانی هیچ گۆڕانکارییەک بکەیت، بەس لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات بە ئاگاییەوە دۆخەکە دەبات بەڕێوە و دەشزانێ چۆن هەڵس و کەوت دەگەڵ هەردوو ژینگەکەدا بکات. ژینگەی ئێمە و خۆیشی، بەڵام ئێمە تەواوەک دابڕاوین لەو هەستەی دەسەڵات و لەوەهم و خەیاڵ دەژین، یانی ئەو لە ئاقارێک و ئێمەیش لەدۆڵێکدا دەژین. هەرچەندە لای سارتەر، مرۆڤ ئازادە و توانای خۆڕادەستکردنی بە دونیایەک چارەنووس هەیە. لەهەمانکاتیش توانای بەرەنگاربوونەوەی چارەنووسەکانیشی هەیە، بەلاَم ئێمە خۆمان ئەو چارەنووسەمان بۆ خۆمان هەڵبژاردووە، چارەنووسی بێدەنگ بوون و لەگەڵ دۆخەکەدا ڕِۆیشتن!؟. هەرچەندە ئازادی لەجەوهەردا، ناسینی ئازادیی کەسانی ترە و پێویستە لەلایەن ئەوانی دیکەوە بەو شێوەیەش بناسرێت. بیرمەندێکی وەك هانا ئارێنت

١٩٠٦-١٩٧٥، یەکێکە لەو فەیلەسووفە هاوچەرخانەی ڕەخنەی جددی هەیە، لەسەر دونیای مۆدێرنە و چەمک و ڕەهەندەکانی. لە وتار و کتێب و بەرهەمەکانییدا زۆر بەوردی، لەبارەی فۆڕم و ئیشکالییەتی نێو دونیای مۆدێرنە هەڵوەستە دەکات. لای ئارێنت کاتێک سیاسەت و فەلسەفە بایەخیان دەبێت کە دەبن بە بەشێک لەتیۆری گفتوگۆکردن، بۆیە ئارێنت، هەمیشە بەدوای جەدەلی نێوان سیاسەت و فەلسەفەدا دەگەڕا. هەر ئەوە وایکردووە ئەو دوو چەمکە دواجار بۆی ببێتە جێگەی بایەخ. هەڵبەتە هەرکەسێك بیەوێت لە سیستەمە تۆتالییەکانی جیهان تێبگات، ناچار دەبێت ئەو کتێبەی هانا ئارێنت بخوێنێتەوە کە لە بارەی تۆتالیتاریزمەوە نووسیوییەتی. هانا ئارێنت تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆ سیاسەت و ژیانی سیاسی کە زیاتر دەتوانین ناوی "هیومانیزم"ی لێبنێین. بە بۆچوونی ئارێنت سیاسەت پەیوەندیی بە پشکداری هاوڵاتییان لە جیهان و فەزایەکی هاوبەشی دەرکەوتنەوە هەیە، بۆ ئەوەی نیگەرانییە گشتییەکان بتوانن لە ڕوانگە جیاجیاکانەوە دەرببڕدرێن. پێشییوایە تەنها ئازادی ڕادەربڕین گرنگ نییە، بەڵکوو دەبێت تاکەکان لە فەزای گشتی- سیاسییدا بتوانن یەکتر ببینن و لەگەڵ یەکتر بدوێن، بۆ ئەوەی جیاوازییەکانیان و خاڵە هاوبەشەکانیان دەرکەوێت و ببێتە جێی گفتوگۆی دیموکراتی. ئارێنت تاك دەباتەوە نێو فەزای گشتیی و، پێیوایە عەقڵی مرۆڤ لە

تەنهاییدا گۆشەگیر و خۆپارێز و ترسنۆکە، بۆیە بەردەوام پێویستی بە ئەوانی دیکە هەیە. بەکورتی ئارێنت بوونی مرۆڤ، وەك کائینێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی سەیردەکات و لەدەرەوەی ئەو فەزایە مرۆڤ هیچ بەهایەکی راستەقینەی نییە. لەلایەکی ترەوە "هانس جۆنس"ی فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمان، لەکتێبی (بنەماکانی بەرپرسیاریی)، لەبارەی ئیشە فکرییەکانی ئارێنتەوە دەڵێت: تێزە سیاسیی و فکرییەکانی لەناوەندە ئەکادیمیی و ڕووناکبیرییەکاندا، بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆکردن و توێژینەوە. بەتایبەتی، لەبواری تیۆری سیاسییدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە میتۆدی لێکۆڵینەوەکانی ئارێنت، لەمەڕ ئایدیا و چەمکەکان، جۆرێک لە ئاڕاستەکردنی بەسەر کۆمەڵگە و هۆشمەندان سەپاندووە. هەڵبەتە فەزای ئیشەکردنی فکری ئارێنت زیاتر وەستان بوو، لەسەر چەمکی (بیرکردنەوە و ئازدی). بەردەوام ئەو دوو چەمکەی دەبەستاوە، بە یەکتری. بوونی ئینسانی وەك بوونەوەرێکی عاقڵ و، وابەستەی بیرکردنەوە پێناسە دەکرد، بۆیە لەتێز و ئەندێشەکانییدا، هەمیشە پێیوابووە هەر مرۆڤێک بیری نەکردەوە، کەواتە بوونی نییە. ئەو بوونی مرۆڤی بە بیرکردنەوەی لێکدەدایەوە. ئەو ڕایەی، لە "کانت"ی فەیلەسووف نزیکە کە دەڵێت (من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم)، بەس ئارێنت ئەو ڕوانینەی خۆی بە بەستنەوەی وجودی مرۆڤ وەک کارەکتەرێک، لەنێو دوو فەزادا.

فەزای سیاسەت و فکردا، قووڵدەکردەوە. ئەو زیاتر گرنگی بە مرۆڤی سیاسیی دەدا، لای ئارێنت سیاسەت هونەری هۆشیاری تاکە، لای ئەو بنەماکانی سیاسەتکردن، کۆمەڵگە دەخاتە نێو مەنزوومەیەکی بیرکەرەوە، بۆیە ئارێنت، هەمیشە "تاک" دەچوێنێت بە مەخلوقێکی سیاسی. پێشیوایە "ئەوکاتە ئازادی کە بیردەکەیتەوە". هانا ئارێنت، بەوە لە "کانت"ی فەیلەسووف جیادەکرێتەوە کە "ئازادی" دەخاتە پێش "بیرکردنەوە". بوونیش، لەو ئازادییەوە دەبینێت. سەبارەت بە چەمکی سیاسەت و تێگەیشتن لە سیاسەت دەیگوت: سیاسەت تێگەیشتنە نەک کارکردن، سەبارەت بە دۆخی بیرکردنەوە و مێژوو و ڕابردوو دەڵێت: (بیرکردنەوە واتە بیرهێنانەوەی ڕابردوو، پەیوەستکردنی بە ئێستاوە). نموونەی زۆر، بۆ ئەو تێڕوانینەی خۆی دەهێنێتەوە. ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی وەک گەڕان، بەدوای مرواری لەناو دەریادا لێک دەدایەوە. بەڕای ئەو "مرۆڤی ئازاد"، دەبێت ڕۆڵی هاوڵاتیبوونی، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتییدا ئەنجام بدات. لای هانا ئارێنت کاری سیاسی لەفەزای گشتییدا، مانای ئازادی مرۆڤەکانە. بەپێیی بۆچوونی ئەو ژیانی مرۆڤ لەدەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتدا، نەک لە بەرانبەر توندوتیژی ئەوانی دیکەدا دەکەویتە مەترسییەوە، بەڵکوو بێمانا و بێ ڕیشە دەمێنێتەوە.

لێرەدا ئێمە و دەسەڵات وەک یەک، نە ئازادی دەناسیین و نەک وەک یەکیش پەیڕەوی ئازادی دەکەین. دەسەڵات لای ئێمە، ئازادی ڕەهای هەیە و بێئەوەی بوار بە ئازادی بەرانبەر بدات. هۆیەکەی ئەوەیە مومارەسەی ئازادی، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تاک لایەنانەیە، یانی یەک دیوی ئازادیمان نمایشکردووە. ئەوەی دیکە پەرچەکردارە، نەک ئازادی. تاکی ئێمە، لەپەراوێزی ئازادیدا دەژیت کە دەسەڵات بۆی خۆڵقاندووە، نەک خۆی بەدەستی هێنابێ. ئازادیی ئەوەیە بەدەستی بهێنیت، نەک بۆت بڕەخسێنن، چونکە هەرکاتێک بیانەوێت لێت دەستێننەوە. ئەوەی لێرە دەگوزەرێت ئازادی فەراهەمکراوە، نەک بەدەستهاتوو. هەر ئەوەیشە وایکردووە هیچ بزووتنەوە و هێزێکی گۆڕانخواز، مەبەستەکەی بستێک بەرزنەبێتەوە، چونکە خۆی لەجەوهەردا ئەو ئازادییەی بەدەست نەهێناوە. تا هەوڵ بۆ گۆڕانکاری بدات، بەڵکوو دەسەڵات دەرگای بۆ ئەو ئازادییە کردووەتەوە. هەرکاتێک بییەوێت، دەرگاکە دادەخات. ئێمە تا ئێستا لەنێو ئازادییەکی زەینی دەژین، ئازادیی نەبۆتە کلتوور، نەبۆتە ماهییەت. ئەوەی هەیە ژیانە، لەپەراوێزی ئازادییدا. ئاخر ناکرێ تۆ بێئاگابی لەپێگەی خۆت، لە بوونت کە خۆت بونیادت نەهێنابێ، چۆن دەکرێ باس لەئازادی وەدیهێنراو بکەین!؟. هەر بۆیەیش بەهیچ شێوەیەك لایەنگری ئازادی شۆڕشگێڕانە نیم، چونکە بەردەوام گروپ و کەسە شۆڕشگێڕەکان

دواجار بوونەتەوە بە ستەمکار و فاشی. من باوەڕم بە جۆرێک، لەئازادی هەیە کە بەها و پێگە بە وجودی مرۆڤ بدات. مرۆڤ، لەقالب دەربهێنێت و بیداتەوە دەست خۆی. هەرچەندە لەو شەڕەدا زۆر بەکەمی مرۆڤە ئازادیخوزەکان براوە دەبن، بەڵکوو زۆربەی جار دەسەڵات براوەی یەکەمە. بەس ئەو جەنگە درێژەی دەبێ، تا مرۆڤ دەگات بەو ئازادییە. "سارتەر" ورد، لەسەر ئەو جۆرە ئازادییە دەوەستێت و پێمان دەڵێت: ئازادی ئاکارێکی دەروونی نییە کە مۆڵەتی دابڕان، بە پێگەکان بدات. بە پێچەوانەوە ئازادی توانای دەستەویەخە بوونە، لەگەڵ کار و بونیادنانی داهاتوودا. لەوەدا "سارتەر" جۆرێک لەتێگەیشتن، بۆ ئازادی دیاری دەکات کە وابەستەی دەکات بە کار و گەیشتن بە داهاتوویەکی جیاوازتر. "سارتەر" مرۆڤ دەباتەوە سەر حاڵەتیی وجوودیانەی خۆیی و دەڵێت: ڕێگاچارە نابێ و ناکرێ هەڵبژێردرێ، ڕێگاچارە دەبێ دابهێندرێت، بخوڵقێندرێ. لەوەدا مرۆڤ لەسەریەتی، دەربازی بێت لە خەیاڵ و خۆزگە و هەڵبژاردنی خەیاراتەکان. (خراپتر بۆ باشتر) یان (باشتر بۆ باشترین)، بەڵکوو مرۆڤ لەسەریەتی شت بخوڵقێنێ. ئازادیی تازە، لەهەناوی خۆیی و کۆمەڵگەدا بەدیبهێنێت.

لە سەردەمێکدا دەژین کە باس و خواسی ئازادیی و چەمکی دیموکراسیی، لەهەموو کونجێکی ئەو جیهانەدا بۆتە بەشێك، لەکایەی دەوڵەت و سیستەمەکان. هەرچەند بەشی زۆری وڵات و

کۆمەڵگەکان، بەهۆی نا دیموکراسی بونیانەوە گرفتاری چەندان دەرد بوونەتەوە. هۆکارەکەیشی پەیوەندی بە هەلومەرجی سیاسیی و کلتوری گەلانەوە هەیە کە بۆ هەندێك وڵات پرۆسەی دەوڵەتداریەتییان لەدووری بنەماکانی دیموکراسییەوە، لەسەریان گران کەوتووە، یان بەهۆیانەوە کێشەی نەتەوەیی - مەزهەبی - سیاسییان، بۆ دروست بووە. هەرچەندە قسەکردن لەسەر دیموکراسییەت، لەجەوهەردا قسەکردن نییە وەك چەمك، بەڵکوو توێژینەوە و بەدوا داچوونە، لەسەر فۆڕم و شێوازی جێبەجێکردنەکەی. بەتایبەتی، بۆ هێز و گروپە پێشکەوتووخوازەکان کە لەحاڵی حازردا بۆتە ئارێشەیەکی گەورە لەبەردەمیاندا. دوای ئاوابوونی خۆری سۆسیالیزمیش لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا، دۆخێکی تازەی ژیانیان، لەنێو دنیای دیموکراسییدا پەیڕەوکرد. تواندرا دوای هەفتا و پێنج ساڵ مانەوەی کۆمۆنیستەکان لەسەر حوکم، ڕژێمە کۆمارییە تاك ڕەوەکان بەسەردەمێکی نوێ بگۆڕنەوە کە بنەماکانی دیموکراسییەت خاڵی وەرچەرخانی بێت. دوای ئەورووپا، وێنەی دراماکە درێژ بوویەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییە پیشەسازییە کەم وێنەکانی کیشوەری ئەورووپا. ئیدی دیمەنەکانی لەئەمریکا ڕەگی داکوتاو و دوا بەدوای ئەوانیش، لەئەفریقا و کیشوەری ئاسیاش گۆڕانکاری خێرا لەفۆڕمی دەوڵەتەکاندا بەئاشکرا هەستی پێکرا. لێکۆڵەران پێیانوایە ئەو

دیاردەی تەشەنەكردنەی دیموكراسییەت، لەجیهاندا ئەو وتەیەی كە پێیوایە دیموكراسیی پرۆژەی خۆرئاواییە و لە خۆرهەڵاتدا گەشە ناكات، بەدرۆ دەخاتەوە. ئەو جۆرە تێگەیشتنە، بۆ گشت لایەكمان جێگەی هەڵوەستەكردنە. هەرچەندە "هیگڵ"ی فەیلەسووفی ئەڵمانیایی ١٧٧٠ - ١٨٣١ دۆخی دیموكراسییەت دەبەستێتەوە بە دونیای خۆرئاوا، پێشیوایە لە ژینگەی خۆرهەڵاتدا دیموكراسییەت گەشە ناكات، چونكە لەو زەمینەیەدا، هەمیشە موقەدەس و كاریزما بەرهەم دەهێندرێت. "هیگڵ" ئەوەیش ناشارێتەوە كە كۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیی سنوورێك، بۆ بیركردنەوەیان هەیە كە ئایین و نەریت و پیرۆزییەكان، ناهێڵێت لەو چوارچێوەی سنوورە زیاتر دەربچێت و بیربكاتەوە، بۆیە دەڵێت: ئاسان نییە لەو جۆرە كلتوورەدا بنەماكانی دیموكراسییەت، بەشێوەیەكی تەندروست تێست بكرێت. هەرچەند لێشاوی ئەو سی ساڵەی ڕابردووی پرۆسەی ئازادیی، لە وڵاتە خۆرهەڵاتییەكان مانای زامنكردن و سەركەوتنی یەكجارەكی ئازادییەكان ناگەیەنێت، بەڵام پرۆسەیەكیشە، بۆ بە ئەزموونكردنی لانی كەمی، بوونی دیموكراسییەتێك ئەگەر ڕووگەشیش بێت، چونكە ئازدیی و دیموكراسی دوو كۆڵەكەی سەركین، بۆ كۆمەڵگەكان. تا ڕابێن لەگەڵ دونیای جیاوازییەكاندا. لایەنگرانی بنەما دیموكراسییەكان، هەمیشە پێداگرن لەسەر ئەوەی (خەڵكی ئازادییان، پێ لەچەوساندنەوە باشترە)، بەڵام ئەوە مانای ئەوە

ناگەیەنێت سیستەمە دیموکراتەکان خۆخوڵقێنەرن و درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بیرۆکەی دیموکراسی هەڵگری دۆخێکی تایبەتە و تەمەنێکی درێژی هەیە، بەس پیادەکردنی ئاسان نییە؟.! بەها ئازادییەکان ڕەنگە لەو سەردەمەدا گەشەیان کردبێت، بەڵام ئەگەر چاوێك بە مێژووی درێژی مرۆڤایەتییدا بخشێنین، دەبینین کە هەر لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنساوە بگرە، لەکۆتایی سەدەی هەژدەم تا بە سەرهەڵدانی ڕژێمە تاك حزبییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگات، هەمیشە ژمارەی سیستەمە دیموکراتەکان کەم و تەمەنیشییان کورت بووە، بەڵام ئەو ڕاستیەش هەر نابێ ببێتە مایەی ڕەشبنی، یاخود نا ئومێدی، بەڵکوو دەبێتە مایەی ڕوبەڕووبونەوە. ڕاستە حەز، بۆ ئازادیی چەشتن ئارەزوویەکی زکماکی مرۆڤە، بەڵام پیادەکردنی ئازادییەکان پێویستی بە ڕاهێنان و ئەزموون و فێربوون هەیە. تۆ بڵێی ئەو وەرچەرخانەی مێژووش دەرفەت بدات، دەرگا و کەناڵەکانی ئازادییەکان ئاوا بە واڵایی بمێنێتەوە. ئەوەیان پرسێکە بەندە، بە ویست و کۆژیری گەلانەوە. نەك بە یاسا ساختەکانی مێژوو و، بە میهرەبانی سەرکردە خۆسەپێنەکانەوە. بەپێچەوانەی هەندێ تیڕوانین، خۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی تەنها ئەو کۆمەڵگەیە نییە کە تاك تیاییدا سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئامانجەکانییەتی. لەو کاتە دیموکراسیی گەشە دەکات کە هاوڵاتیان بەڕێوەیان دەبەن، بۆ

ئەوەی ئازادییە زەحمەت وەدەست هاتووەكانیان، لێیەوە پیادە بكەن لەڕێگای بەشداریكردن، لەژیانی كۆمەڵگەكەیان بەهۆی بەشداربوون، لەگفتوگۆی گشتی و هەڵبژاردنی نوێنەرەكانیان و لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو نوێنەرانە و قبوڵكردنی بەرانبەر و سینگ فراوانی و سازشكردن، لەژیانی گشتییدا. وەك پێویستییەكی ژیاریی كۆمەڵگە، بەڵام دەبێ ئەو هاوڵاتیانە لەهەمان كات بەرپرسیاربن، لەهاوكاریكردنی تاكەكانی تری جڤات. لە داڕشتنی ئایندەییەكی ڕۆشن كە بەها بنچینەییەكانی ئازادیی و خۆبەڕێوەبردن بە بەردەوامی لەئامێز بگرێ. لەدیدگای بیرمەندێكی وەك "سامۆئیل هەنتینگتۆن" ی زانای سیاسیی، لەزانكۆی هارڤەرد. تێگەیشتنەكان، بۆ دونیای دیموكراسی بەو جۆرەی لێدێت و دەڵێت: بیرتان نەچێت مێژووی دیموكراسی پێشكەوتنێكی بەردەوام و، لەسەرخۆ نەبووە، بەڵكوو زنجیرەیەك شەپۆڵی یەك بە دوای یەكە كە پێش دەكەوێت و دوا دەكەوێتەوە. پاشان گرد دەبوویەوە و دووبارە بەگوڕ، دەستی پێ دەكردەوە. لەنووسینێكدا، لەڕۆژنامەی (دیموكراسی)ی "هەنتینگتۆن" سێ شەپۆڵی، مێژوویی دیموكراسی دیاری دەكات. یەكەمیان لەسەرەتای سەدەی نۆزدە، لەگەڵ فراوانبوونی مافی دەنگدان، بۆ ڕێژەییەكی گەورەی دانیشتوانی پیاو، لە ویلایەتە یەكگرتووەكان دەستی پێكرد. بەردەوام بوو تا ساڵی بیستەكان، لەو ماوەیەدا نزیكەی ٢٩ وڵاتی دیموكراسی هاتە بوون. پاشەكشە، یان

دابەزینی شەپۆڵی یەکەم، لەساڵی ١٩٢٢دا لەگەڵ گەیشتنی "مۆسۆلینی" بە دەسەڵات. ئیدی لە ئیتاڵیا دەستی پێکرد و تا ساڵی ١٩٤٢ی خەیاند. بەتایبەتی لەو کاتەی ژمارەی وڵاتە دیموکراتەکانی جیهان دابەزی، بۆ ١٢. شەپۆڵی دووەم لەگەڵ سەرکەوتنی هاوپەیمانان، لە جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد. تا گەیشتە لوتکە. لەساڵی ١٩٦٢دا لەوکاتەی ژمارەی وڵاتە دیموکراتەکان بەرزبوویەوە، بۆ ٣٦. نزمبوونەوەی شەپۆڵی دووەم، لەنێوان ساڵی ١٩٦٢ و ناوەڕاستی ساڵی حەفتاکان ژمارەکەی دابەزاند، بۆ ٣٠. هەرچۆنێك بێت، لەساڵی ١٩٧٤ وە شەپۆڵی سێیەمی دیموکراسی، نزیکەی ٣٠ وڵاتی دیموکراتی تری نوێی زیاد کرد، ژمارەی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەی دووقات کردەوە.

ئایە شەپۆڵی سێیەم هێشتا، لە لوتکەدایە؟!!. ئایە ئێستا نزمبوونەوەی بەرچاوی وا هەیە کە زۆرێك، لەو دیموکراسییانەی، لەماوەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان هاتنە دی، وەلایان بنێیت؟ هەنتینگتۆن هەڵدەستێت، بە شیکردنەوەی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی هێزە کلتورریەکان و سیاسییانەی، لەهەرێمە جیاجیاکانی جیهان، لەکاردان بەبێ وێنەکردنی هیچ دەرئەنجامێکی دیاریکراو. هەروەها گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەردەوام ئەگەری پاشەکشێیەکی شەپۆڵی سێیەمی دیموکراسی، لەئارادابێت. هەڵبەتە هەندێ جار، وەك چاودێرانی سیاسیی دەیڵێن: شەپۆڵی چوارەمی بەدوادێت.

وەکوو ئەوەی، لەسەدەی بیست و یەکدا دەیبینین. پێشبینیی و لێکدانەوەی جیاواز، بۆ ئەو قۆناغانەکراوە. لەزۆر حاڵەتدا وا دەهاتە بەرچاو کە دونیای دوای شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی، بەرەو گشتگیریی سیستەمێکی سیاسی، لەسەر بنەمای دیموکراسیی و لیبرالیزم دەچێت، بەڵام هیچ یەکێك لەو لێکدانەوانە بە ئاقاری ئەوە دانەچوو کە چاودێران پێشبینییان، بۆ دەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕەوتی ڕووداوەکان، لەدوو دەیەی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ئاڕاستەیەکی سەت و هەشتا پلە، دژ بەو ستراکتۆرانە هاتەکایەوە و فۆڕمێکی دیکەی بەخشیە ئەگەرەکان. هەرچەندە هەندێ ڕووداو و پێشهات، سەریان هەڵدا کە بەتەواوی وێنە گەورەکەی، لەبەرچاوی هەموومان گۆڕی. وەك نموونەی بەهاری عەرەبی کە لای زۆرێکمان، خوێندنەوەی جودامان بەمێشك دادەهات و پێمانوابوو فاکتی بەهێزن، بۆ گۆڕانکارییە دیموکراسییەکان. لەسەرەتاوە هیوایەکی زۆر زۆرمان پێی هەبوو کە هێز و گروپە دیموکراسییەکان بەرە بەرە خەریکە لە دونیادا زیاتر دەبن، بەڵام لێکەوتەکانی دەرئەنجامی زۆر پێچەوانەی، بۆ دەرخستین و هەموومانی توشی شۆککرد کە چاوەڕوانبووین گەشە بە بنەماکانی دیموکراسی بدرێت، بەڵکوو لەجیاتی ئەوە، بووە هۆی بەهێزبوونی سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتخواز و تاکڕەو. لەگەڵ ئەوەشدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی زۆرێك لە گروپە مەزهەبیی و فەنتەمێنتاڵی و

ئوسوولّیی کە زیاتر، لەجاران دەم و چاوی وڵاتە خۆرهەڵاتەکانیان شێواند. بە شێوەیەك بارودۆخی ناوچەکە تێکچوو. ئیدی دۆخەکە، بەتەواوی ئاوەژووبوویەوە. کەوتنەوەی نیگەرانی، لەسەرهەڵدانی پشێویی و نائەمنیی و توندڕەوی، لەبەر تیشکی هەوڵە دیموکراسیخوازییەکاندا پەکی کەوت و نا ئومێدی، لەجێگەی هیوا سەری دەرهێنا. لەلایەکی دیکەوە جەستەی دیموکراسی، لەزۆرێك شوێنی دیکە درزی تێکەوت و لەکەداربوو. نمونەی گەشەی بزووتنەوە توندڕەوکان و پۆپۆلیزم، لە وڵاتانی خۆرئاوایی و زیادبوونی دەسەڵاتی سەربازی چین و ڕووسیا، وەکوو دوو زلهێزی نا دیموکراسی. پاڵنەرێکی کاریگەربوون، بۆ دوورخستنەوەی ماهییەتی دیموکراتیانەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە. بەدیوێکی دیکەوە، بوونە پاڵپشت و پارێزەری حوکمڕانییە نادیموکراتییەکانیش کە لەحەڵی حازردا بوونەتە هۆی، لاوازیی ڕەوتی بزووتنەوە جیهانییە دیموکراسیخوازەکان. ئەو نەخشەیە پەڕیوەتە خواری خوارەوەش، بە گۆتەی نووسەرێکی وەك "فیونا مەکی"، بۆ ئاگاداربوون و دڵنیابوونەوە، لەتەوژمی دژ بە دیموکراسییەت و پاشەکشێکردنی بنەما دیموکراتییەکان پێویستە ڕەوشی زۆر وڵات، لەبەرچاو بگرین. بە بۆچوونی ئەو "دەبێ چالاکییەکانی حزبە پۆپۆلیستەکانی سوید و ئیسپانیا و حکوومەتە نوێیەکەی ئیتاڵیا، بخرێنە بەر سەرنج. دەبێ هەڵبژاردنەکانی

پەرلەمانی ئەورووپایش، لە نزیکەوە بخرێنە بەر سەرنج. تا بتوانین دۆخی چالاکییەکانی حزبە پۆپۆلیستەکان، لەسەرانسەری ناوچەکەدا بخەینە بەرچاو. لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە بەریتانیاش دەکات و دەڵێ: بابەتگەلی وەک "برێکزیت" و هاوکات هێنانەکایەی دووەمین ڕیفراندۆم، لەو وڵاتەدا یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان. بە گۆتەی "فیونا مەکی"، بابەتی ئەنجامدانی دووەمین ڕیفراندۆم، دەتوانێ گەلێک نێوان تێکدەر بێت و ببێتە هۆی زیاتربوونی چەند جەمسەرییە سیاسییەکان و مشتومڕی بێمتمانایی و فەوتاندنی گوتاری دیموکراسییانە. چاودێرانی سیاسیی، لەئایندەی دیموکراسی نیگەرانن، بۆیە دەڵێن: وەك لێمان دیارە و هەستی پێدەکەین، ئێستا هێزە دیموکراسیخوازەکانی دونیا بەرەنگاری زۆر ئاڵنگاریی جۆراوجۆر دەبنەوە. ڕووداوە چاوەنوارنەکراوەکان و ئەگەرە خێراکان، کاتی زۆری لێبردین و خەریکە فریای ئەو فاکتانە نەکەوین کە بۆ بەدیموکراسییکردنی ناوچەکە نەخشەی بۆ کێشرابوو، بۆ ئەوەی هەڕەشەکان پووچەڵ بکرێتەوە و بیانکەین بە دەرفەت، کاتی زۆرمان پێویستە. پێشییوایە ئەوە یەکەم جار نییە، تەوژمی دیموکراسیی تووشی مەترسی دەبێت. دوو قۆناغی نێوان "جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم" و "جەنگی سارد"، دوو بابەتی گرنگی بەرەنگاربوونەوەی دیموکراسی لەگەڵ دژدیموکراسییەکان بوو کە سەرەنجام بە سەرکەوتنی مەزنی دیموکراسیی و

گەشەسەندنی کۆتایی هاتووە. نایشارنەوە و دەڵێن ڕەنگە چارەنووسی بەرەنگاربوونەوەکەی ئێستایش، هەر ئەنجامێکی وای لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەو ئومێدە تەنیا بە گەشبینیی و باوەڕمەندی مەیسەر نابێت، بەڵکوو پێویستی بە کۆمەڵێک دەستپێشخەریی و بیرکردنەوە هەیە. بۆ چارەسەری گرفتەکان و زیادکردنی ڕێڕەوی حوکمڕانیی دیموکراتیک و پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی ئەوانەی بەرگری، لەدەسەڵاتخوازی دەکەن. لەو سۆنگەیەوە تێگەیشتنی دروست، لە ئاڵنگارییەکان و هۆکارەکانی، بێگومان ڕوو وەرگێڕانی بەشێک لەکۆمەڵگەکانە، لە باشیی و پێویستبوونی دیموکراسی کە ئەو هۆکارەیش دەبێ بەبایەخەوە وەرگیرێت. بەمانایەکی دیکەوە پشت تێکردنی خەڵك و گەلان، لەماهییەتی دیموکراسییەت و پێویستبوونی ئەو سیستەمە، بۆ ژیان. گرنگی خۆی هەیە و، جەوهەری گرفتەکەشە. میکانیزمی گرنگیش، بۆ پەیداکردنی ڕێگەی چارەسەر و کاریگەر، ناسین و پێناسەی ڕاست و دروستی ئارێشەکەیە. ئاگاداربوون لەئەنجامی ڕاپرسییەکی گشتی، بە ناوی (ئازادییەکان لە ڕیسکدا، ئاڵنگاریی سەدەی ٢١) کە تێیدا ڕای دانیشتووانی پەنجا و پێنج وڵاتی خاوەنی سیستەمی سیاسیی دیموکراتیک وەرگیراوە. یاریدەدەرێکی گرنگە، بۆ ناسینی ئاڵنگارییە پەیوەندییدارەکان. ئەو ڕاپرسییە گشتییە بە هاوکاریی (دەزگەی دەستپێشخەرییە سیاسییەکان، لەفەرەنسا، دەزگەی

جیهانیی کۆماریخوازان، له ئەمریکا، ئەنجومەنی پێکەوەبوونی دیموکراسییەکان، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، بنکەی کۆنراد ئەدیناوەری ئەڵمانیا، جێنرۆن ئێن پی ئۆ، له ژاپۆن، نێڤاس جێنێراکشنز، لەئارژانتین و دەزگەی کۆماری سبەینێ، له بەڕازیل بەڕێوە چووە).٤٧ هەزار و ٤٠٨ کەس له ٥٥ وڵاتەوە، لەو ڕاپرسییەدا بەشدارییان کردووە. ئەوانەی وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، لەنێوان سێ وڵاتی وەك (تورکیا و چین و ڕووسیادا)، سیستەمی سیاسیی "چین" یان بە هەڕەشەی سەرەکیی دژی دیموکراسیی لەدونیادا زانیوە. ٦٠٪ یان چین و ٥٢٪ یان ڕووسیا و ٣٧٪ یان تورکیایان بە هۆکاری نیگەرانیی سەرەکی، له ئاستی نێودەوڵەتیدا هەژمار کردووە. سەبارەت بە چین، خاڵی گرنگ، زیادبوونی نیگەرانییەکانە، له ڕای گشتیی وڵاتانی دیموکراتیکدا. له ڕاپرسییەکی هاوشێوەدا ساڵی ٢٠١٨ ئەنجامدراوە، ئەو کەسانەی نیگەرانیی خۆیان له حکوومەتی چین دەربڕیوە ٤٩٪ بوو. ئەو نیگەرانییە، له وڵاتانی ئەمریکیدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت. ٧٨٪ی ئەو کەنەدییانەی وەڵامیان داوەتەوە، نیگەرانیی خۆیان له گەشەی نفووزی جیهانیی چین دەربڕیوە، له کاتێکدا که له ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠١٨دا ئەو ڕێژەیە ٥٠٪ بوو. ڕێژەکە بۆ وڵاتانی ئەمریکا و بەڕازیل بە ڕێژەی ٧٢٪ و ٥٩٪ و ٥٥٪ و ٣٩٪ ە، ئەو مێکزیکۆییانەی وەڵامیان داوەتەوە، کەمتر هەستیارییان دەربڕیوە،

ئەوانیش ٤٢٪ بوون. دەوڵەتی چین بەهۆی ڕوانگە پەرەخوازانەکەیەوە لە دەریای باشووری چیندا، بووەتە هۆی هەستیاریی وڵاتانی هاوسێی خۆی و، لەو ڕاپرسییەدا خەڵکی وەڵامدەرەوەی وڵاتانی نیوزیلەند، کۆریای باشوور، ئوستراڵیا و ژاپۆن بە ڕێژەی ٥١٪ و ٥٤٪ و ٥٦٪ و ٦٠٪دا دژایەتیی پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی چینیان کردووە. لە هەڵسوکەوتێکی دژدا ئەو کەسانەی، لە وڵاتانی ئەندۆنیسیا و فلیپین وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە، لە ئاستی ٥٩٪ و ٦٤٪دا پشتگیریی پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانیی و سیاسییەکانیان لەگەڵ چین کردووە. نیگەرانی سەبارەت بە پێگەی جیهانیی چین، لەحاڵی حازردا، لەئەورووپا فراوان بووە. ڕێژەی وەڵامدەرەوە نیگەرانەکان، لە ٤٠٪ی ساڵی ٢٠١٨وە، گەیشتووەتە ٦٠٪ لە ساڵی ٢٠٢١دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیش هێشتا زۆرینە خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ چینن. ئەو خواستە، لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی ٦٤٪ و لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوایی ٥٩٪ە و دیارە بە شێوەی ڕێژەیی، خواستەکە لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی زیاترە. سەربارەی ئەو هەموو ئالانگاریی و ئارێشانە کە لە جیهاندا ڕوودەدات، بەڵام جیهانی سێیەم وەك، هەمیشە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە دوورە، لەبنەماکانی دیموکراسیی و وڵاتە پێشکەوتووەکانی بەخۆی نیگەرانکردووە. هەنتینگتۆنیش

خوێندنەوەیەکی هەمەگیر، لەبارەی فاکتەرە جەوهەرییەکانی پەیوەست بە گەشەی دیموکراسی، لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەخاتە ڕوو. پێشیوایە ئاسان نییە دۆخی جیهانی سێیەم بەو ئاسانییە بگۆڕێت و ڕووە و دیموکراسی هەنگاو بنێت.
نیگەرانیەکی دیکەی بیرمەندان و چاودێرانی سیاسیی، دەگەڕێتەوە بۆ پشتکردنە دیموکراسییەت، لەلایەن خەڵك و حکومەت و گەلانەوە. کۆی ئەوە نیگەرانییانەیش بۆ دروستبوونی پشێوی ساسەتی جیهانی دەگەڕێننەوە کە دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نێو وڵات و گەلانیان، بەجارێك شێواندووە. هۆکارگەلێك هەن کە درێژە پێدەری ئەو قەیرانانەن، بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە خەڵکی پێیانوایە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و بەرژەوەندیی و قازانج و چاوچنۆکی ولاتان و کۆمپانیاکان، هۆیەکی تەواو کاریگەرن، بۆ هێنانە پێشەوەی کۆی پشێوییەکان. کەسایەتییەکی وەك (جەیمز ڕۆزێنا-1924 2011) پرۆفیسۆری بەناوبانگی ئەمریکی، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەدا. پەنجە دەخاتە سەر زۆر برینی هەستیار کە دیپلۆماتکارەکان و بەتایبەت سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دۆزەخێکیان، بۆ سەر جەستەی جیهان بەرهەمهێناوە کە پروشکەکەی تا هەزارساڵیدی تر درێژەی دەبێت و شوێنی ماکەکەی دەمێنێتەوە. " ڕۆزێنا" کە لە ساڵی ١٩٥٧ دکتۆراکەی لەزانکۆی پرینستۆن وەرگرتووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی

بەناوبانگە، لەبواری پەیوەندیی و سیاسەتی نێودەوڵەتیی و سیاسەتی دەرەوەدا. دەکرێت ئاماژە بە چەند کتێبێکی بکەین: "سیاسەتی نێودەوڵەتیی و سیاسەتی دەرەکی ١٩٦١، ڕوانگە دژبەیەکەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتییدا ١٩٦٩، شیکردنەوە و شرۆڤەی سیاسەتی دەرەکی ١٩٧٢، لێوردبوونەوەی نێودەوڵەتیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ١٩٧٣، بەدوای پارادایمە جیهانییەکاندا ١٩٧٦، لێوردبوونەوە لە وابەستەبوونی دوولایەنەی جیهانیدا ١٩٨٠، لە ئاڕاستەی سنووری ناوخۆیی - دەرەکی: لێوردبوونەوە و پێداچوونەوە بە دەسەڵاتدارێتی لەجیهانی پڕ لەپشێویدا ١٩٩٧ و هتد. بەگشتی "ڕۆزێنا" زیاتر لە ٤٠ کتێب و سەدان گوتاری زانستیی هەیە، بەڵام سەبارەت بە هەرە پەرتووکە باشەکەی دەڵێت: کتێبی " پشێوی لە سیاسەتی جیهانیدا "، باشترین نووسین و کتێبی منە. میژوو نایشارێتەوە کە کتێبی پشێوی لەسیاسەتی جیهانیدا، نیشاندەری هەوڵی قووڵ و جدیی ئەو زانا و پسپۆرە بلندپایەیە کە لەجەوهەریدا هەوڵی تیۆریزەکردنی، دووبارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدات. ئەو کتێبە فۆڕمێکی بەتەواوی نوێیە کە وەك ئاماژەمان پێدا هەوڵی شیکردنەوەی پشێویی و ئاڵۆزییەکی بەردەوام دەدات کە جیهانی ئیمڕۆکە دوچاری بووە و پێیەوە دەناڵێنێت. لەهەمان کاتیشدا ئەو کتێبە لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەیە دەربارەی کاریگەریی شۆڕشی "میکرۆ

ئەلێکترۆنیك "و "ڕێکخستنی دوای شۆڕشی پیشەسازی ". زۆربەی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەجەنگی جیهانی دووەم، بەدواوە ڕوویان داوە. "جەیمز ڕۆزینا" بۆ پەرەپێدانی ئەو فۆڕم و ڕێکخستنە نوێیە جیهانییە، هەوڵی قووڵبوونەوە دەدات، لەچالاکییەکانی کۆمەڵگەکان و هەڵوێست و ئاڕاستەکانی تاکەکان کە دەبێتە هۆی کردەوەی بەکۆمەڵ، لەگۆڕەپانی جیهانیدا. ڕوانگەی ڕۆزێنا زیاتر گرنگی بە دروستکردنی تیۆرییەکی گشتگیر و سەرتاسەری دەدات کە بە هۆی تەرکیزکردنە سەر پشێویی و ئاڵۆزیی، لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هاوچەرخ، لەگەڵ پارادایمەکانی تری ئەو بوارە جیاوازەدا. ناوەڕۆکی سەرەکیی کتێبەکەیش بەندە بە هەلومەرجێکەوە کە هاوڵاتیان و جەماوەری هەموو کۆمەڵگەکان شارەزایی و پسپۆرییەکانیان، لەبواری شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی ڕووداو، پرس و بابەتەکان، زیاتر بووە و لەدۆخی گەشەسەندندایە و، هەر ئەوەیش بۆتە هۆی گۆڕانگاریی زەمینەی دروستبوونی پرۆسە و ڕووداو و دیاردە جیهانییەکان. "ڕۆزینا" لەو پەرتووکەیدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە بە چ شێوەیەك بونیادە گەورەکانی سیاسەتی جیهانی، تووشی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بوونەتەوە کە لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی بوار و ئاستەکانی "ورد و خوارەوە"، هەمیشە لە پەیوەندیدان. بەو پێیە، پێکهاتە دێرین و مێژووییەکانی

ناوەند و دەسەڵاتداری، بەرەو کزیی و لاوازی چوونە. کۆمەڵگەکان تووشی لێکترازان بوونە و، هزر و عەقڵی گروپەکان هێزێکی زیاتری وەرگرتووە. لەلایەکی تریشەوە، دەوڵەت و حکوومەتەکان لاوازتر و بێدەسەڵاتتر بوونە. هەروەها ئاڕاستەی وەفادارییە نەتەوەییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و، پرس و بابەتی نوێ هاتۆتە ناو بەرنامەی کاری جیهانییەوە. ئەو دیاردە و بزاڤ و پرۆسە پشێویهێنەرانە، بوونەتە هۆی کارلێکردنی هاوکاتی ڕەوتە دژە ناوەندەکان و ناوەندگەراکان کە لە ئێستادا دوو جۆر، لەپێکهاتە جهانییەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانیدا دەرکەوتوون، یاخود دروست بوون. بەگشتی بنچینەی تیۆریی "ڕۆزینا" لەسەر چەمکی "پشێوی" ڕۆ نراوە. هەرچەندە تیۆریی پشێوی، تەنیا لەو چەند دەیەی دواییدا پێگەی خۆی لەنێو توێژینەوە جۆراوجۆرەکانی بوارە زانستییەکان دۆزیوەتەوە، بەڵام واتای ساکاری پشێوی، ڕیشەی لەتێگەیشتنە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەربارەی کاروباری جیهاندایە. تا ئەمڕۆکەیش پێناسە تایبەتەکەی "ئەبراهام لینکۆڵن"، بۆ ناساندنی شێوازی حکوومەت، لەنێو سیستەمی دیموکراسییدا کە دەڵێت: (حکوومەتی خەڵکە، لە خەڵکەوەیە، بۆ خەڵکە). تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزە و وەکخۆی جێبەجێنەکراوە. بیریشتان نەچێت دونیای ئێستامان تەواوەك پێچەوانەی ئەو فەلسەفەیەی "ئەبراهام لینکۆڵن" هەنگاو دەنێت، هۆی ئەوەیش کۆی ئەو بەرنامە و چاوچنۆکییە

سیاسییانە بووە کە وڵاتە زلهێزەکان، بۆ مەرامی خۆیان دژ بە گەلانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانیان پەیڕەوییان لێکردووە. ڕژێمەکان لەجیانی دیموکراسی بوون بە شتی دیکەوە خەریکبوون. لە بەشی زۆری سیستەمەکانی دونیا کە قەراروایە دیموکراسی بن، بەڵام بەچاوی سەر دەبینیین ئەوە بەتەواوی گۆڕاوە، یاخود وا خەریکە بە بەرچاومانەوە دەبن بە فاشی و ستەمکار و تاکڕەو. کەچی دەنگدەرە ساویلکەکان وەك پرۆسەیەکی دیموکراسییانە، دەنگیان پێدەدەن و پێشوازییان لێ دەکەن. هەرچەندە جیاوازی هەیە، لەجۆری دەنگدانی خەڵکەکەوە. بۆ نمونە بەتەمەنەکان کەمتر دەکەونە ژێر ئەو هەژموونەوە، بەئاسانی خۆڵ ناکرێتە چاویانەوە، بێگومان لەو یارییەدا کەمترین ژمارەی خەڵک، لەنێو نەوەکانی ڕابردوودان، ئەگەر بەراورد بکرێ بە ڕێژەی گەنجەکان کەمتر ئەوان دەچنە دەنگدان. دیارە خەڵک بێهیوا بوون بەدەست دیموکراسییەتی ساختە و درۆی سیاسەتمەدارەکانەوە، بۆیە بەو شێویە مامەڵە لەگەڵ سیستەمەکە دەکرێت. هەڵبژاردن، لەوڵاتە خۆرهەڵاتییەکان نموونەی زیندوون، بۆ ئەو چارەنووسەی کە ئێستا دیموکراسی تێیکەوتووە. تەماشای بەریتانیا بکە، کێ وایلێکرد تا لە یەکیتیی ئەورووپا بچێتە دەرەوە، ئەو بڕیارەی بۆدا، هۆکارەکانی چی بوو؟!. بێگومان بەشی زۆری هۆکاری دوورکەوتنەوەی بەریتانیا، لەئەندام بوون لە یەکیتیی ئەورووپا پاشەکشەی دیموکراسی بوو لەو وڵاتانەدا.

ئەوەیش بە هۆی بوونی پارت و هێزی پۆپۆلیستی، لەناو خاکی یەکێتیی ئەورووپادا کە بەرهەم هاتوون. تەماشای ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بکە چۆن پەیتا پەیتا حزبی فاشی و ڕەگەزپەستی نازی لەناویاندا جارێکی دیکە فۆڕم وەردەگرێت و جیاوازی ڕەگەزیی و نەتەوەیی بە مۆدێلێکی تازە زیندوو دەکەنەوە کە بەهۆی بوونیانەوە، ئابووری جیهانیش بەرە و داروخان چوو. سەیری وڵاتێکی وەك نەمسا بکە "پارتی ئێف پی ئۆ" لەلایەن نازییەکانەوە دامەزرێنراوە، لەهەڵبژاردنەکانیشدا توانی کورسی سەرۆکایەتی بباتەوە، یاخود تەماشایەکی فەرەنسا بکە، "پارتی بەرەی نیشتمانی" کە مەیلێکی ڕەگەزپەرستانەی هەبووە و ڕابردوویەکی قێزەوەنیشی، لەو بوارەدا هەیە و لەحاڵی حازرد " دژە سامیتیک "ە، سەرەڕای سیاسەتە ڕەشەکانیان کەچی، لایەنهگرانی زۆر لەژمارەی پێشووتری بەرە و هەڵکشان چووە. ئەوانە دیاردەیەکن جگە، لەئاوابوونی خۆری دیموکراسی و هەڵاتنی خۆری فاشییەت هیچی دیکەی لێناخوێندرێتەوە. ئاخر جێگەی بەدگومانییە، لەبەشێکی جیهان و لەناو جەرگەی وڵاتە دیموکراسیی و لیبراڵەکانیشدا، خەڵك هەموو شتێکیان دەوێت، تەنها دیموکراسی نەبێت؟!. بەڕاستی ئەوەیان جێگەی هەڵوەستەکردن و پرسیارە. باشە کێ دەتوانێ لۆمەیان بکات، کاتێک سیستەمەکە بەو شێوەیەی ئێستا بە لینگاوقوچیی نیشان دەدرێت و بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیی و حزبی و شەخسیی و

تەنانەت وڵات و کۆمپانیاکان، خراوەتە سەرووی بەرژەوەندی جەماوەر و یاسا و بنەما ئەخلاقی و دیموکراسییەکانەوە. سەیرکە وڵاتێکی وەک ئەمریکا کە نمایندەی گەورەتریین دیموکراسییەتی جیهانە با بە نموونە وەرگرین، لە شێوەی حزب و حکوومەتە ناشەفافەکەی خۆرهەڵاتەوە. لەلایەك حکوومەت ڕێککەوتننامەی بازرگانی مۆر دەکات و، لاولایەش هیچ پرس و ڕاوێژێك بە خەڵکیش ناکات. جگەلەوە نەك هەر وردەکاریەکانی بۆیان باس ناکات، بەڵکوو سکێچی پرۆژەکانیش بۆ خەڵکەکەی ڕووناکاتەوە. ئەی مانای شەفافیەت، لەو نیوەندەدا بوو بەچی؟ بەرپرسیارێتی چیلێهات؟ باشە لەوها واقیعێکدا هاوڵاتیان بێمتمانەبن و دواجاریش پشت لەدیموکراسییەت بکەن، ئایە هیچ سەرسووڕمانێکی تێدایە؟!. ئەوە لەکاتێکدا ڕوو دەدات کە دیموکراسییەت، لەژێر سایەی پاوانخوازەکانەوە هەرزانفرۆش دەکرێ. زۆریش ئەستەم نییە کە تێبگەین هۆکاری پاشکەکشێکردنی دیموکراسییەت، پەیوەندی بە کۆی ئەو دۆخانەوە هەیە. لە فەزایەکی گشتیتردا، دەتوانین بڵێین چەند کەمتر بڕوامان بە یارییە سیاسییەکان هەبێت، زیاتر لەوەیش بوار بۆ گەمە زانەکانی پشت پەردەی هەڕاجکردنی دیموکراسییەت هەیە، هەمیشە لەسەر ئەو دیماگۆکییەتە قومار دەکەن. لە سەروو هەمووشیانەوە، دەکرێ گومان، لەو هێز و گروپانە بکرێت کە بەناوی مەحسووبییەت و ئاسایشی نیشتمانیی و بەرژەوەندی

گشتییەوە ترس و نائارامی بڵاودەکەنەوە، بۆیە دروستە پێیان بگوترێت تاپوری پێنجەم و دژە دیموکراسییەکان.
دیارە دیموکراسیی لەسەر توانا و پێداویستیی خەڵک پێکهێنراوە، بەڵام لەو کاتیەوە بە هۆی کارەکتەرە خراپەکانیەوە بەهای خۆی لەدەستداوە. وەك "دانێڵ فرویند"ی سەرۆکی داکۆکی و شەفافیەتی نێودەوڵەتیی یەکێتیی ئەورووپا گۆتەنی: ئەوە هۆکاری یەکەمی بێئومێدبوونی دەنگدەرانە و، هەروەها فاکتەرێکیشە، بۆ دروستبوونی حزبە پۆپۆلیستەکان، لە ئەمریکا و لە یەکێتیی ئەورووپاشدا. بێگومان دۆخەکە لە کیشوەری ئەفریقاش بە خراپترین شێوە خۆی نماش دەکاتەوە، بۆ نموونە وڵاتێکی وەك نەیجیریا، دەنگدەرانیان بەهۆی ئیشە قۆڕەکانی سەرکردەکانیان، چیتر سەریان سووڕ نامێنێ کە دەبینن سەدان ملیۆن دۆلار، لەگیرفانی سیاسەتمەداران دەستی بەسەردا دەگیرێت. هاوڵاتیان خۆشحاڵ نین و دیموکراسییەتیش چیتر ئەو هیوایەی لێ چاوەنوارڕ ناکرێ کە، لە ١٩٩٩کانەوە هەیبوو. بەتایبەت کاتێک کە دەسەڵاتی سەربازی، فەرمانڕەوایی حکومەتی دایە دەست سەرۆکێک، کە بە دیموکراسییانە هەڵنەبژێردرابوو. هەڵبەتە، لە زۆرێك وڵات و هەرێمی دیکەدا چیرۆکی هاوشێوە گەلەك زۆرە. سەرۆکەکان لەوانەیە پێیانوابێت کە پشتیوانییەکی، لەڕادەبەدەری جەماوەرییان هەیە، بەڵام خۆپیشاندانە بەردەوامەکان دژ بە حکومەتەکەیان، نیشانەی

ئەوەن كە وا نییە و دۆخەكە تەواوەك پێچەوانەیە. لەنێو بەشێك، لەبیرمەندان و دۆستانی دیموكراسییدا تێگەیشتنێكی تر خەریكە دەبێتە باو و قسەی زۆری لەسەر دەكرێت، ئەویش فەلسەفەی "ڕزگاركردنی دیموكراسسییە، لەدەستی دیموكراسییەتدا". هەر بۆ زانیاری هێڵێكی گشتی هەیە ئەگەر وەک دیموكراسی نەبێ و هەمان ئەو ئەنجامانەی نەبێ كە لە دیموكراسییەت هەمانە، ئەوە دیموكراسی نییە. وەک "فرانسوا دو لا ڕۆچیفۆكۆڵد" نووسیویەتی: نابێ بڕوامان بە دیموكراسی هەبێ، بەبێ سیستەمێكی بەهێزی بەرپرسیارێتی، لە زۆر لەبەناو وڵاتە دیموكراسییەتەكاندا. ئەمڕۆ ئەو بەرپرسیارێتییە و ئەو شەفافییەتەی كە لەگەڵیدا هاوتەرییە، نین. كاتێک كە ئە ئاڕاستەیە بەردەوام دەبێت. واتە پێكەوەبن، دیموكراسییەت بەپتەویی و بەهێزی، لەڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەكان دەردەكەوێت. قسەیەكی باو هەیە دەڵێت: ئەوەی ڕوو دەدات، دەركەوتنی ئەو جیهانەیە كە نامانەوێ بیر لەوە بكەینەوە كە بەتەنیا تیایدا بژین، بەڵام درەنگ نییە. هێشتایش دەتوانرێ دیموكراسی ببرێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی. بە شێوەیەک كە (لەخەڵكەوە بێ، لە لایەن خەڵكەوە بێ و دیسان، بۆ خەڵک بێت). وەك ئەوەی "ئەبراهام لینكۆڵن" نەخشەی بۆ كیشابوو. ئەوەیش بەوە دەكرێت، لەپرۆسێس و ئەنجامەكانیشیدا، لە ڕاستیی و لە واقیعیەتیشدا هەر لەسەر ئەو ڕێییە ڕاستە بەردەوام بێت. هەرووەک

چۆن دەزانین کە شاری ڕۆما، لە تەنها ڕۆژێکدا بنیات نەنراوە، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیش نەڕووخا تەنیا لەو کاتەوە کە ئیمپراتۆر "ڕۆمۆلۆس" ڕووخا. بیرتان نەچێت ئەو ڕوخانە زۆر زووتر چاوەڕوانکراو بوو و کەوتنی ڕۆما زۆر بەر لەوە دەستی پێکرد، چونکە حاکمەکانیان زووتر بەچاوی هۆش بینیبوویان کە سیستەمی وڵاتەکەیان کۆتایی هاتووە. کەسایەتییەکی وەك "لەمیا مەرزوقی" کە ئەندامی تۆڕی سەرکردایەتیی ئەفریقایە. جەخت لەسەر ئەو پشێویەی کیشوەری ئەفرقیا دەکاتەوە و دەڵێت: لە زۆر وڵاتان، خەڵک چیتر بڕوایان بە سیاسەتمەداران و تواناکانیان، بۆ گۆڕانکاری نەماوە. کەواتە لەمەودوا ئەرکی لێکۆڵەران دێتە پێشەوە، بەوەی کە دڵنیابن ئەو بێبڕواییە بە سیاسەتمەداران، نەبێتە بێبڕوایی لە بەرانبەر بنەماکانی دیموکراسییدا، بۆیە حکوومەتەکان، لەسەریانە دەست بکەن بە تیشک خستنەسەر بنیاتنانی شەفافییەت و بەرپرسیارێتی کە زۆر بنەڕەتین، تا پێیان وابێت حکوومەتەکە دیموکراسییە. بە هەمان شێوەی چوونی کەسێک بۆ تەنها ڕۆژێک، بۆ قوتابخانە مانای دەرچوون نییە. ئاوهایش نابێ تەنیا پرۆسەی (هەڵبژاردن) پێمان بڵێ ئەو وڵاتە دیموکراتییە. کاتێک کە قبووڵی دەکەین دیموکراسیی ڕاستەقینە مانای چییە، ئەوا دەگەینە ئەو قۆناغەی کە لە هەموو جیهاندا، دیموکراسییەت لە بەناو

دیموکراسییەکان جیا بکەینەوە. گرنگە ئەوەیە دەست پێ بکەین، بەر لەوەی دیموکراسییەت تەنیا سێبەرەکەی خۆی لێ بمێنێتەوە.

# لەبارەی دیموکراسییەوە

ڕەنگە لای زۆر کەس دیموکراسی وشەیەکی باوبێ، بەڵام وەك چەمکێك تا ئێستا بەهەڵە لێی گەیشتبین و خراپیان بەکار هێنابێت. بەتایبەتی کاتێ دەبینین ڕژێمە تاکڕەوەکان و خۆسەپێنە سەربازییەکانیش، هەوڵ دەدەن بە هۆی بەرزکردنەوەی دروشم و ناوی ساختەی دیموکراسییەوە، خۆیان بەجۆرێك پیشان بدەن کە "گەل" لە پشتیانەوەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش ئەو هێزەی کە بیرۆکەی دیموکراسی هەیەتی، هەمیشە هاندەرێك بووە، بۆ سەرهەڵدانی گوزارشتی قووڵ و بەهێزی ویست و هزری مرۆڤ لە مێژوودا .

لە "بیریسلیس"ی ئەسینای کۆنەوە تا بە "ڤاسلاڤ هاڤڵ"ی کۆماری چیکی ئێستا دەگات، لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە ناسراوەکەی "جیفرسۆنەوە" لەساڵی ١٧٧٦ بگرە، تا بەدوا وتارەکانی "ئەندرێ زاخارۆڤ" لەساڵی ١٩٨٩ وە دەگات. لەفەرهەنگدا مانای دیموکراسی بەو شێوەیە پێناسەکراوە (حکومەتی گەل) کە تیایدا دەسەڵاتی هەرە بڵند بەدەست "گەل" و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیان، یان نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان بەپێی سیستەمێکی هەڵبژاردنی ئازاد پیادە دەکرێت. "ئەبرەهام لینکۆڵن"یش بەو شێوەیە ڕاڤەی کردووە (حکومەتی گەلە و بەڕێگەی گەلە و بۆ گەلە). زۆر

جار هەردوو زاراوەی دیموکراسیی و ئازادیی ، لەجیاتی یەکتری بەکار دەهێنرێن. کەچی هەردووکیان لە ڕووی ماناوە یەك نیین، بەڵام لەجەوهەردا سەربەیەك ژینگەن. لەڕاستییدا دیموکراسی چەپکێ بیرۆکە و پرەنسیپە، لەبارەی ئازادییەوە، بەڵام ژمارەیەك پیادەکاریی و ڕێکار لەخۆدەگرێت کە لەئەنجامی مێژوویيەکی درێژ و پڕ مەینەتی هاتوونەتە کایەوە. بەکورتی (دیموکراسی مانای، بەدامەزراویکردنی ئازادییە). هەر لەبەر ئەوەیش دروستە، ئەگەر بنچینە سەلمێندراوەکانی حکوومەتی دەستوریی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی لەبەردەم یاسادا، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەرجەستە بین، دەکرێ ناوی کۆمەڵگەی دیموکراسی لێ بندرێت. سیستەمە دیموکراسییەکان، بۆ دوو جۆر پۆلین دەکرێن: ( سیستەمی ڕاستەوخۆ و سیستەمی نوێنەران). لە سیستەمی دیموکراسی ڕاستەخۆدا، هەموو هاوڵاتیان بەبێ دەستێوەردنی بەرپرسە هەڵبژێردراو، یان دەستنیشانکراوەکان، دەتوانن بەشداری لەدروستکردنی بڕیارە گشتییەکاندا بکەن. هەربۆیەش ئەوجۆرە سیستەمە، تەنها لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی کەمی هاوڵاتیان شیاوە. وەك ڕێکخراوێکی کۆمەڵە خەڵکێك، یاخود ئەنجومەنی هۆزێك، یان یەکەیەك لەسەندیکاکانی کرێکاران کەتیایدا، بۆ تاوتوێکردنی پرسەکان و بڕیار وەرگرتن، چ بەکۆدەنگی، یان بەزۆرینەی دەنگەکان بێت ئەندامان دەتوانن، لەیەك هۆڵدا کۆببنەوە. لە ئەسینای

کۆندا کە یەکەم سیستەمی دیموکراسی بوو لەجیهاندا، بۆی لوا دیموکراسی ڕاستەوخۆ پیادە بکات، بەهۆی ئەنجومەنێك کە ژمارەی ئەندامانی لەنێوان ٥ تا ٦ هەزار کەس بوون، ڕەنگە ئەو ژمارەیەش گەورەترین ژمارە بێ کە دەکرێ لەیەك شوێن کۆببنەوە و دیموکراسی ڕاستەخۆ پەیرەو بکەن، بەڵام کۆمەڵگەی هاوچەرخ لەبەر قەبارە ئاڵۆزکارییەکانیەوە، هیچ دەرفەتێکی وا، بۆ پڕاکتیزەکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ دابین ناکات. تەنانەت لەباکووری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، لەوێنەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شاری "نیوئینگلەند" لەبەر دەستدایە کە نەریتێکی باو بووە تیایدا. زۆربەی شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیەش، ئەوەندە گەورەبوونە بەشێوەیەك کە ئەستەمە دانیشتوانی شارێك، بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بەژیانیان، لەیەك شوێن کۆبکرێنەوە. ئەمڕۆ باوترین شێوەی دیموکراسی، چ بۆ شارێکی ٥٠ هەزار کەسی، یاخود بۆ وڵاتێکی ٥٠ ملیۆنی بێت دیموکراسی نوێنەرانە کە تیایدا، بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسیی و داڕشتنی یاساکان و بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان، نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەوجۆرە بەرپرسانە بەناوی گەل دەتوانن بە وردیی و بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی، لە بابەتی گشتی ئاڵۆز بکۆڵنەوە. بەشێوەیەك کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە، نە تاقەت و نە حەوسەڵەشی، بۆ هەبێت. شێواز و

چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەوجۆرە بەرپرسانە زۆرن، بۆ نموونە لەسەر ئاستی نیشتمانی دەکرێ پەرلەمانتاران، لەناوچەکان هەڵبژێردێن. بەو پێیەی کە هەر ناوچەیەك، نوێنەر هەڵبژێرێت. لەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییش هەر پارتێکی سیاسیی، بەپێی سەدی دەنگەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانی، لەپەرلەماندا نوێنەری دەبێت. دەکرێ هەڵبژاردنە ناوچەیی، یان نێوخۆییەکان ئەو شێوازە نیشتمانییە، یاخود شێوازێکی تر بەکار بهێنن کە تیایدا ڕاستەوخۆ هەر گروپێك بە هۆی کۆدەنگی نوێنەری خۆیان دەستنیشان دەکەن. بەهەر شێوازێك بێ بەرپرسە حکوومییە هەڵبژێردراوەکان بەناوی گەل پۆستەکانیان بەڕێوەدەبەن و لەبەردەم گەلدا بەرپرسیار دەبن. لەهەموو سیستەمە دیموکراسییەکاندا، هاوڵاتیان ئازادانە و بە ڕێگەی حوکمی زۆرینە بڕیاری سیاسی وەردەگرن، بەڵام خۆ حوکمی زۆرینە هەردەم دیموکراسی نییە، چونکە کەس ناتوانێ ناوی سیستەمێك بە ڕەوا و عادیلانە ببات ئەگەر بواری دا ٥١% هاوڵاتیانی ٤٩%ی تری هاوڵاتیان، بەناوی زۆرینە بچەوسێننەوە؟!. لەکۆمەڵگەی دیموکراسییدا پێویستە لەگەڵ حوکمی زۆرینە گرەنتی، بۆ مافەکانی مرۆڤ هەبن. ئەوەیش، بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان بەکار دێت. ئینجا کەمینەکان نەتەوەیی، ئایینی، یاخود سیاسیی بن، یان کەمینە دۆڕاوەکانی مشتومڕی یاسایەکی نێو پەرلەمان بن. مافی کەمینەکان بە نیەت باشی زۆرینەوە

نەبەستراوەتەوە، زۆرینەی دەنگیش لەبەینیان نابات، بۆیە مافی کەمیینەکان بەیاسا پارێزراوە، چونکە یاسا دیموکراسییەکان و دامەزراوەکان، مافی سەرجەم هاوڵاتییان دەپارێزن. لە لێکۆڵینەوەیەکی "دایان ڕاڤیچ" نووسەر و توێژەر و یاریدەدەری پێشووی وەزیری پەروەردەی ئەمریکا، لە سیمنارێکی پەروەردەیی لە پۆڵەندا دەڵێت: (کاتێك سیستەمێکی دیموکراسی نوێنەران، بەپێی دەستورێك کار دەکات کە دەستوورەکە دەسەڵاتی حکوومەت دیاری دەکات و مافی هەموو هاوڵاتییان زامن دەکات. ئەو جۆرەی حکوومەت، پێی دەگوترێ دیموکراسی دەستوری. لەوجۆرە کۆمەڵگەیەدا زۆرینە حوکم دەکات، مافی کەمیینەکانیش بە هۆی یاسا و بە دامەزراوکردنی یاسا، (پارێزراوە). ئەو پێکهاتانە، پێکهاتە بنچینەییەکانی هەموو دیموکراسییەکانی سەردەم پێك دەهێنن. سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوانیان، لە ڕووی مێژوو و کلتوور و ئابووریدا. سەرباری جیاوازیە گەورەکانی نێوان، سیستەمە دیموکراسییەکان. وەك کۆمەڵگە و وڵاتان، بەڵام پێکهاتە سەرەکییەکانی حکوومەتی دەستوریی و حوکمی زۆرینە، لەگەڵ پاراستنی مافی کەمیینە و باڵادەستی یاسا، لەحکوومەتەکانی (کەنەدا و کۆستەریکا و فەرەنسا و بۆتسوانا و ژاپۆن و هیندستاندا). وەك یەك بەدی دەکرێ، بێگومان دیموکراسی لەوە زیاترە کە تەنها کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا، بۆ چۆنییەتی کارکردنی

حکوومەت بێت. لەسیستەمی دیموکراسییدا، حکوومەت بریتییە، لەشیرازەییەکی جۆراوجۆری دامەزراوە و پارتی سیاسیی و ڕێکخراوە و کۆمەڵەدا. ئەو هەمەڕەنگییە پێی دەگوترێ فرەلایەنی، مەرجەکەشی ئەوەیە کە ئەو هەموو گروپ و ڕێکخراو و دامەزراوانە، لەکۆمەڵگەی دیموکراسییدا، بۆ بوون و سەلماندنی شەرعییەت و دەسەڵاتییان، وابەستەی حکوومەت نین. لەکۆمەڵگەی دیموکراسی هەزارەها ڕێکخراوی نا حکوومی، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانیی و نێوخۆیدا کار دەکەن. هەندێ لەو ڕێکخراوانە، ڕۆڵی ناوەندیکاری نێوان تاکەکان و تۆڕە ئاڵۆزە کۆمەڵاییەتیی و حکوومیی و دامەزراوەکان دەبینن. خودی ئەو ڕێکخراوانە بەشێکن، لەو تۆڕە. ڕۆڵێك دەگێڕن کە بە حکوومەت نەدراوە و ئەوان دەرفەت، بۆ تاکەکان دەڕەخسێنن، ماف و ئەرکەکانیان وەك هاوڵاتیانی سیستەمێکی دیموکرات پیادە بکەن. ئەو ڕێکخراو و گروپانە بەجۆرەها ڕەنگ و شێوە بەرژەوەندی ئەندامەکانیان دەپارێزن، چ بە ڕێگەی پشتیوانییکردنی کاندید، بۆ پۆستی حکوومیی و تاوتوێکردنی پرسەکان، یاخود هەوڵدان، بۆ کارلێکردن لەپرۆسەی بڕیار وەرگرتندا. هەر بە هۆی ئەو ڕێکخراو و گروپانەوە تاکەکان دەرگایان، بۆ ئاواڵا دەبێت. تا بەشێوەیەکی شیاو لەکارەکانی حکوومەت و کۆمەڵگەی خۆیاندا، بەشداربن. نموونەیش لەو بارەیەوە زۆرو جۆراوجۆرن، ڕێکخراوە

خێرخوازەکان، گروپەکانی ژینگە و پاراستنی ناوچەکان، ژوورەکانی بازرگانیی و سەندیکاکانی کرێکاران. لەکۆمەڵگەی دیموکراسییدا هەموو ئەو ڕێکخراو و گروپانە، یان لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتی حکوومەت دەبن، یاخود حکوومەت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام لە سیستەمی دیموکراسییدا دەسەڵاتی حکوومەت بەپێی یاسا دیار و سنووردارکراوە، لەئەنجامدا ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لەدەسەڵاتی حکوومەت بە دوور دەبن. بەپێچەوانەوە زۆر لەو ڕێکخراوانە چاودێری هەڵس و کەوت و لێپێچینەوە لەگەڵ حکوومەت دەکەن، بەڵام گروپەکانی تری وەك ئەوانەی بایەخ بە هونەر، ئایین، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی و گروپی دیکەی لەوجۆرە دەدەن. ڕەنگە بە ویستی خۆیان بڕیار بدەن، پەیوەندییەکی کەم، یاخود هەر پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتدا نەبەستن. بەهۆی کەش و هەوای سەرقاڵبوون بەپراکتیزەکردنی ئازادییەکان، لەکۆمەڵگەی دیموکراسییدا، هاوڵاتیان دەتوانن لە ئەگەری سنوورەکانی ئازادیی و ئەرکەکانیان لەبواری خود بەڕێوەبردن بکۆڵنەوە، دوور لە دەستێوەردان و دەسەڵاتی دەوڵەت. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەو ڕاستییە بەحاشاهەڵنەگر دادەنێت کە مرۆڤ بەیەکسانی بەدیهاتوون و یەزدانی مەزن مافی نەگۆڕی وەك مافی ژیان و ئازادیی و هەوڵدان، بۆ وەدەستهێنانی بەختیاری پێ بەخشیون، بۆ زامنکردنی ئەو مافانەش، حکوومەتەکان لەنێو مرۆڤدا دادەمەزرێن و دەسەڵاتە

ڕەواکانیان، لەڕەزامەندی گەلەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو وشە بەنرخانەی (تۆماس جیفرسۆن) لەسەدەی حەڤدەهەمدا، لەجاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکادا هاتوون، بەو وشانە جیفرسۆن پرەنسیپێکی سەرەکی چەسپاند کە دەبێ حکومەتی دیموکراسی، لەسەری دامەزرێ. لەدیموکراسی حکوومەتەکان، بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە بنچینەییانەی کە "جیفرسۆن" باسیان لێوە دەکات بەخەڵك نابەخشن، بەڵکوو خودی حکوومەتەکان، بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە کە مرۆڤ هەر لەساتی لەدایکبوونیەوە هەیەتی، دادەمەزرێن. بەپێی داڕشتنی فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕێنسانس، لەسەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا. مافە نەگۆڕەکان ئەو مافانەن کە یەزدانی مەزن بە مرۆڤی بەخشیون، مافگەلی سروشتیین و بەپێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەین ناچن و نە کۆمەڵگە و نە حکوومەت دەتوانێت مرۆڤ لەو مافانە بێبەش بکات. مافە نەگۆڕەکان بریتیین، لە ئازادی قسەکردن، ڕادەربڕین، ئایین و بیرکردنەوە، کۆمبوون و یەکسانی لەبەردەم یاسادا. ئەو مافە نەگۆڕانە لیستێکی دوور و درێژیان نییە، بەڵام لەهەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییدا، جەوهەری مافەکانی تر پێکدەهێنن. بۆ نمونە وەك هەبوونی دادگایکردنێکی ڕەوا کە دەبێ هەموو حکوومەتێکی دیموکراسی بیپارێزێ، چونکە ئەو مافانە تەنها پەیوەندی بە بوونی حکوومەتەوە نییە. بۆیەش ناکرێ بە یاسایەك لەبەین ببرێن، یان لەژێر هەڕەشەی هەوەسێکی کاتی

زۆرینەی هەڵبژێردراودا بێت. بۆ وێنە لەیەکەم هەموارکردنی دەستوری ئەمریکادا، ئازادی ئایین، یاخود ڕۆژنامەوانی بە خەڵك نابەخشێت، بەڵکوو لەبەرانبەر ئەوەدا ڕێگە لە کۆنگرێس دەگرێت، هیچ یاسایەك دەرنەکات کە پێچەوانەی ئازادییەکانی قسەکردن و ئایین و کۆمبوونی ئاشتیانە بێت. "لیۆناردۆ لیڤی" مێژوونووس وتویەتی: (دەبێ تاکەکان ئازادبن و حکوومەتەکەیان ئازاد نەبێت). ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین ڕۆحی هەموو سیستەمێکی دیموکراسییە، چونکە مافی مشتومڕو دەنگدان و کۆمبوون وناڕەزایی دەربڕین و پەرستن و زامنکردنی دادپەروەری، بۆ هەمووان دابین دەکات. ئەوانە گشتییان، بە هەڵقوڵانی بێ سنووری قسەکردن و زانیارییەکانەوە بەندە. نووسەری کەنەدی "پارتریك ویڵسۆن" دانەری تەلەفزیۆنی (خەبات، بۆ دیموکراسی) دەڵێت: دیموکراسی پەیوەندییکردنە، خەڵکی قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن لەبارەی گرفتە گشتییەکان و پێکەوە چارەنووسێکی هاوبەش دادەڕێژن، بەر لەوەی خەڵك بتوانن حوکمی خۆیان بکەن، دەبێ گوزارشتکردن لە خۆیان ئازاد بێت. هاوڵاتیان لەکۆمەڵگەی دیموکراسییدا بەو قەناعەتەوە دەژین کە بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی ئازادی بیر و بۆچونەکانیان، لە کۆتاییدا ڕاستی بەسەر ساختەکاریدا زاڵ دەبێت و لەبەهاکانی خەڵکانی تر باشتر تێدەگەن و خاڵەکانی سازش باشتر دیار دەکرێن و ڕێگەی پێشکەوتن دەکرێتەوە.

هەرچەندە قەبارەی ئەوجۆرە ئاڵوگۆڕکردنە گەورەتر بێت، ئەوەندە باشترە. نووسەری ئەمریکایی "ی.ب.وایت" بەو شێوەیە باسی لێوە دەکات: ڕۆژنامەوانی لە وڵاتە ئازادەکەی ئێمەدا جێگەی متمانەیە و باشە، ئەویش نەك لەبەر کارەکتەرە باشەکانی، بەڵکوو لەبەر هەمەڕەنگییەکەیەتی. هەرچەندە خاوەن ڕۆژنامەکان زۆربن، دەبینیین هەر یەك بەدوای ڕاستییەکەی ئەوی دیکەدا دەگەڕێت. خەڵکی ئاسایی وەك من و تۆ دەتوانین بەڕاستیی و ڕۆشنایی بگەین، کەواتە بێ مەترسی، لەزۆری ژمارەی ڕۆژنامەکان دایە. حکوومەتە دیموکراتییەکان بەپێچەوانەی دەوڵەتانی دیکتاتۆر، کۆنترۆڵی ڕۆژنامەکان ناکات و ڕێگایان پێ نیشان نادات و حووکمیش لەسەر ناوەڕۆکی نووسین و قسەکردنیان نادەن. دیموکراسی پشت بەهاوڵاتییانی ژیر و تێگەیشتوو دەبەستێت، بەهۆیەوە دەتوانن بە فراوانترین مەودای زانیارییەکان بگەن. ئەوەش بواریان پێ دەدات بە فراوانترین شێوە، لەژیانی کۆمەڵگەکەیاندا بەشداربن. نەفامی تۆوی بێباکی لێ شین دەبێت، گەشەسەندنی دیموکراسی بە وزەی هاوڵاتیانەوە بەندە و ئەویش بەهەڵقوڵانی ئاسان و بێ تەگەرەی بیرۆکە و زانیاریی و بۆچوون و پێشبینیەکانەوە بەستراوە، بەڵام ئەگەر میدیا، یان ڕێکخراوەکانی تری ئازادی قسەکردنیان بەچەوتی بەکارهێنا، نەخاسمە ئەگەر ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانیان بەدیدی زۆرینەی ساختە و قێزەوەن و سەرەڕۆیانە بوو. ئەوسا دەبێ

حکوومەت چی بکات؟ وەڵام لێرەدا ئەوەیە کە حکوومەت نابێت هیچ بکات، چونکە بە کورتی کاری حکوومەت نییە بڕیار لەسەر ئەوجۆرە کارانە بدات. بەگشتی چارەسەری ئەو چەوتییە، بێگومان فراوانترکردنی ئازادی قسەکردنە. هەرچەندە ڕەنگە ئەو بۆ چوونە دوو واتای دژ بەیەك هەڵبگرێت، بەڵام هەر بەناوی ئازادی ئاخافتن پێویستە دیموکراسی بەرگری لەو کەسانە بکات کە بانگەشە، بۆ هزری سەرکوتکردنی ئازادی قسەکردن دەکەن. داکۆکیکردنی هاوڵاتیانی کۆمەڵگەی دیموکراسی لەو مافەدا، لەسەر بناغەی ئەو قەناعەتەیە کە دەڵێت: لەکۆتاییدا مشتومڕی کراوە ڕێگە، بۆ ڕاستی زیاتر و ژیری زیاتری هاوڵاتیان دەکاتەوە، نەك دابڵۆسین و سەرکوتکردنی ئازادی قسەکردن و ڕای جیاواز. لەوەیش زیاتر داکۆکیکارانی ئازادی قسەکردن دەڵێن: کە سەرکوتکردنی ئەو قسەیەی کە من ئەمڕۆ پێم زیان بەخشە، دەبێتە مەترسی، بۆ سەر پەیڕەوکردنی ئازادی قسەکردنی من لەدوارۆژدا. ئەگەر تۆ، یان کەسانی تر بە زیانبەخشی دابنێن. هەروەها یەکێك لە بەرگریە کلاسیکییەکانی ئازادی قسەکردن، بۆ چوونەکەی "جۆن ستیوارت میڵ"ی فەیلەسووفی بەریتانیایی بوو کە لەساڵی ١٨٥٩ لە وتارێکیدا بە ناوی "لەبارەی ئازادییەوە" نووسیبووی: ئەگەر ئازادی قسەکردن کپ بکرێت، ئەوا هەموو کەس زیانی پێ دەگات، چونکە ئەگەر بۆ چوونی کپکراو ڕاست بێت، ئەوا هەڵگرانی لەدەرفەتی

گۆڕینی ئەو بۆ چوونە هەڵەیە، بەو بۆچوونە ڕاستە بێبەش کران. ئەگەریش بۆچوونەکە هەڵە بوو، ئەوا ئەوان لەمافی گەیشتن بە بۆچوونی ڕاست و ڕوون و گەش کە لەئەنجامی پێکدادانی بۆ چوونە ڕاست و چەوتەکان دێتەکایەوە، بێبەش کران. لەئەنجامە سروشتییەکانی ئازادی قسەکردن مافی کۆمبوون و داواکردنی ئاشتیانەی هاوڵاتیانە کە حکوومەت گوێ لە گلەییەکانیان بگرێت، بەبێ ئەو دوو مافەش ئازادی قسەکردن بەهای نامێنێت. هەر بۆیەش ئازادی قسەکردن پەیوەندییەکی نزیك و بەهێزی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسییدا هەیە، بەڵکوو جیاناکرێتەوە لەیەکتریی و نزیکییەکی ڕیشەیی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. حکوومەتە دیموکراتەکان دەتوانن بە شێوەیەکی یاسایی، شوێن و کاتی کۆمبوون و ڕێپێوانە جەماوەرییە سیاسییەکان، بۆ پاراستنی هێمنیی و ئاسایش ڕێك بخەن، بەڵام ناتوانن ئەو دەسەڵاتەیان بۆ قەدەغەکردن، یان سەرکوتکردنی ئەو گروپانەی کە دەیانەوێ دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرز بکەنەوە و بەکار بهێنن. هەر سەبارەت بە ئازادیی و باوەڕ، یان ئازادی ئایین، یاخود بە واتایەکی فراوانتر ئازادی ویژدان مانای ئەوەی کە نابێ داوا لەکەس (نێر یان مێ) بکرێت باوەڕ بەهیچ ئایینێك، یان باوەڕێك بە پێچەوانەی ویستی خۆی بکات. سەرەڕای ئەوەش نابێت هیچ کەس، بەهیچ شێوەیەك سزا بدرێت بەوەی کە ئاینێکی لەجیاتی ئاینێکی تر هەڵبژاردووە، یاخود بەڕاستی نایەوێ

باوەڕ بەهیچ ئاینێك بكات. دەوڵەتی دیموکراسی دان بەوە دەنێ کە باوەڕی ئایینی هەر تاکێك، کاروبارێکی کەسایەتی پەتییە. ئازادی ئایین مانای ئەوەیە کە حکوومەت بۆی نییە زۆر لەکەس بکات باوەڕ بە باوەڕێك، یان ئایینی ڕەسمی بكات. هەروەها ناکرێ منداڵان بەزۆر، بۆ قوتابخانەیەکی ئایینی دیاریکراو ڕەوانەبکرێن. نابێ هیچ کەس بەزۆر لە کۆبوونەوەی ئایینی چ بۆ نوێژکردن، یاخود بەشداریکردن لەچالاکییەکانی ئایینی بەبێ ویستی خۆی ناچار بکرێت ئامادەبێت. بەهۆی مێژووی درێژ، یان نەریتی باو زۆر لەگەلانی دیموکرات بەڕەسمی ئاینێکیان دەستنیشانکردووە، بۆ خۆیان و ئەو ئایینە پشتیوانی دەوڵەتی زامنکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیان نابێتە بەهانەیەك، بۆ حکوومەت کە خۆی لەپاراستنی ئایینەکانی تر کە لەئایینی دەوڵەتدا جیاوازە، بشارێتەوە. سیستەمە دیموکراسییەکان لەسەر ئەو پرەنسیپە دامەزراون کە دەڵێت: حکوومەت، بۆ خزمەتی هاوڵاتیان پێك دەهێندرێت، چونکە هاوڵاتیان، بۆ خزمەتکردنی دەوڵەتی دیموکراسی نەهاتوونەتە کایەوە. بەواتایەکی تر (گەل هاوڵاتیین، نەك کوێلەی دەوڵەتی دیموکراسییبن). لەکاتێکدا دەوڵەت مافی هاوڵاتیانی خۆیشی دەپارێزێت، هاوڵاتیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە بە ئەمەك دەبن، بەڵام لەسیستەمی دیکتاتۆریدا دەوڵەت وەك قەوارەیەك، لەکۆمەڵگەدا جیاوازە و داوای دڵسۆزی لە گەل دەکات، بێ ئەوەی هیچ

پابەندبوونێکی خۆی، بۆ زامنکردنی ڕەزامەندی ئەو گەلە لەسەر کردارەکانی پیشان بدات. کاتێك هاوڵاتیان لەسیستەمی دیموکراسی لەپرۆسەی دەنگدان بەشداردەبن، ئەوان ئەو کاتە ماف و بەپرسیارییەتی خۆیان بەجێ دەگەیەنن، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو لایەنەی بەناوی ئەوانەوە حوکم دەکات، بەڵام بەپێچەوانە لە دەوڵەتی دیکتاتۆریدا کرداری دەنگدان، تەنها شەرعییەتدانە بەو کەسانەی کە پێشوەختە ڕژێم دەستنیشانیانی کردووە. دەنگدانیش لەوجۆرە کۆمەڵگەیەدا نە ماف و نە ئەرك، بۆ هاوڵاتیانی لەخۆی دەگرێت، بەڵکوو تەنها نمایشێکی زۆرەملێیە، بۆ پیشاندانی پشتیوانی لە حکوومەت. لەسیستەمی دیموکراسی هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە ببنە ئەندام، لەهەر ڕێکخراوێك کە حەزیان لێ بێت، بەمەبەستی بەشداریکردن لەژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەکەیان. ئەو ڕێکخراوانەش سەربەخۆن، لەهەمان کاتدا دەبێ هاوڵاتیان ئەو ئەرکە قبوڵ بکەن کە بەشداربوونیان وایان لێ دەکات کە لەبارەی پرسەکان ئاگاداربن. لەبەرانبەر ئەوانەی ڕای جیاوازیان هەیە، سینگفراوانی بنوێنن. لەکاتی پێویستیشدا بە گەیشتن بە ڕێکەوتن، پەنا بۆ سازش ببەن، بەڵام لە دەوڵەتی دیکتاتۆرییدا گرووپە خۆبەخش و سەربەخۆکان دەگمەنن، یاخود هەر بوونیان نییە. ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە، بۆ تاوتوێکردنی پرۆسەکان بۆ تاکەکان، یاخود بۆ بەڕێوەبردنی پرسەکانی تایبەت بە خۆیان بەکار نایەن، بەڵکوو وەك

دەستێکی تری دەوڵەت، بۆ سەپاندنی هێزی خۆی بەسەر کۆیلەکانیدا بەکاردەهێنرێن. خزمەتی سەربازی نموونەیەکی ترە، بۆ پیشاندانی جیاوازی ماف و ئەرکەکان، لەنێوان سیستەمی دیموکراسیی و نا دیموکراسییدا. ڕەنگە دوو دەوڵەت پێویستییان بە خزمەتی سەربازی گەنجەکانی خۆیان لەکاتی ئاشتییدا هەبێت، لەوڵاتی دیکتاتۆریی ئەو ئەرکە یەك لایەنە دەسەپێندرێت، بەڵام لەدەوڵەتی دیموکراسییدا خزمەتی سەربازی ئەرکێکە، هاوڵاتیان بەهۆی ئەو یاسایانەی کە حکومەتی هەڵبژێردار و لەلایەن ئەوانەوە دەریکردوون، دەیگرنە ئەستۆ. لە هەر یەکێك لەو دوو جۆرە کۆمەڵگەیەشدا ڕەنگە خزمەتی سەربازی لەکاتی ئاشتییدا مایەی بێزاری بێت، بەڵام هاوڵاتی سەرباز لە کۆمەڵگەی دیموکراسی، بەو هەستە خزمەتی سەربازی دەکات کە ئەو ئەرکێك جێبەجێ دەکات کە کۆمەڵگەکەی خۆی بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵیبژاردووە. جگە لەوەش ئەندامانی کۆمەڵگەی دیموکراسی دەتوانن، بە بڕیارێکی گشتی ئەو ئەرکە بگۆڕن، ئەویش کە خزمەتی سەربازی زۆرە ملێ ناهێڵن و لەجیاتیدا یاسای پێکهێنانی سوپا، لەسەر ئەرکی خۆبەخشەکان. وەك کە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاری پێ دەکرێت، یاخود ماوەی خزمەتی سەربازی بگۆڕن. وەك لە ئەڵمانیا کاری پێکراو، یاخود وەك سویسرا خزمەتی سەربازی یەدەك، بۆ پیاوان. وەك مەرجێك، بۆ هاوڵاتیبوون دیاری دەکات. هاوڵاتیبوون،

لەو نمونانە پێناسەیەکی فراونی ماف و ئەرکەکان لەخۆی دەگرێت. نەخاسمە کە هەردووکیان دوو ڕوی یەك دراون، چونکە کاتێك هەر تاکێك مافەکانی خۆی پیادە دەکات، لەهەمان کاتدا ئەرکی خۆیەتی ئەو مافانە بپارێزێی و بەهێزیان بکات. هەم، بۆ خۆیی و هەمیش، بۆ تاکەکانی تر. تەنانەت هاوڵاتیان لەسیستەمە دیموکراسییە ڕەسەنەکانیشدا لەو هاوکێشەیە خراپ دەگەن و زۆربەی جار سوود لەمافەکانیان وەردەگرن و ئەرکەکانی خۆیان لەبیر دەکەن. هەر وەك زانای بواری سیاسەت "بێنجامین باربەر" دەڵێت: زۆربەی جار خەڵکی وا لە دیموکراسی دەگەن کە حوکمی زۆرینەیە و واش تێدەگات کە مافەکان موڵکی تایبەتی تاکەکانە و لە ئەنجامیشدا دژی دیموکراسی زۆرینە دەبێت، بەڵام ئەوەیان بەهەڵە تێگەیشتنە لە دیموکراسیی و لە مافەکانیش. ڕاستە کەوا تاکەکان مافە بنچینەیی، یاخود نەگۆڕەکان پیادە دەکەن. مافی وەك ئازادی قسەکردن و کۆمبوون و ئایین کە لەخۆیاندا سنوور، بۆ هەموو سیستەمێکی دیموکراسی دیاری دەکەن. لەو ڕوانگەیەشەوە مافەکانی تاك سەنگەرێکن، لەدژی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن حکوومەتەوە، یاخود لەلایەن زۆرینەیەکی سیاسی کاتیدا، بەڵام لە ڕوانگەیەکی جیاوازدا مافەکان هەروەك تاکەکان، لە دوورە پەرێزییەوە کار ناکەن، چونکە مافەکان موڵکی تایبەتی تاکەکان نین، بەڵکوو بوونیان بە دانپێنانی تاکەکانی تری کۆمەڵگەوە

وابەستەیە. "دەنگدەر" وەك فەیلەسووفی ئەمریكایی "سیدنی هۆك" دەڵێت: پارێزەری سەرەكی ئازادییەكانی خۆیەتی. لەو ڕوانگەیەشەوە حكوومەتی دیموكراتی كە لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵدەبژێردرێی و لەبەرانبەریشییان بەرپرسەكان دوژمنی مافەكانی تاكەكان نییە، بەڵكوو پاسەوانی مافەكانیانە. هەر بۆ بەهێزكردنی مافەكانیان، هاوڵاتیانی كۆمەڵگەی دیموكراسی ئەرك و پابەندیە مەدەنییەكانیان جێبەجێ دەكەن. ئەگەر بەشێوەیەكی گشتی قسە بكەین، ئەو ئەركانەی ئاماژەیان پێكراوە بریتیین، لەبەشداریكردن لە بەڕێوەبردنی سیستەمی دیموكراسی، بۆ ئەوەی كرێی كاركردنی زامن بكرێت، لایەنی كەم پێویستە هاوڵاتیان ئاگاداری پرسە گرنگەكانی پەیوەست، بە ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵگەكەیان بن. ئەگەر تەنها بۆ ئەوە بێت كە بە شێوەیەكی ژیرانە دەنگ، بۆ كاندیدەكانی خۆیان كۆبكەنەوە. پابەندبوون، یان ئەركەكانی تری وەك كاركردن و سوێند خواردن لەدادگا، كە ڕەنگە یاسا بەسەر هاوڵاتیانی بسەپێنێت، بەڵام زۆربەی ئەرك و پابەندبوونەكان خۆویستن. كرۆكی كرداری دیموكراسیی بەشداربوونی كارا و ئازادانەی هاوڵاتیانە، لەژیانی گشتی كۆمەڵگە، یان وڵاتی خۆیان. بە بێ ئەو بەشداربوونە فراوان و بەردەوامە دیموكراسیی لاواز دەبێت و دەبێتە پرۆسەیەك، بۆ پاراستنی گروپ، یان چەند ڕێكخراوێكی بچووك، بەڵام بەبەشداربوونی كارای تاكەكانی

هەموو توێژەكانی كۆمەڵگە ئەوسا دیموكراسی بەرگەی هەموو ئەو گەردەلوولە ئابووریی و سیاسییانە دەگرێت كە بەسەر كۆمەڵگەدا دێن. بەبێ ئەوەی ئەو ماف و ئازادییانەی سوێندخوراوە، بپارێزرێن كە بكاتە قوربانی ئەو بەرگەگرتنە. بەشداربوونی كارا لەژیانی ڕۆژانەدا زۆرجار بەخەبات، لەپێناو وەدەستهێنانی پۆستی سیاسیی پێناسە دەكرێت، بەڵام بەشداربوونی هاوڵاتیان لە كۆمەڵگەی دیموكراسی زۆر لەوە زیاترە كە تەنها بەشداری، لەكێبركێیی هەڵبژاردندا بێت. لەسەر ئاستی گەڕەك و شارەوانییەكان هاوڵاتیان ڕەنگە لە قوتابخانەكان كار، بۆ حكوومەت بكەن، یاخود گرووپی گەڕەكەكان پێك بهێنن و، هەروەها خۆیان بۆ پۆستەكانی شارەوانیش كاندید بكەن، بەڵام لەسەر ئاستی وڵات، یاخود هەرێم هاوڵاتیان دەتوانن دەنگ و قەڵەمەكانی خۆیان بخەنە نێو تەوژمی مشتومڕی ڕۆژانە لە بارەی پرسە گشتییەكاندا، یاخود دەتوانن پەیوەندی بە پارتە سیاسییەكان، یان سەندیكاكان، یان ڕێكخراوە خۆبەخشەكانی تر بكەن. بەگشتی ئەو بەشداریەی هاوڵاتیان، لەهەر ئاستێكدا بێت باشە، چونكە دیموكراسی دروست بەبەشداربوونی هۆشیارانە و بەردەوامی تاكەكانی هەموو چین و توێژەكانەوە بەندە. دیموكراسی وەك "دایان ڕاڤیچ" دەڵێت: پرۆسەیەكە، شێوەیەكی پێكەوە ژیان و كاركردنە. دیموكراسی بەرەوپێشچوونە نەك چەقبەستن. دیموكراسی پێویستی بەهاوكاریی و سازش و

سینگفراوانی هەموو هاوڵاتیان هەیە. سەرخستنی زەحمەتە و ئاسان نییە، چونکە ئازادی مانای بەرپرسیاریەتییە نەك ئازادبوون لە بەرپرسیاریەتییەکان. دیموکراسی بەرجەستەکردنی بیرۆکە نایابەکانی ئازادیی و گوزارشت لەخۆکردنە، بەڵام لەهەمان کاتدا باش زانینی سروشتی مرۆڤە. دیموکراسی داوا ناکات هاوڵاتیانی لە سەرتاسەری جیهاندا پاکیزەبن، بەڵکوو لەسەریانە بەرپرسیاربن. هەروەك زانای ئەمریکایی ئاینزانی "ڕەینهۆڵد نیبهوڕ" دەڵێت: ئەوەی دیموکراسی مومکین دەکات، توانای مرۆڤە، بۆ دادپەروەریی، بەڵام ئەوەی دیموکراسی دەکات بە زەروورەتێك مەیلی مرۆڤە، بۆ زۆرداریی.

# هەڵبژاردنە دیموكراتییەكان چین؟

كەسایەتییەكی وەك "جین كیركپارتریك"، شارەزا وباڵیۆزی پێشووی ئەمریكا، لە نەتەوە یەكگرتووەكان. سەبارەت بە دۆخی پرۆسەی هەڵبژاردنەكان، لەنێو وڵاتاندا بەو جۆرە پێناسەی كردووە. ( هەڵبژاردنە دیموكراتییەكان بەتەنها شتێكی ڕەمزی نییە، بەڵكوو بریتیین، لەهەڵبژاردنی كارەكتەرە ڕكابەرەكان و دەم و چاوە جیاوازەكان كە بارودۆخێكی یەكلاكەرەوە، بە هۆی پرۆسەكەوە دەخوڵقێنن و تیاییدا بڕیار بەدەستە سەرەكییەكان، لەحكوومەتدا لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێن كە ئازادییەكی تەواویان هەبێت، بۆ ڕەخنەگرتن لەحكوومەت و بڵاوكردنەوەی ڕەخنەكانیان تا بەهۆیەوە حكوومەت لە هەر ئەگەرێك بپارێزن). مەبەست لە پێوەرەكانی "كیركپاتریك" چیە؟ چ ئەگەرێك دەهێننە پێشەوە و هەلومەرجەكان چۆن هەڵدەسەنگێنن، بەرلەهەموو شتێك هەڵبژاردنە دیموكراتییەكان، بۆ ئەوەیە تا كۆی لایەن و بەربژێرەكان ململانێی و موونافەسەی یەكتری بكەن. جگە لەوەش حزبە ڕكابەرەكان و پاڵێوراوەكان، بۆ بڵاوكردنەوەی ڕەخنەكانیان، لەبارەی حكوومەتەوە بە ئاشكرایی و بێسڵەمینەوە، ئازادی قسەكردن و ڕادەربڕین و كۆبوونەوە و جولانەوەی پێویستیان دەبێت. مافی پێشكەشكردنی سیاسەت و پاڵێوراوی جێگرەوەیان دەبێت، بۆ دەنگدەران. بەسادەیی

و بێجیاوازیی ڕێگە بە بەرهەڵستکاران دەدرێت نەك تەنها دەنگ بدەن، بەڵکوو مافی خۆیانە بەشدارییەکی تەواو بکەن. هەرچەندە لە زۆرکاتان، لەهەندێ وڵاتی نیمچە دیموکراسییەوە پارت و پاڵێوراوە بەرهەڵستکار ڕێگەیان لێ دەگیرێت، لەپەخشکردنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، یان لە ڕێگەی فشار و بێزارکردنەوە ڕێپێوانەکانیان تێك دەدەن، یاخود سانسۆر دەخەنە سەر ڕۆژنامەکانیان. ئەوا ئەو جۆرە هەڵبژاردنە، ناچێتە خانەی هەڵبژاردنی ئازاد و پێی ناگوترێت هەڵبژاردنی دیموکراتییانە. ڕەنگە حزبی دەسەڵاتدار سوود، لەوزەی ئەوە وەربگرێت کە بۆ خۆی لەسەر کارە ئێستا، بەڵام دەبێت ڕێسا و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دادپەروەرانە و بێگەرد بن. هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان خولەکین، دوو ساڵ، یان چوار ساڵ جارێکە، بۆ ماوەیی نییە؟ هیچ یەکێك لە سیستەم و وڵات و پارتە دیموکراتە ڕاستەقینەکان، شتی واناکەن کە وەك ڕژێمە دیکتاتۆرەکان پەیڕەوەی لێ دەکەن کە سەرۆکەکانیان، بۆ ماوەی ژیانیان هەڵببژێرن. لە دونیای دیموکراسییدا بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان لێپرسراون، لەبەرانبەر خەڵکدا. ئەرکیان ئەوەیە، هەمیشە بۆ دەنگدەران بگەڕێنەوە و پشت لە داخوازیەکانی جەماوەر نەکەن. ئەوە مانای وایە هیچ بەرپرسێکی هەڵبژێردراو، لە دەرەوەی ماف و داخوازییەکانی خەڵك، ناتوانێ درێژە بە ژیانی ئیداریانەی خۆی بدات، چونکە دونیای دیموکراسی ڕێگەی پێنادات، بۆ هەمیشە لە

ئۆفیسەکەی بمێنێتەوە. ئەگەر لەو خولەدا ئەرکی خۆی بەجێنەگەیاند ئەوە چانسی مانەوەی کەم دەبێت و جاری واش هەیە بە هۆی کەمتەرخەمیی و لادان لەپرەنسیپی گشتیی، تووشی لێپێچینەوە و سزاش دەبێت. بەرپرسان لە دونیای دیموکراسییدا، لەسەریانە مەترسی لادانیان لە ئۆفیسەکانیان، لە ڕێگەی دەنگدانەوە قبوڵ بکەن. هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان دەبێت گشتگیر بێت، پێناسەی هاوڵاتیی و دەنگدەر پێویستە تەواوەك فراوان بێت، بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی بەرفراوانی خەڵکی پێگەیشتوو بگرێتەوە. گریمان حکوومەتێك لەلایەن گرووپێکی بچووکی داخراو هەڵببژێرێت، بێگومان ئەوە دیموکراسی نییە. بۆ نموونە کارکردنی ڕووگەشیانەی ئەو حکوومەتە، هەرچەند دیموکراتییانە دەربکەوێت، بەڵام مادامەکێ لەلایەن گرووپێکەوە دەسەڵاتەکان مۆنۆپۆڵکراوە، بۆیە پێی ناگوترێت دیموکراتی. یەکێك لە گەورەترین دراماتیکییەکانی دیموکراسی بەدرێژایی مێژوو بریتیی بووە، لەخەباتکردنی گروپە دەرکراوەکان "فەرامۆشکراوەکان". جا چ ئەو گروپە، گروپی ڕگەزایەتی بێت، یاخود نەتەوایەتی، یان ئایینی، یان کەمینە و جێندەری بێت. گشتییان کار دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی مافی تەواوەتی هاوڵاتیبوون، لەگەڵیشیدا مافی دەنگدان و بەڕێوەبردنی ئۆفیسەکان. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تەنها پیاوی پێست سپی خاوەن موڵك و مافی هەڵبژاردن و خۆ

هەڵبژاردنی هەبوو، کاتێك کە دەستوور لەساڵی ١٧٨٧ دانی پێنرا، مەرجی خاوەندارییەتی لەسەرەتای سەدەی ١٩ دا نەما و ئافرەتان ڕێژەیەکی باشی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. لەساڵی ١٩٢٠ یش، ڕەش پێستە ئەمریکییەکانیش هەرچۆنێك بێت مافی تەواوی دەنگدانیان نەبوو، لەباشوری ویلایەتە یەکگرتوەکان تاوەکوو سەرهەڵدانی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان، لەساڵی ١٩٦٠ و لە کۆتاییدا لەساڵی ١٩٧١ هاوڵاتییە تەمەن بچووکترەکان مافی دەنگدانیان پێدرا لەو کاتەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان، تەمەنی دەنگدانی لە ٢١ ساڵیەوە بۆ ١٨ ساڵی کەمکردەوە. هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان یەکلاکەرەوەن، هەڵبژاردنەکان سەرۆکایەتی وڵات دەستنیشان دەکەن، بە گوێرەی پەیڕەوکردن و ملکەچ بوونیان، بۆ یاساکان و دەستوور. دواجار نوێنەرە هەڵبژێردراوە جەماوەرییەکان، دەسەڵات دەگرنە دەست .لەهەڵبژاردنە دیموکراتییەکاندا مافی بڕیارە یەکلاکەرەوەکان، نابێت تەنها بۆ پاڵێوراوە دەست نیشانکراوەکان بێت. ئەرکی حکوومەت و لایەنی پەیوەندیدارە، بۆ پرسە چارەنووساز و بایەخدارە نیشتمانیی و سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی و گشتییەکاندا میکانیزمی جیاواز، بۆ وەرگرتنی بۆچوونی هاوڵاتیان و دەنگدەران بگرێتەبەر. تا لەو ڕێگەیەوە ڕاوبۆچوونی ئەوانیش، لەسەر پرسە هەنووکەییە سیاسیی و ئابووریەکان وەرگیرێت. وەك کۆبوونەوە و سیمینار و ڕاپرسی، تا

كۆی خەڵكەكە بەشدرای ئەو پرسە چارەنووسازەبكەن. لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، یاسادانەرانی ویلایەتەكان دەتوانن پرسێكی دیاریكرا و ڕاستەوخۆ بگێڕنەوە لای خەڵك و بیخەنە بەردەمی دەنگدەران. هەروەها لە حاڵەتی پرۆژە پێشنیاركراوەكاندا دەنگدەران، بۆ خۆیان دەتوانن ژمارەیەكی دیاریكراوی واژوو كۆبكەنەوە، بۆ زۆربەی پرسەكان كە بریتییە، لە ڕێژەیەكی سەدی لە ژمارەی دەنگدەرانی ناو تۆماركراو لەو ویلایەتەدا. دەشتوانن داوای ئەوە بكەن، لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەو پرسە بخرێتە دەنگدانەوە. تەنانەت سەرەڕای نارەزایی دەسەڵاتی یاسادانانی ئەو ویلایەتەش، یاخود فەرمانڕەوای ویلایەتەكەش . بەردەوام ئاكامی سەركەوتنی دیموكراتییانە، لەسەر كراوەیی و لێپێچینەوە بەندكراوە، بۆ ئەوەی كارتێكی دەنگدانی ئازادانە بخەیتە ناو سندووقی دەنگدان و دەرفەتی ناچاركردنیش كەم بكەیتەوە، دەنگدەران لە دیموكراسییدا، پێویستە ڕێگەیان پێ بدرێت، بە نهێنی دەنگ بدەن. لەهەمان كاتیشدا پاراستنی سندووقی دەنگەكان و هەژماركردنی دەرئەنجامی كۆتایی دەنگەكان، پێویستە هەتا لەتوانادابێت كراوە و ئاشكرابێت، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان دڵنیا ببنەوە لەوەی كە دەرئەنجامی ورد و دروستن و حكوومەتیش، بەڕاستی لەسەر ڕەزامەندی ئەوان وەستاوە. یەكێك لە گرانترین ئەو چەمكانەی كە گرانە، بۆ هەندێك كەس قبوڵكرێن. بەتایبەتیش لەناو ئەو گەلانەی كە ئاڵوگۆڕی

دەسەڵات، لە ڕووی مێژوویەوە بە هەڕەشەی چەك ئەنجامدراوە. ئەویش مانای، بوونی دەنگی جیاواز و ئۆپۆزیسیۆن و گروپی بەرهەڵستکارەکانە. مانای وایە لە جەوهەردا هەموو لایەنەکانی دیموکراتیك، لە پابەندبوونیان بە بەهای بنچینەکانییەوە دەبێت هاوبەشی بکەن،. گروپە سیاسیی و مەدەنییەکانیش، مەرج نییە پێویست بکات کە یەکتریان خۆش بوێت، بەڵام لەسەریانە کە گیانی لێبوردەییان لەبەرانبەر یەکتریدا هەبێت و دان بەوە بنێن کە هەریەکەیان ڕۆڵێکی ڕەوای خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بیگێڕێت. زیاتر لەوەش پێویستە ڕێسا بنچینەییەکانی کۆمەڵگەش هاندەربن، بۆ لێبوردەیی و مەدەنییەت لە ڕوبەڕووبوونەوە و گفتوگۆکردنە ئاشکراکاندا. کاتێك کە هەڵبژاردنەکان کۆتاییان پێ دێت، ئەوەی کە دۆڕاوە قبوڵی بڕیاری دەنگدەران دەکات. ئەگەر ئەو پارتەی کە لەسەر کارە بدۆڕێنێت، ئەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەسەڵاتەکە دەداتە دەستەوە. گرنگ ئەوە نییە کێ دەیباتەوە، بەڵکوو هەردوو لایەن هاوکاری یەك دەکەن، لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە. دۆڕاوەکان کە ئێستا لە پێگەی بەرهەڵستکاری سیاسییدا دەبن، ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەوە دۆڕانی گیانی خۆیان و خستنە نێو بەندینخانە نییە. بە پێچەوانەشەوە بەرهەڵستکاران جا چ لە یەك پارتی سیاسیی پێك هاتبێت، یان زیاتر. دەتوانن بەردەوام بن، لەبەشداریکردنی ژیانی گشتییدا. بە پێزانینی ئەوەی کە ڕۆڵیان زۆر

گرنگە، لە هەر دیموکراسییەتێك کە شایانی ئەو ناولێنانە بێت. ئەوانە ئەمەك دار و بەرپرس نین، بۆ سیاسەتە تایبەتەکانی حکوومەت، بەڵام لەبەرانبەر ڕەوایەتییە بنچینەییەکەی دەوڵەت و خودی پرۆسەی دیموکراتی، وەفادارن. لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا پارتە بەرهەڵستکارەکان، دووبارە مافی پێشبڕکێکردنییان هەیە، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵگەی فرەیی، بە شێوەیەك کە گەیشتن بە حکوومەت سنووردارکراوبێت، هەڵدەستێت بە پێشەکەشکردنی دۆڕاوەکانی هەڵبژاردنەکان. وەك بەدیلی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە دەرەوەی حکوومەتدا. ئەوانەی لەدەنگداندا شکستییان هێناوە، ڕەنگە وەك پارتێکی بەرهەڵستکاری فەرمی ڕێگەی بەردەوامی هەڵبژێرن، بەڵام دەکرێت بڕیاری بەشداریکردنیش بدەن، لە پرۆسەیەکی بەرفراوانتریی مشتومڕکردن، لە ڕێگەی نووسین و فێرکردن و خۆبەستنەوە بە یەکێك، لەو ڕێکخراوە زۆر و تایبەتانەی کە گرنگی بە پرسەکانی سیاسەتە گشتییەکان دەدەن. هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان لە کۆتاییدا شەڕێك نییە بۆ مانەوە و ژیان، بەڵکوو پێش بڕکێیەکە، بۆ خزمەتکردن. کۆمەڵێک هۆکار وایان کرد چاودێرانی سیاسیی و دۆستانی بنەما دیموکراسییەکان، لە ناوچەکەد گرنگی بدەن و بەدواداچوون بکەن، بۆ ئەو هەڵبژاردن و دەنگدانەی کە لەو دواییەدا لە مەغریب، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ

ئەنجام درا، بێگومان ئەو هەڵبژاردنە بووە هۆی ئەوەی هێزێک سەرکەوێت و هێزێکی تر پاشەکشە بکات. ئەوەیش سەرەڕای کەمیی ڕێژەی دەنگدەرانی تۆمارکراو و کەمیی ڕێژەی دەنگدانی گشتی. ئەوە بوو کە بەپێویستم زانی تیشک بخەمە سەر گرنگیی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی و پێناسەکردنیشی، چونکە هەڵبژاردن ئامازێکە دەرفەت دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی نوێنەر و پاڵێوراوی خۆت لە هێز و حزبە جیاوازەکان هەڵبژێریت، کە بە هەموویانەوە دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری دروست دەکەن. لۆژیک وایە، ئەو پاڵێوراوانە کەسانی لێهاتوو و کارامە بن و توانای ئەوەیان هەبێت، ئەو ئەرکەی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، وەکوو بەرگریکردن لە خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان و گوێگرتن لە داواکارییەکانیان و دابینکردنی پێداویستیی ژیان و خزمەتگوزاریی و مافە شارستانییەکانیان، چونکە دەبێتە هۆی دووبارە بنیاتنانەوەی نیشتمان و کۆمەڵگە. ئەو هەڵبژاردنانەی کە هەندێک لە سیستەمە حوکمڕانییەکان لە جیهانی عەرەبیدا پەیڕەوی دەکەن، نەبووەتە هۆی هێنانەکایەی دیموکراسییەکی ڕوون و ئاشکرا، یان دەرفەت نەبووە، بۆ ئەو سیستەمە دیموکراسییەی کە هەمووان چاوەڕوانی دەکەن. هەندێک لە خەملاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زیاتر لە بلیۆنێک کەس بەشداری، لەڕکابەریی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا دەکەن، بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە و نوێنەرەکانیان لە دەزگەکاندا. ئەمەیش

بووەتە هۆی ئەو بەرەودیموکراسیی چوونەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، جیهانی عەرەبی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. هەروەها ئەوەیش دەردەخەن کە تەنیا نیوەی وڵاتانی جیهان، ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام دەدەن کە دەکرێ بە هەڵبژاردنی دیموکراتی وەسف بکرێن، چونکە ئامڕاز و شێوازەکانی یاریکردن، بە ڕێکارەکانی هەڵبژاردن پێشکەوتووە. ئەوەیش بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی تایبەتە و، زۆرینەیان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە شەرعییەت بە خۆیان بدەن، لە بەرانبەر جەماوەر و، پاڵەپەستۆی داواکارییەکانی چاکسازیی کەم بکەنەوە. لێرەدا ئەوەی مەبەستە بگوترێت ئەوەیە کە ئەو هەڵبژاردنانەی، لە جیهانی عەرەبیدا ئەنجام دراون، بەدەگمەن نەبێت نەبوونەتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی دیموکراسیی ڕاستەقینە. ئەو ئامڕازانەی لە هەڵبژاردنە دیموکراتییەکاندا بەکار دێن، بۆ هێنانەدیی مەبەست و ئامانجە جیاوازەکانن، بۆیە دەکرێت ئەو ئامڕازانە بکرێنە پێوەر و لە ڕێگەیانەوە جیاوازی دابنێین، لە نێوان هەڵبژاردنە دیموکراتییە ڕکابەرییەکان و ئەو هەڵبژاردنانەی هەرچەندە، لە ڕووکەشدا دیموکراتیین، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەرگیز بە دیموکراتی پێناسە ناکرێن. هێنانەدیی ئەو مەبەست و ئامانجانە، بە پێوەری سەرەکی دادەنرێن لەناو پێوەرەکانی جیاکاری لەنێوان سیستەمە دیموکراسییەکان و سیستەمە نادیموکراسییەکاندا. ئەوەیش بە

چاوخشاندنەوە بەو ئامرازانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دێن، بەتایبەتیش ئەو ئامرازە دیارانەی کە دەسەڵاتدارن، لەو سەردەمەدا هانای بۆ دەبەن.

# ئازادیی و هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان

لەلایەن زۆرێک لە توێژەرانەوە، باس لەو چەمکە کراوە. کەسایەتییەکی وەك "جۆزێف شۆمپیتر"، پێناسەی هەڵبژاردنی دیموکراتیی بەو شێوەیە کردووە و دەڵێت: بریتییە، لە کۆمەڵێک دامەزراوە و ڕێکار کە تاکەکان دەتوانن بەشداری، لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا بکەن. ئەوەیش لە ڕێی ڕکابەریکردن، لەهەڵبژاردنی ئازاددا، بەڵام سەرەڕای گرنگیدانی زۆرێک لە توێژەر و بیرمەندان، بەو بابەتە. تاوەکوو ئێستا پێناسەییەکی وا نییە کە هەمووان، لەسەری کۆک بن. پێوەری یەکلاکەرەوەیش، بۆ ناسینەوەی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد، یاخود پەیڕەوێکی یەکگرتوو، بۆ ئاماژەدان بە خاڵە جیاکەرەوە و گشتگیرەکانی هەڵبژادنی دیموکراتی دیاری نەکراوە. توێژەری خۆرئاوایی "ڕۆبێرت"، لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی ئامڕازەکانی هەڵبژاردنی کردووە، بەڵام پێناسەییەکی وردی، بۆ هەڵبژارنی ئازاد و پاک نەکردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا جەخت دەکاتەوە، لەسەر ئەوەی کە پێویستە کۆمەڵێک ئازادیی و ماف پێش ڕێکاری ئەو هەڵبژادنانە بکەون. ئەوانیش بریتیین، لە ئازادیی گەیشتن بە هەر زانیارییەک، لە سەرچاوە جیاوازەکاندا. ئازادیی ڕادەربڕیین، ئازادیی بنیاتنان و دروستکردنی دامەزراوە سەربەخۆکان. ئینجا، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و

پاک. کەوایە هەڵبژاردنی پاک و ئازاد، ناوەڕۆکی دیموکراسییە، نەک سەرەتا و دەستپێکردنی. بە مانایەکی تر، هەڵبژاردن پێش دیموکراسی ناکەوێت و بەرهەمیشی ناهێنێت. تەنانەت ماف و ئازادییش دروست ناکات، لە ئەدەبیاتی خۆرئاوادا هەندێک لە توێژەران هەوڵیان داوە بەگوێرەی ئەو حاڵەتانەی دیراسەی دەکەن، پێناسەیەکی دیاریکراو، بۆ هەڵبژاردنی دیموکراتی بکەن. لە دیارتریین و گشتکیرترینییان ئەوە بوو لە لایەن "دەیڤید باتلەر"ەوە کراو (هەڵبژاردنی دیموکراتیی گشتیی، چەند مەرجێکی هەیە. ئەوانیش بریتیین، لە مافی دەنگدانی گشتیی، بۆ هەموو هاوڵاتیانی کامڵ و باڵغ "پێگەیشتوو" ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لەکاتی خۆیی و ڕێکخستنی بێبەش نەکردنی هیچ کۆمەڵەیەک، لە دروستکردنی حزبی سیاسیی، یان خۆکاندیدکردنیان بۆ پۆستە سیاسییەکان مافی ڕکابەریکردن، لەسەر هەموو کورسییەکانی پەرلەمان، ئازادیی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەپێی یاسا، بەکارنەهێنانی توندوتیژی دژی کاندیدەکان، لە کاتێکدا ڕای خۆیان دەردەبڕن و تواناکانی خۆیان پێشان دەدەن). لەهەمان کاتدا دەنگدەرانیش ئازادن گفتوگۆ لەسەر ئەو بیروڕایانە بکەن و ئاشکرای بکەن، دەنگیان بە چ لایەنێک داوە. هەروەها پێویستە جیاکردنەوەی دەنگەکان، بەڕوونیی و ئاشکرایی ڕابگەیەندرێت، لە دواییشدا سەرکەوتووەکان لە پۆستی سیاسیی خۆیاندا دابندرێن و لە

پۆستەکانیاندا بمێننەوە، تاوەکوو هەڵبژاردنی ئایندە. دەستەواژەی هەڵبژاردنی ئازاد و پاک، بەربڵاوە ،و لە زۆربەی ئەو دیراسانەدا کە باسییان لە هەڵبژاردن کردووە، ئاماژەی پێکراوە. یەکەم جار کە ئاماژەی پێکرا، بۆ وەسفکردنی ئەو ڕاپرسییە بوو کە ساڵی ١٩٥٦، بۆ سەربەخۆبوونی خاکی (تۆگۆ)، لە خۆرئاوای ئەفریقایە و ئێستا بەشێکە لە دەوڵەتی غانا، ئەنجام درا. دوای ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ حاڵەتە هاوشێوەکان هەمان ڕێچکەی گرتەبەر، بەڵام سەرەڕای بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە و دەربڕینی بە شێوەیەکی فراوان و گرنگیدانی زۆر بە پێشکەشکردنی هاوکاری، لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و سەرپەرشتیی و چاودێریکردنیان لە ساڵی ١٩٨٩وە، بەڵام تاوەکوو ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتووی، بۆ ئەو دەستەواژەیە نەکردووە. بە شێوەیەکی گشتی دوو پێوەر هەیە، بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی هەڵبژاردنی دیموکراسی. یەکەمیان: (ئازادیی هەڵبژاردنەکان)، بەو واتایەی پێویستە ڕێز لە ئازادیی و مافەکانی تاک بگیرێت. دووەمیان: (پاکیی و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان)، کە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دەگرێتەوە. ئەزموونی دەوڵەتە دیموکراسییەکانیش، ئەوەی سەلماندووە کە لەهەڵبژاردنی دیموکراسییدا ڕکابەری تەنیا، لەو سیستەمانەدا دەکرێت کە حوکمیان دیموکراسییە. ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە ئامانج نین، بەڵکوو ئامرازێکن لە ئامرازەکانی

جێبەجێکردنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسی. لە لایەکی ترەوە هەڵبژاردنی دیموکراتی، بە مەرجێکی گرنگی سیستەمە حوکمڕانییە دیموکراسییەکان دادەنرێت، نەک مەرجێکی تەواو. واتە تەنیا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتی، سیستەمی حوکم نابێتە سیستەمێکی دیموکراسی. لێرەدا پێویستە لە لایەکەوە باس لە پێوەرەکانی هەڵبژادنی دیموکراتی بکەین و، لە لایەکی تریشەوە باسی داواکارییەکانی بکەین. یەکەم: پێوەری کارا، یاخود کاریگەریی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان. واتە هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان پێویستە ئامانج و کار و مەبەستی خۆیان هەبێت، هەروەکوو پێشتر باسمان کرد، خودی ئامانجەکە نییە، بەڵکوو ئامرازێکە، بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک دەرەنجام.

دووەم: پێوەری ئازادیی، لە هەڵبژاردنە دیموکراتییەکاندا. ئەوەیش خۆی دەبینێتەوە لەوەی هەڵبژاردن، لە چوارچێوەی یاسادا بێت و ڕکابەرێکردن هەبێت. هەروەها ڕێز لە ماف و ئازادیی، هاونیشتمانیان بگیرێت.

سێیەم: پێوەری پاکیی و پێگەردیی، هەڵبژاردنەکان. واتە هەڵبژاردنەکان بە شێوەی خولی و ڕێکخراو ئەنجام بدرێن و کادیر دابمەزرێندرێت، بۆ بەڕێوەبردنیان و سەرپەرشتی بکرێن و، ئەنجامەکانیان بێلایەنانە و دادپەروەرانە و بەڕوونی ڕابگەیەندرێن، بەڵام ئەگەر بێینە سەر داواکارییەکان، پێویستە هەڵبژاردنە

دیموکراتییەکان لە چوارچێوەی دەستووردا بکرێن، بڕیارەکان و کاری دامەزراوەکان بە حوکمی یاسا بێت، دەستوور دەسەڵاتی حکوومەت سنووردار دەکات، بە شێوەیەک کە حاکم و حوکمکراو ملکەچی دەبن. هەروەها لە دانی بڕیارەکان و بابەتە سیاسییەکاندا یەکسانی بەرپا بێت، دادگەی سەربەخۆ، بۆ پاراستنی پرەنسیپی حوکمی یاسا و پەیڕەوکردنی ماف و ئازادیی تاکەکان و چاوخشاندنەوە، بە دەستووریبوونی یاساکاندا هەبێت. جگە لەوەیش، ڕێخۆشکردن بۆ هاووڵاتیان، بۆ ئەوەی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا بەشداربن و بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتییانە، گفتوگۆ لەسەر بابەتە ساسییەکان بکەن. هەر هێزێکی سیاسیی مافی ئەوەی هەبێت، ڕکابەری لەسەر کورسیی و پۆستە سیاسییەکان بکات. پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حکوومەت و هاوڵاتیان ڕێک بخرێت، بە شێوەیەک کە هەمووان وەکوو یەک و بەیەکسانی ماف و ئازادییەکانیان پیادە بکەن. هەل و دەرفەت، بۆ هەموو هاوڵاتیان وەکوو یەک بێت و هیچ جیاوازییەک، لە نێوانیاندا لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی، ئایین، زمان، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری نەکرێت. هەروەها ماف و ئازادیی کەمینەکان، لەڕێگەی دەستوور و یاساوە بپارێزرێت. هەموو ئەوانە بە مانای ئەوە دێت، دەستوورێکی دیموکراتی ئەوە، بۆ هاونیشتمانیان فەراهەم دەکات کە ماف و ئازادییەکانیان بەکار بێنن و لە دروستکردنی بڕیار و

وەرگرتنی پۆستی سیاسییدا بەشداربن، نەک تەنیا کۆمەڵە کەسێک چاودێرییان بکەن و، لە بری ئەوان بڕیاربدەن. دەتوانین هەموو ئامانجەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی، لە پرەنسیپی گەلدا کۆبکەینەوە. واتە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، ئەویش لە ڕێگەی دیاریکردنی نوێنەرەکانی لە پڕۆسەی دەنگدانی گشتییدا. دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی دیموکراتی بە ڕێگەیەکی نموونەیی دادەنرێت، بۆ هەڵبژادنی ئەو کەسایەتییانەی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن. هاوڵاتیان دەتوانن لە پرۆسەی دەنگدانی گشتییدا، دەنگ بە پاڵێوراوانیان بدەن. ئەوەیش بۆ بنیاتنانی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، لە وڵاتدا. هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان چارەسەرێکن، بۆ ناکۆکییە سیاسییەکان. بە شێوەی ئاشتییانە، چونکە ئامرازێکن، بۆ گۆڕینی دەسەڵات بەبێ دروستبوونی گرژی لەنێوان لایەنەکاندا. هەروەها گۆڕینی لایەنی خاوەن دەسەڵات و جێگرتنەوەی، لە لایەن حزبی ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەگەر هات و دەنگی زیاتری لە هەڵبژاردندا بەدەست هێنا. دواتریش شەرعییەت دەدرێتە حکوومەتی نوێ و، لە هەمووی گرنگتر، لەو جۆرە هەڵبژاردنەدا حزبی سەرکەوتوو شەرعییەتی گەل بەدەست دەهێنێت. بەپێچەوانەی سیستەمی نادیموکراسییەوە کە دەسەڵاتداران شەرعییەتێکی ناڕاستەقینە، بە دەسەڵاتە ڕەهاکەیان دەبەخشن و تاکە حزبێک دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەر ئەو حزبەیش بیر و

ئایدیۆلۆژیی نەتەوەیی، ئایینیی خۆی دەچەسپێنێت و، بەردەوام دەبێت بەبێ گوێدانە هیچ خواستێکی گەل. ئەو وتارانەی لە کۆتایی رکابەریی و ململانێ سەختەکانی هەڵبژاردنەوە پێشکەش دەکرێن، رۆڵێکی لەوە زیاتریان هەیە کە زنجیرە دابونەریتێکی ناوبەتاڵ و کلۆربن. ئەو وتارانە گەواهییەکن لەسەر هەقانییەتی ئەنجامەکان، پتەوکەری یەکێتیی نەتەوەیی و رێخۆشکەری رێگای ئاشتییانە و کاریگەری گواستنەوەی دەسەڵات، لە چواری نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨، لە کاتێکدا کە ژماردنی دەنگەکان کۆتایی نەهاتبوو، هەر دوو کاندیدای یەکەمی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لە کۆتاییهێنان بە ڕووداوی فەرمیی سیاسییدا ڕۆڵی خۆیان گێڕا. یەکەم وتار هی "جۆن مەککەین"ی کاندیدای دۆڕاو بوو. ئەو وتەیەی پاش هەڵبژاردن پێشکەشی کرد، پەیڕەویکردن بوو، لە رێسای دێرینی زمانپاراویی و گوتی: (هەڤالانم، گەشتێکی دوورودرێژمان گەیاندە کۆتایی، خەڵکی ئەمریکا قسەی خۆیان کرد و، داوای خۆیان بەڕوونی بەیان کرد. کەمێك بەر لە ئێستا، ئەو شانازییەم پێ بڕا کە پەیوەندی بە سیناتۆر "باراك ئۆباما"وە بکەم و پیرۆزبایی لێ بکەین، بۆ هەڵبژاردنی بە سەرۆککۆماریی ئایندەی وڵاتێك کە هەردووکمان عاشقانە خۆشمان دەوێ. لە رکابەرییە دوورودرێژ و دژوارانەدا، سەرکەوتوویی، توانایی و، تێکۆشان و کۆڵنەدانی ئەو جێگای رێزە، بۆ من. ئەو بەو کارەی توانی ببێتە ئیلهام بەخش و مایەی ئۆمێدی

ملیۆنان کەس، لە خەڵکی ئەمریکا کە سەروەختێك بە هەڵە وایان دەزانی پشك یا نفووزێکی کەمیان، لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئەمریکادا هەیە و من لەناخی دڵمەوە ئەو شتە ستایش دەکەم و، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە دەستخۆشیی لێ دەکەم.) هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا "باراك ئۆباما" لە وتەی دوای سەرکەوتنی خۆیدا، وەڵامی ئەوی دایەوە و جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردەوە کە ئێمە هەرگیز کۆمەڵێك کەس یا کۆمەڵە ویلایەتێکی سوور (ئەو ویلایەتانەی بە شێوەیەکی سەرەکی کۆماریخوازن) و ویلایەتی شین (ویلایەتەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی دیموکرات) نەبووین. ئێمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاین و هەمیشەش وا دەمێنینەوە. وتەکانی دواتری سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو، نیشانەی قەدر و پێزانینی بوو، دەرهەق بە رکابەرەکەی لە هەڵبژاردنداو گوتی: (ئەمشەو، پەیامی پڕ لوتف و خۆشەویستیم لەلایەن سیناتۆر (جۆن مەککەین)ەوە پێ گەیشت. سیناتۆر مەککەین ململانێیەکی هەڵبژاردنی دژوار و دوورودرێژی تێ پەڕاندووە و، لەپێناو وڵاتێکدا کە عاشقیەتی، خەباتێکی تەنانەت سەختتر و دوورودرێژتریشی کردووە. ئەو، گیانفیدایی وای بۆ ئەمریکا کردووە کە زۆرێك لە ئێمە تەنانەت ناتوانین تەسەوڕی بکەین. ئێمە، بۆ بارودۆخی باشی ئەمڕۆی وڵات قەرزاری خزمەتەکانی ئەو سەرکردە لەخۆبردووەین. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە خاوەنی دیموکراسییەکی ساخلەم و

تەندروستن، شاهیدی گێڕانەوەی جیاجیاین لەو بەسەرهاتە).
هەروەها "سێگۆلن رۆیاڵ"، بۆ "نیکۆلا سارکۆزی" هیوای ئەوەی خواست " لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا لە خزمەتکردن بە گشت خەڵکی فەڕەنسا باشترین سەرکەتن وەدەست بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا "تارۆ ئازۆ"، سەرۆکوەزیرانی شکستخواردووی ژاپۆن، ڕای گەیاند، (من لەو بڕوایەدام کە ئەو بڕیار و داوەریی گەلە و، پێویستە بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین). لە کۆتایی چالاکییە سیاسییەکاندا لە سەرانسەری جیهان، کۆمەڵە ئاڵوگۆڕێکی ڕێزدارانەی هاوشێوە ئەنجام دەدرێت. هەندێ کەس ئەو دەربڕینانە تەنیا بە جۆرێك، لە ڕەچاوکردنی دابونەریت دەزانن: ناڕاستەقینە، بێهۆ و، لە باشترین حاڵەتدا، بە قارەمانبازیی لە مۆدەکەوتووی دادەنێن. لێ هەر ئەو دەربڕینانە، ڕۆڵێکی هەستیار دەگێڕن: لە وتارەکانی دوای هەڵبژاردندا، ئەو ڕکابەرەی کە لە گۆڕەپان چووەتە دەرەوە، جەخت لەسەر هەقانییەت (ڕاستییەتی)ی هەڵبژاردن دەکاتەوە. وەڵامی کەسی سەرکەوتوو، ئەوە نیشان دەدات کە بەچاوی بەشی بەهاگران و پڕبایەخی سیاسەتی نەتەوەیی، سەرنج لە لایەنگرانی هەموو کاندیداکان دەدرێ. بەو پێیە، هەر هەڵبژاردنێك، بە چاوپۆشین لە توندیی و گەرموگوڕیی ململانێکان، بە جەختکردنەوە لەسەر یەکێتیی نەتەوەیی کۆتایی دێت. بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دەبێ بگوترێ کە کاندیدای دۆڕاو، خاوەنی

دەرفەتێکی زیاترە، بۆ پێشکەشکردنی وتار لە شەوی پڕ ڕووداوی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا کە لە پرۆسەی دیموکراسییدا گرنگییەکی زۆری هەیە. کەسی براوە، بەناچار دەبێ، بۆ بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بگەڕێتەوە. ئەو بە سوپاسگوزاری دەرهەق بە لوتف و خۆشەویستیی ڕکابەر، وەك جوامێرێك دەردەکەوێت، لەکاتێکدا کە ئەو گەورەکردنەی ڕکابەر، دەستکەوتەکانی خۆیشی بە گرنگتر دەنوێنێ. شێوازی دەربڕینی قبووڵکردنی شکست، ئەرکێکی گرنگتریشی لە ڕێوڕەسمی فەرمیی گواستنەوەی دەسەڵات، لە وڵاتی دیموکراتدا هەیە. وتەی دەستاودەستکردنی دوای هەڵبژاردن، کە لەلایەن کەسایەتییەکی بەهێز و پتەو و لە ئان و ساتی فشاری توندی سۆزاوی (عاتیفی)دا پێشکەش دەکرێت، هەڵومەرجی پێویستی فەرهەنگی، بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی سیاسیی بەرجەستە دەکات. بە شێوەیەکی تەشریفاتی کۆتایی، بەو قەیرانە سیمبولییە (هەڵبژاردن) دەهێنێ کە وڵاتانی دیموکرات بەردەوام و بە ئامانجی دیاریکراو ئەزموونی دەکەن و، بەو پێیە فەرمانڕەوایی گەل و سیستەمی پشت ئەستوور، بۆ کەسی شکست خواردوو بە دستوور بەهێز دەکات. ، ئەو وتە و قسەزانییە (وتاربێژییە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە شکستی هەڵبژاردن، ببێ بە گێڕانەوە (ریوایەت)ی سەرکەوتن: لایەنی شکست خواردوو، بەڵێنەکانی ئاییندەی خۆی، بۆ سەرکەوتن لە ئاییندەدا تازە دەکاتەوە.

زمانی ململانێ، بەستراوەیی حزبی و، بنەما لێکدژەکان (متضاد)، دەگۆڕێن، بۆ سیمبولەکانی فەزیلەتی کۆن، جوامێریی و، ڕۆحیەی وەرزشکاری - واتە لەو جارەی کە کاری سەرەکی، بردنەپێشی یارییە و ڕەچاوکردنی ڕێسا و یاساکانی یاری، بردنەوە یا دۆڕاندن زیاتر گرنگییان هەیە. هەندێ کەس هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، لە ئەمریکادا بە چالاکییە ڕێکخراوییەکان دەیچوێنن کە لە نێوان دوو ڕکابەری دوژمندا ئەنجام دەدرێ. ئەو چالاکییانە چەشنی جەنگ، پڕ جەنجاڵ و دەنگە دەنگ و بە جۆش و خرۆشن. میدیاکان حەزیان لەوەیە بە پشتبەستن بە دووبەرەکی و شەڕ و، ڕاگەیاندنی ناوی براوەکان و دۆڕاوەکان، لە ڕاپرسییەکانی هەفتانەدا، ئاگری ئەو بابەتە خۆش بکەن. کاندیداکان توانایی، کەسایەتی و بەهرەی سەرکردایەتیی ڕکابەرەکانیان دەبەنە ژێر پرسیارەوە. لەبارەی ڕابردووی ئەو کاندیدایانەی لەسەر کارن، بەوردی لێکۆڵینەوە دەکرێ. لە نیشانەکانی لاوازیی کاندیداکان دەکۆڵرێتەوە. ئەو کاندیدایانەی کە کار دەکەن دەچنە نێو "باری هەڵبژاردن"ەوە، هەوڵێکی زۆر لەو جۆرە چالاکییانەدا دەدەن. ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی تایبەت، بە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری تێ دەکۆشن دەنگدەران بەسەر چەند بەشێکی بچووکتردا دابەش بکەن و دواتر زۆرینەی دەنگی ئەو گروپانەی دەنگدەر تێکەڵ بەیەکتر دەکەن. ئەو میتۆدە، تاکەکانی گەل بەگوێرەی حزب، ویلایەت،

ناوچە و، هتد لێك جیا دەكاتەوە. ڕادەگەیەنرێ كە هەر خولێكی هەڵبژاردن، دووبەرەكی هێنەرترین، سەرسەختترین و نەرێنیترین (سلبی) ململانێ بووە. زۆرێك لە خاوەن ڕایان بەو ئەنجامە گەیشتوون كە وڵات زیاتر لە جاران، بۆ دوو جەمسەر دابەش دەبێت. بنەما پەسەندكراوەكانی دیموكراسی، دەكەونە ژێر فشاری ڕاستەقینەوە. ئینتیماكان، گلەییەكان و، پێشداوەرییە كۆنەكان، سەرلەنوێ دەردەكەون. جۆش و خرۆش و گوڕوتین، بەرەو توندی هەڵدەكشێن. و دواجار، هەموو كاندیداكان، یەكێكیان نەبێ و، نزیكەی نیوەی دەنگدەران دڵسارد و دڵشكاو دەبن، ئۆمێدەكانیان بەبادا دەچن و، گومانەكانیان دەبێت. شێوازی دەربڕین لە وتارەكانی دوای هەڵبژاردندا، بەمانای سارێژكردنی زامەكان و چارەسەركردنی ئەو زیانانەیە كە هەر دوو حزبەكە بەریان كەوتووە. ئەوە تەنیا كاندیدای شكست خواردووە كە دەتوانێ شكستی خۆی پشتڕاست بكاتەوە و، سەركەوتنی كەسی براوە ڕابگەیەنێت و خەڵك، بۆ یەكێتیی نەتەوەیی بانگهێشت بكات و، داوا بكات كە پشتگیری لەو كاندیدایە بكەن كە بۆ چەندین مانگ ململانێی لەگەڵدا كردووە. ئەو هەنگاوە بەمانای بازدان بەسەر هیواكان و بەرزەفڕییە كەسییەكاندا، بە بانگهێشت بۆ یەكێتیی نەتەوەیی، گرێدراویی سەرلەنوێ، بۆ حزب و دڵنیابوون لە ئاییندەیەكی رۆشنتر، بۆ سەركەوتنەكانی دواتر پاساو دەكرێت. هەر بەو شێوەیە بوو كە لە

ساڵی ٢٠٠٤دا، "جۆن کێری" لەبارەی (مەترسیی دووبەرەکی، لە وڵاتدا و پێویستی – ئەوپەڕی پێویستی – بە یەکێتی، بۆ دۆزینەوەی وەرزێکی هاوبەش و خڕبوونەوە، لە دەوری یەکتر) قسەی لەگەڵ لایەنگرە وەفادارەکانیدا کرد. ئاواتەخوازین لەسەرتاسەری جیهاندا، ڕەوتی کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان دەست پێ بکرێت. گشت لایەك لەسەریەتی لەبەرخاتری وڵات هاوکاریی یەکتری بکەین. لە ڕۆژانی ئاییندەدا گەرەکە بەدوای ئاڕمانجێکی هاوبەشدا بگەڕێین. دەبێ بەبێ پەشیمانی، یا تۆمەتبارکردنی یەکتری. بەبێ تووڕەیی، یا دڵڕەنجان هەوڵەکانمان یەك بخەین. چوار ساڵ دوای ئەوە "جۆن مەککەین" هەر ئەو بابەتەی لە قسەکانیدا وەبیرهێنایەوە و وتی: (سیناتۆر ئۆباما و من لە کۆمەڵە شتێکدا، بۆچوونی جیاوازمان هەبووە و لەبارەیەوە قسەمان کردووە و، ئەو سەرکەوت. شێلگیرانە داوا لە هەموو ئەو ئەمریکاییانەی کە پشتگیرییان کردووم، دەکەم کە نەك هەر لەگەڵ من پیرۆزبایی لەو بکەن، بەڵکوو ئیرادە، جددییەت و، هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی هاوکاریی و ئاشتەوایی، لەپێناو زاڵبوون بەسەر ناکۆکییەکاندا و یارمەتیدان بە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی وڵات، بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانێکی پڕمەترسییدا و، بەجێهێشتنی وڵاتێکی بەهێزتر و باشتر لەوەی پێمان گەیشتووە، بۆ منداڵان و نەوەکانمان و بیخەنە

بەردەستی سەرۆککۆماری ئاییندەی وڵات. ناکۆکییەکانمان هەرچییەك بێت، ئێمە هەموومان ئەمریکایین). نەریتی قبووڵکردنی شکست و داوا بۆ یەکێتیی و هاوکاری، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە نەریتی دێرینی هەڵبژاردنی ڕکابەرانەی ئەو، بەباشی جێی خۆی گرتووە و جێگیر بووە. لێ نەریتێکی ئاوا، بە پلەی توندتر یا لاوازترەوە، لە وڵاتانی دیکەی دیموکراتیشدا هەیە. تایبەتمەندییەکانی، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ساڵی ٢٠٠٥ی بەریتانیاشدا خۆی دەرخست. "بی بی سی" ڕایگەیاند کە "مایکڵ هاورد"، سەرکردەی حزبی پارێزگار (موحافزکار)، بە گوتنی ئەو دەستەواژە لێبڕاوانە، شکستی خۆی قبووڵ کرد: گوایە " بلێر"، بووەتە براوەی سێیەمین خولی سەرۆکوەزیری، بۆ حزبی کرێکار و، من، بۆ ئەو سەرکەوتنە پیرۆزبایی لێ دەکەم. وتیشی: کاتی ئەوە هاتووە ئەو بەڵێنانە بباتە سەر، کە بۆ گەل و وڵات زۆر گرنگن. کاتێ ئەو کارەی کرد، پشتگیریی من بەدەست دەهێنێت. چەمکەکانی دیموکراسی لە وتەی "سێگۆلن رۆیاڵ"دا، دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ساڵی ٢٠٠٧ی فەڕەنسا، ڕوونترن: (هاوڕێیان، هاوڵاتیان. ئەنجامی دەنگی گشتی ڕاگەیەنراوە و، هیوام وایە سەرۆککۆماری تازەی وڵات بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە ئەرکی خۆی بهێنێت و، لەناخی دڵمەوە سوپاسی خۆم ئاڕاستەی ١٧ ملیۆن کەس دەکەم. ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم خستە گەڕ و، لەسەر ئەو هەوڵە بەردەوام دەبم. دەمەوێ

سوپاسی هەموو ئەو خەڵکە بکەم کە خەباتیان کرد، وەرن با قەدری وزە(تاقەت) و شادی بزانین. هەڵبژاردن، دیموکراسیی زیندوو کردۆتەوە. هەر شتێکمان بەیەکەوە دەست پێکردووە، پێکەوە بەرەوپێشی دەبەین). دیارە جگە لەوەیش وتاری دوای هەڵبژاردن، لە ئەمریکای باشوور، ئەفریقا، ئاسیا، ئەورووپا و ئۆستراڵیاشدا پێشکەش دەکرێ، بەڵام بە دەگمەن دابودەستووری فەرمی لەخۆ دەگرێ و ئەوەندەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئەمریکادا خاوەن ستاندەری میدیایی نین. ئەو بابەتە نەمازە لەو وڵاتانەدا ڕاستە کە یا خاوەن حزبی جیاجیان و یا سیستەمی پەرلەمانییان بە شێوەیەکە کە، بۆ پێکهێنانی زۆرینە لە دەوڵەتدا، پێویستی بە ئیئتیلاف(هاوپەیمانی)ی چەند حزبێکە. ناتوانین گواستنەوەی ئارام و ڕێکوپێکی دەسەڵات لە حزبێکەوە، بۆ حزبێکی تر بە شتێکی مسۆگەر دابنێین. ئەو کارە پێویستیی بە پێوەری یاسایی و متمانەی قووڵ، لەسەر بنەمای ئەزموونی پراکتیکی هەیە کە گوزارشت لە دادوەرانەبوونی هەڵبژاردن بکات. لە دیموکراسییە تازە سەرهەڵدراوەکاندا یا ئەوانەی لە گەشەکردندان، بەتایبەت ئەوانەی کە بەدەست دووبەرەکییە فەرهەنگییەکانەوە گیریان خواردووە، نەبوونی ئەزموون لە پرۆسەی هەڵبژاردندا یا متمانەپێنەبوونی، بە بەرەنگاری(تەحەددا)یەکی ڕاستەقینە دێتە هەژمار. ئەو ڕژێمانەی کە دوای کۆدەتا، کۆدەتای ئاشتیانە یا جگە لەوە، سەقامگیر دەبن،

لە باڵادەستبوون لە هەڵبژاردندا بەدوای هەقانییەتی دیموکراتیکی خۆیاندا دەگەڕێن تەنانەت ئەگەر بە زەبری چەك سەرکەتنیان وەدەست هێنابێت. لە حاڵەتی وەهادا، ڕێبەرانی حزبەکان لەجیاتی ملدان بەرانبەر شکستی خۆیان، تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەدەن و لافی ساختەکاری لە ژماردنی دەنگەگان، سانسوور و، ترساندن و توندوتیژی لێ دەدەن. ئەوان ڕەنگبێ داوا لە لایەنگرانیان بکەن کە خۆیان ڕاگرن و ململانێ بکەن و خۆیان بەکوشت بدەن، بۆ وڵاتێك کە بەنیازە دامەزراوەی دیموکراتیك بنیات بنێت و جێگیریان بکات. ئەو بەرەنگارییەی کە ڕێبەرە ڕکابەرەکان بەرەوڕووی دەبنەوە، قبووڵکردنی شکستە وەك پردێکی سەرووتر، لە دەسەڵاتخوازییە تاکەکەسیی و بەرژەوەندییە حزبییەکان. ڕۆڵی نەریتی وتارەکانی دوای هەڵبژاردن، لەوە زیاترە کە بەس هۆکاری چارەسەر بێت. ئاڵوگۆڕی فەرمیی رێزگرتنەکان، ڕەنگە بە چەند نیشانەیەکی بەجێهاو لە سەردەمێکی مەند و کەمتر بەرژەوەندخوازانە لێك بدرێتەوە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوانەی تیایدا بەشدارن. سەرلەنوێ نمایشێکی سیاسیی کلاسیکی، دەبەنە سەر شانۆ. دوای ململانێیەکی سەخت و دژوار، ئەو جۆرە وتارانە دەربڕ و بەیانکەری چەمکی زۆر ئەبستراکت(ڕووت)ن " چۆنیەتیی کاری دیموکراسیی و دەنگی خەڵك". ئەو کەسانەی بەتوندی نەیاری یەکتری بوونە، دەچنە ریزی هاوڵاتیانی دیکەوە، سەرلەنوێ یەك دەگرنەوە و

بەنیسبەت بەهاکانەوە دیسان دەروەستە دەبنەوە، بە شێوەیەك کە دەچێتە سەرووی ڕکابەرییەکانی پێشوو. ریۆڕەسمی پەیوەست بە تەسلیمبوون بەرانبەر شکست و ڕاگەیاندنی سەرکەوتن کە بە شێوەیەکی گشتگیر، لەلایەن میدیاکانەوە پەخش دەکرێت، خاوێن کەرەوەی قۆناغی کۆتایی هەڵبژاردنە. بە ژماردنی دەنگەکان لەلایەن بەرپرسانی پەیوەندیدارەوە، پەیامنێران ئەنجامەکان لەسەر ئینتەرنێت شی دەکەنەوە و، لەبارەیەوە لێکۆڵینەوە دەکەن و لێکی دەدەنەوە.

# دیموکراسییەتی تەندروست

بیرتان نەچێت دیموکراسییەتێکی تەندروست، بەشێکی زۆری دەوستێتە سەر پەرەسەندنی کلتووری دیموکراسییانەی مەدەنی. کلتوور لیرەدا بەو مانایە بەکاردەهێندرێت کە زانایەکی وەك "ڕاڤیچ" دەستنیشانی دەکات: بەتەنها مانای هونەر، یان وێژە و مۆسیقا نابەخشێت، بەڵکوو ئەوە مانای ڕەفتار و کردارە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە کە توانای خەڵك، لەبەڕێوەبردنی خۆیاندا پشان دەدات، ئەو نووسیویەتی: سیستەمێکی سیاسیی تۆتالیتاری، هانی کلتووری ناکارایی خۆبەدەستەوەدان و کەمتەرخەم دەدات، ئەو ڕژێمە هەوڵدەدات ئەو مێگەلە گوێڕایەڵ و ملکەچەی هاوڵاتیان، بتوێنێتەوە و لەقالبیان بدات. بە پێچەوانەوە کلتووری مەدەنی، لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، لەڕێگای ئەو چالاکییە بە ئازادی هەڵبژێردراوانەی تاك و گروپەکانەوە، شێوە دەگرێت و فۆڕمی خۆی وەردەگرێت. هاوڵاتیان لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد دا، بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، مافەکانی خۆیان پیادە و پەیڕە و دەکەن. بەرپرسیاریەتییەکانی ژیانی خۆشیان، دەگرنە ئەستۆ. ئەوان، بۆ خۆیان بڕیاری خۆیان دەدەن، لەبارەی ئەوەی لە کوێدا کاردەکەن و چ جۆرە کارێك دەکەن و لە کوێدا دەژین. ئایە پەیوەندی بە پارتێکی سیاسییەوە دەکەن و چی دەخوێننەوە. ئەوانە بڕیاری

تاکەکەسیی و تایبەتن نەوەك بڕیاری سیاسی. وێژە و هونەر و دراما و فیلم، دەربڕینی هونەری کلتووری کۆمەڵگەن، بەهەمان شێوەش بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە حکوومەتەوە دەردەکەون و بونیان هەیە. ڕەنگە کۆمەڵگەی دیموکراتی پاڵپشتی، یان هانی هونەرمەندان و نووسەران بدات، بەڵام کۆمەڵگە هەڵناستێت بەدانانی ستانداردی هونەری، بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر شایستەیی هەوڵە هونەرییەکان بدات، یان سانسۆر بخاتە سەر دەربڕینە هونەرییەکان. هونەرمەندان، فەرمانبەر و کارەکەری دەوڵەت نین. هاوبەشیکردن و خستنەسەری سەرەکی دیموکراسی، بۆ هونەر و ئەدەب بریتییە، لە ئازادی. ئازادیش. خولقاندن و تاقیکردنەوە و پشکنینی جیهانی بیر و ڕۆحی مرۆڤە. جگەلەوەش پەروەردە پێکهاتەیەکی زیندوو گرنگی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەڵام بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی دیموکراسییدا. وەك "تۆماس جیفرسۆن" نووسیویەتی: (ئەگەر گەلێك چاوەڕێی ئەوە دەکات کە نەفام و ئازاد بێت، لە دەوڵەتێکی ژیاریدا، ئەوە چاوەڕێی شتێك دەکات کە مەحاڵە قەد نەبووە و قەتیش نابێت). بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە سەرکوتکەرەکان کە بەدوای چاندنی تۆوی خۆبەدەستەوەداندا وێڵە، لەو جۆرە ژینگەیەدا ئامانجی پەروەردەی دیموکراتییانە بریتییە، لە بەرهەم هێنانی ئەو تاکەی کە سەربەخۆن و پرسیار و لێ پێچینەوە ئەنجام دەدە، لە ڕوانگەیاندا، بۆ شتەکان شیکارییین و توانای داوەریکردنی زاتی خۆیان هەیە و لەگەڵ

ئەوەشدا بە قووڵی تەواو شارەزای بنەما ڕەوشتییەکان و پەیڕەوکردنە دیموکراسییەکانن. پرۆفیسۆری زانکۆی ڤاندربیلت، "چێستەر.ی.فین.ج.ر" لەوتارکەیدا بۆ پەوەردەکارانی نیکاراگوا دەڵێت: ڕەنگە خەڵك لەگەڵ لەدایك بوونیان ئارەزوویەکی خۆڕسکیان، بۆ ئازادی هەبێت، بەڵام زانیاری خۆڕسکیان نییە لەبارەی شیرازە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا کە دەبنە هۆی ئەوەی ئازادییان مومکین بێت. بە درێژایی کات، بۆ خۆیان و، بۆ منداڵەکانیان. ئەو جۆرە شتانە پێویستە وەدەست بهێندرێن، پێویستە فێربکرێن. لەو ڕوانگەیەوە، ئەرکی پەروەردە، لە دیموکراسییەتدا زۆر بەسادەیی تەنها ئەوە نییە کە ڕێگە، لە ناساندنی ڕژێمە تاکڕەوە سەرکوتکەرەکان بگرێت و ڕێنمایی بێلایەنانە، لەبارەی بەها سیاسییەکان دەستەبەر بکات. ئەوە مەحاڵە، بیرتان نەچێت گشت سێکتەرەکانی پەروەردە، دواجار بەهاکان دەگوازێتەوە، جا بەمەبەست بێت، یان بەبێ مەبەست. دەکرێت بەکردار قوتابیان فێری بنەماکانی دیموکراسی بکرێن، بە ڕۆحیەتێکی کراوەی گەڕان و داخوازیکردن کە ئەوە، بۆ خۆی بەهایەکی دیموکراتیانەی گرنگە. لەهەمان کاتیشدا قوتابیان، لەڕێگەی بەڵگە و پاساو و عەقڵانی و توێژینەوەی بە ئاگایانەوە هاندەدرێن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرکردنەوە سواوەکان. ڕەنگە لێرەدا مشتومڕێکی بەهێز هەبێت، بەڵام وانەکانی خوێندن، لەبارەی دیموکراسییەت نابێت ئاوا بەئاسانیش

ئەو ڕوداو و ڕاستییە ناخۆشانە، یان ئەوانەی کە مایەی ناکۆکین وەلا بنێت و فەرامۆشیان بکات. "فین"ی شارەزا، لەجێگەیەکی دیکەوە دەڵێت: پەروەردە ڕۆڵێکی تاقانە و سەربەخۆ دەبینێت، لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا. لەکاتێکدا سیستەمی پەروەردەیی، لە ڕژێمەکانی تردا بریتیین، لە ئامرازی دەستی ئەو ڕژێمانە، لە دیموکراسەتدا ڕژێم خزمەتکاری خەڵکە، ئەو خەڵکەی کە توانای خولقاندن و بەردەوامبوون و چاکترکردنی هەیە. ئەو ڕژێمەی بە ڕێژەیەکی زۆر بەندە، لەسەر چۆنایەتی و کارایی ئەو شیرازە پەروەردەییەی کە پێیدا تێپەڕیوین. لە دیموکراسییدا دەتواندرێت زۆر بە ڕوونی بووترێت کە پەروەردە توانایی دەداتە خودی ئازادییەکان، بۆ ئەوەی بە درێژایی کات پەرە بسێنێت.

# جیاوازی لە پێناو جیاوازیدا

مرۆڤ لەهەندێك كاتدا جۆرەها ئارەزووی دژبەیەكی هەیە، خەڵك حەز بە تەنهای دەكەن، لەگەڵ ئەوەدا حەز بە سەركەشیی و خۆخستنە مەترسیش دەكەن. زۆر بۆ ئازادی بەپەرۆشن، لەگەڵ ئەوەشدا داوای یەكسانی كۆمەڵایەتیش دەكەن. دیموكراتیەتیش جیاواز نییە لەوە، گرنگە دان بەوە بنێیت كە زۆر لەو گرژیی و تەنانەت دژیەكیانەیش، لەهەموو كۆمەڵگەیەكی دیموكراتی بوونیان هەیە. بەگوێرەی "لاری دایەمۆند" كە سەرنووسەرە و جگە لەوەیش، لەدەزگای "هوڤەر" توێژەرە دەڵێت: دژ یەكییەكی جەوهەری، لەنێوان ناكۆكیی و كۆدەنگیدا هەیە. دیموكراسییەت لەزۆر ڕووەوە شتێك نییە كە زیاتر بێت، لەكۆمەڵە ڕێسایەك، بۆ بەڕێوەبردنی ناكۆكیەكان. لەهەمان كاتیشدا دەبێت ئەو ناكۆكییە، لەچوارچێوەی سنوری دیاریكراودا بەڕێوەببرێت، یان چارەسەربكرێت. ئەوەش، یان سازشكردن، یاخود كۆدەنگی و ڕێكەوتنی تری لێدەكەوێتەوە كە هەموو لایەنەكان وەك شتێكی ڕەوا، لەسەری ڕازی دەبن. زۆر جەختكردنەوە، لەسەر لایەنێكی هاوكێشەكە دەكرێت هەڕەشە، لەتێكڕای پرۆژەكە بكات. ئەگەر گروپەكان دیموكراسی بەشتێك زیاتر لە ئەگەرێك وەرنەگرن، بۆ فشارخستنەسەر داواكردنی داواكان، دەكرێت كۆمەڵگە لەناوەوەڕا

پارچە پارچە بێت. ئەگەر حكوومەت فشارێكی لەڕادەبەدەر دروست بكات، بۆ بەدەستهێنانی كۆدەنگی. لەولایەش دەنگی خەڵكیش كپ بكاتەوە، ئەوا دەكرێت كۆمەڵگە لەسەرەوەڕا وردوو خاش ببێت. وەڵامەكە ئەوەیە كە تاكە وەڵامێكە و وەڵامێكی ئاسانیش نییە. (دیموكراسییەت ماكینەیەك نییە هەركە بنەماو ڕێوشوێنە گونجاوەكانت بەرنامە ڕێژكرد لەناویدا، بۆ خۆی كار بكات و بەگڕ بكەوێت). كۆمەڵگەی دیموكراتی، پێویستی بە پەیوەستبوونی هاوڵاتیەكانی هەیە كە قبوڵی ناكۆكیەكان بكات، لەنێو كۆمەڵگەدا ناكۆكی و جیاوازی هەر ڕوودەدات، بەڵام ئەو كاتە لێبووردەیی دەبێتە پێویستی. گرنگە دان بەوە بنێیت زۆر لە ناكۆكییەكان، لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیانە، لەبارەی لێكجیاكردنەوەیەكی ڕوونی نێوان " ڕاستی " و " هەڵە" نین، بەڵكوو لەنێوان لێكدانە لەیەكترجیاوازەكاندان، بۆ مافە دیموكراتییەكان و پێشینە كۆمەڵایەتییەكان. لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا زۆر، لەو جۆرە مشتومڕانە لەئارادا هەن. ئایە گونجاوە كە ڕێژەیەكی دیاریكراوی كارەكان بۆ گروپێكی كەمیینە كە پێشتر لە ڕووی داب و نەریتەوە بەدەست جوداكاریەوە ئازاری چەشتووە تەرخان بكرێت؟!. ئایە حكوومەت ئەو مافانەی هەیە كە خاوەنداریەی كەسێك، لە خانووەكەی دابماڵێت، بۆ مەبەستی دروستكردنی ڕێگایەك، یان پرۆژەیەكی گشتییەوە؟. مافی كێ لە پێشەوەیە،

کاتێك کۆمەڵگە بەدوای قەدەغەکردنی بڕینەوەی دارە بەناوی پاراستنی زەویە خوا ڕسکەکان، بەڵام لەسەر حیسابی لەدەستدانی کار و داڕووخانی ئابووری، بۆ ئەو کۆمەڵە بچووکانەی کە پشت بە پیشەسازی دار دەبەستن. ئایە مافی هاوڵاتیان پێشێل دەکرێت، ئایە ئەوانەی، لەکۆمەڵەکەدان پارێزراون. ئەگەر پۆلیس بەشێوەیەکی هەڕەمکی خەڵك بگرێت، بۆ ئەوەی هێنان و بردنی ماددە بێهۆشکەرەکان کەم بکاتەوە. هیچ پرسیارێك ئاسان نییە، بنەما فراوانەکانی دیموکراسییەتیش تەنها هێلە ڕوونکارییەکانی چارەسەرکردن و شیکاریکردنی ئەو پرسانە دابین دەکات، لە ڕاستییدا ڕەنگە بە درێژایی گۆڕینی کات وەڵامەکان بگۆڕێن، هەر لەبەر ئەو هۆیەش کە پەرەسەندنی کلتووری دیموکراسی شتێکی گرنگە. تاك و گروپەکان بەلایەنی کەم ویستی لێبوردییان بەرانبەر جیاوازیەکانی یەکتر هەبێت، دان بەوە بنێت لایەنی بەرانبەر مافی تەوا و تێڕوانینی ڕەوایان هەیە. لایەنە جیاوازیەکانی کێشەیەك، جا چ لەگەڕەکێك بێت، یان لەسەر ئاستی پەرلەمانی نەتەوەیی بێت. دەکرێت گیانێکی سازشکردن بەیەکبگەن و بەدوای چارەسەری دیاریکراودا بگەڕێن کە لەسەر بنەمای گشتی فەرمانڕەوایەتی زۆرینە و مافی کەمیینە بنیات نرابێت. لەهەندێك حاڵەتدا ڕەنگە دەنگدانێکی ڕەسمی پیویێست بکات، بەڵام زۆربەی جار گروپەکان بە کۆدەنگی یان یەکلاکردنەوەیەکی نا فەرمی دەکەن، لەڕێگەی

مشتومڕکردن و سازشکردنەوە. ئەو پرۆسانە سوودێکی سەرباریان هەیە، بۆ بنیادنانی متمانەی پێویست، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی داهاتوو. " دیان ڕاڤیچ" تێبینی ئەوە دەکات ( بنیادنانی هاوپەیمانییەتی کرۆکی کاری دیموکراسییە. گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان فێر دەکات کە وتووێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن و سازش لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن، لە چوارچێوەی سیستەمێکی دەستووریدا کار لەگەڵ یەکتردا بکەن. بەکارکردن لەپێناو دامەزراندنی هاوپەیمانیەتێك، گروپەکان لەگەڵ بوونی جیاوازییەکان لەنێوانیاندا فێردەبن چۆن بەشێوەیەکی ئاشتیانە گفتوگۆ بکەن و چۆن بەدوای بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا بگەڕێن. بە هەڵسوکەوتێکی دیموکراتییانە و لەکۆتاییشدا چۆن، لە دونیاییەکی فرەییدا بژین). دیموکراسی کۆمەڵەیەکی ڕاستی نەگۆڕاو دۆزراوە نییە، بەڵکوو میکانیزمێکە کە لە ڕێگەیەوە، لەماوەی بەیەکدادانی بیرۆکە و تاك و دامەزراوەکان، خەڵك دەتوانێت هەرچەندە بەشێوەیەکی تەواویش نا، بەڕاستییەکان بگەن. دیموکراسییەت شتێکی بەرنامەکاریە، بیرۆکە و چارەسەرکردنی کێشەکان، لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیاییەکی توند تاقی ناکرێنەوە، بەڵکوو لەجیهانی واقیعدا تاقی دەکرێنەوە. لەو جیهانەی کە دەتواندرێت دیسان گفتوگۆیان، لەبارەوە بکرێتەوە و دووبارە گۆڕانیان بەسەردا بێت، یان وەربگیرێنەوە، یان وەڵام بدرێنەوە. خۆ

فەرمانڕەواییکردن ناتوانێت پارێزراوبێت، لەدژی هەڵەکان و کۆتایی بەکێشە ئیتنیکییەکان بهێنێت. لەولایەش، گەرەنتی گەشەسەندنی ئابووریش بکات. هەرچۆنێك بێت خۆ فەرمانڕەواییکردن، ڕێگە بەو مشتومڕو تاقیکردنەوانە دەدات کە دەتوانن هەڵەکان دەست نیشان بکەن. ڕێگە بە گروپەکان دەدات، بۆ ئەوەی بەیەکبگەن و چارەسەری جیاوازییەکانیان بکەن. دەرفەت پیشکەش بەداهێنان و وەبەرهێنان دەدات کە بزوێنەری گەشەسەندنی ئابورین، بۆ حکوومەتە تاکڕەو و ڕخنەگرەکانی تریش، خاڵی تێگەیشتن و هاوبەشیان ئەوەیە کە دیموکراسییەت، هێزی سەرکەوتنی نییە. هەروەها دەسەڵاتی فەرمانڕەواییکردنیشی بێهێزە. ئەو بۆ چوونە، لەبنەڕتدا هەڵەیە. دیموکراسییەتەکان داوای ئەوە دەکەن کە حکوومەتەکانییان سنووردرابکرێت، نەوەك بێهێزبن. بەدرێژایی مێژوو وابینراوە، دیموکراسییەتەکان بەکردار لەرزۆك و کەم بەدەردەکەون، تەنانەت، لە تێڕوانینی کۆی سەردەمی زیندووکردنەوەی دیموکراتیەتیش، لەماوەی دەیەکدا هەروابوو. دیموکراسییەت بەهیچ شێوەیەك بێبەش و بەرگەگر نەبووە، لەبەرانبەر هەڵچوون و داچوونەکانی مێژوو. گەلێکجار دیموکراسییەتەکان تووشی داڕمان هاتوون، لەئەنجامی دۆڕانی سیاسی، یان لەبەردەم پارچە پارچەبوون و دابەشبوونی ناوخۆدا بەرگەیان نەگرتووە، ، یان ئەوەتا لەلایەن داگیرکردنی دەرەکییەوە

هەرەسیان پێ هێنراوە، بەڵام حکوومەتە دیموکراسییەکان توانایەکی بەرچاوی خۆ خستنە سەرپێی و دووبارە توانا وەرگرتنەوەیان بە درێژایی کات پیشانداوە، ئەوەشیان دەرخستووە کە لەگەڵ پەیوەست بوون و خۆبەختکردنی پڕ زانیاریانەی هاوڵاتیەکانیان دەتوانن بەسەر بارودۆخی ئابووری سەخت و نەبوونییدا زاڵبن و ئاشتەوایی دابەشبوونە ئیتنیکی وکۆمەڵایەتییەکان بکەن. لەکاتی پێویستیشدا لەسەر پێی خۆیان بووەستن، لەجەنگ و شەڕەکاندا وەکخۆیان بمێننەوە. ئەوە هەرە لایەنەکانی دیموکراسییەتە کە بەردەوام، لەلایەن رەخنەگرانییەوە پێش چاودەخرێن کە هێزی دووبارە هەڵسانەوە سەرپێ و خۆگرتنەوەیان پێ بەخشیوە. پرۆسەکانی مشتومڕکردن و نا تەبایی و سازشکردن کە هەندێك وەك خاڵی لاوازی ئاماژەیان پێدەکات، لە ڕاستییدا بریتیین، لەهێز و وزەی بنچینەیی دیموکراسییەت. بەدڵنیاییەوە کە وا هەڵنەکەوتووە. هیچ کەس تا ئێستا دیموکراسییەتی تاوانبار نەکردووە بەوەی کە دیموکراسییەت، بەتایبەت کارامەیە لە هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردنی وردەکار. دەکرێت بڕیار دروستکردنی دیموکراتییانە، لەکۆمەڵگەیەکی گەورە و ئاڵۆزدا بێت بە پرۆسەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ و قورس و ماندووکەر و کات بە فیڕۆدەر، بەڵام لەکۆتاییدا حکوومەت لەسەر ڕەزامەندی خەڵکی فەرمانڕەواییکراو بەندە کە دەتوانن بە بڕوا بەخۆبوون و دەسەڵاتەوە قسەبکەن و ڕەفتاربکەن،

لەکاتێکدا ئەو بڕوابەخۆبوون و دەسەڵاتە، لەڕژێمیکدا نەبێت کە دەسەڵاتەکەی بە قورسی خراوەتە دەستی هێزێکی سەربازی، یان دام و دەزگاکانی پارتێکی هەڵنەبژێردراو. یەکێك لەگرنگترین خستنە سەرەکان، بۆ پیادەکردنی دیموکراسی بریتییە، لە پێشخستنی سیستەمی چەك و باڵانسەکان، بۆ ئەوەی کە دڵنیا بکرێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی بەش بەش و لەناوەندا چەقبەستوو نییە، بەڵکوو لامەرکەزیە. ئەو سیستەمە، لەسەر ئەو باوەڕە قووڵە دامەزراوە کە حکوومەت، لەباشترین حاڵەتە کە دەرفەتەکانی خراپ بەکارهێنان و پێشێلکردنی دەست بەسەردا بگیرێت. لەکاتێکدا کە تا لەتوانادایە، لە خەڵکەوە نزیك بێت . وەك زاراوەیەکی گشتی پشکنین و هاوسەنگییەکان دوو مانای هەیە، فیدرالیزم و جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان. فیدرالیزم بریتییە، لە دابەشبوونی حکوومەت لەنێوان ئاستی نیشتمانی و هەرێمی و خۆجێیدا، ویلایەتە یەکگرتوەکان، بۆ نمونە کۆمارێکی فیدرالیە کە لەچەند ویلایەتێك پێکهاتووە و، هەریەکەیان کەسیەتی یاسایی و دەسەڵاتی سەربەخۆی حکوومەتی فیدرالی تایبەت بەخۆیان هەیە. بەپێچەوانەی دابەشبوونە لاوەکییە سیاسییەکان وەك، لەبەریتانیا و فەرەنسادا هەیە کە ئەو دوو وڵاتە بونیادێکی سیاسی یەکگرتوویان هەیە. ویلایەتەکانی ئەمریکا ناتواندرێت هەڵبوەشێندرێنەوە، یان بگۆڕدرێن. هەرچەندە دەسەڵات، لەسەر ئاستی نیشتمانی لە ویلایەتەکان، لەسەدەی بیستەمدا هێشتا

ویلایەتەکان بەرپرسیاریەتی گرنگیان لەبەردەستدایە، لەو بوارانەی وەك خوێندن تەندروستی گواستنەوە، لەسیستەمی مەرکەزیدا، یان تاکڕەویدا ئەو کارانە لەلایەن حکوومەتی نیشتمانیدا بەڕێوەدەچێت. ویلایەتە تاکەکان، بۆ خۆیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەشێوەیەکی گشتی شێوازی فیدرالی پەیڕەو دەکەن، لەڕێگەی دەسەڵاتدان بە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، بۆ ئەنجامدانی زۆرێك لەو کارانە. وەك بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان و بەشەکانی پۆلیس، لەسیستەمی فیدرالیدا جیاکردنەوەی هێز و دەسەڵات، ڕێك و پێك ناکرێت و ڕێکناخسترێن. ئاژانسە فیدرالیەکان و ویلایەتەکان و ناوخۆییەکان هەموویان، بۆیان هەیە ئەجێندای سەرتاسەری و دژبەیەکیشیان هەبێت. لەو جۆرە بوارانەی وەك فێرکردن بۆ نموونە، بەڵام لەهەمان کاتدا فێدرالیەت ئەوپەڕی هەلی ڕەخساندووە، زۆر بەگرنگی، لەبارەی ئەنجامدانی ئەرکی کۆمەڵگەی دیموکراسی و بەشداری پێکردنی هاوڵاتی . لەمانای دووەمدا کۆتوبەندەکان و هاوسەنگییەکان ئاماژە دەکەن بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە دانەری دەستوری ئەمریکایی ساڵی ١٧٨٩ زۆر کۆڵنەدەرانە دایانناوە بەمەبەستی دڵنیابوون، لەوەی کە هێزی دەسەڵاتی سیاسی گردنابێتەوە لەنێو تاکە لقێکی حکوومەتی نیشتمانیدا. " جیمس مادیسۆن" کەسی سەرەکی لەدەستەی نووسینەوەی دەستوری ئەمریکادا، دواتر بووە سەرۆکی چوارەمی ویلایەتەیەکگرتوەکان

نووسیویەتی: گلدانەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، لەنێو هەمان دەستەکاندا، لەوانەیە باشترین پێناسەیەك، بۆ ئەوە حوکمێکی تاکڕەوانەبێت. لەهەندێك شێوازدا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان تاڕادەیەك زاراوەیەکی شێوێنراوە، چونکە ئەو سیستەمەی لەلایەن "مادیسۆن" و دانەرەکانی تری دەستوور دانرا زیاتر جۆرێکی بەشداریکردنە، نەوەك جیاکردنەوەی دەسەڵات. بۆ نمونە دەسەڵاتی یاسادانان سەربەکۆنگرێسە، بەڵام ئەو یاسایانەی لە کۆنگرێسەوە دەردەچێت، دەکرێت لەلایەن سەرۆکەوە هەڵبوەشێندرێتەوە، لەبەرانبەر ئەوەدا پێویستە کۆنگرێس دوو لە سێی زۆرینەی هەردوو کۆشکی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران کۆبکاتەوە، تا بتوانێت زاڵبێت بەسەر ڤیتۆیەکی سەرۆکایەتی. سەرۆك هەڵدەستێت بەدانانی باڵیۆزەکان و ئەندامانی کابینە، هەروەها دانوستانی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانیش ئەنجام دەدات، بەڵام ئەوانە هەمووی مەسەلەیەکن دەبێت، لەلایەن ئەنجومەنی پیران ڕەزامەندی لەسەر بدرێت. دانانی دادوەرە فیدراڵیەکانیش بەهەمان شێوە دەبێت وەك نموونەیەکی تر، دەستوور ئەوەی دیاریکردووە کە تەنها کۆنگرێس دەسەڵاتی ئەوەی هەیە شەڕ ڕابگەیەنێت. هەرچەندە سەرۆك سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانە کە سەرچاوەیەکی بارگرژی بوون. لەنێوان ئەو دوو بوارەی لەبەرچاو بوو، لەماوەی جەنگی درێژخایەنی ڤێتنام لەساڵەکانی

شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان و هەروەها شەڕی کورتخایەنی کەندا و ١٩٩٠ - ١٩٩١ ، لەبەر پێویستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆنگرێس بەمەبەستی دانانی بەرنامەیەکی سیاسی. زانای سیاسی " ڕیچارد نۆستاد" دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لەویلایەتە یەکگرتوەکان بەوە وەسف دەکات و دەڵێت( دەسەڵات، دەسەڵاتی فەرمان دەرکردن نییە، بەڵکوو دەسەڵاتی قایلکردنە). لەڕاستییدا هەموو کۆتوبەندو هاوسەنگییەکان، لەنێو حکومەتی فیدرالیدا لەدەستوور دیارینەکراوە. هەندێکیان لەڕێگەی پراکتیزەکردن و پێشینەییدا پەرەیسەندووە،. هەڵبەتە لەهەمووی گرنگتر، ڕێسای پێداچوونەوەی دادگایە کە لەمیانەی حاڵەتێکی دادگاییدا، لەساڵی ١٨٠٣ دامەزراوە کە دەسەڵاتی ئاشکراکردنی کارەکانی کۆنگرێسی بە شێوەیەکی نا دەستووری بەخشی بە دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتوەکان. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسیستەمی ئەمریکییدا زۆر جار کارا نییە، بەڵام پارێزگارییەکی گرنگ و باش، دژی بەخراپ بەکارهێنانە شاراوەکانی دەسەڵات دابین دەکات لەلایەن حکوومەتەوە کە ئەوەش ئەو مەسەلەیەیە کە پێویست دەکاتە دیموکراسییەت ڕوبەڕووی ببێتەوە. لەنێو بڕیارە زۆر گرنگەکانی دیموکراسییدا، شێوازی هەڵبژاردنی سەرکردە و نوێنەرەکانییەتی. دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی لە سیستەمی پەرلەمانیدا، دوو جۆر هەڵبژاردن هەیە. یەکەمیان بوونی پێکهاتەییەکی سیاسیی زۆرینەیە

لەپەرلەماندا، یاخود هاوپەیمانێتی چەند پارتێك كە هەڵدەستن بە پێكهێنانی كابینەیەكی تازەوە كە لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە بەڕێوە دەچێت. ئەو جۆرە سیستەمەی حكومەتی پەرلەمانی كە سەرەتا لە بەریتانیای گەورەدا پەرەی سەند ئێستا، لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی پیادە دەكرێت. هەروەها لە وڵاتە كارییبیەكان و كەنەدا و هیندستان و زۆر لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیاش بە مانایەكی دیكە، لە زۆربەی وڵاتە داگیركراوە، پێشوەكانی بەریتانیا تا ئەمڕۆكە پەیرەویی لیدەكرێت. شێوازە زۆر باوەكەی تر بریتییە، لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆكێكی پەرلەمان بەشێوەیەكی سەربەخۆ. ئەو سیستەمە سەرۆكایەتییە ئەمڕۆكە لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریكای لاتینیی و فلیپین و فەرەنسا و پۆڵەندا و ویلایەتە یەكگرتوەكاندا، پیادە دەكرێت. جیاوازی سەرەكی نێوان سیستەمی پەرلەمانیی و سیستەمی سەرۆكایەتی بریتییە، لەو پەیوەندیەی كە لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردندا هەیە. لەسیستەمی پەرلەمانییدا، لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیران و ئەندامانی كابینە نوێیەكە هەر لە پەرلەمانەوە دەهێندرێن، بۆیە بەشێوەیەكی بنەڕەتی هەردووكیان یەكن و لەجەوهەردا هەمان شتن. لەوهەلومەرجەدا بە شێوەیەكی نموونەیی، ماوەی كابینەی حكوومەت، بۆ ماوەیەكی دیاریكرا و بەڕێوە دەچێت. بۆ نمونە چوار، یان پێنج ساڵ مەگەر سەرۆكی وەزیران، لەنێو پەرلەماندا زۆرینە لەدەست بدات. لەو

حاڵەدا حكوومەتەكە نامێنێ و هەڵبژاردنێكی نوێ ئەنجام دەدرێت. ئەو كاتە بە شێوەیەكی بەدوایەكدا هاتوو، سەرۆكی پارتێكی تر هەلێكی پێ دەدرێت تا حكوومەتێك پێك بهێنێت. لەنێو وڵاتدا چ سەرۆك، یان پاشا ڕۆڵیان بە شێوەیەكی سەرەكی، ڕۆڵێكی ڕەمزی دەبێت. هەڵبەت لەوەتەی پەرلەمان بووەتە دەزگایەكی دامەزراوەیی سەركەوتوو، ئەوا تایبەتمەندی سیستەمی سەرۆكایەتی شێوە ئەمریكایی، لەبارەی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان لەكورتی دەدات. لەبری ئەوە سیستەمە پەرلەمانییەكانی خودی پەرلەمان، بەمەبەستی دابینكردنی كۆتووبەندەكان و هاوسەنگییەكان، لەسەر دەسەڵاتی پەرلەمان. ئەوانیش زۆرجار، لەشێوەی تاكە پارتێكی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێكخراودا بەدەر دەكەون، بۆ حكوومەتیش سێبەرێك دروست دەكەن، یاخود لە ڕكابەری نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنە جیاوازەكاندا بەشێویەك لە شێوەكان خۆیان نمایش دەكەنەوە. لەسیستەمی سەرۆكایەتییدا، سەرۆكی حكوومەت و سەرۆكی ویلایەت هەردووكیان، لە نووسینگەی سەرۆكایەتییدا یەكدەگرن. سەرۆك، بۆ ماوەیەكی دیاریكراو ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێردرێت. هەروەك ئەندامانی كۆنگرێسیش، بەو شێوازەیە. وەك یەكێك، لەبنەماكانی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان زۆرجار ئەندامانی كابینەی سەرۆك، هەمان ئەندامانی كۆنگرێس نین. بە شێوەیەكی ئاسایی، دەكرێت سەرۆكەكان پێش تەواوبوونی

ماوەکەشیان لە نووسینگەکەیان لابردێن، تەنها لەبەر چەند تاوانێکی مەترسیدار، یان قەدەغەکراودا کە لە نووسینگەکەیدا ڕوویداوە. زۆرینەی پەرلەمان سەبارەت بە پارتەکەی سەرۆك دەتوانێت ئاسانکاری بکات، لە گواستنەوەی بەرنامە سیاسییەکەیدا، بەڵام بە پێچەوانەی سەرۆك وەزیران سەرۆکەکان، لە نووسینگەکانیاندا لەپێناو مانەوەیان پشت نابەستن بەو جۆرە زۆرینەیە. یەکێکتر لە بڕیارە گرنگەکانی هەر سیستەمێکی دیموکراسی، ئەوەیە چۆن هەڵبژاردنەکان ڕێك دەخەیت. دیسان هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکان لێرەدا دووانن: هەڵبژاردنی (زۆرینەیی) یان (ڕێژەیی). هەندێجار هەڵبژاردنی زۆرینەیی ئاماژەیەکە وەك ئەو وتە باوەی کە دەڵێت ( براوە هەمووی دەبات)، ئەوەش بەشێوەیەکی سادە. واتە کاندیدێکی سەرکەوتووی خاوەن زۆربەی دەنگەکان، لەناوچەیەکی هەڵبژاردن براوەی زۆرینەی دەنگەکان بێت. جا چ زۆرینەیەکی کەمتر لەسەدا پەنجا، بەڵام زیاتر لەهەر ڕکابەرێك، یان زۆرینەیەکی زیاتر لە سەدا پەنجا. سەرۆکەکان بەشێوازێکی هاوشێوەی ئەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵام نەك لەسەر بناغەی سەرتاسەری وڵات. هەندێك لە سیستەمەکان، لەنێوان دوو یەکەمین پاڵێوراو هەڵبژاردنێکی یەکلاکەرەوە ئامادە دەکات. ئەگەر هاتوو هیچ کامێکیان لەخولی یەکەمی هەڵبژاردندا، ڕێژەیەکی تەواوی بەدەست نەهێنا. سیستەمی زۆرینە گرنگی دەدات، بەهاندانی دوو

پارتی سیاسیی خاوەن بنکەی جەماوەری فراوان کە دەستیان گرتووە بەسەر شانۆ سیاسییەکەدا. بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی سەرەوە دەنگدەران، لەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا وەك ئەوەی، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی پیادە دەکرێت، زۆرجار دەنگ بە پارتە سیاسییەکان دەدەن، نەك بەتاکە تاکەی پاڵێوراوەکان. نوێنەرایەتی پارتێك، لە ئەنجومەنی یاسادانانی نیشتمانییدا بە گوێرەی لەسەدایی، یان ڕێژەی دەنگەکانی بەدەستهێنراو لەلایەن هەر پارتێکەوە، لەهەڵبژاردنەکاندا دیاری دەکرێت. لەسیستەمی پەرلەمانییدا، سەرکردەی پارتی زۆرینە دەبێتە سەرۆك وەزیران و کابینەی خۆی، لەنێو پەرلەماندا هەڵدەبژێرێت. ئەگەر بێتوو هیچ پارتێك زۆرینە بەدەست نەهێنێت، ئەوا پارتە سیاسییەکان سەرقاڵ دەبن بە دانوستانێکی چڕوپڕ، بەمەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانێتێك، لەنێوان پارتە دەستڕۆشتووەکاندا. نوێنەرایەتی ڕێژەیی گرنگی دەدات، بەهاندانی پارتە فرەلایەنەکان. تەنانەت لەگەڵ ئەوانەش کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی پێشەوایەتی هاوسۆزی، تەنها ڕێژەیەکی بچووکی دەنکدەران دەکات. هەردەم، بۆ بەدەست هێنانی شوێنێك لەنێو حکوومەتی هاوپەیمانییدا، لە دانوستان خۆیان دەبیننەوە. بنەمایەکی داواکراو، بۆ سیستەمی پەرلەمانی کە ئەمڕۆ زۆرینەی دیموکراسییەکان پێك دەهێنێت بریتییە، لە بەدەنگەوەهاتنیان و هەروەها لاستیکیبوونی نێو حکوومەتە

پەرلەمانییەکان، بەتایبەتیش ئەگەر بە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هاتبن. مەیلیان، بۆ ئاڕاستەی سیستەمی فرەلایەنی دەچێت. بە جۆرێك تەنانەت گروپە سیاسییە بچووکەکانیش بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت، لەئەنجومەنی یاساداناندا نمایندەیی دەکرێن. دەرئەنجامی ئەوە هێشتا کەمینە بەرچاوەکان دەتوانن، لەپرۆسە سیاسییەکەدا، لەئاستە بەرزەکانی حکوومەت بەشداربن. لەو کاتەی پارتەکان لەخەباتدان، بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەکی دەسەڵاتدار. ئەو هەمەڕەنگییە هانی دیالۆگ و یەکلاکردنەوەی کێشەکان دەدات، بۆیە پێویستە، یان هاوپەیمانییەتەکە هەڵبوەشێتەوە، یانیش پارتەکە شەرعییەتی خۆی لەدەست بدات. تا سەرۆك وەزیران واز لە پۆستەکەی بهێنێت و کابینەیەکی نوێ پێك بێت، یان لەسەروبەندی ئارێشەکەدا هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدرێت. ئەوانە هەر هەمووی دێتە دی ئەگەر بوونی قەیرانێك دواجار هەڕەشە بێت، لەسەر خودی سیستەمی دیموکراسی. گەورەترین کۆسپیش لەبەردەم پەرلەماندا بریتییە، لەڕووە تاریکەکەی بە لاستیکبوون و بەلاڕێدابردنی شەرعییەت وەرگرتنەکە و، هەروەها بەشداری ڕاستەوخۆی دەسەڵات، لە چڕکردنەوەی گرژیەکان. بەتایبەت لەپێناوبەرژەوەندی لایەنێك وسوود و قازانجی پارت و سەرکردەی حزبی دەسەڵاتدار: واتە بوونی نائارامی نێو هاوپەیمانییە فرە پارتەکان، لەگەڵ یەکەم نیشانەی قەیرانی سیاسییدا ئیدی

تووشی لاوازیی و لەناوچوون دەبێتەوە. دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی دروستبوونی پشێوی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، دواجار دەبێتە هۆی هێنانە پێشەوەی ئیدارەیەك کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بۆ ماوەیەکی کورت، لە دەسەڵات دەمێننەوە. هەروەها لەوانەیە حکوومەت خۆی، لەژێر حوکمی هەندێك پارتی توندڕەوی بچووك ببینێتەوە. هەندێك پارتی دیموکراتخواز کە بەهیچ جۆرێك ئەو ڕەوشەیان قبووڵنییە، دەتوانێت هەندێك داواکاری سیاسیی تایبەت، لەسەر حکوومەت مەترەح بکات. بە جۆرەها میکانیزم وەك هەڕەشەکردن و دەست کێشانەوە، لەهاوپەیمانییە دەسەڵاتدارەکە و فشار دروستکردن، بۆ سەر حکوومەت، تا دەست لەکار بکێشتەوە. سەرەڕای ئەوەش، نابێت ئەوەمان بیربچێتەوە کە سەرۆکەکان، تەنها سەرکردەی پارتەکانن و لە بنەڕەتدا پێویستییان بەو دەسەڵاتەیە کە لەئەنجامی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردنیانەوە، لەلایەن خەڵکەوە بەدەستی دەهێنن. باسێکی تری پەیوەستدار بریتییە، لەنەبوونی کۆتووبەندێکی دەزگایی ڕەسمی لەسەر سەروەری پەرلەمان. پارتێکی سیاسی خاوەن زۆرینەیەکی تەواو، لەپەرلەماندا. بۆ نمونە دەتوانێت کارێکی وا بکات کە گەیشتن بێت بەو پەڕی دەسەڵات، تەنانەت بەرنامەیەکی سیاسی نادیموکراسیش بچەسپێنێت. هیچ کۆت و بەندێك کاریگەری لەسەردانەنێت، گوێ نەداتە پرنسیپە دیموکراسییەکان و تاکڕەوانە و بە هێزی زۆرینەی پەرلەمانی

بڕیارەکان دەربکات. ئەوەش ڕێگریەکی تەواوە لەبەردەم گروپ و هێزە دیموکراتخوازەکان کە ڕێگە بگرن، لەو مەترسیانەی کە بەهۆی ئەو پارت و گروپە خۆسەپێنەوە سیستەمی وڵات بەرە و فاشیەت و تاکڕەوی دەبردێت. لەلایەکی ترەوە، لەبارەی سیستەمەکانی سەرۆکایەتی بانگەشە بنەماییەکان بریتیین، لەبەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ، بەردەوامێتی و، هەروەها هێز. هەڵبەت سەرۆکەکان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، دەتوانن داوای ئەو دەسەڵاتە بکەن کە سەرچاوەی لەهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆدا وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکەیان هەرچی بێت لە کۆنگرێسدا، بەدروستکردنی چەند لقێکی جیای حکوومەت، بەڵام یەکسان لەڕووی تیۆریدا، سیستەمێکی سەرۆکایەتی هەوڵی بنیاتنانی دام و دامەزراوەیەکی بەهێزی دەسەڵاتی یاسادانن و جێبەجێکردن دەدات. هەریەکەیان بتوانێت داوای دوا کاتی هەڵبژێردراوەیەکەی بکات، لەخەڵکەوە و هەروەها بتوانێت هەڵبستێت بە کۆتووبەند و هاوسەنگکردنی ئەوانی تر. ئەوانەی دەوترێن، لەهێزی شاراوەی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوانە ئەوا هەوڵی جەختکردن، لەسەر ڕۆڵی کۆنگرێس دەکەن، ئەوانەی پەیوەندیدارن بەخراپ بەکارهێنانی تواناکانی زۆرینەیەکی تەمەن کورت، لەناو دەسەڵاتی یاساداناندا زیاتر جەخت، لەسەر دەسەڵاتی سەرۆك دەکەنەوە. لایەنی لاوازی دەسەڵاتی یاسادانان و

سەرۆکە هەڵبژێردراوەکان بەشێوەیەکی جیا بریتییە، لەقەیرانێکی شاراوە. لەوانەیە سەرۆکەکان نەتوانن ببنە خاوەنی دەنگەکان تا پرۆگرامی خۆیان جێبەجێبکەن، بەڵام بەبەکارهێنانی گوتاری "هەڵوەشانەوە" یان "ڤیتۆ" دەتوانن ڕێگە لەکۆنگرێس بگرن، لە گۆڕینی بەرنامەی یاسادانانی تایبەت بەخۆی. سەرۆکەکان، بەهۆی تایبەتمەندێتی هەڵبژاردنیان بە ڕاستەوخۆیی، لەوانەیە بەدەسەڵاتتر بێنە بەرچاو بەبەراورد لەگەڵ سەرۆك وەزیران، بەڵام پێویستە لەسەریان خەبات لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە یاسادانانە بکەن کەخاوەن بنکەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆی سەرۆکن، جا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە کۆنترۆڵ کرابێت، یان نا، بۆیە بنەمای هەڵسوکەوتی پارت تا ڕادەیەکی زۆر لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ فشاری سزاکان کە سەرۆك وەزیزەکان زۆرجار دەیکەن. سەرۆك وەزیران بەهۆی هێزی زۆرینەی پەرلەمان دڵنیایە، لەجێگیرکردنی بەرنامە یاسادانانەکەی حکوومەت: سەرۆکێك مامەڵە بکات لەگەڵ کۆنگرێسانێکی موکوڕ، لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، بۆیە لەسەریەتی لەزۆرکاتان خەرێکی دانوستانی دواخراوبێت، بەمەبەستی دڵنیابوون و جەختکردنەوە، لەسەر جێگیرکردنی یاداشتێك کە مەبەستیەتی لەپەرمان و یان بەڕێگای لیژنەکانی پەرلەماندا بیوروژێنێت . با ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئاخۆ کامە سیستەم بەباشترین شێوە پێداویستییەکانی دیموکراسییەکی

دەستوری پیادە دەکات، (سیستەمی پەرلەمانی) یان (سەرۆکایەتی)؟ وەڵامەکە بریتییە، لەمەسەلەی مشتومڕێکی بەردەوامی نێوان زانایانی سیاسیی و سیاسەتمەداران، چونکە هەر یەك لەو سیستەمانە خاڵی لاواز و بەهێزی ناوازەی خۆیان هەیە، هەرچۆنێك بێت پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کەوا هەردووکیان گونجاون، لەگەڵ دیموکراسی دەستووریدا، هەرچەندە هیچ شتێکیش مسۆگەر ناکات.

# فره لایەنی لە هەڵبژاردندا

لە پرۆسەی سیاسییدا، ناکرێت زۆری لە هاوڵاتیان بکرێت کە لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. لەبەر ئەوەی ئەوانیش ئازادن لەدەربڕینی نارەزاییان، لەڕێگەی بەشدارینەکردندا، بەڵام بەبێ هەڵچوون و دروستکردنی توندووتیژی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە بەبێ خوێنگەرمی کردەی هاوڵاتیان، ئەوا دیموکراسی بەرە و لاوازی دەڕوات. هاوڵاتیانی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان هەلی چوونە ناو زۆرێك، لە ڕێکخراوو یەکێتییە تایبەتەکان و گروپە خۆبەخشەکانییان هەیە. زۆرێك، لەو کۆمەڵانە پەیوەستن بە مەسەلەکانی سیاسەتە گشتییەکان، بۆیە کەمێکیان هەن کە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکرابن و کۆمەکی دارایی بکرێن. مافی تاکەکان لەپەیوەندیکردن بەیەك و ڕێکخستنی خۆیان شێوەیەکی ئازادانە، لەچوارچێوەی شێوە جیاوازەکانی گروپە ناحکوومییەکاندا بەبنەمای دیموکراسی دادەندرێت. کاتێك خەڵکێکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش کۆدەبنەوە لەگەڵ یەکدا، ئەوا دەنگیان گوێی لێدەگیریت. هەروەها هەلی کارتێکردنیان، لەمشتومڕی سیاسییدا زیاد دەکات. سەبارەت بەو پرسە، چاودێری سیاسی مەزنی فەرنسی سەدەی ١٩ "ئەلێکسز دو تۆکڤێل" نووسیویەتی: هیچ وڵاتێك نییە کە تێیدا کۆمەڵە و کۆمۆنە

ئیتنیکییەکانی زیاتر پێویستییان بەرێگەگرتن هەبێت، لەو ئازادیەی کە دەیانپارێزێت، لەحوکمی ڕەهای تاقمێك، یان دەسەڵاتی زۆردارانەی شازادەیەك بەراورد بەو وڵاتانەی بەشێوەیەکی دیموکراسی بەدەستور کراون. ئەو ژمارە زۆرەی ئەو گروپانەی، لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکان دێنە بەرچاو، دەتواندرێت بەچەند جۆرێك پۆلێن بکرێن. ئەوانەی بەشێوەیەکی سەرەکی کاریان بریتییە، لەفشار خستنە سەرحکوومەت لەبارەی چەند مەسەلەیەکی تایبەت. ئەوا بە گروپە کاریگەرەکان، یان لۆبیەکان ئاماژەیان پێدەکرێت. گروپە خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی وەك دەستە بازرگانییەکان، گروپە پیشەییەکان، یان یەکێتییە کرێکارییەکان زۆر جار پاڵپشتێکی ئابووریان هەیە، لەوسیاسەتەی کە داکۆکی لێدەکەن. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە هەندێك هەڵوێستی گشتیش وەرگرن، لەسەر چەند پرسێکی دەرەوەی سنووری تایبەتمەندی خۆیان کە ڕەهەندی جیاوازیان هەیە. گروپە ناوزەندکراو بەبەرژەوەندییە گشتییەکان، وەك ڕێکخراوەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی، دەگەڕێن بەدوای ئەو شتانەی بەلای ئەوان، لەڕووی گشتییەوە سوودیان پێ دەگەیەنێت، یان لێیانەوە چاوەڕێی شتی باش دەکەن. ئەوە ئەو جۆرە گروپانە بەلێهاتووتر، یان بەباشتر لەگروپە خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان دانانێت. زیاد لەوەش پلەی بەرژەوەندییە خۆییەکان زۆرجار بەپلەی دووەم دێت،

لەو هەڵوێستانەی ئەوان دیگرن، لەبارەی پرسە گشتییەکاندا. هەردووجۆری گروپەکانی بەرژەوەندی دواجار گروپی چالاکن، ئیدی، لەهەر وڵاتێکی دیموکراسییدا بن. هەردوولا سەرنجی ورد دەدەنە ڕای گشتی، هەموو هەوڵێك دەدەن، بۆ فراوانکردنی بنکەی پاڵپشتی. بەهەمان شێوە هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی خەڵکیش دەدەن و کاریش دەکەن، لەسەر سیاسەتی حکوومەت. گروپەکانی بەرژەوەندی ڕۆڵی هێزی نێوەندیکردن دەبینن، لەنێوان تاکی دوورەپەرێز و حکوومەتدا . بیرتان نەچێت دەنگدان، لە هەڵبژاردنی بەرپرسە گشتییەکاندا بەرچاوترین و باوترین شێوەی بەشداریکردنە، لە دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا کە سەرەکیترینیانە. بەشێوەیەکی ڕوون دەنگدەران دەنگیان، بۆ ئەو پاڵێوراوانەیە کە نامایندەیی بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا هۆکاری تر هەن بەهەمان شێوە کاریگەریان دەبێت، لەسەر داخوازیی و ئارەزووی دەنگدەر. ئەندامبوون لە پارت و گروپێك یەکێکە لەوانە. ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی توندووتۆڵ پارتێکی سیاسیی دەناسێنن، ئەوانە ئەگەری دەنگدانیان زیاترە، لەو کەسانەی کە خۆیان بەسەربەخۆ، یان بێلایەن دەناسێنن. لە ڕاستییدا، لەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا دەنگدەران تەنها دەتوانن دەنگ بە پارتێکی سیاسی بدەن، نەك بۆ تاکە تاکەی پالێوراوەکان. زانایانی سیاسەت زۆرتر لە فاکتەرێکیان دیاریکردووە کە توانای

کاریگەریان هەیە، لەسەر ئارەزووی دەنگدەر و چوونیان بۆ دەنگدان. بۆ نموونە دەنگێك نوێنەرایەتی دەبێت، لە ئەنجومەنی یاسادانانندا، هەوڵدەدەن بەرزترین ژمارەی چوونە دەنگدانیان هەبێت بەبەراورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە تێیدا زۆرینەی سادە، یان زۆرینەی دەنگەکان، لەسنووری ناوچەیەکدا براوە دیاری دەکات. بەهەمان شێوە باری ئابووری کۆمەڵایەتی، ڕێژەی ئاسانکاری ناو تۆمارکردن، بۆ دەنگادان بەهێزی سیستەمی پارتەکە، وێنەی میدیایی پاڵێوراوەکە چەند بارە بوونەوەی هەڵبژاردنەکان، ئەوانە هەمووی کاریگەریان هەیە، لەسەر ئەوەی ئایا چەند دەنگدەر هەڵدەستن بەدەنگدان، لە هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا. زۆرجار ڕکابەریەکە، لەدیاریکردنی ئەوە دانییە کامە پاڵێورا و پێشەوایەتی گەورەترین پاڵپشتی جەماوەری دەکات، بەڵکوو لەوەدایە کێ دەتوانێت زۆر کاریگەرانە هانی پشتیوانانی خۆی بدات تا هەڵسن بە وەرگێڕانی بیروڕاکانیان، بۆ دەنگدەران. مەترسی مانەوەی ساردوو سڕی دەنگدەر ئەوە نییە کە دام و دامەزراوە گشتییەکان بە بەتاڵی دەمێننەوە، بەڵکوو ئەوەیە کە بەرپرسی ئەو دەزگایانە لەلایەن ڕێژەیەکی سەدی بچوکتر و بچوکتری دەنگدەرە نایاساییەکانەوە، دێنە هەڵبژاردن. بەدامەزراوەییبوونی کێبڕکێ و ململانێ سیاسییەکان، لە چوارچێوەی حزبدا. دەبێ بە یەکێك، لەگرنگترین سیماکانی مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی خۆرئاوا بزانین. گۆڕانکارییە

جیاوازە سیاسیی، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان و ڕووداو و پێشهاتە گرنگە مێژووییەکان، بەرەبەرە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانی بەرەو ململانێ و کێبڕکێی ئاشتییانە و کەمبوونەوەی پێکدادان و توندوتیژی و جەنگە ناوخۆییەکان برد. پارتی سیاسی کە خۆی بەرهەمی گۆڕانکاریی قووڵی بونیادیی و کۆمەڵایەتییە، لەخۆرئاوادا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی گۆڕانکاریی گەورە و بەرچاو، لەو کۆمەڵگەیانەدا و، ببێتە دڵی سیستەمە سیاسییە خۆرئاواییەکان. لێدانی ئەو دڵەیش، بووە هۆی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و چالاکیی و گەرمیی و، لە هەمان کاتدا سەقامگیریی و دڵنیایی، لەجەستەی سیستەمە سیاسییەکانی خۆرئاوادا. لە لایەکی ترەوە، ئەوە پارتە سیاسییەکانن کە دەتوانن ببنە مێشکی بیرکەرەوەی سیستەم و، جەستەی سیستەمی سیاسی بخەنە ژێر فەرمانێکی یەکگرتوو. هەروەها پارتە سیاسییەکان جووڵە نەشیاو و دوور، لە نۆرمەکانی کۆمەڵگە ڕێك دەخەن و، لە ڕێگەی پارتایەتییەوە پێکەوە هەماهەنگی، لە کۆمەڵگەدا دروست دەکەن. خۆرئاوا توانی کلتووری توندوتیژیی و زۆرلێکردن و بەهێزچارەسەرکردنی کێشە و ململانێ و ناکۆکییەکان، بگۆڕێت، بۆ کلتووری دانوستاندن و داواکاری. یەکەم پارتی سیاسی، بە مانا مۆدێرنەکەی، لە ساڵی ١٨٣٢ لە بەریتانیا لەدایك بوو. پاشان لە هەموو کۆمەڵگە نا خۆرئاواییەکانیشدا پەیڕەوەی و تەنانەت لاساییی لێکراوە.

پێداچوونەوەیەکی خێرا لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی، دەربڕی ئەوەیە کە ڕێکخراوەکان، بونیادی ڕێکخستن و تەنانەت بەرنامەکانی پارتەکان لە وڵاتانە، لە مۆدێلی خۆرئاوایی وەرگیراوە. ئەزموونی پارتایەتی لاسایی کراوەتەوە، بەڵام لە کردەوەدا کە ئامانجی سەرەکیی پارتایەتی، لەناوبردنی بارگرژیی توندوتیژانەی سیاسیی و زاڵبوونی کێبرکێی ئاشتییانەیە، کەچی نەتواندرا لەگەڵ هێنانی پارتایەتییدا، ئەو ئامانجانە بێنە دی. هەرچەندە لەو بارەیەوە دوو ڕوانگە هەیە که یەکەمینیان باس لەوە دەکات ئەو سیستەمە، تایبەتە بە وڵاتانی خۆرئاوایی و بۆ دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی و ئەفریقی نەگونجاوە، بەڵام لە بەرانبەردا، ڕوانگەیەکی تر یاخود دووەم ئەوە ڕەت دەکاتەوە و پێیوایە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە ئاڵۆزەکانی هەموو کۆمەڵگەکان، پێویستە پەنا ببرێتە بەر ئەو کلتوور و میکانیزمانەی پارتایەتی وەك لە خۆرئاوادا هەیە . لێرەدا پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەرکی خۆیان جێبەجێدەکەن و بە مەبەستی هەڵبژاردنی بەرپرسە گشتییەکان، هەڵدەستن بە پاڵپشتیکردن و دەستنیشانکردن و هەڵمەتکردن. هەروەها ئەگەر زۆرینەش بوون ئەوا بەرنامەکانی سیاسەت، بۆ حکوومەت دادەڕێژن. ڕەخنەگرتن و سیاسەتی بەدیل پێشکەش دەکەن. ئەگەر لە ئۆپۆزسیۆندا بوون، ئەوکاتە گوێزانەوەی پاڵپشتیەکان، بۆ سیاسەتە گشتییەکان، لەنێو گروپە جیاوازەکاندا،

دەبێتە گرەوێکی دیکەی دیموکراسییانە. لەهەندێك سیستەمی سیاسییدا، لەوانەیە ئایدۆلۆژیا فاکتەرێکی گرنگ بێت، بۆ بەگرخستن و هاندانی ئەندامەکانی پارتێك، یاخود بەرژەوەندییە ئابورییەکان، یان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر گرنگ بن، لەچاوهەڵمەتێکی ئایدۆلۆژیانە. ئەوکاتە پرۆسەکە فۆڕمێکی دیکە وەردەگرێت و لەو وینەیەدا ڕێوڕەسم و پرۆسەکە بەشێوەیەکی، لەڕادەبەدەر هەمەجۆر دەبێت. لەکۆتاییەکی دیکەدا، لەسیستەمی پەرلەمانی فرەلایەنی، لە ئەورووپادا دەکرێت پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی توند نیزامیتربن و ڕێکخراوتربن، بەشێوەیەکی تایبەت و مۆدێرنانە بەڕێوەبچن. هەڵبەتە ویلایەتە یەکگرتوەکان، لەو پەڕەکەیتردایە کە لەوێدا پارتی کۆماریی و پارتی دیموکراتی ڕکابەرێکی ڕێکخراویی نامەرکەزین و، بەشێوەیەکی فراوان کارەکانیان لە ڕێگەی کۆنگرێس و ئاستی وڵاتەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەو بارودۆخە هەموو چوار ساڵ جارێك دەگۆڕێت، کاتێك ڕێکخراوەکانی نیشتمانی پارتی دیموکراتی و کۆماری، بەپشت بەستن بە ئاکارە خۆبەخشەکان بەشێوەیەکی پتەو بەمەبەستی بەرزرکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یەکدەگرنەوە. پارتە سیاسییەکان هەمان جۆرن بەقەد هەموجۆری ئەو کۆمەڵگەیە کاری تێدا دەکەن. ئەو هەڵمەتە هەڵبژاردنانەی ئەوان ئەنجامی دەدەن زۆر جار نەخشە بۆکێشراوە، هەندێك جار بەفیرۆدانی کاتە.

جارجاریش ساویلکەییە، بەڵام کارەکە ئەو پەڕی ڕاستییە کە هەڵسیت بەدابینکردنی ڕێگەیەکی دادەورانە و ئاشتیانە کە بە هۆیەوە هاوڵاتیانی دیموکراسی دەتوانن سەرکردەکانی خۆیان هەڵبژێرن. هەروەها بتوانن ڕۆڵێکی پڕ بەمانا ببینن، لە دیاریکردنی چارەنووسی تایبەت بە خۆیان. لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییدا هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە، لە ڕێگەی خۆپێشاندان" ڕێپێوان، داواکاری مانگرتن و، هەورروەها شێوازی تر لەکردەی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان. تا بەئاشتیانە گردببنەوە و بەرهەڵستی لە سیاسەتەکانی حکوومەتەکەیان، یان کردەی گروپەکانی تر بکەن. کردەی ڕاستەوخۆ لەوڵاتێکی دیموکراسییدا، بۆ هەموو کەس کراوەیە، بەڵام وەکوو نەریت وا باو بووە لەلایەن گروپە کەمیینەکان و ستەملێکراوەکان و زەرەرمەندەکانەوە، بەکارهێندراوە کە وا هەست دەکەن ڕێگەیان لێگیرابێت، لەبەرکارهێنانی هەر هۆکارێك کاریگەری هەبێت لەسەر سیاسەتی حکوومەت. نموونەی ئەو جۆرە بەرهەڵستکارانە بەردەوام بوونەتە بەشێك، لە کۆمەڵگەی دیموکراسی. ئەمڕۆ بەرهەڵستکارە میانڕەوەکان بەردەوام نەخشە دەکێشن، بۆ سەرنج ڕاکێشانی میدیا هەواڵیەکان و، هەروەها لەخۆگرتنی کۆمەڵە مەسەلەیەکی بەرفراوان. هەر لەپیسبوونی ژینگە تا چەکە ئەتۆمییەکان، پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەو دەمارگیری نەتەوەیی و ڕەگەزی. یەکێك لەشێوە تایبەتەکانی کردە

ڕاستەوخۆییەکان بریتییە، لە مافی یەکێتییە کرێکارییەکان، بۆ ئەنجامدانی مانگرتن دژی ئەو خاوەن کارانەی ناکۆکن لەگەڵیان و ناکۆکییەکانیش لەسەر مێزی یەکلاکەرەوە چارەسەر نەکراون. بەرهەڵستیکردنەکان بریتییە، لە زەمینەی تاقی کردنەوە، بۆ هەر وڵاتێکی دیموکراسی. نموونەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و بەشداریکردنی هاوڵاتیان، زۆر ئاسانە بەرگری لێبکرێت. لەوکاتەی هەمووکەس بەشێوەی ئاکاری جوان هەڵسوکەوت دەکەن و ڕێکەوتوون، لەسەر پرسە سەرەکییەکان، بەڵام بەرهەڵستکارەکان و، هەروەها خەڵکە بەئامانجکراوەکانیان ڕێك ناکەون، لەسەر پرسە سەرەکییەکان. یەکێك لەو هاوسەنگییانە، بەرگریکردنە لەمافی ئازادی قسەکردن و پێکهێنانی کۆمەڵەیەك هاوکات پاراستنی سیستەمی گشتیی و، هەروەها بەدوور بوون لەهەر هەوڵێکی ڕووبەڕووبونەی هەڕەشەکردن و توندووتیژی. لەناوبردنی بەرهەڵستییەکی ئاشتیانە بەناوی سیستەمەوە، مانای بانگەشەکردن ۆ سەرکوتکردن دەگەیەنێت. ڕێگەدانیش بە بەرهەڵستییەکی توندوتیژیی کۆنترۆڵ مانای بانگەشەکردن، بۆ پاشاگەردانی دەگەیەنێت. لە ڕاستییدا هیچ قالبێکی سیحری نییە، بۆ بەدەستهێنانی ئەو هاوسەنگییە. لەکۆتایشدا ئەو مەسەلەیە، دەوستێتە سەر ڕادەی پابەندبوونی زۆرینە بەپشتگیریکردن، لەدام و دامەزراوەکانی دیموکراسی و بەبنەماکانی مافەکانی تاك.

کۆمەڵگەی دیموکراسی توانای لەخۆگرتنی نارەحەترین ڕێکنەکەوتنی نێو هاوڵاتیانی خۆی هەیە، تەنها ئەو ڕێکەوتنە نەبێت کە لەبارەی شەرعییەتی خودی دیموکراسییدایە. دیموکراسی هیچ جۆرە بۆچونیکی ئابووری تایبەت لەخۆناگرێت، حکوومەتە دیموکراسییەکان، هەردوو بۆچوونی سۆشیالیستیی و بازاڕی ئازادی لەخۆگرتووە. لە ڕاستییدا باش بەکارهێنانی مشتومڕکردن لەهەریەك، لە دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا کاریگەری دەبێت، لەسەر ڕۆڵی گونجاوی حکوومەت لەبواری ئابووریدا. سەرەڕای ئەوەش دادوەرییە ئەگەر بڵێین کەوا لایەنگرانی دیموکراسی بەشێوەیەکی گشتی ئازادی ئابووری بەکلیلی سەرەکی دادەنێن، لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسدا. ئەو ڕاستییەش قەت نەبووەتە کۆسپ، لەبەردەم پرسە ئابووریەکان کە بنە هێزی سەرەکی دابەشکردن و دیاریکردنی ڕاست و چەپی دیمەنە سیاسییەکە وەك ئەوەی، ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین "دیموکرات سۆشیال" بۆ نمونە جەخت دەکاتەوە، لەسەر پێویستبوونی یەکسانیی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەك ناوەڕۆکی سیاسەتە ئابووریەکانی حکوومەت. لە ڕابردوودا ئەوە تەرخانکرابوو، بۆ خاوەندارێتی حکوومەت و پێکهاتە گەورەکانی ئابووری نەتەوەکان. وەك پەیوەندییە تەلییەکان و هۆکارەکانی گواستنەوە و، هەروەها هەندێك پیشەسازی قورس. دەگەڵ ئەوەیشدا داوا لەحکوومەت دەکەن کار،

بۆ دابینكردنی پێداویستییە پزیشكییەكان و بێكاری بكات. بەپێچەوانەی ئەوە پارتە سیاسییە پارێزگارەكان و چینی ناوەڕاست، زۆرجار جەخت زیاتر لەسەر ئابووری بازاڕی ئازاد و كۆسپ دانەنان دەكەنەوە، لەلایەن ناوەندی كۆنترۆڵی حكوومەت، یان دەست خستنەناوی. بە شێوەیەكی كرداری هەموو لایەك، لە مشتومڕی ئابووریدا هەرچۆنێك بێت بەشداری زەمینەیەكی هاوبەشی گەورەتر دەكەن. لەچاو ئەوەی كە لەوانەیە، لەنێو گەرمەی گفتوگۆیە سیاسییەكان ڕێگەیان پێبدرێت. بۆ وێنە هەردوولا ڕاست و چەپ ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەنجام دەدرێت، لەلایەن بزوتنەوەیەكی ئازادی كرێكاران قبووڵ دەكەن. كرێكاران لەكۆمەڵگە ئازادەكاندا هەلی پێكهێنان و چوونە ناو یەكێتییەكانیان هەیە بەمەبەستی نوێنەرایەتی كردنی بەرژەوەندییەكانیان لەسەوداكردنێك لەگەڵ خاوەنكارەكان، لەسەر هەندێك پرسی وەك كرێیەكان و تەندروستی و قازانجەكانی خانەنشینی و مەرجەكانی كاركردن و، هەروەها ڕێوڕەسمەكانی شكایەتكردن. هیچ وڵاتێكی دیموكراسی سەردەم نییە كە سیستەمێكی ئابووری هەبێت، یان بەتەواوی هی دەوڵەت بێت، یان بەتەواوی سەربەخۆ بێت. هەموی تێكەڵەیەكن لە پرۆژەی كەرتی تایبەت و سەرپەرشتی حكوومەت. بەزۆری هەمووی پشت بە كارەكانی بازاڕی ئازاد دەبەستن كە تێیدا نرخەكان لەلایەن حكوومەتەوە دیاری ناكرێت، بەڵكوو لەلایەن بڕیارە سەربەخۆكانی

کارلەیەکترکردنی ڕۆژانەی بەرهەمهێنەران و بەکاربەراندا دادەندرێت. پارتە سیاسییە چەپەکان کە بەگشتیی هی وڵاتە سۆشیال دیموکراتە، ڕوو لەخۆرهەڵاتەکانن. تێبینی ئەوەیان کردووە کە بەگوێرەی بنەمای خستنەبازاڕ و داواکاریەوە " عرظ و طلب" بازاڕی ئازاد بزوێنەری سەرەکی گەشەپێدانی ئابووی و خۆشگوزەرانییە. بەهەمان شێوە پارتە ڕاستەکانی ناوەند کە بەگشتی ڕازی نین، بەدەستێوەردان و خاوەندارێتی حکوومەت، بۆ کرادری بەرهەمهێنان. دواجار ڕازی بوونە بەبەرپرسیارێتی حکوومەت، لە ڕێکخستنی هەندێك بواری دیاریکراوی ئابووری. وەك دابینکردنی کار وپێداویستییە پزیشکییەکان و، هەروەها بەرژەوەندییەکانی تری وڵاتێکی خۆشگوزەرانی هاوچەرخ. لەهەمان کاتدا ڕازین بەبەکارهێنانی سیاسەتی باج وەرگرتن بەممەبەستی هاندانی گەشەسەندنی ئابووری، وەك دەرئەنجامێکیش بۆ ئەوە، دیموکراسییە مۆدێرنەکان گرنگی دەدەن بە هەبوونی ئابووریەك، هەڵبستیت بە هاوبەشی پێکردنی تایبەتمەندییە سەرەکییەکان، ئەگەر چی لە وردەکاریەکاندا جیاوازیش بن. لەو ساڵانەی کۆتاییدا ئەو ئابووریانەی لە زۆربەی پارچەکانی جیهان، بە شێوەیەکی ناوەندی پلانرێژکراوانە پشتگیریان دەکرد، لەجەختکردن لەسەر ڕۆڵی شلۆق و ترسناکی بازاڕە ئازادەکان لە ئابووریدا. هەروەك لەکاروبارە سیاسییەکانیش وایە، وادیارە کە ڕەگەزە پێویستە

سەرەكييەكان هەردەم بە ئازادى دەمێننەوە. هەروەك "مۆريس ئابرام" باليۆزى پێشوى ئەمريكا، بۆ كۆمسيۆنى مافەكانى مرۆڤى نەتەوە يەكگرتووەكان و، هەروەها سەرۆكى ئەنجومەنى چاودێرى نەتەوە يەكگرتووەكان لە جنێف گوتوويەتى ( ئازادى بەتەنها لەوانە نييە سەركەوتنى ئابوورى مسۆگەر بكات، بەڵام بە دڵنياييەوە سەركوتكردن و هەرەسهێنانى ئابوورى مسۆگەر دەكات). تەنانەت لە هەندێك لەو حاڵەتە دەگمەنانەى كە تێيدا ڕژێمە دەسەڵاتدارەكان هەڵساون بە چەند هەنگاوێكى گرنگى ئابوورى، ئەوەيان كردووە، لە ڕێگەى پێدانى ئازادى لە جيهانى ئابووريدا. بە جۆرێك كە لە ڕووى سياسييەوە، قبووڵى هاوڵاتيانيان ناكەن. لەوەش زياتر بە شێوەيەكى گشتى سەركەوتنەكەى وان هەڵنەستاوە بە بەهێزكردنى دەسەڵاتى ڕژێمەكە لەسەر درێژايى ماوەى حكوومەكەدا، بەڵكوو هاوبەشى كردووە هەروەك حاڵەتەكەى وڵاتى "شيلى و تايوان"، تا لە ڕێگەى خەڵكەوە داواى ئازادى سياسى بكەن، بە جۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ ئازادى ئابوورييان. ديموكراسييەكان بەردەوام دەبن، لە گفتوگۆكردنى پرسە ئابووريەكان بە شيوەيەكى چالاك لەداهاتوودا. هەروەك واشبوون لە ڕابردوودا، بەڵام بە زۆرى گفتوگۆيەكان تيشك ناخەنە سەر ئەلتەرناتيڤە سەرنەكەوتووەكانى ئابووريەكانى بەڕێوەچوو لەلايەن حكوومەتەوە، بەڵكوو تيشك دەخەنە سەر مسۆگەركردنى بەرژەوەندييەكانى بازاڕى ئازاد، بۆ هەموو لايەك لە

جیهانێکی پشت بەیەکبەستووی لەزیادبووندا . بەشداریکردنی ڕێژەییی خەڵک، لە هەڵبژاردنێکی بێسەروبەردا. دەتوانێ کلتووری دیموکراسی و هیوای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی، لەو حکوومەتە سیاسییانەدا بەهێز بکا. هێندێک جار، هیوای خەڵک بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان دەبێتە هۆی وەرچەرخان، یان جموجۆڵێکی بەهێز. حکوومەتێک دەتوانێ هەڵبژاردن بکا، بەڵام تاقە بژاردەی ئەو، یەک حزبە، حزبی خاوەن دەسەڵات. نمونەکەیشی "تورکمەنستان"ە. حکوومەتێک دەتوانێ هەڵبژاردن بکا، بەڵام دەرەنجامەکەی، هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانێکی تەواو ملکەچی وەک "کازاخستان"ە. حکوومەتێک دەتوانێ هەڵبژاردن بکا، بەڵام بە دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی ساختەوە، بەس دەرفەت بە کەسانێک دەدا کە سەر بە گروپی حکوومەتن. نمونەکەی "ئۆزبەکستان"ە. حکوومەتێك دەتوانێ هەڵبژاردن بکات و ڕێگە بە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە بدات، بەڵام لە ڕێگەی سنووردارکردنی دەستگەیشتنیان بە میدیاکان کە لەژێر کۆنترۆڵی توندی دەوڵەتدان، دەتوانێ بێکاریگەریان بکات. نمونەکەی، "ڕووسیا"یە. ئەوانە گشتیان شێوازگەلێکن کە حکوومەتە نادیموکراتییەکان، دەتوانن بە بەکارهێنانیان وا بهێننە بەرچاو کە گوایە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون. ئەوان ڕێز لە شێواز و ڕێسا دیموکراتییەکان ناگرن، بەڵام لاساییی بەشێک لە کارکردەکانی

سیستەمی دیموکراتیک دەکەنەوە. نمونەیەکی تری هێشتنەوەی دەسەڵات بە شێوازە ناڕەواکان، کە زۆرتر بەکار دەبردرێ گزیکردن، یان وەک ئەمڕۆ پێی دەڵێن: (دزینی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانە)؟!. ئەو کارە چۆن ئەنجام دەدرێ؟ "ستیفان نیکس"، بەڕێوەبەری بەشی ئەورووپا- ئاسیای ئەنستیتۆی نێونەتەوەییی کۆمارییەکانی ئەمریکا. لەو بارەوە دەڵێ: "یەکەم هەنگاوی گزیکردن، لە (پێڕستی ناونووسکردنی دەنگدەراندایە). حکوومەتەکان زۆر جار گزییان لەو پێڕستەدا کردووە و نەیانهێشتووە چاودێر، یان ڕای گشتی پێی بزانن. بۆ وێنە ئەوان (ناوی ساختە)، یان (ناوی خەڵکی مردوویان) خستووەتە نێو پێڕستەکە و دەنگی ئەوان، بۆ خۆیان دەنووسن، یان لە پێڕستەکەدا ناوی بەشێک لە دەنگدەرانی یاسایی دەسڕنەوە. "ستێفان نیکس" کە سێ ساڵ زیاتر لە ئۆکراینا کاری کردووە، ڕەنگە نەک هەموو، بەڵکوو زۆربەی شێوازەکانی گزیکردنی حکوومەتەکانی لە نزیکەوە بینیون. "نیکس" لە بارەوە دەڵێت: یەکێکی تر لە شێوازەکان، (دەنگدانی زووترە، لە ڕۆژی دیاریکراودا)، ئەو شێوازەمان، لە بیلاڕووسیا بینی. دەنگدەرانی ئەو وڵاتە، بەپێی دەستووری وڵاتەکەیان، دەتوانن پێنج ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردن دەنگ بدەن. بە گوتەی ئەو: ئەو شێوازە دەتوانێ هەلی چاک، بۆ گزیکردن بڕەخسێنێ، چونکە نە چاودێرێک لەوێیە و نە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێ. "نیکس" هەروەها دەڵێ: " لە

بیلاڕووسیا بینیمان نزیکەی ٢٨٪ی دەنگەکان، لە ڕۆژانی بەر لە هەڵبژاردندا کۆ دەکرێنەوە و حکوومەتیش لەو ڕۆژانەدا دەتوانێ بە چاکی هەلەکە بقۆزێتەوە. لەو سۆنگەیەوە پێویستە قسەیەکیش، لەبارەی گزیکردن بە سندووق، یان بنکە گەڕۆکەکانی دەنگدانیش بکەین. دیارە لە زۆربەی وڵاتاندا، چونکە مرۆڤە پەککەوتە و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەزۆر حاڵەتدا ناتوانن بچنە سەر سندووقی دەنگدان، ناچارن دەنگی خۆیان لە ماڵەوە بخەنە نێو سندووقەکان. ڕۆیشتنی کارگێڕانی دەنگدان، بۆ ماڵی ئەو کەسانە، لە وڵاتە نادیموکراتەکاندا. دەبێتە هۆی ترسانی دەنگدەران و ناچار دەنگ بە بژاردەکانی حکوومەت دەدەن. هەموو ئەو شێوازانەی ترساندن و گزیکردن، لە پرۆسەی دەنگداندا، بۆ چاودێرە نێونەتەوەیییەکانی وەک ڕێکخراوی هاوکاریی و ئاسایشی ئەورووپا ئاشکرا و ناسراون. وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوەدا، بەپێی بەڵێننامەکەیان، دەرفەت بە چاودێران دەدەن. تا لە کاتی هەڵبژاردندا سەردانی ئەو وڵاتە بکەن، بەڵام ئامادەبوونی ئەو چاودێرانە بە مانای نەبوونی گزی نییە و، حکوومەتە نادیموکراتەکان هەوڵ دەدەن گزییەکانی خۆیان، لە چاودێرانی نێونەتەوەیی بشارنەوە. بەردەوامبوونی ئەو بارە، پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە: ئەگەر هەر دوو لایەنی کێشەکە، واتا هەم حکوومەت و هەمیش چاودێرانی نێونەتەوەیی، دەزانن کە خەریکی یارییەکەی مشک و پشیلەن، بۆچی لەو کارەدا بەردەوام

دەبن؟!. "ستێفان نیکس" دەڵێت: "ئامانجی حکوومەتە سەرەڕۆکان ئەوەیە، بۆ خۆرئاوا بسەلمێنن کە ئیدراەی وڵاتەکەیان خەریکە بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێ. مەبەستیان ئەوەیە بڵێین ئێمە، لە ئاست بەڵێنەکانی خۆماندا، بۆ هێنانەدیی دیموکراسی، مکوڕین و یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانیش، پرۆسەی دەنگدانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دادپەروەرانە. هەبوونی چاودێرانی نێونەتەوەیی، لە حکوومەتە سەرەڕۆکاندا، هۆیەکی گرنگی تریشی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بەشداریکردنی ڕێژەییی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی پڕ لە گرێوگۆڵیشدا، دەتوانێ کلتووری دیموکراسیی و ڕەخساندنی بوارێک، بۆ گۆڕانکارییەکان لە سیستەمی حکوومەتدا بەهێز بکات. شارەزایەکی وەك "نیک چیزمان"، مامۆستای دیموکراسی لە زانکۆی بیرمێنگام، نووسەری کتێبی "چۆن دەکرێ، لە هەڵبژاردندا گزی بکرێ؟". بە بڕوای نووسەر، هەڵبژاردن یەکێک لە بنەما جەوهەرییەکانی دیموکراسییەتە، بەڵام وێڕای ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا، ڕوویان لە زۆربوونە، لەولاوەیش بە هۆی دونیایك ئارێشەوە کێرفی دیموکراسی دابەزیوە. "ئامول ڕاجان"، هەواڵنێری (بی بی سی)، لەمەڕ ئەو دیاردەوە، لە "چیزمان" دەپرسێ: ئەو باسە ئێستا بەگشتی بووەتە باو کە ئێمە، لە قۆناغی مەنگبوون و پاشەکشەی دیموکراسییدا دەژین. بەپێی ئەو باسە، ملهوڕ و تۆتالیتەرەکان لە پێشکەوتندان و دەزگەگەلێک کە

پلۆرالیزمی خۆرئاوایان دەپاراست هەڵوەشێنراونەتەوە و، بیری نەتەوەپەرستی سەری هەڵداوەتەوە. پرسیار ئەوەیە: بۆچی حکوومەتە تۆتالیتەر و ملهوڕەکان پتر لە ڕابردوو خەریکی هەڵبژاردنن، بەڵام دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا گەشە ناکات؟!. لە وەڵامدا "چیزمان" دەڵێت: وەڵامە هەرە سادەکەی ئەوەیە کە ڕابەرە تۆتالیتەر و ملهوڕەکانی دونیا گەلێ ڕێگەیان، بۆ تیفتیفەدانی ڕواڵەتی هەڵبژاردن و گزیکردن دۆزیوەتەوە. یەکێک لەو شتانەی کتێبەکەم دەیخاتە بەرچاو ئەوەیە کە: وا نییە کە ڕابەرە تۆتالیتەر و ملهوڕەکان دەتوانن، لە دەسەڵاتدا بمێننەوە و لە هەڵبژاردندا بە کەمێک جیاوازییەوە سەرکەون، بەڵکوو دەتوانن لە زۆر لاوە هەڵبژاردن گەندەڵ و سەراوژێر بکەن و، لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتیان سوودی لێ وەرگرن. کەواتە، گرنگترین دەسکەوتی ئێمە ئەوەیە کە ئەو حکوومەتە ملهوڕ و تۆتالیتەرانەی هەڵبژاردن دەپارێزن، جێگیرتر لەو حکوومەتە ملهوڕ و دەسەڵاتخوازانەیان لێ دێ کە هەڵبژاردن ناکەن. پاراستنی هەڵبژاردن و گزیکردن لە هەڵبژاردندا بە سوودی ئەوان دەشکێتەوە. "ڕاجان" لێی دەپرسێتەوە: ئەی دیموکراسییەکان چۆن دەتوانن خۆیان بپارێزن؟ خەڵک پێیان وایە هەڵبژاردن تاقە ڕێیە کە دیموکراسییەکان خۆیان تەیارتر و نووژەنتر بکەنەوە. ئەوان چۆن دەتوانن خۆیان لە ملهوڕ و تۆتالیتەرەکان بپارێزن؟!. "چیزمان" دەڵێت: ئەوە کارێکی سەختە. وا

بزانم ئێستا حکوومەتی جۆراوجۆر لە گۆشە و کەناری دونیادا هەن کە پرۆسەی جیاواز دەگرنە بەر. دیموکراسییە جێگیرترەکان لە خەباتدان و، لەوانەیشە لەناوەوە لەبۆشبوونەوەدا بن. لە زۆر شوێنی دونیادا هێشتا دامەزراندنی دیموکراسییە سەرکەوتووەکانمان نەبینیون. وڵاتانێک دەبینین کە لەو ڕێیەدا تێ دەکۆشن، بۆیە ئەوەی ئێستا دەیبینین ڕەنگە ڕیفۆرمخوازە دیموکراتەکان بن کە هەوڵ دەدەن گوشار بخەنە سەر ئەو حکوومەتە ملهوڕ و تۆتالیتەرانەی، بە ڕواڵەت هەڵبژاردن دەپارێزن. تا بتوانن هەڵبژاردنی ڕێکوپێک و ئازادییە مەدەنییەکان و لیژنەی هەڵبژاردنی سەربەخۆ و دوور، لە سانسۆری میدیاکان دەستەبەر بکەن. کۆتا پرسیاری "ڕاجان" ئەوە بوو. دیارە گزیکردن لە هەڵبژاردندا زۆر ئاسانە؟ ئایە پەیوەندیی بە حکوومەتەوە هەیە کە بەڕێوەی دەبا؟!!. "چیزمان" وەڵامەکەی بەو شیوەیە بوو: لە پشت هەموو ئەو بەسەرهاتانە، کە لە چەشنی ئەو بەسەرهاتە هەراساز و هەواڵسازانەن کە خەڵک سەرگەرم دەکەن، خاڵێکی زۆر گرنگ و جددی هەیە: ئەوەی کە گزیکردن لە هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی نیگەرانکەرانە ئاسان بووەتەوە و ئەو کێشەیە هۆکاریشی هەن. بە بۆچوونی من گرنگترین هۆکار، کە پێویستە یەکاویەک بیخەینە بەر باس، ئەوەیە کە ڕابەرە ملهوڕ و تۆتالیتەرەکان ئەو تەگبیر و سیاسەتانەیان گۆڕیون کە دۆزینەوەی شوێنپێیان کارێکی ئاسان بوو. ئێستا ئەگەر لە گزیکردن لە بواری

هەڵبژاردندا بەئەزموون و ئەپدێیتکراو بن، بە پڕکردنەوەی سندووقەکانی دەنگدان گزی ناکەن. بە زەبری چەکیش نایکەن. مانگ و تەنانەت ساڵانێک زووتر، بە دامەزراندن و جێگیرکردنی ئامێرەکان وا دەکەن کە ئێمەمانان، کە ماوەیەکی کورت (بۆ چاودێری لە هەڵبژاردن) دەچینە ئەو شوێنانە، نەپرژێینە سەر ئەو شتانە. بە ڕێکوپێککردنی پێڕستی دەنگدەران، بە دەستێوەردان لەو شێوازانەی لە ناوچە و بنکەکانی دەنگداندا دادەڕێژرێن، بە دابەشکردنی نادادپەروانەی بنکەکانی دەنگدان (بۆ ئەوەی حزب، یان گروپ، یان ڕەگەزێکی تایبەت زۆرینە بەدەست بێنێ) بە کۆنترۆڵکردن و وردبوونەوە لە زانیارییەکان، بە کارگەلێک کە لە سێبەردا و لە پەناپەردەوە ڕوو دەدەن، ئەو کارە دەکەن. کەواتە، ئەوەیان کە بتوانین بڵێین چ شتێک بەڕاستی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە و متمانەبەخشە و چ شتێک نییە، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستەمتر دەبێ. هەڵبەت ئاسانە کە پێمان وا بێ کاتێ لە گزیکردنی هەڵبژاردن دەدوێین، زۆرتر لەمەڕ ئەفریقا یان ئەمریکای لاتین، یان ئەورووپای پاش-کۆمۆنیزم دەدوێین، بەڵام زۆربەی نموونە کلاسیکەکانی گزیکردن، لە هەڵبژاردندا کە ئەمڕۆیش هێشتا بەکار دەبردرێن. بیرتان نەچێت سەد ساڵ پێشتر، یان تەنانەت زوورتر، لە ئەمریکا و بەریتانیا پێگەیەنراون.

# تایبەتمەندییەکانی سیستەمی فیدرالیزم

فیدرالییەت شێوازێکە، لە شێوازەکانی حکوومڕانی کە تیایدا دەسەڵاتەکان بە گوێرەی دەستوور دابەشکراون، لەنێوان حکوومەتی ناوەندیی و یەکەی تری ئیداریی بچووکتر (هەرێم و ویلایەتەکان). ئەو دوو ئاستە ئاماژەپێکراوەی دامەزراوەکان، پشت بەیەکتری دەبەستن و بەشداری لەسەروەری دەوڵەت دەکەن و دابەشی دەکەن. نووسینەکانی دوو لەچاودێرە سیساسییەکانی ئینگلیز( البێرت دایسی و جیمس برایس) کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە، لەسەر سەرەتاکانی تیۆری فیدرالییەت. "دایسی" دوو مەرجی، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی فیدرالی داناوە یەکەمیان: بوونی چەند دەوڵەتێك بە جۆرێك، پەیوەندییەکی بەهێزی ناوچەیی و مێژوویی و نەژادی، یان لەو جۆرە بەیەکیانەوە ببەستێتەوە، بۆ ئەوەی وابکات بتوانێت لە ڕوانگەی دانیشتوانەکانیانەوە، ناسنامەییەکی نیشتمانی هاوبەش هەڵبگرێت. مەرجی دووەم: ئەوەیە ئارەزووی نیشتمانی لە یەکگرتنی نیشتمانیی و پێداگیری، لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی هەموو دەوڵەتەکانی ناو یەکگرتنەکە، لەناویاندا هەبێت. یەکێك لە ئاکارە سەرەکییەکانی فیدرالیەت بریتییە، لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. پرۆفیسۆر "ك. س . ویر"، لەکارێکی کلاسیکییدا، لەبارەی بابەتی حکوومەتی فیدرالی پێمان

ڕادەگەیەنێت: ئایە سیستەمی فەرمانڕەوایی دابەشکردنێکی گەورە، لەنێوان دەسەڵاتەکانی ناوەند و هەرێمەکان بەرجەستە دەکات. ئایە هەریەکەیان لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانی خۆیدا، هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات و پشتیان پێ دەبەستێت؟!. دەرئەنجامی سەرەکی، بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان خۆی لە نا توانایی هەریەك لە دوو حکوومەتەکە ( حکوومەتی ناوەند و هەرێمەکان) دەبینێتەوە، لە پیادەکردنی هەمان بڕی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەگەر حکوومەتەکە حکوومەتێکی یەکپارچە و نا فیدرالیبایە، دەیتوانی پیادەی بکات. دەستوور لە سیستەمی فیدرال دا بریتییە، لە باڵاترین دەسەڵات کە دەوڵەت دەسەڵاتەکانی لەوەوە وەردەگرێت. پێویستیشە کە دەسەڵاتێکی دادگەری سەربەخۆی هەبێت، بۆ پوچەڵکردنەوەی هەر یاسایەك کە لەگەڵ دەستووردا ناگونجێت. ڕەوایەتیش ڕێگرە، لەبەردەم فیدرالییەت، بە جۆرێك دەستوور دەبێت توند و یەکلاکەرەوە بێت، نەوەك فشۆڵ بێت. پێویستە ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە دەستووری ناوبراودا هاتوون، نەتواندرێت بگۆڕدرێن تەنها لە لایەن دەسەڵاتێکی باڵاترەوە، یان دەستە و دامەزراوەکانی یاسادانانەوە نەبێت. زۆربەی جار گرانی گۆڕینی دەستوور، دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی پارێزگاریکردن. فیدراڵییەتیش لەتیۆرەکەیدا، دەسەڵاتێکی دەستووری بەهێز دەستەبەر دەکات کە دیموکراسییەتی فرەلایەنی پشتی پێ

دەبەستێت. هەروەها پەرە بە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتیکردن دەدات، لەڕێگەی دابینکردنی هاوڵاتیبوونی دوولایەنە لەیەك چوارچێوەی کۆماریدا. دەتواندرێت ئەو لێدوانە کلاسیکییە بدۆزینەوە لە پەیماننامەی فیدرالیەت کە دەڵێت: فیدرالییەت بەشداری دەکات، لەبەرجەستەکردنی پرەنسیپی دادپەروەریی و دادگەریی و کەمکردنەوەی کردارە سەرکوتکەرەیەکانی دەوڵەت. ئەوەش لەبەر ئەوەی فیدرالییەت یەکەم: دەتوانێت توانای دەوڵەت، لە پێشێلکردنی مافەکان کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوەی گرەنتی ئەوە دەکات کە پەرلەمان ئارەزووی سنووردارکردنی ئەو ئازادییانە دەکات کە دەسەڵاتی دەستووریان نییە. دووەم: پرۆسە یاساییەکانی دروستکردنی بڕیار، لە سیستەمە فیدرالییەکان وادەکات خێرایی حکوومەت کەم کاتەوە لە بەرانبەر، لە ڕەفتارەکانیدا. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: فیدرالییەت یارمەتی دابینرکردنی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ دەدات کاریگەری ئەو تیۆرە هاوچەرخەی، هەڵبژاردنی جەماوەری لەسەرە. لەیەکە سیاسییە بچووکترەکانیش تاکەکان دەتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لەحکوومەتێکی ستوونی یەکپارچە بەشداری بکەن. سەرباری ئەوەش ئەو تاکە نارەزاو توڕانەی کە لەیەکێك لە دەوڵەتەکانی فیدرالییەتەکەدا دەژین، بۆی هەیە بچن لە دەوڵەتێکی تری نێو فیدرالییەتدا بژین. بێگومان فیدرالی یەکگرتوو تا ئێستا توانای سیستەمی فیدرالی، لە

پاراستنی ئازادیە مەدەنییەکان جێگەی مشتومڕە، چونکە زۆربەی جار تێکەڵیەك لەنێوان مافەکانی تاك و مافەکانی دەوڵەت هەیە. ئەوەش وای کردووە کە دانانی پێوەند لەسەر دەسەڵاتەکانی حکوومەتە خۆجێیەکان پێویست بێت. پێویستە تێکەڵی لەنێوان ئەو پێوەندانەی کە دەسەڵاتی دادگەری دایان دەنێت، ئەو دەسەڵاتە دەستووریانەی کە بە دادگەری دراوە بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە، بۆ پەرلەمان لەنێوان خودی فیدرالییەتیشدا ڕوونەدات. لەلایەك هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمریکایی مێژوویەکی ڕەشیان هەیە، لە دەستبەسەرداگرتنی ئازادییە مەدەنییەکانی گروپە ئیتنیکییەکان و ئافرەتان و گروپەکانی تریش، لەلایەکی تریش یاسا و دەستوورەکان، لە هەندێك ویلایەتی تردا کە بۆ پاراستنی ئەو گروپانە داڕێژراون، هێشتا لەسەرەوەی ئەو دەقانەی دەستووری ئەمریکی و پەیماننامەی مافەکانی ئەمریکایین کە پاشکۆیەتی. سەروەری یاساش مانایوایە حکوومەت ناتوانێت، دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە بکات. تەنها بە گوێرەی یاسای نووسراو نەبێت کە بە تێپەڕبوونی بە ڕێوشوێنی توندوتۆڵدا، داڕێژرابن. ڕەنگە ڕوونترین لێکدانەوە، بۆ چەمکی سەروەری یاسا بدۆزینەوە لەو یاسای "کۆمۆنیلز" کە "ئەلبێرت فین دایسی" لە دەروازەی یاسای دەستووردا ١٩٥٨ نووسیویەتی: هەموو بەرپرسێك لە سەرۆك وەزیرانەوە بگرە تا دەگاتە پۆلیس، یان فەرمانبەرێکی ئاسایی کۆکەرەوەی باج، هەمان بەرپرسیاریەتییان

هەیە. وەك هەر هاوڵاتییەکی تر لەبەرانبەر هەر کردەوەیەك کە ئەنجامی دەدەن، بەبێ بوونی پاساوێکی یاسایی. ڕاپۆرتەکات پڕن، لەو حاڵەتەی کە تیایدا بەرپرسان پەلکیشی بەردەم دادگاکراون وسزایان بەسەردا سەپێندراوە. وەك تاکەکەس لەئەنجامی ئەو کارانەی کە ئەنجامیانداوە، بە سیفەتی فەرمی تیایدا دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆیان بەزاندووە . لەبەر ئەوە، ئەوانەی کە یاساکان دادەنێن وجێبەجێیان دەکەن، بۆ خۆیان ناچار پێیانەوە پەیوەست بن. لەیاسای ئەمریکی بەناوبانگترین شرۆڤە، بۆ هەمان پرنسیپ "جۆن ئادەمز" دایناوە، لە دەستووری "کۆمۆنێڵزماساشۆسیتس ١٧٨٠" ئەوەش، لە دەروازەی ڕوونککردنەوەی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هاتووە. لقی یاسادانان لەو حکوومەتەی "کۆمۆنێڵز" هەرگیز دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەرگیز دەسەڵاتە یاسادانانییەکان و دادگەرییەکان، یان هەر کامێکیان پیادە ناکات: لقی دادگەری هەرگیز دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن پیادە ناکات: ئامانجیش لەوە ئەوەیە کە حکوومەت، حکوومەتی یاسا بێت. نەوەك حکوومەتی، تاکەکەسەکان بێت.چەمکی سەروەری یاسا بەگشتی پەیوەندیدارە بە هەندێك چەمکی ترەوە وەك: دارِشتنی یاسایەك کە کاریگەری، لەسەر ئەو ڕووداوانەی پێش دەرچوونی خۆی هەبێت ( اثر رجعي). نموونەی گریمانەکردنی بێ تاوانی کە فەلسەفە یاساییەکە بەو شێوەیەیە: هەموو کەسێك بێ تاوانە، تاوەکوو

پیچەوانەی ئەوە نەسەلمێندرێت. بەمانایەکی دیکە هەموو تاکەکان، هەمان مافیان هەیە بەبێ جیاوازیکردن لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایین، هەڵوێستی سیاسی و شتی لەو شێوەیە. وەك "مۆنتیسکیۆ"ی خاوەن پەرتووکی ( ڕۆحی یاساکان) دەیڵێت: یاسا وەك مردن وایە، لەکەس نابورێت. چەمکی سەروەری یاسا، خۆی لە خۆیدا هیچ شتێك لەخۆ ناگرێت، لەبارەی دادپەروەری یاساکان، بەڵکوو زۆر بەسادەیی ئەوە ڕووندەکاتەوە چۆن سیستەمی یاسایی پارێزگاری، لەیاساکان دەکات. دەرئەنجامی ئەوەش دەکرێت وڵاتانێك هەبن کە نا دیموکراسی بن و ڕێریش لە مافەکانی مرۆڤ نەنێن و سەروەری یاساش تیایاندا هەبێت و دەکرێت تیاشیاندا نەبێت. ئەوەش حاڵەتێکە کە چاودێران دەیڵێن دەکرێت، ئەو فۆڕمە لە حکومڕانییەتە، بەسەر سیستەمە دیکتاتۆریە نوێکاندا جێبەجێبکرێت. سەرەڕای ئەوەش سەروەری یاسا بەمەرجێکی پێشینە دادەندرێت، بۆ سەر بنەمای دیموکراسییەت. سەروەری یاسا بووە بە بنەمایەکی باو، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لەنێوان ئەو وڵاتانەی وەك نمونەی کۆماری چیك و خۆرئاوا. سەروەری یاسا وێنەیەکی باڵای کۆنە و "ئەرستۆ" یەکەم کەس بووە کە وەك سیستەمێك لە یاسای ڕەسەن، لەسیستەمی سرووشتی باسی کردووە. تا ئێستاش ئەو نمونە باڵایە گرنگییەکەی خۆی لەدەست نەداوە. وەك نموونەی باڵای، پێوەریانە. سروشتی

گشتگیریانەی ئەو سیستەمانەی کە بووە هۆی هێنانە کایەوەی ئەو فەلسەفەیە کاریگەریەکی زۆری، لەسەر بیری سیاسیی وڵاتێکی وەك "چینی مەزن" بەجێهێشت کە بەلایەنی کەم بەرجەستەی پەیوەندیە ڕەوشتییە تاکەکەسییەکان لەسەر پەیوەندیە یاساییە بابەتیی و نا تاکەکەسیەکاندا بەرجەستە دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی ئیمپراتۆرەکانی چین ملکەچی یاساکان نەبوون، بەڵام بینییان کە پێویستە بە گوێرەی ڕێوشوێنی ڕێکخراو کاربکەن، لەبەر چەند هۆیەك پەیوەندیدار بە سیاسەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. لەو کاتەی کە دەبینین کۆك بوونێك، لەنێوان چین و خۆرئاوادا هەیە، لەسەر ئەوەی کە سەروەری یاسا شتێکی باشە. ناکرێت ئەوە بە ڕاستییەکی سەلمێندراوە و وەرگیراو، لەسەر ئاستی جیهانی وەربگرین. هەندێك حکومەتی شیوعی، لەناویشیاندا چین، لەسەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیریدا. تا ڕادەیەك نیگەتیڤانەبوون سەبارەت بە بیرۆکەی سەروەری یاسا و پاسەوەکانی ئەوەش، لەبەر ئەوەی گوایە بیرۆکەی سەروەری یاسا لەگەڵ ململانێی چینایەتییدا دژیەکە. سەرباری ئەوەش بهرهەڵستیکردنی سەروەری یاسا، لە زۆر لە دەوڵەتە گشتگیر ( شمولی) و فاشیستەکان هەیە. سیاسەتی ئاشکرای ئەو حکومەتانە وەك چۆن لە ئەڵمانیای نازی وابوو، خۆی لە هێشتنەوەی گەل لە ترسێکی بەردەوام دەبینێتەوە، لە بەرانبەر حکومەتدا. لەو سەروبەندە چەند ڕەخنەیەك، بۆ سەروەری یاسا سەریان هەڵدا.

یەکەمیان: بریتییە، لەوەی کە جەختکردنەوەی مرۆڤ لەسەر ئەو ڕێوشونە پەیڕەوکراوانەی دروستکردنی یاساکان، وای لێ دەکات ئاگای لەسەیرکردنی ناوەڕۆکی یاساکان و دەرئەنجامەکانی نەبێت. ڕەخنەکەی تر کە بیرمەندە ناسراوەکان باسیان لێوەکردووە، بریتییە، لەوەی بەپێی گووتەی ئەوان چەمکی سەروەری یاسا شتێکە و زیاترنییە، لە پەیڕەوێك کە چینە فەرمانڕەواکان بەکاریدەهێنن، بۆ پاساو هێنانەوە، بۆ فەرمانڕەوایەتی، چونکە ئەو چینە فەرمانڕەوایانە کە بڕیاردەدەن کە چ یاسایەك دەربچێت و چ یاسایەکیش دەرنەچێت، واتە بە مانایەکی تر پاساوی ڕەخنەگران، لەوە خۆی دەبینێتەوە کە سەروەری یاسا لە ڕاستییدا بریتییە، لەسەروەری ئەو کەسانەی کە یاساکان دەردەکەن، یان دەیان گۆڕن. ڕەخنەیەکی تریش هەیە دەڵێت: سەروەری یاسا جەخت، لەسەر نەهێشتنی کردارە زۆردارەکییەکان دەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا ڕەوایەتی بە هەموو ئەو شتانەش دەدات کە بۆ ئەو مەبەستە، جێبەجێ دەکرێن، بێگومان" بە گوێرەی یاسا". هەتاوەکوو زۆرینەی خەڵکیش، دژ بەو ڕێوشوێنانە بن. سەربەخۆیی دادگەریش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی جەوهەری بەسەروەری یاساوە هەیە بریتییە، لەڕێچکەیەك کە پێویست دەکات بڕیارەکانی دادگەری بێلایەنانە بن و نابێت بکەونە ژێر لقەکانی تری حکوومەت، یان بەرژەوەندییە تایبەتەکان و کەسانی سیاسی. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا سەربەخۆیی دادگەری، لە ڕێگەی بەخشینی

مەودای درێژ، بۆ مانەوەی دادوەران لە کارەکەیان، یان هەندێك جار مانەوەیان بە درێژایی تەمەن. وایان لێ دەکەن کە نەتواندرێت، بە ئاسانی لەسەر کارەکانیان لابدرێت. لە بەریتانیا، ئەو لایەنەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کەمتر هێڵێکی جیاکەرەوەی ڕوون، لەنێوانیاندا هەیە. وەك لەو جیاکردنەوەی، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە. ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە یارمەتی دڵنیاکردنەوەی سەربەخۆیی دادگەری دەدەن، لەسیستەمی بەریتانی بریتیین، لە دەستنیشانکردن لەپێناو هەوڵدان، بۆ سەربەخۆیی دادگەریی و پەرەپێدانی ئەو سەربەخۆییە، بۆ ئەو مەبەستەیش پرۆسەی دەستنیشانکردن دانراوە، بۆ ئەوەی دەستێوەردانی سیاسی کەم بکاتەوە لە دەستنیشانکردنی دادوەرەکاندا. ئەو پرۆسەیە، بۆ دەستنیشانکردنی دادوەران و ئەندامە باڵاکانی دادگەری لەبەرچاو دەگیرێت، نەوەك کەسانی سیاسەتمەدار. موچە و پاداشتکردنی دادوەران، لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆی چاوخشاندنەوە بە مووچەکان دیاریی دەکرێت. ئەو دەستەیە ڕاسپاردە بەرزدەکاتەوە، بۆ حکوومەت بەلەبەرچاوگرتنی بەڵگەکان، لەسەرچاوەی جۆراوجۆرەوە. حکوومەت ئەو ڕاسپاردانە قبووڵ دەکات و بەشێوەیەکی ڕۆتینی بەتەواوی جێبەجێیان دەکات. بیریشتان نەچێت پیشەی یاسایی پیشەیەکە، بۆ خۆی خۆی ڕێك دەخاتەوە. واتە ئەو پیشەیە بەرپرسە لەبەرانبەر ستاندەرەدە

پیشەییەکان و بەرپرسیارە لەوانەش کە ناگەنە ئاستی ئەو ستاندەرەدانە. لەو حاڵەتەشدا دامەزراوەی پەیوەندیدار بریتییە، لە ئەنجوومەنی پارێزەرە باڵاکان و کۆمەڵەی یاسایی. تاوەکوو دادوەرانیش لە توانایاندابێت، بە رێك و پێکی کارەکانیان بە رێوەببەن، ئەوا لەسەر کارەکەیان دەمینێتەوە. تا ئەو کاتەی دەیانەوێت خانەنشین بکرێن، یان تاوەکوتەمەنیان دەگاتە ٧٠ ساڵ، ئەوا لە پۆستەکانیان دەمێننەوە. هەڵبەتە دوو پەیماننامەی سیاسیش هەن کە یارمەتیدەرن، بۆ پارێزگاریکردن لەسەربەخۆیی دادگەری بێمباشە لێرەدا ئاماژەیان پێبکەم ئەوانیش یەکەم: نابێت پەرلەمان، باس لەو کەیسانە نەکات کە لەبەردەم دادگاکاندان. دووەم: لەژێر سایەی ئەو پرەنسیپەی ناونراوە بە جیاوکی پەرلەمان "امتیاز البرلمان" ئەندام پەرلەمانەکان پارێزراون، لە تۆمەتبارکردن لەلایەن دادگاکان، لە هەندێك حاڵەتەدا نەبێت. بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، حکوومەتی فیدرالی ویلایەتەکە. لەسەرکارمانەوەی بەدرێژایی ماوەی ژیانیان بەکۆی ئەندامانی دادگای باڵا و ئەندامانی دادگای هەرێمییەکان و دادگاکانی تێهەڵچوونەوە دەبەخشێت. لایەنێکی تری سەربەخۆیی دادگەری بریتییە، لەدەستنیشانکردنی گونجاوی دادوەران. کۆمەڵەی پارێزەرانی باڵای ئەمریکی کە داکۆکی لەسەر دامەزراندنی دادوەران، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەکات کە لەلایەن

لیژنەکانی پشکنینەوە پاك دەرچوون کە پێی دەوترێت دەستنیشانکردن، لەسەر بنەمای لێهاتوویی. جیاوازی و کێشەی لەگەڵ زۆر لە نوێنەرانی ویلایەتەکان، لەدەسەڵاتی یاسادانان هەیە کە ئەوان پێیان باشترە دادوەران، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەلایەن جەماوەرەوە دیاری بکرێن. کۆمەڵەی پارێزەرە باڵاکانی ئەمریکی و بە گشتی کۆمەڵەی پارێزەرانی هەرێمەکان، وای دەبینن هەڵبژاردنی گشتی، بۆ دیاریکردنی دادوەران بە قازانجی لێهاتوویی و توانستە سیاسییەکان دەشکێتەوە، نەوەك لێهاتویی و توانستە یاساییەکان. کێشەی ساڵی ٢٠٠٠ی نێوان "بۆش و ئەڵگۆڕ" کە تیایدا دەنگی ئەو دادوەرانەی لەسەردەمی "جۆرج بۆش"ی باوك دامەزرابوون یەکلاکەرەوە بوو، لە یارمەتیدانی دڵنیاکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆك "بۆش"ی کوڕ. بەوەش ئەو بڕیارە پێچەوانەیەی کە لەلایەن دادگای باڵای فلۆریدا درابوو کە هەموو ئەندامەکانیان لەلایەن حاکمە دیموکراتەکانی ویلایەتەکەوە دامەزرابوون، سەرەوژێر گۆڕدرا. بەوەش لەلایەن زۆر کەسەوە وەك پاساوێك، بۆ بەهێزکردنی پێویستییەتی سەربەخۆبوونی دادگەری دەبیندرێت. ئەو حاڵەتە سەرنجێکی زۆری خستە سەر دەرئەنجامەکانی دادگەری، بە پێچەوانەی جەختکردنەوەی تەقلیدی کە گرنگی بە تایبەتمەندییەتی و لێهاتووییە دادگەریەکان دەدات. دیارە لە کەنەدا دۆخەکە جیایە، بۆ وێنە لەوێ ئاستێکی سەربەخۆیی دادگەری هەیە کە تێکەڵکراوە،

بە دەستوور و زەمانەتی جۆراوجۆر، بە دادوەرانی دادگای باڵا دەدات، بۆ سەربەخۆبوون لەژێر سایەی دەستووری ١٨٦٧دا. هەرچەندە لەوەتەی دەستوور لەو وڵاتەیش هەمووارکراوە ماوەی لەسەرکارمانەوە، بۆ تەمەنی خانەنشینی لە ٧٥ ساڵیدا سنوردارکرا.

# هەلومەرجی بەدیموکراسیبوون

بە وچان و ماندووبونێکی بەبرشت، دوو دەیە لە توێژینەوە. نوسەر و بیرمەندی ئەمریکایی هاوچەرخ "سامۆئیل .پ. هەنتینگتۆن" خاوەنی پەرتووکی (پێکدادانی شارستانییەتەکان) شیکاریەکی ئاڵۆزتری، لەبارەی پێشمەرجەکانی بەدیموکراسیبوونی خستە ڕوو. سەرەڕای گرنگی ڕۆڵی سامان و یەکسانی لە گەشەی دیموکراسییدا، جەختی لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی، ژینگەی دەرەکیی و بەستێنی کلتووری کردەوە. بەمانایەکی دیکە هەنتینگتۆن لەتێزە بەناوەبانگەکەیدا، مێشکی هەموومانی جوڵاند و ئەو پرسیارەی خستە ڕوو، (ئایە وڵاتانی زۆرتر لەوەی کە هەیە، دواجار دەبن بە دیموکراسی)؟ بۆ توێژینەوە، لەبارەی ئەو پرسیارە و پرسەکانی بەردەم بەدیموکراسیبوون، هەنتینگتۆن دوو فاکت لێکجیا دەکاتەوە ( ئەو پێشمەرجانەی کە بە سوودی گەشەی دیموکراسیین) لەگەڵ ( ئەو پرۆسە سیاسییانەی کە لەنێویدا گەشەسەندنی دیموکراتیک، لێیەوە دێتە کایەوە).

یەکەم فاکتەر، سامانی ئابوورییە. لای هەنتینگتۆن هەر وڵاتێک ئاستی گوزەرانی بەرزتر بێت، شانسی ئەوەی تێدایە ببێ بە وڵاتێکی دیموکراتیک. تیشك خستنەسەر گرنگی پەیوەندیی نێوان سامان و دیموکراسیی بریتییە، لەوەی کە بوونی ئابوورییەکی بەهێز، لەنێو

هەر گەل و نیشتمانێك، بێگومان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری لەنێو وڵاتدا. لەگەڵ پەرەسەندنی سێکتەری، پەروەردە وفێرکردن و، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایی. ئەوانە و چەندین بابەتی دیکە، لە ئاکامدا دەبنە هۆی هێنانەدیی دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە. وەك ئاماژەمان پێدا ئابوورییەکی دەوڵەمەند، لەڕێگەی پێشنیارکردنی دەرفەتە ئەڵتەرناتیڤەکان، بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان لە بواری ئاوەدانکردنە و ڕێگەکردن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و گرنگیدان، بە ڕەوشی مافەکانی ژنان و چینە نەریتە جیاوازەکان کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تەنگەژە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان. زیاد لەوەیش ناکرێت، لەڕێگەی ئامرازە دەسەڵاتخوازەکانەوە بەکارامەیی و ئابوورییەکی پێشکەوتوو، ئاڵۆز و بەپیشەسازی بەڕێوە ببردرێت. لەو جۆرە ئابووریەدا پێویستە بڕیاردان بە شێوازی خۆجێیی بێت، ناوەند هاوبەش بێت و، هەروەها دەبێ ڕێساکان بە ڕەزامەندیی ئەو کەسانە دەربکرێن کە دەکەونە ژێر کاریگەریی کۆی ڕێساکە. جگە لەوەیش بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی هەژار، هەر وڵاتێکی خاوەن ئابووری دەوڵەمەند. مەیلی، بۆ بە یەکسانی دابەشکردنی داهات زیاترە. هەر بۆیە ژمارەی هەژارەکان لەو وڵاتانە کەمترە و جیاوازی جێندەریی و مافە ئینسانییەکان لەبرەو دایە. سەرباری هەموو ئەوانەی باسمان لێوەکردن، هەنتینگتۆن بەدیویکی دیکەوە ئەو پرسیارەی گەلاڵە

کرد؟ کە چ ئاستێک، لەپێشکەوتنی ئابووری، بۆ ڕاگوزار بەرەو دیموکراسی پێویستە؟!. بەو جۆرە وڵامی پرسیارەکەمان دەست دەکەوێت، دیارە چەندین وڵاتی جۆراوجۆر بە جیاوازی ئاستی گەشەی ئابووریانەوە، بوونەتە وڵاتی دیموکراتیک. لە لایەکی ترەوە، ژمارەیەکی زۆری وڵاتان، بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای لاتین، لە گەشەی ئابووری دەربازیان بووە. کەچی بە پێچەوانەی تیۆرە باوەکە بێنیازانە پشتیان، لەدیموکراسی کردووە؟!.. واتە تیۆری زۆری سامان، بۆتە هۆی کەمبوونەوەی دیموکراسی. بەمانایەکی وردتر یانی، لەجیاتی ببێتە (سامان + دیموکراسی)، بەڵکوو بۆتە (سامان – دیموکراسییەت). دوای ئەوانە "ئۆدۆنێل"ی بیرمەندی هاوچەرخ، بەپشتبەستن بە هەلومەرجە دژوارەکانی بەردەم بەدیموکراسیبوون، لەساڵی ١٩٧٨ تیۆری دەسەڵاتخوازیی بیرۆکراتی خستە ڕوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد. کاتێک وڵاتێک ڕووبەڕووی دۆخی هاوردەکردنی کاڵا جێگرەوەکان دەبێتەوە، لەو وڵاتەدا شێوازێکی نوێ و بەهێزتر، لە دەسەڵاتخوازی سەر هەڵدەدات. سەرباری هەموو ئەوانە هەنتینگتۆنیش بۆ پێکەوەگرێدانی ئەو بەڵگە دژبەیەکانەی ئەدەبیاتی "مۆدێرنیزاسیۆن"، چەمکێکی نوێ بە ناوی "زۆنی ڕاگوزار"ی گەڵاڵە کرد. بەگوێرەی ئەو زاراوەیە، بە پێشکەوتنی وڵاتێک، لە ڕووی ئابوورییەوە، وڵاتەکە دەچێتە ناو "زۆنی ڕاگوزار" وە. لەو

قۆناغەدا زۆر سەختە پارێزگاری، لە دامەزراوە سیاسییە تەقلیدییەکان بکرێت. لێرەدا هەنتینگتۆن ڕەخنە لەپرەنسیپەکان دەگرێت و دەڵێت: (ئابوورییەکی بەهێزبووی بە دیموکراسییەتمان، بۆ مسۆگەر دەکات). گەشەی ئابووری بەتەنیا ناتوانێت بڕیار لەوە بدات کە چ جۆرە سیستەمێکی سیاسیی، جێگەی ئەو دامەزراوانە دەگرنەوە. پاشان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت و دەنووسێت: لەبری گرتنەبەری شێوازی ڕاستەهێڵی بەرەو دیموکراسی خۆرئاوایی، وڵاتان لەزۆنی ڕاگوزاردا، لەوانەیە لەنێوان چەندین ئەڵتەرناتیڤدا، ئەڵتەرناتیڤێک هەڵبژێرن. بەو جۆرەیش گەشەی ئە وڵاتانە، لەداهاتوودا پشت بەو بڕیارە مێژووییە دەبەستێت کە نوخبەی سیاسیی لەو قۆناغە وەرچەرخ بووەدا دەیگرنە بەر. بەکورتی، ئەگەرچی سامانی ئابووری پێشمەرجێکی زەروورە، بۆ دیموکراسیبوون، بەڵام تاکە فاکتەر نییە. هەر بۆیەیش لە خوێندنەوەکانی ڕاگوزار بەرەو دیموکراسی، پێویستە ڕەچاوی فاکتەرەکانی تریش بکرێت.

دووەمین فاکت کە هەنتینگتۆن تیشکی دەخاتە سەر بریتییە، لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی تا ڕاددەیەکی بەرز، لێکجیا کرابێتەوە و چەندی گرووپی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی بوونیان هەبێت (بۆ نموونە گرووپی بازرگانی، پیشەیی، ئایینی و نەژادی)، کەواتە ئەو گرووپانە دەتوانن ببن بە بناغەیەک،

بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت. لەهەر هەلومەرجێکدا ئەگەر گروپی ناوبژیوانی سەربەخۆ، بوونیان نەبێت (کە دەوڵەت و کۆمەڵگە، بە یەکەوە گرێیان بدات). ئەوکات کۆمەڵگە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک، دامەزراوەی بەهێزی ناوەندگەرا کە دەتوانێت شێوازەکانی پاشایەتی ڕەها، ستەمکاریی خۆرهەڵاتییانە، یاخود دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتخواز و تۆتالیتەر بەرهەم بهێنێت. لەنێوان گشت ئەو گروپە ناوبژیوانانەدا، هەنتینگتۆن جەخت لەسەر بوونی بۆرژوازیی سەربەخۆ دەکاتەوە و بە گرنگترین فاکت هەژماری دەکات. جگە لەوە بە پشتگیریکردن، لە بۆچوونەکەی "مۆر" 1966 ، ئاماژە بەوە دەدات کە (بەبێ بوونی بۆرژوازی، دیموکراسییەت بوونی نابێت). لێرەوە لەوە دەگەین، بۆچی تا ئێستا وڵاتە هەژارنشیین و دوور لەسیستەمەکان هێندە داروخاون، چونکە کێشەی وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە خاوەن چینی بۆرژوازیی بەهێز و سەربەخۆ نین. ئەگەرچی ڕاددەیەک، لەبووژانەوەی ئابووری لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەبینرێت، بەڵام ئەو بووژانەوەیە زۆرتر لەلایەن دەوڵەت و کۆمپانیا فرە نەتەوەکانەوە بووە. کاتێک لەو وڵاتانەدا گەشەی ئابووری وەپێش گەشەی سەرهەڵدانی بۆرژوازی دەکەوێت، کەواتە دیموکراسی هێشتا پایەکانی بەتەواوی جێگیرنەبووە. فاکتەرێکی تر لەناو ستراکتۆری کۆمەڵایەتییدا کە هانی دیموکراسی دەدات

بریتییە، لەبوونی ئابووری (بازاڕ- تەوەر). گشت دیموکراسییە سیاسییەکان، پشت بە ئابووری (بازاڕ- تەوەر) دەبەستن. سەرەڕای ئەوەیش، گشت ئابوورییەکانی (بازاڕ- تەوەر) بەتەنها نابنە هۆی هێنانەدی سیستەمی سیاسیی دیموکراتیک. هەنتینگتۆن هۆکاری ئەوەیش، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئابووری بازاڕ پێویستیی بە دابەشکردنی هێزی ئابوورییە. کەواتە ئەو ئابوورییە هێزێک، بۆ چاودێریکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دروست دەکات کە بریتییە، لەچینی بۆرژواز. ئابووریی (بازاڕ- تەوەر) ئەو ئێنەرژیە بە چینی بۆرژواز دەدات کە بتوانێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆی دەسەڵاتی دەوڵەت سنووردار بکات و سوود، لەئامرازە دیموکراتییەکان وەرگرێت. لەوەیش زیاتر ئابووریی بازاڕ، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی بووژانەوەی ئابووریی و دابەشکردنی یەکسانی داهاتەکان. ئەوەیش بناغەی سەرهەڵدانی، دیموکراسییە.

سێیەمین فاکتەر کە هانتینگتۆن تیشکی دەخاتە سەر بریتییە، لەژینگەی دەرەکی. بەکورتی دەڵێت: بەدیموکراسییکردن زۆرتر بە هۆی بڵاوبوونەوەی کلتووری دیموکراسییانەیە نەک لەدەرەنجامی گەشەسەندن. بەشێکی زۆریشی، بۆ دەستڕۆیی ئەمریکا و بەریتانیا دەگەڕێنێتەوە. ئەویش بەهۆی ئیحتکاری سیاسیی و نیشتەجێبوونی سەربازیی و لۆجستی بەریتانیایی و ئەمریکییەکانەوە. بەتایبەت، لە جیهانی سێیەمدا. لێرەوە فەرمانڕەوایی (کۆلۆنیالیزم) هەرچەندە،

لەڕووی فۆڕمەوە وەکوو جاران نەماوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەمان کەڵچەرە. چانسی ئەمریکا، لەسەرووبەندی جەنگی جیهانی دووەمەوە دەست پێ دەکات. ئەوکات هیچێك، لەو وڵاتانەی بەشدار لەو جەنگەدا. بەتایبەت ئەڵمانیا بەها و قورسایی سیاسەتەکانی ئەمریکای، لەو شەڕەدا نەدەزانی. سەرکردەیەکی وەك هیتلەر تا مردیش گرنگی بەو کیشوەرە دوورە دەستەنەدا. هەرچەندە بەشی زۆری چەك و زرێپۆشی سەرباری نازیی کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەناو ئەڵمانیادا دروستیان دەکرد، بەس ئەڵمانەکان زۆر بێئاگابوون لەسیاستە نەرمەکەی ئەمریکاییەکان کە چۆن وەك مۆرانە کەوتۆتە گیانی ئەورووپا. هۆیەکەی بۆ زۆر شت دەگەڕایەوە، بەڵام ئەڵمانەکان زیاتر کاریان بۆ سەرخستنی ئەجێندایەك دەکرد کە زۆر دوور بوو. لەوەی ئەمریکاییەکان. هەڵبەت ئەوکاتە ئەمریکا وەك ئێستا دەرنەکەوتبوو، هیتلەریش ئەو کیشوەرەی وەك شتێکی نەبوو و بێنرخ سەیر دەکرد، بەس دواجار دۆخەکە ڕێك پێچەوانەی تێگەیشتنی ئەڵمانەکان وەرچەرخایەوە. ئەمریکا بە خشکە خشکێ، خۆی گەیاندە ناو جەرگەی ئەورووپا و بووە هێزی پاڵپشت بۆ تەواوی ئەو وڵاتانەی کە کەوتبوونە ژێر داگیرکاری ئەڵمانیاوە. بەمانایەکی دیکە، لە جەنگی جیهانی دووەمدا سوپای ئەمریکا بۆ هەر شوێنێک چووبێت، دیموکراسییەتیش بەدوایدا چووە. جیاوازی ئەمریکا و ئەوانی دیکە لێرەدابوو، بۆیە لەئان و ساتی شەڕدا

بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی داگیرکاری ئەڵمانیایان پێ قبووڵ نەدەکرا. پێشوازییەکی گەرمیان، لەو میوانە باڵەدەستەکرد کە لەهەگبەییدا سیستەمێکی جیاوازتری، لەوەی ئەوانی پێیە. یەکێتیی سۆڤیەتی جارانیش باش لەو دێوزمەیە گەیشتبوو کە پێی دەگوترا سەرمایەدارییەت، بۆیە هەرچەندە ئەو دووژمنی دووژمنەکەی بوو، بەڵام بە مەترسیشی دەزانی بۆسەر ئاییندەی سۆسیالیز (شوعییەت) لەجیهاندا، بۆیە هەر شوێنێک کە سوپای سۆڤیەتیی بۆ دەچوو، کۆمۆنیزمیش بەدوایدا خۆی مانیفستۆدەکرد. بەم جۆرەیش، سەرهەڵدان و داتەپینی دیموکراسی، لەنێوان مەنزومەی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا وەك قومار و گەمەیەك وابوو، بەند بوو بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی وڵاتە دیموکراسییە بەهێزەکان. ئەمریکاش بە هەموو توانایەوە مەبەستی بوو بەر لەو مەددە شیوعییە بگرێت کە خەریکبوو تەواوی جیهان داپۆشێت، ئامانجی بەشداری سەربازیانەی ئەمریکایش لەو جەنگەدا، بە دەرەجە یەك ڕێگریکردن بوو، لە تەوژمی مەنزومەی ئیشتراکیی "سۆسیالیز" و دروستکردنی پێگەی سەربازیی و ئابووری خۆی، لەئەورووپا و بەشێك لە ئاسیا. وەك بینیشمان چۆن بنکەی سەربازی لە ئەڵمانیا و کۆریا و بەشێکی زۆر لە خاکی ئاسیا دانا کە تا ئێستاکەیش هەر یەك لەو وڵاتانە دەبێ باجی ئەو هەڵەیە بدەن. یەکێتیی سۆڤییەتی جاران و تا ڕووسیای سەردەمی "بوتین"یش بەدەست ئەو دیۆزمە زەبەلاحەی جیهان

گیریانخواردووه. وەك ئاشكرایە لەسەدەی نۆزدەیەمدا، بڵاوبوونەوەی دیموكراسی، شان بە شانی بڵاوبوونەوەی (پاكس-بەریتانیک) بوو، بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووەم، هاوكێشەكە گۆڕا و پەرەسەندنی دیموكراسی، لەجیهاندا ڕەنگدەرەوەی زلهێزییەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایی پێوەنووسا. ئیدی بوو، بە (پاكس – ئەمریكانۆ). دوا بە دوای ئەوەیش، لەساڵانی ١٩٧٠دا، داتەپینی دیموكراسی لەخۆرهەڵاتی ئاسیا و ئەمریكای لاتین، ڕەنگدانەوەی كزبوونی دەستڕۆیی ئەمریكایی بوو، لەجیهاندا. ئەو مۆنۆپۆڵییە دیموكراتیكە، هەروەک هەنتینگتۆن ئاماژەی پێ دەدات، "ڕاستەخۆ هەم، لەدەرەنجامی هەوڵەكانی حكوومەتی ئەمریكا، بۆ كاریگەری نواندنبوو، بۆ سەر پرۆسە سیاسییەكان.

هۆیەكەیشی ئەوەبوو تا وەك مۆدێلێكی بەهێز و سەركەتوو، لەهێنانە پێشەوەی سیستەمی دیموكراسی، لەمەودوا وڵاتان پەیڕەویی لێبكەن. زیاد لەوەیش هەنتینگتۆن تێبینی كردووە كە لە هەندێ ناوچە، لەوانەیە مەیلێكی هەرێمایەتی بوونی هەبێت. حكوومەتەكانی ئەمریكای لاتینیش بەگشتی، لەكۆتاییەكانی ١٩٥٠كان و سەرەتای ١٩٦٠دا، مەیلیان بۆ دیموكراسی هەبووە. دواتر، لەكۆتایی ١٩٦٠ەكان و سەرەتای ١٩٧٠دا، مەیلیان بۆ دەسەڵاتخوازی دروستبووە. دواتر سەرلەنوێ، لەكۆتایی ١٩٧٠كان

و سەرەتای ١٩٨٠دا، جارێکی دیکە مەیلیان بۆ دیموکراسیبوون دروست بۆتەوە. لەوانەیە ئەو وەرچەرخانە هەرێمایەتییە، لەدەرەنجامی گەشەی ئابووری، کاریگەری وڵاتانی دراوسێ و هاندانی ئەو وڵاتانە، لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ گرتنەبەری دیموکراسی بووبێت. چوارەمین فاکتەر کە هانتینگتۆن باسی دەکات بریتییە، لەبەستێنی کلتووری. لەو باسەدا، ئایین شوێنێکی گرنگ و تایبەت گلدەداتەوە، بۆ خۆی. هەر ئەوەیش وادەکات لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد، لەبارەی چەمکی ئایین و پەیوەندی بەئازادیی و بنەما ئینسانیی و دیموکراتییەکانەوە بخرێتە ژێرباس و خواس. بیرمەندان، هەمیشە بە بایەخەوە خوێندنەوە بۆ ئەو چاپتەرە دەکەن و بە یەکیك لەتایتڵە سەرەکییەکانی دۆخی ئازادییەکان لێکی دەدەنەوە. هەنتینگتۆنیش بە لێکۆڵینەوە، لەسەر کاریگەری ئایین، لەسەر کلتووری سیاسیی. بەو دەرەنجامە دەگات کە ئایدیای (پرۆتستانتیزم) نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ دیموکراسییدا هەیە، بەڵام بە بەراورد بەو (کاتۆلیزم) کاریگەرییەکی مام ناوەند و درەنگوەختی بەسەر گەشەی دیموکراسییدا هەبووە. کلتورەکانی (هیندۆس و شینتۆ)، لەهەمبەر بەدیموکراسییکردندا دواجار لەمپەر دروست ناکەن، بەڵام ئایینی (ئیسلام، کۆنفۆشیۆس و بوودیزم)، لەئاکامدا دەبنە هۆی هێنانەدی حکوومەتێکی دەسەڵاتخوازانە. باشە با لەخۆمانی بپرسین، ئاخۆ ئەو

جیاوازیانە چۆن ڕوون دەکرێنەوە؟، بۆ ئەو مەبەستە هەنتینگتۆن دوو جۆرە کلتووری ئایینی لێکجیا دەکاتەوە و شوناسییان پێ دەبەخشێت. یەکەم: (کەڵچەری ئایینیی بەکاربەرانە)، لەو جۆرە ترادیسیۆنەدا خەونەکانی ئەو جیهانە و جیهانی تر(ڕۆژی دوایی)، لەنزیکەوە وابەستەی یەکترکراون و بە زەڕەیەکیش بۆلای دیموکراسی ناشکێنەوە. بۆ نموونە لەئیسلامدا هیچ لێک جیاکردنەوەیەک، لەنێوان سیاسەت و ئاییندا نییە، یاخود لەنێوان کردەی ڕۆحیی و دونیاییدا هەستی پێناکرێت. هەروەها لەڕووی مێژووییەوە، لەئیسلامدا بەشداری سیاسی چەمکێکی نامۆیە. دووەم: (کلتووری ئایینی ئامڕازانە) کە تێیدا ئامانجەکانی ئەو جیهانە و جیهانی تر، لێک جیاکراونەتەوە. بۆ نمونە لەداب و نەریتی (هیندۆدا) جیاوازیی و پێکدادان، لەنێوان گروپەکاندا ڕێگەپێدراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاشتەوایی و پێکەوەژیان، کارێکی مەشروع و دانپێدانراوە. هەر بۆیەیش ئەو جۆرە ئایینە، بەربەست، لەبەردەم بەدیموکراسیبووندا دروست ناکات. سەرەڕای تیشکخستنە سەر پێشمەرجەکانی دیموکراسی، هەروەها پرۆسەکانی بە دیموکراتیزەکردنیش لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەرکراوە. بەتایبەت ئەو پرۆسە سیاسییانەی کە لەنێوانیاندا گەشەی دیموکراسی بەدی هاتووە. بیرمەندان سێ مۆدێل، لەمیکانیزمی بە دیموکراتیزەکردن دەخەنە بەرچاو.

یەکەم: (مۆدێلی ڕاستەهێڵ) کە لە ئەزموونی "بەریتانیا و سوید" سەرچاوە دەگرێت. سەبارەت بە حاڵەتی بەریتانیا، دیموکراتیزەکردن، لەمافە مەدەنییەکانەوە بەرەو مافە سیاسییەکان و دواتر بەرەو گەشەیەکی لەسەرخۆی زاڵبوونی سیستەمی پەرلەمانی و کابینەیەکی وەزاریی و دواجار بەرەو بەرفراوانبوونی مافی دەنگدان تێدەپەڕێت. سەبارەت بە حاڵەتی سوید، بەو شێوەیەی خوارەوە بووە، "یەکێتیی نیشتمانی"، "ناکۆکی سیاسی درێژخایەن و بێ دەرەنجام"، "بڕیاردانێکی هۆشیارانە، سەبارەت بە پەسەندکردنی گرتنەبەری ڕێساکانی گەمەی دیموکراسی و دواجار کارکردن بەو ڕێسایانە".

دووەم: (مۆدێلی بازنەی)، لەو مۆدێلەدا دوو شێوازی حوکمڕانی دیموکراسی و دەسەڵاتخوازی، بەبەردەوامی جێگەی یەکتر دەگرنەوە. ئەو مۆدێلە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین زۆر باوە. لەو مۆدێلەدا نوخبە، دان بە شەرعییەتی شێوازەکانی حوکمڕانیی دیموکراسییدا دەنێت. جارناجار هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەچن، بەڵام زۆر بەدەگمەن حکومەتەکان، لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات دەگەن. حکومەت لەم وڵاتانەدا زۆرتر، لە دەرەنجامی دەستێوەردانی سوپا ،و لە دەرەنجامی هەڵبژاردنیش دەبێت. هەرکاتێک حزبێکی ڕادیکاڵ، لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بووبێت، یاخود دۆخی ئابووری پەشۆکاو بێت (بۆ نمونە ڕوودانی هەڵاوسانێکی بەرز، یاخود بێکاری) یان کاتێک کە نائارامی بەربڵاوی سیاسییانە بوونی

دەبێت، سوپا دەست لەکاروباری سیاسیی وەردەدات. هەر کاتێک تاقمی سەربازی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووبێت، بەڵێن دەدات کە، لەداهاتوویەکی نزیکدا دەسەڵات بۆ خەڵکی مەدەنی بگەڕێنێتەوە. سوپا کاتێک ئەو کارە دەکات کە ڕووبەڕووی نارەزایەتی جەماوەری ببێتەوە، یاخود نەتوانێت بەکارامەیی دەسەڵات بەڕێوە ببات. هەنتینگتۆنیش، لە دۆخێکی فەوزەوی هاوشێوەی ئەو ژینگەیە، ئاماژە بەوە دەدات کە لەو فۆڕمەدا، نە دامەزراوە دەسەڵاتخوازەکان و، نە دامەزراوە دیموکراسییەکان بەکارامەیی و دامەزراوەیی نەکراون. هەرکاتێک وڵات بچێتە ناو دۆخی بازنەیی، لەجێگۆڕکێی نێوان دیموکراسییەتی مەدەنیی و دەسەڵاتخوازیی سەربازیدا، سەختە ئەو وڵاتە بتوانێت ئەو تخووبە ببەزێنێت.

سێیەمین مۆدێل بریتییە، لە (مۆدێلی دیالێکتیکی) لەو مۆدێلەدا گەشەی چینی ناوەندی شارنشین، دەبێتە هۆی گوشارخستنە سەر ڕژێمی دەسەڵاتخواز و داوای بەشداریی و ڕکابەرێتیی سیاسییانە دەکات. لەوانەیە، لەساتەوەختێکی مێژوویيدا وەرچەرخانی مەدەنیانە ڕوو بدات و ڕژێمی دەسەڵاتخوازی بەرقەرار بگۆڕدرێت، بۆ ڕژێمیکی دیموکراتیک، بەڵام ڕژێمی نوێی چینی ناوەند، ناتوانێت بەکارامەییەوە حکوومەت بەڕێوە ببات. لەوها دۆخێکدا ڕژێمی دیموکراتیک دەڕووخێت و سیستەمی دەسەڵاتخواز دەگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ ڕژێمی دەسەڵاتخوازی بەرقەراریش،

دواجار شکست دێنێت و ڕاگوزاریانە بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی درێژخایەن هەنگاو دەنێت. ئەزموونی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، یۆنان و ئیسپانیا دەکەونە چوارچێوەی ئەو مۆدێلەوە. ئەو مۆدێلانە جۆرەها دەستکەوتی مەدەنیی و شارستانییان، لەهەناوی خۆیاندا بەرهەمهێناوە و لەگەڵ خۆیاندا چەندان مۆدێلی تازە و مۆدێرنیان خستە سەرشانۆی سیاسی. سەرەڕای خستنەڕووی مۆدێلەکانی (ڕاستەهێڵی، بازنەیی و دیالێکتیکی). هەنتینگتۆن تیشک دەخاتە سەر پرسی باشترین جۆر، لەپرۆسەی گەشەی دیموکراتیک. ئەو پرۆسەیەی کە بە بۆچوونی هەنتینگتۆن، لەسەرووی پرۆسەکانی ترەوە دێت. بە بڕوای ئەو بەشداریی سیاسیی، دەبێ دوایین قۆناغ بێت، لەو زنجیرە گۆڕانەی سەرەوەدا و لەدوای جێگیرکردنی دامەزراوە سیاسییە کاراکانی وەک سیستەمی هەڵبژاردن و حزبایەتییەوە بێت. ئەگەر لەو زنجیرەیەدا بەشداری سیاسییانە زۆر زووتر دەست پێ بکات، دەبێتە هۆی هێنانەدی ناسەقامگیریی سیاسیی و توندوتیژی. بیرمەندێکی وەك هەنتینگتۆنیش بۆ بەهێزکردنی ئەم بۆچوونەی خۆی، پێداگری لەوە دەکات ئەو ڕژێمە دیموکراتیانەی کە تا ئێستا بەردەوامن، زۆر بەدەگمەن، لەڕێگەی کردەی جەماوەریی و بەکۆمەڵەوە جێگیر بووینە. بیرتان نەچێت، هەمیشە دیموکراسی زۆرجار لە سەرەوە بۆ خوارەوە گەشەی کردووە، نەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ناکرێ لەسەر پێشمەرجەکانی

گەشەی دیموکراسییانە لەنێو گەلاندا، نکۆڵی لەڕۆڵی دەستەبژێری نێو کۆمەڵگە بکرێت. زۆرێك لە نووسەران و شارەزایانی سیاسەت هاوشێوەی هەنتینگتۆن، بەهای نوخبە بەرز دەنرخێنن و بە هۆیەکی کارامەیی دونیای دیموکراسی خوێندنەوەی بۆ دەکەن. بەشی زۆریان پێداگیرن، لەسەر کارایی نوخبە وەک سەرچاوەیەکی دیموکراسی. هەر ئەوەیش ئارگیۆمێنتی "بارینگتۆن"ی ڕەت دەکاتەوە کە گوایە شۆڕشێکی خوێناوی، دەتوانێت دەستپێکەری دیموکراسی بێت. ئەگەرچی گشت سەرهەڵدانێکی پارتیزانانە و ڕژێمە شۆڕشگێڕەکان خۆیان بە دیموکراسی ناو دەبەن، بەڵام هەر کاتێک، لەڕێگەی توندوتیژییەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕژێمەی کە لەناویان بردووە، خۆیان ڕژێمێکی زۆر سەرکوتکارانەتر بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. هەنتینگتۆنیش لە میانەی وەڵامدانەوەی پرسی هەڵسووکەوتی پارتە شۆڕشگێڕەکان کە بەئازایخواز و دیموکراتیك ناسراون و دواجار توندووتیژبوون، پێداگری لەوە دەکات کە دیموکراسی، لەدەرەنجامی پرۆسەیەکی لەسەرەخۆی کامڵبوون و کەمترین توندوتیژییەوە بەرهەم دەهێندرێت. نەک لەدەرەنجامی هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانە، لەنێوان هێزە بەرقەرارە زاڵەکاندا. وەك چۆن شرۆڤە و شیکردنەوە دەربارەی بارودۆخ و ئاڕاستەگەلێك کە پەرەپێدانی ئابووری، دەستنیشان و ڕوون دەکاتەوە. بەهەمان شێوە، بۆ ئابووریناسێکیش

شیياو و گونجاوە. بەو پێیەیش شرۆڤە و شیکردنەوەی ڕێگە و شێواز و ئامڕازەکانی بەرەوپێشەوە بردنی سیستەم و ڕێکخستنی سیاسی، سەرەڕای ئەو ناکۆکییانە کە لەسەر چەمکی "ڕەوایەتی" بوونی هەیە پێویستە، بۆ زانایەکی سیاسییش بەهەمان شێوە بێت. بەو مانایە کە زانا سیاسییەکانیش پێویستە دەربارەی سیاسەت و کاروباری سیاسیی کۆمەڵگە، پێوەر و بنەمای دەستنیشانکراو و قبووڵکراویان هەبێت. "ئالڤین تۆفلێر" داهاتووناسێکی ئەمریکاییە، لەپەرتووکی "شۆکی داهاتوو" تیشك دەخاتە سەر بابەتگەلێکی وردی ئامیرە تەکنەلۆژییەکان و تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. جگە لەوە پەرتووکی "شەپۆلی سێیەم"ی "ئالڤین تۆفلێر"، سەنتێزێکە، لەئایدیا و بیروبۆچوونەکانی ڕابردووی نووسەر و زۆرێك ئایدیای نوێ کە خوێنەر ڕووبەڕووی چەندین پرس و بابەت و بیرۆکە و هزری تازە دەکاتەوە. ئەو پەرتووکە دەروازەیەکە، بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوە و تێڕامان دەربارەی پرسە هەستیار و گرنگەکان، وەکوو پەرەپێدان و تەکنەلۆژی. "تۆفلێر" هەوڵ دەدات بەهۆی کتێبەکانییەوە یارمەتیی خوێنەر بدات بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن، لەو پێشهات و ڕووداوانەی کە لەو جیهانە ئاڵۆزەدا ڕوو دەدەن. تێزی شەپۆلی سێیەم، لەسەر ئەو ئایدیا و بیرۆکەیە ڕۆنراوە کە مێژووی مرۆڤایەتی، دوو شۆڕشی تێ پەڕاندووە، (شۆڕشی کشتوکاڵیی و شۆڕشی پیشەسازی).

ئێستایش جیهان، لەسەرەتای شۆڕشی ئەلیکترۆنیداییە. هەروەك چۆن شۆڕشی پیشەسازی، بووە هۆکاری ڕووخانی پێکهاتەکانی سیستەمی کشتوکاڵی. ئەو شۆڕشەی ئێستایش پێکهاتەکانی سیستەمی پیشەسازی لێك هەڵوەشاندۆتەوە، یاخود لەماوەیەکی دیکەدا بەیەکجاری دەیڕۆخینێت. تەنانەت قەیرانی ئێستای جیهانیش، دەرهاوێشتە و ئاکامی ئەو گواستنەوە پڕ لەپشێویەیە کە تەکنەلۆژیا بەرهەمی هێناوە، بەڵام چاودێران دەڵێن ئەو گواستنەوەیە پڕە لەقەیران و ئاڵۆزی. بە بڕوای نووسەر ئەو گواستنەوەیە، بۆ شارستانییەت و کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانەتر و دیموکراسییتر. هەرچەندە دەرهاویشتەکانی نە یۆتۆپیایە و نە دژی یۆتۆپیان، بەڵکوو یۆتۆپیاییەکی کردەیی و ڕاستەقینەی سەر زەوییە کە نە باشترین و نە خراپترین جیهانی مومکینە، بەڵکوو جیهانێکە کە باشترە لەو جیهانەی کە بەجێمان هێشتووە. "تۆفلێر" ناکۆکیی و دژەبەیەکییە مێژوویییەکانی ڕابردوو، لەچوارچێوەیەکی نوێدا دەخاتە ڕوو و شیکردنەوەی بۆ دەکات و پەردە، لەسەر ناکۆکیی و دژبەیەکی نوێ هەڵدەماڵێت کە لە پانتاییەکی بەرفراوانتر و گرنگتر ژیانی ئێمە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لەو ناکۆکیی و دژبەیەکییانەیش، دەتوانین ئاماژە بە ناکۆکیی نێوان لایەنگرانی شارستانییەتی پیشەسازیی و لایەنگرانی شارستانییەتی نوێ بکەین کە لەڕوانگەی نووسەرەوە گرنگترین پێکدادان و

ڕوبەڕووبوونەوەی سەردەمی ئێمە پێك دێنێت. "تۆفلێر" پێیوایە، ئێمە نەوەی گۆڕانکارییەکانی شەپۆڵی سێیەمین. هەرچەندە دۆزینەوەی چەمك و زاراوەییەکی تایبەت بۆ شیکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریی و وەرچەرخانانەی کە لەبەردەماندایە زۆر ئەستەمە، چونکە بەشیکی زۆر لەخەڵك باس لەدەرکەوتنی سەردەمی وێرانیی و کۆتایی دیموکراسییەت دەکەن و، بەشیکی تریش باس، لەسەردەمی زانیاریی و ئەلیکترۆنیك، یاخود باسی (بەجیهانیبوون) دەکەن. "تۆفلێر" دەڵێت: ئێمە وێنای شارستانییەتێکی نوێمان بنیات ناوە کە دەربارەی ئاکام و چۆنێتییەکەی، زانیاریی و تێگەیشتنی تەواومان نییە، ئەوە واتای شەپۆڵی سێیەمە. شەپۆڵی سێیەمیش بە هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکانمان، لەرزۆککردنی ئابووریەکانمان، ئیفلیجکردنی سیستەمە سیاسییەکانمان و ڕووخاندنی سیستەمە بڕوایی و ئایدیۆلۆژییەکانمان، کاریگەری لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئێمە دادەنێت. ئەو شەپۆڵە هەموو ئەو پەیوەندییە کۆن و مێژووییانەی دەسەڵات و هێز. هەروەها مافە تایبەتییەکانی دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە، لەهەمان کاتیشدا زەمینەی جەنگی دەسەڵاتی داهاتوو فەراهەم دەکات. زۆربەی ڕەگەزەکانی ئەو شارستانییەتە کە لە دۆخی بنیاتنان و پێکهاتندایە، لەگەڵ شارستانییەتی پیشەسازیدا لە دژایەتی و ناکۆکیدایە. ئەو شارستانییەتە، لەهەمان کاتدا تا

ڕاددەیەكی زۆر تەكنیكییە، بەڵام لەلایەكی دیكەوە دژی پیشەسازیشە. چاودێران پێیانوایە ئەو شارستانییەتە تەكنەلۆژیە نوێیە، سیستەمی كۆن دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەباشترین شیوە ڕوبەڕووی دەبێتەوە. سیستەمی ئیدارییش بەتەواوی دەڕووخێنێت و، دەیگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هێزی دەوڵەتی نەتەوەیی لاواز دەكات و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئابووریی نیمچە سەربەخۆ، لەجیهانی پاش ئیمپریالیزمدا. گرنگترین بابەتیش ئەوەیە كە شارستانییەتی شەپۆلی سێیەم لێكترازانی مێژوویی نێوان بەرهەمهێنەر و بەكاربەر پڕ دەكاتەوە و، لەهەمانكاتیشدا سیستەمێكی ئابووریی بەرهەمهێنان، بۆ بەكاربەری تاكەكەسی دروست دەكاتەوە. بەو هۆیەوە بە كەمێك زیرەكی دەتوانین ئەو شارستانییەتە بگۆڕین و، بیكەینە یەكەمین شارستانیەتی مرۆڤانەی بەهێز. بیرمەندی ناسراوی بەریتانی، "ئەنتۆنی گیدنز" لە پەرتووكە ناوازەكەیدا بەناوی (لەنێوان ڕاست و چەپدا)، كە یەكێكە لەبەرهەمە ناودارەكانی. نووسەر لێرەدا هەوڵی ئەوەی داوە ڕاڤەكردنێكی قووڵ بكات، لەسەر كۆمەڵگەی مەدەنیی و دەوڵەتی خۆشگوزەران و دیموكراسییدا. نووسەر ئاماژە دەخاتە سەر شێوازێكی نویێ كە بە ڕێبازی سێیەم، لەجیهاندا ناسراوە. "ئەنتۆنی گیدنز" بەپێچەوانەی "فۆكۆیاما"ی خاوەنی پەرتووكی " كۆتایی مێژوو"، پێیوایە كە كۆتایی مێژوو نەهاتووە و پرس و بابەتەكانی

ئیمڕۆی جیهان پێویستی بە ڕێکار و ڕێوشوێنی نوێی تایبەت هەیە کە هزر و ڕوانگە لیبرال - دیموکراسییەکان ناتوانن وەڵامدەری بن و چارەسەی قەیرانەکانی بکەن. نووسەر لایوایە کە (خەتی سێ)، بەدەر لەچەمکی ڕاست و چەپ بۆتە پێویستییەکی گرنگ، بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەم. لاشیوایە بەو شێوازە دەتواندرێت کۆمەڵگە، لەهەموو توندوتیژییەك دوور بخرێتەوە و، لەجێگەی ململانێی توند، دیموکراسیی و دیالۆگ بهێندرێتە ئاراوە. لەو سۆنگەیەشەوە نووسەر دەیەوێ تیشك بخاتە سەر پەیوەندیی نێوان سروشت و مرۆڤ، خێزان، بازاڕ و پەیوەندیی تاك بە کۆمەڵگەوە. "ئەنتۆنی گیدنز"، زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگی بەریتانی، مامۆستای ڕۆحی "تۆنی بلێر"ی سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا و "بیل کلینتۆن"ی سەرۆککۆماری پێشووتری ئەمریکاش بووە. بێجگە لەوانەیش، لەجیهاندا سیاسەتمەداران و چاودێرانی سیاسی بەوردبینییەوە چاودێریی تێزەکانی دەکەن و، لایان وایە کە وەکوو بیرمەندێکی گەورە توانیویەتی لە دەرەوەی تیۆرییەکانی ڕاست و چەپی نەریتییەوە، خوێندنەوەیەکی ورد، لەسەر چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی بەتایبەتی، لەئەورووپادا بکات. "گیدنز" لە پەرتووکەکەیدا باسی مەترسییەکانی ژینگە و گۆڕانکارییەکانی سروشت دەکات و، پێیوایە دەبێت بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤایەتی، پاراستنی ژینگە ببێتە ئەرکی هەمووان.

"لەودیو چەپ و ڕاستەوە"، "ڕێگەی سێیەم" و "میانڕەوی" دواجار گوزارشتگەلێکن بە شێوەیەکی مێژوویی بە دوای یەکدا هاتوون. وەك چۆن بە درێژایی سەدەی بیستەم ئەو ناونیشانانە، لەنێوان شەپۆلە فیکریی و ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکاندا هاتوون. شێوازە جیاوازەکانیش وەك بانگەواز، یاخود ڕاگەیاندنی ڕزگاربوون، لەپەڕگیری هاتوون. هزر و بیرۆکەی "ئەنتۆنی گیدنز"، لە جەوهەریدا ئەو واقیعە قەیراناوییە بەرجەستە دەکات.

# دیموکراسییەت وەك .... پرسێکی کۆمەڵایەتی

ناوەند و چەقی گرنگی پێدانی بەشێك لەزانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی زانستە سیاسییەکان. لە ڕوانگەیەکەوە بریتییە، لە نەزم و سەقامگیریی سیاسیی لە لایەك و، نەبوونی ئەوانە لەلایەکی دیکەوە. هەڵبەتە لەکۆنەوە ناسەقامگیرییە سیاسیی و ترادیسیۆنەکان، نارەزایەتیی و شۆڕشە نەریتیی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ڕیفۆڕم و شۆڕشەکان وەکوو چەمکگەلێکی تیۆری، بۆ هۆکاری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و، هەروەها پرۆسە و ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانە و ئاسەوار و لێکەوتەکانی و دستکەوتەکانی، جێگەی بایەخی بیرمەندانی سیاسی بووە. شۆڕشە ترادیسۆنییەکان دیاردەگەلێك بوونە کەکەم تا زۆر ڕەگەز و چەمکەکانی تری گۆڕانکاریی سیاسییان، لە خۆیاندا هەڵگرتووە. بەو پێیەیش، لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم هەوڵی بەرفراوان، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بەو گۆڕانکارییانە و چۆنێتی و هۆکاری سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەو دیاردانە دراوە. تیۆرییە نەریتییەکان دەربارەی چۆنێتیی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی و دروستبوون و سەرهەڵدانی بارودۆخی شۆڕش، واتا تیۆرییەکانی خەباتی چینایەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و دروستبوونی کاریزما و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی،

ڕیالیزم و دەروونناسیی تاکگەرایانە بوو، بۆیە هەر یەکە لە (کارڵ مارکس و ئێمیل دۆرکهایم و ماکس ڤیبەر و پارێتۆ و ئەلێکسی دۆتۆکڤیل) وهتد، ڕوانگەیەکی جیاوازیان خستۆتە ڕوو. ئەو تیۆرییە نەریتییانە کە زیاتر، لەسەر هەلومەرجی شۆڕش و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کاریان دەکرد، هەوڵیان دەدا کە مۆدێلێکی گشتگیر و یەکگرتوو، بۆ هەموو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان تیۆریزە بکەن، بۆیە ئەو تیۆرییانە بە نەوەی یەکەمی تیۆرییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێن، بەڵام لە نەوەی دووەمی تیۆرییەکان، بیرمەندگەلێك وەکوو "ئێسمەلسەر"، "جۆنسۆن"، "دیڤیس وگار" هەوڵیان دەدا بە کەڵك وەرگرتن، لەپارادایمی "مۆدێرنیزاسیۆن" هۆکار و کاتی ڕوودانی شۆڕشەکان، شرۆڤە و دەستنیشان بکەن کە ئەوەیش کەوتە بەر ڕەخنەی بیرمەندانی پاش ئەوانەوە. پاشان بەرهەمەکانی زانایانێك وەکوو "ئازێنشتایت"، "پیگ" و "ڕیچارد تیلی" و "تریمبەر گێرد سکاچپۆل" وەکوو ڕوانگەی نەوەی سێیەم دەرخرێنە ڕوو، کە زیاتر بە ڕوانگەی پێکهاتەیی، یاخود ستراکچرالیزم دەناسرێت. بەو واتایە کە ئەو بیرمەندانە هەوڵیان داوە کە ستراکچەری دەوڵەت، گوشارە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵگەی جووتیاری، هێزە چەکدارەکان و ڕەفتاری دەستەبژێرەکان، بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی سەرهەڵدان و ڕوودانی شۆڕشە ترادیسیۆنەکان بیانخەنە ژێر لێکۆڵینەوە، بەڵام

"جۆن فۆرن" بۆ ئەو دابەشکردنەی "ئێسکاچپۆڵ" نەوەی چوارەم زیاد دەکات و، بڕوای وایە کە نەوەی چوارەمی تیۆریسییەنەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی بزووتنەوە و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر گرنگی بە خوێندنەوەی هۆکارگەلێك وەکوو: پەرەپێدانی ناهاوسەنگیی سەرمایەداری، داتەپینی لەناکاوی ئابووری، هەلومەرجی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی و کلتووریی و سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەران، قەیرانەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و هاوپەیمانێتییەکانی دەرهاوێشتەی ئەو قەیرانانە، ڕۆڵی دەوڵەت و سەرکوتکاری، ئایدیۆلۆژی و بنەما کلتوورییەکانی نارەزایەتیی سیاسیی و هەلومەرجی گونجاو و کرانەوەی سیستەمی جیهانی دەدەن. لە جێگەی خۆیەتی بە گرنگەوەیش ئاماژە بە پەرتووکی (ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکتاتۆریی و دیموکراسی) کە لە لایەن "برینگتۆن مۆر"، کۆمەڵناسی سیاسیی بەناوبانگی ئەمریکایی نووسراوە بدەین. هەر لە کاتی یەکەم وەشانی خۆیدا لەساڵی ١٩٦٦ تاوەکوو ئێستاکە، بە هۆی جۆراوجۆرەوە گرنگی و نفووزێکی زۆری لەنێو زانا و لێکۆڵەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەیدا کردووە. ئەو پەرتووکە بە کەڵك وەرگرتن، لەمیتۆدی کۆمەڵناسیی بەراوردکاری - مێژوویی، بەدوای دۆزینەوەی ڕیشە مێژووییەکانی بارودۆخی سیاسیی جیهانی سەردەمدایە و، چۆنێتیی گۆڕانکاریی و وەرچەرخان لە کۆمەڵگەی نەریتی، بۆ

کۆمەڵگەی پیشەسازی دەخاتە بەر باس و لێکدانەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەو پەرتووکە، دۆزینەوەی ڕێگە جۆراوجۆرەکانی پەرەپێدان و نوێبوونەوە و، هەروەها یاساکانی وەرچەرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە ڕۆڵی ڕێبەر و ڕژێمە سیاسییە تایبەتەکان بۆ پەرەپێدان و نوێبوونەوە و وەرچەرخان چیتر گرنگیی پێشوویان نامێنێت. بە بڕوای "برینگتۆن مۆر" ئەگەر ڕوودانی شۆڕشێك پەنجا ساڵیش وەپاش بکەوێت زۆر گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە گرنگە ئەوەیە کە ڕێگە و شێوازی مۆدێرنیزاسیۆن و دەرهاوێشتە و ئاکامە درێژخایەنەکانییەتی. تیۆریی "مۆر"، لەگەڵ دوو دەستە لە تیۆرییەکانی زاڵ و باوی سەردەمدا ناکۆکیی هەیە. ئەو دوو دەستەیەیش بریتین، لە تیۆرییەکانی (نیو مارکسیزم) دەربارەی پەرەپێدان و دواکەوتوویی و تیۆرییەکانی پەرەپێدانی هێڵی لەنێو تیۆریسییەنە خۆرئاواییەکاندا. بە ئاگاداربوون و چاوپێداخشاندنێك بەو تیۆرییانە، باشتر دەتوانین لە بەڵگەکانی "مۆر" تێ بگەین. "مۆر" هۆکارە ناوخۆییەکانی پەرەپێدان و دوواکەوتوویی، بە هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕەوشە دەزانێت. هەروەها "مۆر" پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی وڵاتان و ڕیشە و ئاکامە جۆراوجۆر و جیاوازەکانیان دەخاتە بەردەم لێکۆڵینەوە. بەتایبەت شێوازەکانی چەوساندنەوەی

ئابووریی چینە بەرهەمهێنەرەکان، لەلایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە کە یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، بە یەکێك لە ڕێگە سەرەکییەکانی دەستنیشانکەری مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵایەتی دەزانێت. بەو پێیە هەرچەندە "مۆر" گرنگیی زۆر بە هۆکارە ناوخۆییەکانی پەرەپێدان و نوێبوونەوە دەدات، بەڵام هۆکارەکانی دەستنیشانکەر و یەکلاکەرەوەی ئەم پرۆسەیە، لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەدۆزێتەوە. هەروەها بەپێچەوانەی "ماکس ڤیبەر" و لایەنگرانی تیۆرییەکانی ناوبراو، هۆکارە کلتوورییەکان بە ڕەنگدانەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت، چونکە "ڤیبەر" لانی کەم یەکێك لە هۆکارەکانی دەستنیشانکەری سەرهەڵدان و پەرەپێدانی سەرمایەداری لە خۆرئاوا، لە پێکهاتەی بڕوایی و ئەخلاقیی ئایینی کۆمەڵگەدا دەدۆزێتەوە. "مۆر" دەربارەی ڕێگە و شێواز و ئاکامەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، لەگەڵ کۆمەڵێك لە تیۆریسییەنەکانی هاوچەرخدا ناکۆکە. "مۆر" دەیەوێ بڵێ کە مێژووی چەند سەدەی دوایی، ئەوە دەردەخات کە سێ ڕێگەی گشتیی، بۆ مۆدێرنیزاسیۆن لە ئارادان: یەکەم شێواز، ڕێگەی مۆدێرنیزاسیۆنی دیموکراتیك و سەرمایەدارانە بووە. لەو دەوڵەتانەی کە بەو شێوەیە نوێ بوونەتەوە، چینێکی نوێ بە بنکەیەکی سەربەخۆی ئابووری لە چینی دەسەڵاتداری نەریتی سەری هەڵدا و دروست بوو و، توانیی

له ڕێگەی شۆڕشەوە بەشێك لەو چینە دەسەڵاتدارە لەناو ببات. وەکوو: بەریتانیا و فەرەنسا. دووەمین شێوازی مۆدێرنیزاسیۆنی وڵاتان، لە ڕێگەی شۆڕشی پارێزگارانەوە بووە کە لە ئەڵمانیا و ژاپۆن ڕووی دا. لەو شێوازەدا چینی سەرمایەداری بازرگان و پیشەساز بە هۆی لاوازیی خۆی ناچاربوو، بۆ مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی نەریتەکانی کۆمەڵگەدا، لەگەڵ چینی خاوەن زەوی، هاوپەیمانی و هاوبەندییەك پێك بێنێت. بنەمای سەرەکیی ئەو شیوازە، پێکهێنانی بەرە و هاوپەیمانێتییە لەنێوان ئەو دوو چینەدا، بەڵام ئەو شێوازەیش ڕێگەیەکی سەرمایەدارانەیە و، لە کۆتاییشدا گەیشتە سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم. ڕێگەی سێیەمی مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕوانگەی "مۆر"ەوە، شێوازی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمۆنیستییە. ئەو شێوازە لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕووی دا، کە چینە دەسەڵاتدارەکانیان نەیانتوانیوە مۆدێرنیزاسیۆنی پیشەسازی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام بدەن. هەروەها بیرۆکراسیی دەوڵەتییش ڕێگەی لە گەشەکردنی گروپە بازرگان و پیشەسازییەکان گرتبوو. لە ئاکامدا چینی ناوەڕاست گەشەی نەسەند، تاوەکوو لانی کەم بە شێوازی ڕێگەی دووەمی مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ ئەریستۆکرات و خانەدانە خاوەن زەوییەکان هاوپەیمانێتییەك پێك بێنێت. لە ڕوانگەی "مۆر"ەوە، بۆ پەرەپێدان و مۆدێرنیزاسیۆنی پیشەسازی، تێپەڕین، لەیەکێك لەو سێ ڕێگەیە بە ناچاری بووە و بێجگە لەو سێ

ڕێگەیەیش ڕێگەیەکی تر بۆ گۆڕانگاری و مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە لە ئارادا نییە و بوونی نییە. هەموو ئەو شێوازانەیش، بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی کەڵەکەبوون و، هەروەها بەکارهێنانی زیادەی ئابووریی و سەرمایەی کۆمەڵگەیە. بەگشتی ئامانجی ئەو پەرتووکە، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ڕۆڵە سیاسییەکانی چینە خاوەن زەویی و جووتیارەکانە لەنوێبوونەوەی ئەو کۆمەڵگەیانە کە ئابوورییان لەسەر بنەمای کشتوکاڵییە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، پرسی سەرەکیی ئەو پەرتووکە، دۆزینەوە و لێکدانەوەی چۆنێتیی کاریگەریی ئەو چینانەیە لە سەرهەڵدانی دیموکراسیی پەرلەمانی و دیکتاتۆریی چەپ و ڕاستەکانە (واتا فاشیزم و کۆمۆنیزم). چەمك و واتای بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بە مانای گۆڕانکارییەکانی بواری فۆڕم و چوارچێوەی پێکهاتە یاخود ستراکچەر و، هەروەها کردەوە و ڕەفتاری بزووتنەوەکانی سەردەم و پەیوەندییان لەگەڵ گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانەیش ڕیشەی لەو گۆڕانکارییانەی سەردەمی ئێمەوە هەیە. لە ڕوانگەی نووسەرانی ئەو پەرتووکەوە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیە پۆلین دەکرێت:

یەکەم: بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییەکی دیاریکراو و ڕۆشنیان لەسەر ڕۆڵی پێکهاتەیی بەشداریکەران

نییه. بەو واتایە کە لە سەرووی پێکهاتەی چینایەتین و، پێگە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان وەکوو گەنجایەتی، ڕەگەز، ڕوانگە و هەڵوێستی ڕەگەزی و پیشەیی لەخۆ دەگرن.

دووەم: تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆژییەکانی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان لە دژایەتییەکی ئاشکرا و ڕوون لەگەڵ بزووتنەوەکانی چینی کرێکار و ڕوانگە و تێڕوانینی مارکسیستی، لە ئایدیۆلۆژی وەکوو ڕەگەزێکی کۆکەرەوەی یەکێتیی و یەکگرتوویی خولقێنی گشتگیر، بۆ ڕەفتاری بەکۆمەڵدایە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەو بزووتنەوانە فرەییەکن لە بیروبڕوا و بەهاکان، بەرفراوانکردنی سیستەمی بەشداریی ئەندامان لە بڕیاردروستکردنی بەکۆمەڵ، چالاکیی بەرەو بەدیموکراتیککردنی ژیانی ڕۆژانە و بەرفراوانکردنی ڕەهەندی مەدەنی و شارستانییە بە بەراورد لەگەڵ ڕەهەندە سیاسییەکانی بزووتنەوە نەریتییەکان.

سێیەم: بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشە و بانگەوازی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسنامە و شوناسە نوێیەکان دەکەن. بەو واتایە، ناڕەزایەتییەکان و هۆکارەکانی کۆکردنەوەی تاکەکان، لە دەوری پرس و بابەتێکی کلتووریی و هێمایی کە پەیوەندیی لەگەڵ بابەتە ناسنامەیییەکاندایە دەخولێتەوە، یاخود دەسووڕێتەوە. نەك لە دەوری ناڕەزایەتی، لەسەر پرسێکی ئابووری کە بزووتنەوە کرێکارییەکانی پێناسە دەکرد. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەو

بزووتنەوانە بە کۆمەڵێك لە بیروبڕواکان، هێماکان، بەهاکان و واتاکانی دەربارەی هەستی ئەندامبوون و هۆگری بە گروپێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز، وێنای تاکەکان لە "خود" و ڕوانگە نوێیەکانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی ڕۆژانە گرێ داروە. ئەوەیش بە هۆی ئەوەی کە ناسنامە نوێیەکان لە جیهانی مۆدێرندا دروست بوونە یاخود ڕۆ نراون.

چوارەم: لە بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵ نادیار و ناڕوونە. بەو واتایە کە لەم چەشنە بزووتنەوانە کە بنکەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئابووریيان نییە، بزووتنەوەکە دەبێتە ناوەندێك کە تیایدا تاکەکان پێناسەی تاکەکەسیی خۆیان لە بزووتنەوەیەکەدا دەناسێنن و چالاکیی ناوخۆی بزووتنەوەکە بە شێوەی تێکەڵاوێك لەو ناسنامانەی کە دیانەوێت لە ئاستی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ خۆیان بسەلمێنن بەرجەستە دەبێت.

پێنجەم: بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی کاتەکان دێنە ناو ڕەهەندە تاکەکەسی و تایبەتییەکانی مرۆڤ. پرسگەلێکی وەکوو گۆڕانکاری لە ڕەفتاری سێکسی و جەستەیی، مافی هاوڕەگەزخوازەکان، لەباربردنی کۆرپەلە، مادده هۆشبەرەکان و هاوشێوەکانیان، گرێدراونەتە بوارەکانی تایبەتی ژیانی مرۆڤەکانەوە. شەشەم: شێواز و چوارچێوە و مۆدێلەکانی

کۆبوونەوەی تاکەکان لە بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر بنەمای نافەرمانیی مەدەنی و ناتوندوتیژییە، کە جیاواز لە بزووتنەوەکانی پێشووتر. وەکوو بزووتنەوەکانی کرێکارییە، بێگومان هەوڵ دەدەرێت کە لە ستراتیژییە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارەدا. وەکوو ستراتیژیی ناتوندوتیژیی گاندی، کرۆپۆتکین و...، کەڵك وەربگیرێت.

حەوتەم: ڕێکخستن و بەرفراوانبوون و بەربڵاوبوونی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، بەو هۆکارەیە کە حزبە نەریتییە جەماوەرییەکان بوونەتە هۆی بێزاری و نامۆبوونی تاکەکان و، هەروەها کەناڵە نەریتییەکانی بەشداری لە دیموکراسییە باوەکان بوونەتە جێگە نارەزایەتی و رەخنەی تاکەکان.

هەشتەم: بەپێچەوانەی بیرۆکراسییەکانی ناوەندگەرای حزبە سیاسییەکانی نەریتی و جەماوەری، ڕێکخراوەکانی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان حەزیان لەوەیە کە بە شیوەی کەرت کەرت، بەرفراوان و بەربڵاو و نا ناوەندی بن.

# جیهانی سێیەم و دیموکراسییەت

ئەمڕۆکە وا دێتە بەرچاو، کە هەمەڕەنگی بارودۆخەکان، بۆتە هۆی لێکدابڕان و پچڕانی ئەو یەکگرتووییەی جیهانی سێیەم. دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەوڵەتانی پیشەسازیی نوێ لە ئاسیا و، وڵاتانێکی وەکوو چین و هندستان و بەڕازیل، کەلێنێکی قووڵی لەنێوان ئەو وڵاتانە دروست کردووە کە گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز، یاخود ڕێژەیی لە پەرەسەندندا، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە وەکوو دەوڵەتانی ئەفریقی لەگەڵ داتەپینی ئابووریدا ڕووبەڕوو بوونەتەوە و کەوتوونەتە ناو قەیران و ڕەوتی پاشەکشە، جیاوازیی و ناهاوسەنگیی نێوان ئەو دوو گروپە، لە دەوڵەتان تا ئەو ڕادەیەیە کە ئەستەمە بتوانین ئەو هۆکارە دەستنیشان بکەین و لێی تێ بگەین کە جارێکی تر ببێتەوە هۆی یەکگرتووییان. بەو پێیەیش ڕەوتی گەشەسەندنی دانیشتووان لەو جۆرە وڵاتانەدا، زۆر جیاوازە. لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە لە کۆتاییدا بە شێوەیەك توانیویانە گەشەسەندن و بەرفراوانبوونی دانیشتووان کۆنترۆڵ بکەن و، ئەوانەی کە لەگەڵ جۆرێك لە تەقینەوەی زیادبوونی دانیشتوواندا ڕووبەڕوون، لەنێوان هەلومەرجی ئەو دەوڵەتانەدا بۆتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێك بارودۆخی جیاواز. لە بەرانبەردا کۆمەڵێك لە بیرمەندان بڕوایان وایە کە چەمکی تاڵانی جیهانی سێیەم لە لایەن

دەوڵەتانی باکوور و پیشەسازیی و پێشکەوتوو، چەمکێکی دروستکراوی درۆیینە و، تەنانەت ئەو وڵاتانە بە یارمەتیی سەرچاوەکانی خۆیان گەشەیان کردووە. نەك لە ڕێگەی سەروەت و سامانی وڵاتانی، جیهانی سێیەمدا. هەروەها ئەوانە بڕوایان وایە کە بازاڕی جیهانی سێیەم، ڕۆڵیکی لاوەکیی، بۆ هەناردەکارانی وڵاتانی سەرمایەداری هەیە و هەبووە. لەو ڕووەوە کەموکورتییەکانی جیهانی سێیەم، ڕیشەی لە بەها و لادانەکانی دۆخی ناوخۆییی خۆیاندایە. بەتایبەت کاتێك کە ئێمە لەو وڵاتانەدا، دەوڵەتێکی بەهێز و بازاڕێکی کارامە و شیاومان نییە. جیاوازیی نێوان بەرژەوەندیی وڵاتانی لە دۆخی گەشەسەندندا، زۆر قووڵ و جددییە و، هەر هەوڵێك بە مەبەستی پۆلینکردنی بەرهەمهێنەران، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. لە لایەکی ترەوە، ململانێ و پێکدادانە سنوورییەکان لەنێوان وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. ئەو دەوڵەتانەی ڕووبەڕووی یەکتری کردۆتەوە و ڕاگەیاندراوەکانی کۆتاییی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی، زۆربەی کاتەکان و بەگشتی، بێسوود و بێئەنجام بوونە. لە کۆتاییشدا هەڵوەشانەوەی سیستەمە سۆسیالیستییەکان لەئەورووپا لە ١٩٨٩دا، بەشێکی زۆر لە گوتار و وتەکانی لایەنگرانی جیهانی سێیەمی، بێکەڵك و کۆن کردووە. تا ئەو ڕاددەیەی کە جیهانی سێیەم، ئیتر ناتوانێت وەکوو بابەتێکی گرفت و کێشەخوڵقێن لەنێوان دوو بلۆکی پێك دژ، سەر هەڵبداتەوە.

بەپێی ڕوانگەی "نیو لیبراڵەکان"، تەنیا یەك جیهانی گەشەسەندوو و یەك ڕێگەی گەشەسەندن بوونی هەیە و، ئەویش لیبراڵیزمە. بەمانایەکی دیکە، چەمکی جیهانی سێیەم کە لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا سەری هەڵدا و بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بوویەوە ئیمڕۆکە، بۆ شیکردنەوەی دۆخی زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بەکار دێت. ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە، بارودۆخی هەنووکەیی ئەو کۆمەڵە وڵاتە پەرشوبڵاوانە و ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەگەڵی بەرەوڕوون، دەستنیشان و، پاشان بخاتە ڕوو و شرۆڤەیان بکات. "ئالفرێد سووی" لە نووسینێکدا لە ڕێکەوتی ١٤-١٠-١٩٥٢ بە ناونیشانی "سێ جیهان و یەك هەسارە" بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت: ئەو جیهانە سێیەمە لەبیرکراوە، چەوسێنراوە و گاڵتەپیکراوە، وەك چینی سێیەمی شۆڕشی فەرەنسا، دەیەوێت حیسابێکی بۆ بکەن. هەروەها "ئالفرێد سووی"، ئاماژە بە دوو جیهانی (سەرمایەداریی و کۆمۆنیستی) دەکات کە سەرەڕای ئەوەی کە پشتیان بە یەکتری بەستووە، بۆ داگیرکردنی جیهانی سێیەمیش، کێبڕکێی و ململانێی یەکتری دەکەن. بەم پێیە "ئالفرێد سووی" دەڵێت: جیهانی سێیەم، خاوەن ویست و پاڵنەرێکی هاوبەشن، بۆ بەرگری لە هەمبەر دوو جیهانی تردا.

هەڵبەت (جیهانی سێیەم -گەرایی)، بزووتنەوەیەکی هاوپەیمانە لەگەڵ ئەو گەلانەی کە قوربانیی ئیستیعمار و ئیمپریالیزمن. پاشان

له ساڵی ۱۹۵۵، بیست و پێنج وڵاتی ئاسیایی و ئەفریقایی، له "باندۆنگ"ی ئەندۆنیسییا، پێکەوە کۆبوونەوە، که بەرژەوەندیی و ویستی هاوبەشیان بخەنه ڕوو و، بۆ پەرەپێدانی ئابووریی و کلتووریی و سیاسی لەنێوان خۆیاندا، چارەیەك ببینەوە. ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەی "باندۆنگ"، ئیستعماری وەك بەرپرسی دواکەوتوویی و وابەستەبوونی جیهانی سێیەم، لەبەرانبەر وڵاتانی باکوور هەژمارکرد. هەروەها کۆنفرانسەکانی "بێلگراد ۱۹٦۱" و "ئەلجەزائیر ۱۹۷۷"، ناوەڕۆکی کۆنفرانسی "باندۆنگ"یان به شێوەیەکی بەرفراوانتر له وڵاتان (گرووپی ۷۷ و وڵاتانی بێلایەن)، لەسەر بنەمای پچڕان له دوو بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەست پێ کردەوە و، جەختیان لەسەر گرتنەبەری هەڵوێستی بێلایەنی کاریگەر و چالاك، کردەوە. هەروەها خوازیاری پێکهاتنی سیستەمێکی ئابووریی نوێی، نێودەوڵەتی بوون. لایەنگرانی جیهانی سێیەم، هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو چەوسانەوە و تاڵانانه دەدەن که له لایەن وڵاتانی باکوور دژی وڵاتانی جیهانی سێیەم، یاخود وڵاتانی باشوور کراون. ئەو تاڵانکردنەیش به بڕوای ئەوان، به هۆی ئاڵوگۆڕی نایەکسان و نادادپەروەرانه هەر بەردەوامه و درێژەی هەیه و، ئەوەیش بارودۆخی وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕۆژ به ڕۆژ ناڵەبارتر دەکات. بەم پێیەیش سیستەمێك له پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕ دروست دەبێت، که تیایدا دەوڵەتانی پیشەسازی له ناوەند و، جیهانی

سێیەم لە پەراوێزدا دەبن، بەڵام لێرە پرسیارە گەوهەرییەکە دێتە ئاراوە، کە ئایە چەمکی جیهانی سێیەم بوونی ماوە، یان کۆتاییی پێ هاتووە؟ لەو سۆنگەیە پێویستمان بەوە دەبێ ڕەوشی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و یاسایی نێو دونیای عەرەبی و ئیسلامیش شرۆڤە بکەین، وەك جوگرافیایەکی فراوانی سەر بەجیهانی سێیەم. دیارە کۆمەڵگەی عەرەبیی و مسوڵمانان، لەنێوان دوو بژاردەی لێڵدایە: بژاردەی "دەوڵەتێکی هاوردەکراو" لە هزری خۆرئاوا، یان بژاردەی "دەوڵەتێکی مێژوویی". لەنێوان ئەو دوو بژاردەیەدا، وڵاتانی عەرەبی و مسوڵمان، دروست بوونە. ئەو وڵاتانە لەنێوان دوو جیهانی جیاوازدا و لەنێوان دوو سەردەمدا دروست بوون. وڵاتانی عەرەب و مسوڵمان، خۆیان بە دەوڵەتێکی مۆدێرن پێناسە دەکەن، کەچی بنەما ناوخۆیییەکانیان زۆربەیان مێژوویین. لەو ناوەندەدا، "دەوڵەتی تەواونەکراو" پەیدا دەبێت. دەوڵەتێك کە ناتوانێت یاسا دابهێنێت، ناتوانێت یاسا سەروەر بکات، لەبەر بوونی بنەمای باڵاتر. لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا حکوومەت و دادگەکان دەسەڵاتی ڕەهایان لەدەستدا نییە. هەندێك دەسەڵاتداری ئایینی و کۆمەڵایەتی، خۆیان لە سەرووی دەوڵەتەوە دەبینن. هەر ئەوەیشە وادەکات کە هەندێك دەوڵەتی عەرەبی و مسوڵمان، چەمکی دەوڵەتیان لەسەر جێبەجێ نەکرێت. واتا ئەو دەوڵەتانە تەنیا بەناو دەوڵەتن، لە ناوەڕۆکدا شتێکی ترن. نووسەر و بیرمەند "عەلی میزقانی"، پرۆفیسۆر

لەزانكۆی سۆربۆن - پاريس و زانكۆی تونس، پەرتوكێكی بەناونيشانی (دەوڵەتی تەواونەكراو، پرسی ياسا لەوڵاتانی عەرەبدا) بەو دواييانە بەزمانی فەرەنسی بڵاوكردەوە. ئەو كتێبە، يەكێكە لە بەرهەمە گرنگەكان دەربارەی پرسی ياسا لە وڵاتانی عەرەبيدا. بەرهەمێكی هزری، ياسايی و ڕەخنەگرانەيە، بە زمانی فەڕەنسی نووسراوە. ئەگەر بە زمانی عەرەبی بنووسرايە، نووسەرەكەی بەئاسانی لە كۆت و بەندی حكوومەتە عەرەبييەكان ڕزگاری نەدەبوو. يەكەم ئامانجی ئەو كتێبە، دەرخستنی هۆكاری نەبوونی سەروەريی ياسايە، لەهەندێك وڵاتانی عەرەبی و مسوڵماندا. لەڕوانگەی نووسەرەوە، ململانێيەكی توند لەنێوان دەوڵەت و كۆمەڵگەدا هەيە. لەهەموو كۆمەڵگەيەكدا، پێويستە وڵات پێش بكەوێت، بۆ ئەوەی بگات بە "دەوڵەتی ياسا". بەڵام كۆمەڵگەی وڵاتانی عەرەبی، لەگەڵ بەها بنەڕەتييەكانی دەوڵەتدا ئاشنا نييە. كەواتە لە وڵاتانی عەرەبيی و مسوڵماندا هەردەم دوو ڕەهەند، دوو ئاست و دوو كات، لەململانێدان. بريتيين، لە نەريت و مۆدێرنيتێ. بە ڕای نووسەر، كۆمەڵگەی عەرەب و مسوڵمان، بيركردنەوەی ياساييان لاوازە. مانای ئەوە نييە كە ياسا نييە، بەڵكوو بەپێچەوانەوە ياساكان گەلەك زۆرن، چونكە كۆت و بەندەكان لەو كۆمەڵگەيانەدا لەبرەودايە، بۆيە پێويستيان بەياسای زۆرهەيە؟!. مرۆڤ لەوها ژينگەيەكدا، تەنيا ئەوەندەی پێ دەكرێت كە ڕێز لەياسا پيرۆزەكان

بگرێت کە لەبەرانبەرییدا، یاسای دەوڵەت گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێنت. یاسا پیرۆزەکانیش ئایین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەوەی بەشی زۆری تاکەکان باوەڕیان پێیەتی. کەواتە کۆمەڵگەی عەرەبی و مسوڵمان، هەمیشە لەنێوان ململانێیەکی یاساییدان، "یاسای باوەڕە" و "یاسای دەوڵەت". نووسەر گرنگییەکی تەواو بە پرسی "کات" لە کۆمەڵگەی عەرەبیی و مسوڵمانان، دەدات. نووسەر دەڵێت، مێژوو لەژیانی ئەو کۆمەڵگانەدا، ڕابردوو نییە، بەڵکوو مێژوو ئێستا و داهاتووە. واتا، پرۆسەی بەمێژووکردنی سەردەمی پێغەمبەرایەتی، بە هەموو شێوەیەك ڕەت دەکرێتەوە. بۆ ئەوەی یاسای ئیمڕۆ و داهاتوو بزانن، پێویستە یاسا دانەرەکان دەست بکەن بە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ژیان و دەقەکانی ڕابردوو. کاتێك یاسایەك لەهەندێك دەوڵەتی عەرەبیی و مسوڵمان دادەنرێت، بیر لەپێداویستییەکان و بەرژەوەندییەکانی تاکی ئەو سەردەمە ناکرێتەوە. کەواتە لێرەدا بنەما جەوهەریەکانی دیموکراسیی و هاووڵاتیبوون، لەکۆمەڵگەی عەرەبیی و مسوڵماندا، پشتگوێ دەخرێت. بە ڕای نووسەر، لەو کۆمەڵگانەدا، داهێنەری یاسامان نییە، بەڵکوو یاسا دەرخەرمان" هەیە. واتا ئەو کەسانەی کە یاسا دادەنێن، تەنیا یاساکانی ڕابردوو "دەردەخەن". لێرەدا نووسەر کۆی پرۆسەی یاسادانان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و، دەڵێت کە دەستوورەکان تەنیا دیکۆرێکن، بۆیە دەستوورەکان باڵاترین یاسای دەوڵەت نین.

له لایه‌كی تره‌وه، هه‌وڵ ده‌دات ئه‌وه به خوێنه‌ر بڵێت كه پرۆسه‌ی به مۆدێرنكردنی كۆمه‌ڵگه‌ی عه‌ره‌ب و مسوڵمان، پێویستیی به ڕێفۆڕمێكی قووڵ و بنه‌ڕه‌تیی كۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه. ده‌سه‌ڵاتداره سیاسییه‌كان، ناتوانن به‌ته‌نیا سه‌ركه‌وتوو بن. باسی هه‌ندێك ده‌سه‌ڵاتدار ده‌كات كه نه‌یانتوانیوه، یان ناتوانن ئه‌و مۆدێرنیته‌ی كه خۆیان ویستوویانه، به‌سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌دا بسه‌پێنن. زۆر به وردی ،و له‌ڕێگه‌ی توێژینه‌وه‌ی لۆژیكی و زانسیتی سیاسییه‌وه، نموونه‌ی دۆخی فه‌رمانڕه‌وایی شای ئێران و بورقیبه‌ی توونس ده‌خاته ڕوو. سه‌پاندنی هزری مۆدێرن، كاردانه‌وه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تیی توندی ده‌بێت، نه‌ك به‌ره‌و ئاڕاسته‌ی داهاتوو، به‌ڵكوو به‌ره‌و كۆمه‌ڵگه‌یه‌ك كه ئاڕاسته‌ی گه‌ڕانه‌وه به‌ره‌و مێژووی، له‌لاوه گه‌له‌ك پیرۆزتره. به‌دیوێكی دیكه‌دا زۆرێك له‌و وڵات و ناوچه عه‌ره‌بی و ئیسلامیانه، به‌ده‌ستی نه‌بوونی یاساكانی تایبه‌ت به ماف و ئازادییه‌كانه‌وه ده‌ناڵێنن كه بۆته هۆی دواكه‌وتن و به‌ره و پاشه‌وه‌چوونی زۆربه‌ی گه‌لانی ناوچه‌كه. هه‌ڵبه‌ته چ له‌سه‌ر ئاستی دونیا و چ له‌سه‌ر ئاستی ناوچه‌یی و ته‌نانه‌ت له‌سه‌ر ئاستی ناوخۆی وڵاتانیشدا، مافه بنچینه‌ییه‌كانی مرۆڤ بوونه‌ته جێگه‌ی بایه‌خپێدان و لێكۆڵینه‌وه و باس و گه‌نگه‌شه و، به ده‌یان ڕێكخراو و سازی (ده‌زگه)ی نێوده‌وڵه‌تی و ناوچه‌یی و نێوخۆیی بۆ به‌ره‌وپێشبردن و چاودێریی پێشێلكردنی ئه‌و مافانه له مه‌یداندان و، به‌كورتی تۆماری مافه‌كانی

مرۆڤ لە هەر وڵاتێکدا مەودای پابەندبوونی سیستەمی سیاسیی وڵاتەکە نیشان دەدا، بەو بەڵگەنامانەی خۆی مۆری کردوون. لەدوای برانەوەی جەنگی جیهانیی دووەمەوە، بە دەیان ڕێککەوتننامە و پەیماننامە، پرۆتۆکۆڵ، جاڕنامە، ڕاسپاردە، بڕیار و ڕێسای یاسایی نمونەیی، لەو بوار و ئەو بواری مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتەکانی سەر بەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە دەرچوون . بەشێك لەو مافانەیش، جێگەی خۆیان لەناو دەستوور و یاسای بنەڕەتی و یاساکانی دیکەی وڵاتاندا کردووەتەوە. لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانیشدا، هەندێك لەو مافانە بە یاسا ڕێك خراون، وەك: یاسای حزبەکان، یاسای کاری ڕۆژنامەگەری، یاسای خۆپیشاندان، یاسای بەدەستهێنانی زانیاری و هتد. ئێستە، ئەو پەیماننامە و جاڕنامە و بنەمایانە، بوونەتە بەشێکی سەرەکیی و بنەڕەتیی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، کە لقێکیشە لە یاسای نێودەوڵەتی، لەکاتی ئاشتی و ئارامیدا، دەبێ دەستیان پێوە بگیرێ و لەسەر دەوڵەتانە کە ڕێز لەو مافانە بگرن و دەستەبەریان بکەن. یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، سەروکاری بە چەندین یاسای ناوخۆیی هەیە وەک: یاسای سزاکان، یاسای کار، یاسای باری کەسێتی و هی دیکەیش. واتە ئەو یاسایە، هەم بەشێکە، لە یاسای نێودەوڵەتی و هەم بەشێکی یاسای ناوخۆیی وڵاتانیشە و، ئەوەیش

جۆرێ لە تێکهەڵکێشی و بەندیواریی، لەنێوان ئەو دوو یاسایەدا پێک هێناوە. بەشی زۆری ئەو مافانە، تاك وەك تاك دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێ. وەك مافی ژیان کە مافێکی بنەڕەتییە و، دەبێ یاسا بیپارێزێ و، نابێ هیچ کەسێك ملهوڕانە لە مافی ژیان، یان لە ئازادی بێبەش بکرێ و ئەشکەنجە و ئازار بدرێ. هەندێکیشیان بە کۆڕ و کۆمەڵ، دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ. وەك مافی بڕیاردانی چارەنووس کە لە مادده ١ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە و دەڵێت "هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، بە پشتبەستن بەو مافە. دەکارن ئازادانە ستاتۆی سیاسیی خۆیان بڕیار بدەن و، بە ئازادانەیش درێژە بە نەشونمای ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کلتووریی خۆیان بدەن. لێرەدا وشەی "گەلان" بە شێوەیەکی ڕەها هاتووە و پرەنسیپێکی یاساییش هەیە کە دەڵێ: "المطلق يجري على اطلاقه." یان مادده ٢٧ی هەمان مادده لەبارەی کەمیینەکانەوە دەڵێ: لەو دەوڵەتانەی کە کەمیینەی ئیتنی، ئایینی، یان زمانییان هەیە، ئەو کەسانەی کە سەر بەم کەمیینانەن، نابێ حاشا لەو مافەیان بکرێ، پێکڕا لە پاڵ ئەندامانی دیکەی ئەو گروپەدا، کەڵك لە کلتووری خۆیان وەربگرن و پەیڕەوی لە ئایینی خۆیان بکەن و ڕێورەسمەکانی جێبەجێ بکەن، یانی زمانی تایبەت بە خۆیان بەکار بهێنن. کەواتە، لەسۆنگەی پەرەسەندنی ئەو یاسایەوە، لە پاڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە

نێودەوڵەتییەکاندا، "تاکەکەس"یش، بەم یان بەو ڕاددەیە، بووەتە سوژەی ئەو یاسایە. لە چەندین ڕێککەوتننامە، جاڕنامە، پرەنسیپ، ڕاسپاردە و بنەمای نێودەوڵەتییدا، ئاماژە بە ڕەوشی تاکەکەس و ماف و ئەرکەکانی کراوە. ڕاستە ئەو دۆکیومێنتانە، لە ڕووی هێز و بڕستی یاسایی و پابەندبوون پێیانەوە وەکیەک نین، لێ بەگوێرەی پرەنسیپی لەسەرەوەبوونی یاسای نێودەوڵەتی، دەکرێ لە دەستوور و یاسای ناوخۆی وڵاتاندا، وەک چاوگە و ڕێنوێن بەهەند وەربگیرێن. لە سۆنگەی ئەو پەرەسەندنەی بەسەر مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، چیدیکە ئەو پرسانەی پێوەندییان بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤەوە هەیە، بەتەنیا ناکەونە ناو دەسەڵاتی ناوخۆی وڵاتانەوە، بەڵکوو جۆرێ لە هاوبەندی لەنێوان ئەو مافە بنەڕەتییانە و ئاشتی و تەناهیی نێودەوڵەتیدا هاتووەتە ئاراوە و، لەسەرینی ئەو هاوبەندییەیشدا، پرەنسیپی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتاندا جێگەی خۆی گرتووە و، چیدیکە وڵاتان ناکارن بە بیانووی پراکتیزەکردنی سەروەریی ناوەخۆ، ئەو مافانە پێشێل بکەن. ئاخر هەندێ لەو مافە بنەڕەتییانە، چ لە ساتەوەختی ئاشتی و چ لە ساتەوەختی جەنگدا، سیفەتی ڕێسای فەرمانپێکەریان وەرگرتووە و، ناکرێ لێیان کەم بکرێتەوە وەك: مافی ژیان، مافی ئەشکەنجەنەدان، مافی کۆیلەنەبوون، مافی زیندانینەکردن لەبەر

جێبەجێنەكردنی پابەندییەكی گرێبەست، مافی ناسین لە بەردەم یاسادا وەك كەسێك، مافی ئازادیی بیركردنەوە و باوەڕ و ئایین و هتد.

# ژەهرە شیرینەکەی بەجیهانیبوون

لەنزیك ژەهرێکداین کە هێواش هێواش دەچێتە جەستەمان و بەناوی بەجیهانیبوونەوە ژیارەکەمان لەکەدار دەکات. چەمکی بەجیهانیبوون کە لە دەیەی ١٩٦٠دا هاتووەتە ناو فەرهەنگی وشەکانەوە و، بیریشتان نەچێت پاش کۆتایی جەنگی سارد، بۆ بواری فراوان و جۆراوجۆر بەکار دێت. تا ئەو ڕاددەیەی کە زۆربەی خاوەن تیۆرییەکان بارودۆخی پاش ئەو سەردەمە، لەسەر بنەمای ئەو خەونە هەڵاوێردی دەکەن. وێڕای ئەوەی کە ڕووخانی سیستەمی دووجەمسەری، خێرایی پرۆسەی بەجیهانیبوونی هێناوەتە کایەوە. سەرەڕای ئەوەیش دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەی ڕووخانی ئەو دوو بلۆکەیش بەدەرەجە یەك دەگەڕێتەوە، بۆ پرسی بەجیهانیبوون. "ئەنتۆنی گیدنس"ی نووسەر لە چیرۆکێکدا کە خۆی تێدا ژیاوە و دەیبەستێتەوە بە دۆخی جیهانگیریەوە و دەڵێت: یەکێك لە هاوڕێکانم لەناوەڕاستی ئەفریقا، لەبارەی ژیانی لادێیەوە خەریکی خوێندنە. چەند ساڵێك لەمەوبەر یەکەمین گەشتی خۆی بەمەبەستی خوێندنی مەیدانی لەوێ، بۆ ناوچەیەکی دوورەدەست ئەنجامدا. هەر لە هەمان ئێوارەی ڕۆژی گەیشتنێ، لە ماڵێکی ئەو لادێیە بۆ ئێوارەخوانێك داوەت کرا. ئەو پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە سەربووردەی شتە ڕابردووەکانی ئەو کۆمەڵگە دابڕاوە بزانێت،

کەچی ئێوارەکە وای لێ دەرنەچوو و لەجیاتی ئەوە، لەسەر ڤیدیۆ سەیری فیلمیThe Basic Instinct یان دەکرد. تەنانەت ئەوکات فیلمەکە نەگەیشتبووە سینەماکانی لەندەنیش. ئەو جۆرە دیمەنانە شتێك، لەبارەی جیهانەکەمانەوە دەردەخات و ئەوەی ئەوان دەری دەخەن شتێکی بێهانا نییە، بەڵکوو تەنیا زیادکردنی ئامێرە مۆدێرنەکانی وەك تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆ، کۆمپیوتەر و...ە بۆ ڕێگە جیاوازەکانی ناو ژیانە تەقلیدییەکەیان. ئێمە لەنێو جیهانێکی گۆڕانکارییدا دەژین، ڕەنگە کاریگەریی لەسەر گشت ئەو شتە باش و خراپانەدا هەبێت کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین. ئێمە بەرەو جیهانێك پەلکێش دەکرێین، هیچ کەسێك بەتەواوی لێیی تێ ناگات و کەچی وا خەریکە کاریگەرییەکەیشی، لەسەر هەمووومان ڕەنگ دەداتەوە. بەجیهانیبوون (عەولەمە/ گلۆبالیزەیشن) بابەتی سەرەکیی باسەکەمانە. ڕەنگە ئەوە بابەتێکی زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێش و جوان نەبێت، بەڵام هەر کەسێك بیەوێت لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا لە ئەگەر و تێڕوانینەکانمان تێ بگات، ئەوا دەتوانێت ئەو بابەتە پشتگوێ بخات. من زۆر سەفەری دەرەوەم کردووە، تاکوو قسە بکەم. بۆ زانیاریشتان تا ئێستا نەچوومەتە هیچ وڵاتێك کە بەچڕی باسی بەجیهانیبوونیان نەکردبێت. لە فەڕەنسا پێی دەڵێن "مۆندیالیزەیشن"، لە ئیسپانیا و ئەمریکای لاتین پێی دەڵێن "گلۆبالیزەیشن" و ئەڵمانەکانیش پێی دەڵێن "گلۆبالیزیەرەنگ".

بڵاوبوونەوەی چەمکی گلۆبالیزەیشن لە جیهاندا. خۆی گەواهیی بەرەوپێشڤەچوونی زۆری بوارەکەیە کە بەشی زۆری پسپۆڕان باسی دەکەن. قسەیەکی باو هەیە دەڵێت: لەوسەردەمەدا هیچ وتارێکی سیاسیی تەواو نییە، ئەگەر تیایدا ئاماژە بە بەجیهانیبوون نەکرابێت. ئەگەرچی سێ دەیە لەمەوبەر، وشەی "گلۆبالیزەیشن" چ لە ئەدەبیاتی ئەکادیمییدا، یان لە زمانی ژیانی ڕۆژانەدا بەدەگمەن بەکار هاتووە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو چەمکە لە هیچەوە سەری هەڵدا و ئێستایش هەموو شوێنێکی تەنیوە. بە ناسراوبوونی لەناکاوی گلوبالیزەیشن، نابێت ئێمە سەرسامان بکات لەوەی کە مانای بیرۆکەکە، هەمیشە ڕوون نییە، یان کاردانەوەیەکی ژیرانەی، لەبەرانبەری نەبووە. بەجیهانیبوون پەیوەندیی بەو بیردۆزەوە هەیە کە دەڵێت: هەموومان لە جیهانێکدا دەژین، بەڵام بەدروستی نازانین چۆنە و نایشزانین کە ئایە، لە ڕاستیشدا بەجیهانیبوون، بوونی هەیە؟ لەو دیبەیتانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کراون، بیرمەندە جیاوازەکان تێڕوانینی زۆر تەواو پێچەوانەی یەکتریان، سەبارەت بە بەجیهانیبوون هەبووە. هەندێك لەوانە بوونەتە مایەی دروستبوونی ناکۆکی، من ئەو جۆرە کەسانە ناو دەنێم ڕاڕاکان. بەگوێرەی ئەو ڕاڕایانە بێت هەموو گفتوگۆکان، لەبارەی بەجیهانیبوونەوە تەنیا قسە و باسن. کۆسپ و ڕێگە و سوودەکانی هەرچییەك بن، ئەوا ئابووریی جیهانی، زۆر جیاوازییەکی ئەوتۆی

نییه لەگەڵ پێشتر. جیهان هەر بەو شێوەیە بەڕێوە دەڕەوا کە سەردەمانی پێشووتر، بەڕێوە چووە. لە زۆربەی وڵاتاندا ڕاڕاکان لە مشتومڕەکانیاندا تەنیا داهاتێکی کەمیان، لە بازرگانیی دەرەکیدا دەست کەوتووە. سەرەڕای ئەوەیش گۆڕینەوەی ڕێککەوتنێکی باشی ئابووری، زیاتر لەنێوان هەرێمەکاندا هەیە. وەك لەناو جیهان، بەگشتی. بۆ نمونە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، زیاتر بازرگانی لەنێوان خۆیاندا دەکەن. هەروەها بە هەمان شێوە ئەوە بۆ بەشە بازرگانییەکانی تریش ڕاستە، هەروەك ئەمریکای باکوور، یان وڵاتانی تری ئاسیای سەر زەریای هێمن. هەرچەندە هەندێ خەڵکی تریش، بە شێوازێکی جیاواز بەجیهانیبوون لێك دەدەنەوە کە من ئەوانە ناو دەنێم ڕادیکاڵەکان. ئەو ڕادیکاڵانە مشتومڕیان لەسەر ئەوەیە کە نەك بەجیهانیبوون زۆر ڕاستە، بەڵکوو دەکرێ دەرەنجامەکانیشی لە هەموو شوێنێك هەستی پێ بکرێ. دەڵێن تەنانەت بازاڕی جیهانی، زۆر لە دوو سێ دەیە لەمەوبەر پێشکەوتووترە و گوێش بە سنوورە نیشتمانییەکان نادەن. وڵاتان زۆربەی ئەو شکۆیەی هەیانبووە، لەدەستیان داوە. هەروەها سیاسەتمەدارانیش، زۆربەی ئەو توانایەیان لەدەست داوە کە بەهۆیەوە کاریگەرییان بەسەر ڕووداوەکانەوە هەبووە. شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە چیتر هیچ کەس ڕێزی سەرکردە سیاسییەکان ناگرێت، یان حەزیان لەو شتانە نییە کە دەیڵێن. هەروەك نووسەری

ژاپۆنی لە بواری بزنسدا "کێنیچ ئۆهمەی" دەڵێ: وڵاتان، بوونەتە چیرۆکی خەیاڵی. نووسەرێکی وەك "ئۆهمەی"، تەنگوچەڵەمە ئابوورییەکانی ساڵانی ڕابردوو دەبینێ و ئەوە وەك ڕاستییەك، لەبارەی بەجیهانیبوونەوە دەخاتە ڕوو. ئەگەرچی نووسەر ئەو بابەتە لە دیوە خراپەکەی بەجیهانیبوونەوە لێك دەداتەوە، بەڵام پێدەچێت ڕاڕاکان لە بەرەی چەپی سیاسی بن. بەتایبەت بەرەی چەپی کۆن، بۆیە بەگشتی ئەوە خورافەیە، لەبەر ئەوەی حکوومەتەکان هێشتا هەر دەتوانن دەست لە ژیانی ئابووری وەربدەن و دۆخی خۆشگوزەرانییش بەساغی بهێڵنەوە. بەپێی بۆچوونی ڕاڕاکان بێت، بیرۆکەی بەجیهانیبوون ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە خاوەن بازاڕە ئازادەکان دایان هێناوە. ئەوانەی ئاواتەخوازن کە سیستەمە خۆشگوزەرانییەکان، لێك هەڵبوەشێننەوە و خەرجییەکانی وڵاتیش کەم بکەنەوە. بەزۆری ئەوەی کە ڕووی داوە وەرچەرخانێکە سەبارەت بەوەی جیهان سەدەیەك لەمەوبەر چۆن بووە. پێشتر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا ئێکۆنۆمییەکی کراوەی گەورەی بازرگانیی جیهانی، بە ئاڵوگۆڕی دراویشەوە، هەبووە. ئێ باشە، کێ لەو دیبەیتەدا ڕاست دەکات؟ من پێموایە ڕادیکاڵەکان. لەحاڵی حازردا ئاستی بازرگانیی جیهانی، زۆر لەسەردەمانی ڕابردوو بەرزترە و، هەروەها ئاڵوگۆڕی فراوانتری کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانیش هەیە، بەڵام گەورەترین جیاوازی بریتییە لە

جیاوازیی دارایی و سەرمایە هاتنە ناو بازاڕەوە. گۆڕانی پارە بۆ ئەلیکترۆنی، ئەو پارەیەی کە تەنیا بە ژمارە لەسەر کۆمپیوتەرەکان نیشان دەدرێت، وای کردووە ئەو بارودۆخە ئابوورییەی ئێستا هەیە لە پێشتردا نەبووبێت. لە ئێکونۆمیی ئەلیکترۆنیی جیهانی تازەدا بەڕێوەبەرە داراییەکان، بانکەکان، کۆمپانیا گەورەکان و ملیۆنان وەبەرهێنەری تاك، دەتوانن بە کلیکێکی کۆمپیوتەر پارە بە بڕی زەبەلاح لەو سەری جیهانەوە بۆ ئەوسەر بنێرن. کاتێك ئەوە دەکەن، دەتوانن ئەوەی کە پێی دەگوترێت ئابووریی داڕووخاو، هەروەك ئەوەی لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا هەیە، شلۆق بکەن. بەهای مامەڵە داراییە جیهانییەکان، هەمیشە بە دۆلاری ئەمریکی دەپێورێت. بۆ زۆربەی خەڵك ملیۆنێك دۆلار پارەیەکی زۆرە و ئەگەر هەزار دۆلار بکرێتە تاك دۆلاری و لەسەریەك دابنرێت، ئەوا بەرزاییەکەی دەبێتە هەشت ئینچ. هەروەها ئەگەر یەك بلیۆن دۆلاریش بکرێتە تاك دۆلاری و لەسەریەك دابنرێت، ئەوا دەکرێتە ملیۆنان تاك دۆلاری و، بەوەیش بەرزاییەکەی دەگاتە زیاتر لە سەد و بیست میل کە بیست جار لە "چیای ئێڤرێست" بەرزترە. ئێستایش هێشتا لە بازاڕەکانی دراوی جیهانیدا ڕۆژانە تریلیۆنێك دۆلار ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت کە تەنیا لەچاو دە ساڵ لەمەوبەر زیادبوونێکی لەڕادەبەدەرە، جا چ جای ماوەیەکی زۆر پێش ئەوکات. بەهای هەرچی پارەی لەناو گیرفانەکانمان، یان هەژمارە بانکییەکانماندا هەیە. لەو جۆرە

بازاڕانەدا بەگوێرەی هەڵبەز و دابەزین، سات بە سات دەگۆڕدرێت، بۆیە وەك ئەوەی ئێمە مومارەسەی بەجیهانیبوون دەکەین، من هیچ دوودڵ نیم لەوەی بڵێم بەجیهانیبوون نەك تەنیا شتێکی نوێیە، بەڵکوو شۆڕشگێڕانەیشه. هەرچەندە من باوەڕ ناکەم نە ڕاڕاکان نە ڕادیکاڵەکانیش بەدروستی، لە بەجیهانیبوون تێ گەیشتبن، یان بزانن دەرکەوتەکانی لەسەر ئێمە چین. هەردوو گروپەکە بەکەمی دیاردەی بەجیهانیبوون لە دەستەواژە ئابوورییەکاندا دەبینن، کە ئەوەیش شتێکی هەڵەیە، چونکە بەجیهانیبوون شتێکی سیاسی، تەکنەلۆژی، کلتووریی و ئابوورییە و بەهۆی پێشکەوتنەکانیشییەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سیستەمی پەیوەندیکردن هەبووە کە مێژووەکەی، بۆ کۆتایی شەستەکان دەگەڕێتەوە. لەژێر کاریگەریی ئەو هەلومەرجەدا دەتوانین بڵێین کۆتاییهاتنی جەنگی سارد نەمانی گرنگیی زۆربەی بەها و پارادایمە ڕەفتارییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی لێ کەوتەوە. کەواتە دەبینین ناکۆکیی فراوان وەك: لەیەکچوون، بڵاوەخوازی، هەڤگری، تایبەتخوازی، گشتیخوازی، ناوەندسڕینەوە و، دروست بووە. دیارە زۆربەی ئەو بەها ڕەفتارییانە کە لەسەر بنەمای داب و نەریتی ڕۆشنگەری دانراون، ناتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین و ئیمڕۆکە پێویستە لە ڕوانگەی پۆستمۆدێرنیستەکانەوە باسی بکەین. بەم جۆرە، بەجیهانیبوون ناکۆکیی فراوانی خستە بەرچاوی ئێمە. بەم

واتایە، لە کاتێکدا کە ئەو پرۆسەیە فراوانبوونی دۆستایەتی، هاولایەنییەکان و ڕەگەزەکانی هاوبەشی مرۆیی پیشان دەدات، سەرەڕای ئەوەیش دەبێتە هۆی گرژبوونی ناکۆکییەکان، جیاوازییەکان، نایەکسانییەکان، فراوانبوونی لێکترازانی مەودای هەژاریی و دەوڵەمەندی. لە تایبەتمەندییە دیارەکانی بەجیهانیبوون، ناتوانین تەنیا ئاماژە بە "خێرایی" بکەین، چونکە لەگەڵ ڕەگەزی خێرایی، جۆری هەڵسوکەوتە ئابووری، سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئاسایشییەکان تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی هاتوون. پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، بووەتە هۆی بچوکبوونی جیهان، کە ئەو خۆ- ئاگاییەی بەدواوە بووە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ڕای گشتی کە لە ڕێگەی پێکهاتەکانی مەجازی و کەناڵەکانەوە فۆڕم دەگرن، لەڕاددە بەدەر لە بەرانبەر ڕووداوەکان هەستیار بوون. لەژێر ئەو هەلومەرجەدا بە هۆی چڕیی کات، شوێن و فەزا، ئیتر ناتوانین خۆمان لە چوارچێوەیەکی داخراوی جوگرافییدا پێناسە بکەین. لە کەشێکی وەهادا کە بەتوندی ناوەند- سڕینەوە ڕووی داوە، نابێ چاوەڕوانی توانای بەرزی ناسنامەسازیهان هەبێت، چونکە بەجیهانیبوون، توانای فەزامەندبوونی ژیانی کومەڵایەتی هەموار دەکات. بە شێوەیەك کە ناسنامە لە ڕەوتی کاتدا، واتا و چەمکی دۆزیوەتەوە و، هەروەها لە ڕوانگەی کاتەوە پەیوەندیی نێوان ڕابردوو و هەنووکە لەناو دەچێت. لە بارودۆخێکی وەهادا دەوڵەت-

نەتەوەکان ناتوانن وەك مۆدێلی وێستفاڵیایی کار بکەن و بە هۆی بەشداربوونی زۆربەی ئەکتەرە ناحکوومییەکان لە دەسەڵاتدا، دەوڵەت- نەتەوەکان ئیتر ناتوانن ببن بە ناوەندی توێژینەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. ئەو گۆڕانکارییانە لەپرۆسەکانی هەڤگری و لە کۆنکریتیببوونی سنوورەکان و دیاریکردنی دەسەڵاتەکاندا دەبینین. لەسەر ئەو بنەمایە بەجیهانیبوون تێچووی کۆنترۆڵ و هاتووچۆی، لە سەردەمی زانیاریدا بۆ دەوڵەتانی نادیموکراتیك بردووەتە سەرەوە. هەرچەند دیاردەی بەجیهانیبوونمان بە درێژاییی مێژوو لە چوارچێوەی ئایین و قوتابخانە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژیدا بینیوە، بەڵام لە ئێستادا دەبێت لە سەرهەڵدانی سەرمایەدارییی و بە دوای ئەو ڕووداوە جۆراوجۆرانە و گۆڕانکاریی تەکنەلۆژی، ئابووریی و پەیوەندیدا بە دوای ڕیشەی بەجیهانیبووندا بگەڕێین. لە کاتێکدا فیۆدالیتە لە کەشێکی بەستراو و داخراو و بەگشتی ناوخۆیی بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ناسنامەی سەرمایەداری، دەرەکی بووە. بە جۆرێك کە مانەوە و بەردەوامیی سیستەمی سەرمایەداری، پەیوەندیی توندوتۆڵی بە بازاڕەکان، ناردنی کاڵا و سەرمایە، ئامادەکردنی ماددەی خاو، هێزی هەرزانی کار و پێشبرکێوە هەیە. جێگەی ئاماژەیە کە گشت ئەو چالاکییانە بە شێوەیەکی پڕاکتیکی لە ژینگەیەکی نێودەوڵەتیدا ڕوو دەدەن. لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە سەرمایەداری، نێودەوڵەتیترین

سیستەمە تاوەكوو ئێستا مرۆڤ بەخۆیەوە دیویەتی. بەجیهانیبوونی ئاسایش پەیوەندیی نزیكی لەگەڵ قەیرانی دەوڵەت- نەتەوە دا هەیە، بە واتا "وێست فاڵیاییەكەی". لەو ڕوانگەوە ڕووخساری نوێی ئاسایش لەسەردەمی بەجیهانیبوون تەنیا بە واتای كەمبوونی توانای دەوڵەتان بۆ دروستكردنی ئاسایشی عورفی نییە، بەڵكوو بەپێچەوانەوە، دەبێت باس لە ئاسایشی دەوڵەتان لە چوارچێوەی ئاسایشی جیهانیدا بكەین. هەروا كە "كلارك" دەڵێت: بەجیهانیبوون بە مانای گۆڕان لە تێكستی دەرەكی كە دەوڵەتان ئاسایشی لێ دروست دەكەن نییە، بەڵكوو پرۆسەی بەجیهانیبوون سەرهەڵدانی گۆڕانكارییەكی بناغەهەڵكەنە لە پێكهاتەكانی دەوڵەتانی مۆدێرندا. كەواتە تەنیا ناتوانین لەسەر قەیرانێك قسە بكەین كە سەروەریی دەوڵەتانی لە ڕەهەندی سەربازییەوە خستووەتە ژێر پرسیار، بەڵكوو وا دیارە دەوڵەت- نەتەوە وەك پاڕادایمی سیاسیی زاڵی سەردەمی مۆدێرنیتە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تووشی قەیرانی بنەڕەتی هاتووە. هەروەك "ڕۆبێرتسۆن" دەڵێت: "بەجیهانیبوون تەنیا دیاردەیەكی پەیوەندیدار بە پێكهاتەكان، ڕێكخراوەكان و تۆڕەكان نییە، بەڵكوو ڕێگەیەكە كە ئێمە لەوێوە سەبارەت بە ژیانی كۆمەڵایەتی و جێگەی خۆیان بیر دەكەینەوە". سەردەمی شارستانییەتی دیموكراتی، بە چەرخی پڕاوپڕ لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەكان و ئازادیی ڕادەربڕین و بیروبۆچوون و

لێبووردەیی و شەفافییەت دادەنرێت. بە باشترین چەرخ دادەنرێت کە کۆمەڵگەکان توانیویانە نمایشی خودی خۆیان بکەن لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری سیاسی و شارستانیدا. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە دەتوانێت ببێتە جێگرەوەیەک بۆ چەرخی کۆن و، هەروەها ببێتە ڕەنگێک بۆ چەرخی نوێ، بریتییە لە "نمایشی ڕۆشنبیری" کە بە هۆکارێکی جووڵێنەر بۆ سیستەمی سیاسیی نەتەوەکان دادەنرێت. لە ئێستادا، لە جیهاندا کەلوپەل، خزمەتگوزاری، سەرمایە، خەڵک و، تەنانەت بیروڕایش، گەلێک زێدەتر لە جاران بەتایبەت لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە لە نێوان وڵاتانی جیهاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ڕێککەوتننامەی بازرگانی، کە بەشێکی سەیر و بەرجەستەی قەوارەی یاساییی "بەجیهانیبوون" پێک دەهێنێ، بەشە هەرە خراپەکەی ئەو گفتوگۆیەیە کە لە جیهاندا لەسەر پرسی بەجیهانیبوون لە ئارادایە. نارەزاییی بەلجیکییەک کە بە زمانی فەڕەنسی قسەی دەکرد، لە دوا ساتەکاندا ڕێککەوتننامەیەکی نێوان کەنەدا و یەکێتیی ئەورووپای هەڵوەشاندەوە. لیژنەی هاوبەشی کەناری زەریای هێمن کە ئەمریکا و ژاپۆن و ١٠ وڵاتی دیکەی کەنارەکە دەگرێتەوە، لە ئێستادا لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکایە و چارەنووسی نادیارە. پێ دەچێ ڕێککەوتننامەی بازرگانیی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا پرۆژەیەکی دوور بێت. ئەوە تاکە ڕێککەوتننامەی بازرگانی نییە کە

گرفتی سیاسیی بۆ دروست دەبێ، بەڵکوو لەنێو وڵاتانی ئەتڵەسیشدا هەمان کێشە هەیە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا حکوومەتەکان خەڵکەکە- دەنگدەران، فێر دەکەن و وایان تێ دەگەیەنن کە سیستەمی کۆن - خۆپارێزی - زیاتر بواری هەلی کار و پیشەوەچوونی بازرگانی دەکاتەوە. تەنیا ڕێککەوتننامەی بازرگانیی نوێ نییە کە گیروگرفتی بۆ دروست بووە. لە هەر دوو بەری ئەتلانتیک، سیاسەتمەداران هەڕەشەی کشانەوە لە بازاڕی کراوە دەکەن. شتێکی ڕاست نییە کە گەڕانەوە بۆ بازاڕی ناوخۆیی، وا بکات توانای خەڵک بۆ کڕین بەرز ببێتەوە. لێکۆڵینەوە لەسەر ٤٠ وڵات، ڕوونی کردووەتەوە کاریگەرییەکانی داخستنی بازرگانیی نێوان سنوورەکان چییە: ١٠ لە دەوڵەمەندترین بەکارهێنەرەکان توانای کڕین بە ڕێژەی ٢٨% لەدەست دەدەن، بۆ ١٠ بەکارهێنەری لاوازیش ئەو ڕێژەیە دەگاتە ٦٣% . ملیارێک هۆکار هەیە، بۆ هێشتنەوەی بازاڕی جیهانیی کراوە. ئابووریی جیهانی، هاوکاریی ملیار کەسی کردووە تا لە قۆناغی هەژاریی مەترسیدار بێنە دەرەوە و ڕزگاریان ببێ. یەکێک لە هۆکارە گەورەکان، ئەوەیە کە بەجیهانیبوون شایانی پارێزگاریلێکردنە. هۆکارێکی زۆر گەورە هەیە، بۆ پارێزگاریکردن لە بەجیهانیبوون. بازاڕی جیهانیی ئابووریی کراوە، ژیانی ملیاران کەسی باشتر کرد، چەندان وڵات توانییان واگۆنی خۆیان بە شەمەندەفەری خێرا گەشەکردووی

ئابووریی جیهان ببەستنەوە. وای کرد کە خەڵک و سەرچاوەکان لە بابەتی ماددەوە، بۆ بابەتی کاری بەرهەمدار بگوازرێنەوە. ڕۆژانێک هاوبەشە بازرگانییەکان ڕەخنەیان لە کۆتاییهێنان بە ململانێی بازرگانی گرتبوو لەگەڵ ئەڵمانیا، چین و کینیا. هەرگیز بەو شێوەیەی ئێستا، پارە بۆ سنوورە یەکجار دوورەکان دوور نەڕۆیشتووە. هەرگیز وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێ، گیرفان لە کەسەکە دوور نەکەوتووەتەوە. بە شێوەیەکی پێشبینیکراو، ڕێککەوتننامە بازرگانییەکان بازاڕ بەکراوەیی دەهێڵنەوە، یاخود هیچ نەبێ تا ئێستا بەو شێوەیە هێشتوویانەتەوە. هەروەک هەر یەکە لە "برانکۆ میلانۆڤیچ" و کریستۆڤ لانکەر"، لە هێڵکاریی فی-هێڵکارییەکی ئابوورییەدا، کە هێڵکارییەکی ئابوورناسانەیە، ڕوونیان کردووەتەوە کە ڕاستەقینەی ئەو داهاتانە لەو دە ساڵانەی ئێستادا مت بووە، کاریگەریی هەبووە، بۆ چینێکی زۆری کۆمەڵگە لە زۆر لە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا. لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا، ڕەخنەگرتن لە بازرگانی ئاسانترە، ئەمەیش زیاتر بە هۆی تەکنۆلۆژییەوەیە. هەر لەو کاتەوە کە یەکەم دەسەڵاتی ئامێر لە سەدەی هەژدە سەری هەڵدا، تەونکەرەکانی بێ کار هێشتەوە. تەکنۆلۆژی، بەرهەمی زیاد کرد، بەڵام بووە هەڕەشە لەسەر دەرفەتەکانی کار بۆ مرۆڤ. لە دەیەکانی ساڵەکانی دواییدا، زاڵبوونی ئامێر وای کرد لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا بە ملیۆنان

کارخانە و کاری فەرمانبەرێتیی ئاست نزم لەناو بچن. لە ئێستایشدا ئەو ڕۆبۆتە زیرەکانەی کە لەزیادبووندان، لەوانەیە کار لە دەستی هەموو جۆرە مرۆڤەکان بهێننە دەر؛ لە شۆفێری بارهەڵگرەوە هەتا پارێزەر. لە کاتی ئێستادا، بڕیاری هەندێک لە وڵاتان لە ناوخۆ بە بڕینی باج لەسەر دەوڵەمەندەکان، گونجانی بازاڕی کاری پشتگوێ خستووە و یەکگرتوویی کەم کردووەتەوە و نائارامی و نایەکسانیی زیاد کردووە، بەڵام بازرگانی، بێ نکۆڵی لێکردن، بووە بە هۆکارێک. کاری کارخانەکان وای کردووە کە ملیۆنان کەس لە وڵاتانی وەک چین و ڤێتنام، لە هەژاریدا بژین. دەتوانین بڵێین وای کردووە هەندێک لە کرێکارانی کارۆلاینای باکوور و والۆنیایش کار لەدەست بدەن. ڕاستییەکە ئەوەیە، لە ماوەی دوای ١٩٨٩، کە ڕۆژانی گەشی بەجیهانیبوون بوو، دەستەبژێری سیاسی و کارساز بەتەواوی بیریان لەو ئەگەرەوە نەکردەوە - ئەگەری ئەوەی کە کۆمپانیا گەورەکان پرۆژەی کارەکانیان ببەنە دەرەوەی وڵاتەکانیان - ئەو بازرگانییە لەوانەیە زیان بە هەندێک کەس بگەیەنێ. تەنانەت لە کاتی بەجێهشتنی کۆمەڵگەیەکیشدا کە بەگشتی گوزەرانیان باش بێ، هەر کاریگەریی خراپی هەیە. یەکەم جار ئەنجامەکانی بە شێوەیەکی زۆر بەرز جێی هیوا بوون، بەڵام بە هۆی پلانی نەگونجاو، بەرە خراپ شکانەوە. ئێستا، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە بە هۆی بازرگانی و تەکنۆلۆژییەوە کەوتوونەتە

دواوە، مەترسی لە ڕووداوەکانی ئایندە هەیە. بەتایبەت کاتێک زەمینەییەکی لەباری دروست کردووە، بۆ پۆپۆلیستە دیماگۆگەکان تا سوودی سیاسییانەی لێ وەربگرن. ئەوەی گرنگە، ڕاستگۆییی سیاسییە. لە کاتێکدا بووژانەوەی گەشەکردن، زۆر کاریگەریی هەیە، بۆ ئارامکردنەوەی نائارامیی ئابووریی. هەروەها بازاڕی کراوە پێویستی بە حکوومەت و کۆمپانیاکانە تا لەگەڵ خەڵک ڕاستگۆ بن. بازرگانی، هەروەک تەکنۆلۆژی، بۆ زۆربەمان باشە، بەڵام بۆ هەموو کەس نا. چەند بازاڕی کراوەی زیاتر هەبێ، دەبێ سیاسەتی دابەشکردنەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر هەبێ. ئێمە سەردەمی فەلسەفە، حزبی، خێڵەکی و ئایدیۆلۆژییان تێ پەڕاند. هەموو چەرخێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، جا لە ڕووی بیروبۆچوون و باوەڕەوە بێت، یان لە ڕووی بەها ڕۆشنبیرییەکانەوە بێت. تەنیا ڕاستییەک هەیە دەبێت بخرێتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو چەرخانە نەیانتوانیوە وێنای هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکەن، بەڵکوو تەنیا خۆی لە نواندنی بەشێکیدا بینیوەتەوە. ئەو لەخۆنەگرتنەیش کۆمەڵێک جیاوازیی دروست کردووە: بەشێک لە خەڵکان، لە سادەترین مافە ڕۆشنبیرییەکان بێبەش بوون. بەشێکی تر ناتوانن بەپێی ڕۆشنبیری و خۆشگوزەرانیی خۆیان بژین، لەبەر ئەوە هەوڵی سەپاندنی ڕۆشنبیریی خۆیان دەدەن. دەتوانین بڵێین ناشرینترین وێنەی زۆرلێکردن و چەوساندنەوە بریتییە، لە هەوڵدان،

بۆ لەناوبردنی ڕۆشنبیریی گەلان، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری، بەڵگەی هەبوون و ڕەسەنیی گەل نیشان دەدات. بەبێ ئەو ڕۆشنبیرییە، ناتوانرێت باس لە هەبوونی گەل بکرێت. دەبینرێت مێژوو خاڵی نییە لە شەڕوشۆڕ و پیلانی ئامانجدار، بۆ لەناوبردنی ڕۆشنبیریی نەتەوەکان. دیارترین نموونە وەکوو هیتلەر و مۆسۆلینی. ئەو دووانە پێویست بە شیکردنەوە و توێژینەوە ناکات، بۆ ناساندنیان. هەروەها ڕەگەزپەرستیی کەمالییەکان درێژەی کێشا تاوەکو دواتر ئەو ڕەگەزپەرستییە مایەوە بۆ تورکەکان و سوڵتاننشینی عوسمانی کە تا ئەمڕۆ بوونیان هەیە. هەروەها ئەو سیستەمە حوکمڕانییەی کە نکوڵی لە هەبوونی نەتەوەی کورد و کەمینەکانی تر دەکات. شۆڤینییەتی عەرەبی لە سیستەمی بەعسی حوکمڕاندا کە کۆمەڵکوژیی ئەنجام دا، هەروەکوو ئەو تاوانەی دژ بە هەڵەبجە کردی. ئەو وێنەی دواییەی چەوساندنەوە، بۆتە زمانی سیاسی و دیپلۆماسی و، هەروەها زمانی ئینترنێت و کۆمپیوتەر. ئەوەی چەرخی نوێ جیا دەکاتەوە، تایبەتمەندیی "بەیەکداچوونی ڕۆشنبیرییەکانە"، کە وەکوو کەیسێکی سیاسی لە بەرانبەر نەتەوەکان و سیستەمەکانیان دەردەکەوێت. بە شێوەیەک، ڕۆشنبیرییە پێکچووەکان لێک نزیک دەکاتەوە و جیاوازەکان لێک دوور دەخاتەوە. لێرەدا، جەنگی ڕۆشنبیریی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دروست دەبێت. ئەوەیش ناکۆکیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و

بیروباوەڕ دروست دەکات و، دەبێتە کێشەی سەردەمەکە. لە خۆرهەڵاتدا هەمان شت ڕوو دەداتەوە، بەتایبەتی ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان، بۆ نمونە جەنگی ئیسرائیلی و فەلەستینی. هەروەها لەسەر عەرەب پێویستە، بیرکردنەوەی ڕەگەزپەرستی و بەعسییانەیان واز لێ بێنن، لەبەر ئەوەی دوورە لە تایبەتمەندیی و پرەنسیپەکانی ئەو سەردەمە و، لە جیهانی نوێدا جێگەی نابێتەوە. هەروەها لەسەر کورد و هەموو نەتەوەکانی تر و کەمیینەکانی تر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە، واز لەو بیرکردنەوانە بێنن. خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە ململانێیەکدا دەژین کە لە مێژوودا وێنەی نییە. بەوەیش دوو ڕۆشنبیری کۆ دەبنەوە و ڕۆشنبیریەکی شارستانییانە دروست دەکەن، بەڵام ئایا شێوەی ئەو ڕۆشنبیرییە نوێیە چۆنە؟ ئایا کام لایەن سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا ڕۆشنبیریی بەجیهانیبووی ئەوروپی و ئەمریکی، دەبێتە جێگرەوە؟ یان ڕۆشنبیریی نوێی خۆرهەڵات؟ هەموو ئەمانە وەڵامەکانیان بۆ ڕۆژانی داهاتوو دەمێنێتەوە. پێویستە باسی دەوڵەتیش بکەین، کە لەڕێگەی هێز و پاڵەپەستۆوە، بووەتە ئامرازێکی خۆسەپاندن و لەناوبردنی ڕۆشنبیرییەکان. سیستەمی هەڕەمەکی کە دەوڵەت جیا دەکاتەوە و، شەرعییەت دەداتە نایەکسانی لەنێوان خەڵکدا، بۆتە هۆی دروستبوونی چینی ئەرستۆکراتیی و خزمەتکار، بەندایەتیی و گەورەکانیان. ئەوە دوورە لە هەموو بەهایەکی مۆراڵی و ئیتیکی و

مرۆڤایەتی. درۆ و فێڵکردن بۆتە ڕێگەیەکی باو، بۆ ئامانجی گرتنە دەستی دەسەڵات و لە هەمان کاتدا بۆتە خەسڵەتیکی دیاری سیستەمی حوکمڕانیی ئێستامان، بەداخەوە خاوەن کەسایەتییە دیارەکان دوور دەخرێنەوە بە بیانووی لادانیان لە سیستەم، بەڵام لە کاتی ئێستادا گەورەترین کێشە و مەترسیدارترینیان، لە ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیی و شۆڤینییەت و لە مانەوەی دەسەڵات، بۆ نەوەکانی خۆیاندا خۆی دەبینێتەوە، چونکە دیکتاتۆرەکان توانای وازهێنان لە دەسەڵاتیان نییە. هەرکات میللەت دژیان وەستا، دەست دەکەن بەوێرانکاری و خاپوورکردن، بێگومان ناکرێت نکوڵی لە لایەنی باشی ئەو بابەتە بکرێت، وەکوو ئەو ڕۆڵەی لە پێشکەوتنی شارستانییەت و خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتیدا هەیبووە.

سیستەمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (پاشایەتی، ئۆلیگارشی و تیۆکراتی) تەواوەك دوورن، لەعەقڵەوە. ئاستی دواکەوتوویی و بیرکردنەوەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەو سەردەمە ناگونجێت. لەگەڵ ئەوەیش ڕاستییەک هەیە، کە دەکرێت جێگرەوەی شارستانییەتی ئەورووپی بێت، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەویش تێکەڵکردنی ڕۆشنبیریی گەلەکانییەتی لەگەڵ یەکتر. لەسەر هەموو ڕۆشنبیرییەکان پێویستە ئەو لایەنانە وەلا بنێن کە لەگەڵ سەردەمی نوێدا، ناگونجێن. ئەوەیش بە مانای دەستبەردان لە بەهاکان نایەت، بەڵکوو بە هەنگاوێک دادەنرێت

بەرەو پێشکەوتن و یەکگرتن لەگەڵ سەردەمدا و، گەیشتن بە ڕۆشنبیرییەکی ناوەڕۆکدار و پێشکەوتوو و شارستانی. لێرەدا پێویستە یەکەمجار گەل بگەیەنرێت بە قۆناغی ئاگایی و زانین لە ڕێگەی ڕاهێنان و فێرکردن و ڕۆشنبیریی و تێپەڕاندنی لایەنە نێگەتیڤەکان، گرینگترینیان: بیناکردنی دامەزراوەی شارستانی لە هەموو بوارەکان، لە ڕووی بەدەستهێنانی مافەکان بێت، یان لە ڕووی زانستی، ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی، هەروەها بیناکردنی کۆمەڵگەی ئازاد، بۆ ئەوەی ببنە نموونەی ڕۆشنبیری و، گەل لە ڕێگەیانەوە فێری چۆنێتیی بڕیاردانی دروست و خۆبەڕێوەبردن بێت. هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی بیرێکی نوێ و، بیرکردنەوە تەسکەکان تێ دەپەڕێنێت کە بە سیستەمی حوکمڕانییەوە بەستراوەتەوە، هەروەها بەلاوەنانی سیستەمی هەڕەمەکی کە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگە ناگونجێت و لەگەڵیدا ناکۆک دەبێت. بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشت و ژینگە و تاکەکانی، کە لە نێوان تاکەکان و لە نێوان پیاو و ئافرەت و، هەروەها لە نێوان ڕۆشنبیریی گەل و کۆمەڵگەکاندا گونجان دروست بکات. ڕۆشنبیری کە دەبێتە شێوەی سەردەمی نوێ، دەتوانێت لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکانی تر لە کەشێکی پڕ لە لێبووردەیی و یەکسانیدا گونجان دروست بکات. شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژیش بە هۆکارێک دادەنرێت بۆ دروستبوونی

ڕۆشنبیرییەکی دایک و گەورە کە ڕۆشنبیرییەکان بە هەموو شێوەکان و ڕەنگە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئاگاییی کۆمەڵگە کە پشتی بە زانست و تەکنەلۆژی بەستووە، هەموو ئەمانە وێنە دەکات بە بەهاکانی ڕەوشتی و ڕۆحییەوە؛ بەهاکانی مرۆڤایەتی سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکان بە باڵایی دەمێننەوە. هەروەها لەو کتێبەدا باس لە قەیرانەکانی جیهانی سێیەم دەکرێت کە سەرهەڵدانی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز، هەژاری، بێکاری، نەتەوەخوازی، لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەستراوەییی ئابووری، سەرهەڵدانی وردە-ناسیۆنالیزمی ناکۆکخواز لەگەڵ ئەنارشیزمی ناوچەیی و دواجار بارودۆخی نالەباری ئاسایش وەك بەرهەمی جەنگی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆژیکی دوو زلهێزەکە، لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا کە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە کێبرکێی جیهانی نوێدا بە سەرکەوتوو دەژمێردرێن، یەك ناگرێتەوە. لە ماوەی جەنگی ساردda، سەرەڕای ئەوەی کە دیموکراسی لە ڕوانگەی هانتینگتۆن لە زۆربەی بەشە پێشنەکەوتووەکانی جیهاندا فراوان بووە، دەسەڵاتخوازی وەك فۆڕمی بنەڕەتیی حکوومەت لەم ناوچانە هێشتا هەر ماوە. یەکێك لە گرنگترین باسەکانی ئەو کتێبە سەبارەت بە پرۆسەی دیموکراسی لە جیهانی سێیەم، پەیوەندی لەگەڵ هێزی دەوڵەتە. لەسەر بیروکەی مێژووی دەوڵەتسازیی ئەورووپا، دیموکراسی وەك قۆناغی کۆتاییی دەوڵەتسازی دادەنرێت. بەو واتایە

زۆربەی وڵاتان کە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەوڵەتسازی بەڕێوە دەبەن، دیموکراسی وەك فاکتەرێك، بۆ لاوازیی و پەرتبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. لەو ڕووەوە بۆ زۆربەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز، گرنگیی هەڤگری لە سنوورەکانی ناسنامەیی وەك ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەریی نەتەوەیی، لە سەرووی دیموکراسییەوەیە. جگە لەمانە، سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم-سڕینەوە و پەرەسەندن کە لە ماوەی جەنگی سارد، لەنێوان نوخبەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەبوو. فاکتەرێك بوو بۆ دەستێوەردانی زیاتری دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز بەسەر ڕووبەرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەدا. لەو ڕوانگەیەوە دەستێوەردانی دەوڵەت فاکتەرێك بوو، بۆ دیاریکردنی گەشەکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان. ئەو دۆخە ساڵانێك لە ماوەی جەنگی سارد وەك کێشەی بنەڕەتیی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم مابوو، بەڵام بە نەمانی بیرۆکەی سەروەری. وا دیارە کە لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا، دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز نەتوانن بەبەردەوامی دیموکراسی بخەنە دواوە. بۆ باسکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتخوازیی دەوڵەتان و پرۆسەی دیموکراسی، دەتوانین لە سێ پێوەر کەڵك وەربگرین: پێشکەوتنە ئابوورییەکان، ڕاددەی تێپەڕاندنی لە پرۆسەی دەوڵەتسازیی و سیاسەتە ئایدیۆلۆژییەکان، بۆیە پێویستە ئەو وتەی "دانیێل بێل" دووپات کەینەوە کە دەڵێت:

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا دەوڵەت، بۆ جێبەجێکردنی کارە بچکۆڵەکان زۆر گەورەیە و، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی کارە گەورەکان زۆر بچکۆڵەیە. بەو شێوەیە لە ئاستی ناوخۆییدا، لە ڕێگەی بەخشینی زۆربەی بەرپرسیارێتییەکان بە کەرتی ناحکوومی و، هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتییش لە ڕێگەی بەشداریکردنی ئەکتەرگەلی ناحکوومی وەك NGOکان، لە هەندێك بواردا وەکوو لەناوبردنی نەخۆشییە کوشندەکان، ماددە بێهۆشکەرەکان، پیسبوونی ژینگە، پەرەنەسەندوویی، هەژاری و...، دەکرێت کارایی و دەسەڵاتی دەوڵەت زیاد بکرێت و ڕێگری لە پێکدادانەکان بکرێت. بەجیهانیبوون دیاردەیەکی ئاراستەکراو و نەخشەبۆدانراوە لە لایەن دەوڵەتانی پیشەسازییەوە بە نوێنەرایەتی و پێشەوایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە سەرۆک و ناوەندی سەرەکیی سەرمایەدارییە. هەر بۆیە دەوڵەتانی گەشەئەستێن (تازەگەشەکردوو) ناتوانن لەو دیاردەیە هەڵبێن. بەجیهانیبوون بە شێوەیەکی گشتگیر بە واتای نەبوونی هیچ سنوورێک دێت، بۆ گواستنەوەی سەرمایە و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ و تەکنەلۆژیی و شارەزایی و زانیاری لەنێوان دەوڵەتاندا. ئەمەیش، بۆ باشترکردنی باری ئابووریی هەموو جیهانە تا لەو ڕێگەیەوە دەوڵەتان یەکتری تەواو بکەن. لە کاتێکدا ئەو فەلسەفەی بەجیهانیبوونە قبووڵ دەکرێت، کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و

یەکسانی بێت. کەچی لە ڕاستیدا لە ڕووی قەبارە و ژمارەی وەبەرهێنانەوە، جیاوازییەکی ڕوون و بەرچاو لە ئاراستە و ئامانجەکانی بەجیهانیبوون و، لەنێوان دەوڵەتانی دەوڵەمەندی باکوور و دەوڵەتانی هەژاری باشووردا دەبینرێت. لەبەر ئەوەی بەجیهانیبوون کاریگەریی لەسەر تەواوی جیهان دەبێت، زۆرێک لە گەلانی هەژار و گەشەئەستێن لەژێر سێبەریدا وەکوو ترسێک لە داهاتووی خۆیان چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان دەبن. ئەوەیش ڕێک بەو جەماوەرە دەچێت کە لە گۆڕەپانی وەرزشدا چاوەڕێی سەرکەوتنی یاریزانەکانن، هەرچەندە لەوانەیە لە یاسا و حوکمەکانی یارییەکە شارەزا نەبن. دەوڵەتانی هەژار و گەشەئەستێن هەوڵ دەدەن سوود لە بەجیهانیبوون وەرگرن، چونکە ئێستا ئەم دیاردەیە ڕۆشنبیران و خەڵکی بەگشتی کۆنترۆڵ کردووە، بۆیە دەیانەوێت لەم ناوەندەدا هەلێکیان دەست بکەوێت. جا ئەو دەوڵەتانەی بە چاوێکی ئەرێنی سەیری دەکەن بە دەرفەتێکی دەزانن، بۆ گەشەکردن. ئەوانەیش کە نەرێنین هەموو کات لە سزاکانی دەترسن، چونکە توانا و هێزیان نییە، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دیاردەکە. سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، بۆ فراوانکردنی بازاڕی جیهانی هانی بەجیهانیبوون دەدەن، بەڵام هەندێک لەو دەوڵەتانە دژی دەوەستنەوە. لەبەر ئەوەی وای دەبینن کاتێک ئەوان بازاڕەکانیان، بۆ بەرهەمەکانی وڵاتە گەشەئەستێنەکان دەکەنەوە،

دووباره هەژاری دەگەڕێننەوە، بۆ دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، چونکە بەرهەمی وڵاتانی هەژار و گەشەئەستێن بە هەرزانی و کەمیی نرخەکەیان ناسراون و وەرچەرخانەکەیش لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕاستی و ژمارە و ئامار کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی هەژاردا نییە ڕێك دەخرێت. بە بڕوای ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ دیاردەی بەجیهانیبووندا نین، ڕێژەی بێکاری زیاد دەبێت. کاتێک کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو نرخی کاڵاکانیان دادەبەزێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ ئەو بارەدا بگونجێنن، لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری. ئەو ڕایەیش سەبارەت بە کۆمپانیا بچووکەکانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان تا ڕاددەیەک ڕاستە، زیاتریش سەبارەت بە دەوڵەتانی گەشەئەستێن و، قەبارە و بەرهەمی ئەو کۆمپانیایانە بەڕاست دەبینرێت، کە زۆر بەهێواشی لەگەڵ دیاردەکەدا دەڕۆن، بێ ئەوەی چارەنووس و بەشیان لەو بەجیهانیبوونەدا کە خزمەتی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەکات بەڕوونی دیار بێت. لە ڕاستیدا بەجیهانیبوون، یان بۆ دەوڵەتانی هەژار و گەشەئەستێن، کە ئامڕازەکانی سەرکەوتنیان نییە کە لە دەردی هەژاری ڕزگاریان بکات، هەژاری دەهێنێت، یانیش دەبێتە هۆی بەدەستهێنان و گواستنەوەی پێداویستییەکان و هۆکارەکانی هەستانەوەی ئابووری. جا تەکنەلۆژی بێت، یان شارەزایی. ئاستی هەژاریی دەوڵەتانی هەژار و گەشەئەستێن لە دەرەنجامی ئەو

کرانەوەیەی کە پێشتر لە مێژووی ئابووریدا ڕووی نەداوە، بەرز دەبێتەوە و بە هۆی خراپی و مەترسییەکانی هەژارییەوە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا کز دەبێت. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ئامارانەی باس لە لایەنە نەرێنییەکانی بەجیهانیبوون لەو وڵاتانەدا دەکەن، ئەو کەلێن و جیاوازییەی نێوان ٢٠% لەسەدی هەژارترین وڵاتەکان و ٢٠% لەسەدی دەوڵەمەندترین وڵاتەکان لەو چل ساڵەی دواییدا دوو هێندە بووە. واتا لە سەرەتاکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، بەپێیی پۆلێنی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو دەوڵەتانەی کە کەمترین پێشکەوتنیان تێدا ڕوو دەدات، ئەوانەن کە داهاتی تاک تێیاندا لە ٣٢٠ دۆلار لە ساڵێکدا تێپەڕ ناکات. ژمارەی ئەو دەوڵەتانەیش دەگاتە ٤٨ دەوڵەت، کە ٤٢ دەوڵەتیان دەکەونە کیشوەری ئەفریقاوە. بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی ٥٧٠ ملیۆن کەس لە کێشوەری ئەفریقادا دەژین، کە دەکاتە ١٢ لەسەدی دانیشتووانی جیهان. دەوڵەتانی پیشەسازیی خۆرئاوا، دەیانەوێت وا بڕوا بە وڵاتە گەشەئەستێنەکان بێنن کە بەجیهانیبوون لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، بەڵام ئامار و زانیارییەکان شتێکی تر نیشان دەدەن و ئاماژە بەوە دەکەن کە ٤٦ دەوڵەت لە هەژارترین وڵاتەکانی جیهان لە بازرگانیکردنی جیهانیی کەلوپەل و کاڵادا بە ڕێژەی ١،٤٦ لە ساڵی ١٩٦٠دا بەشدار بوون، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ساڵانی سەرەتاکانی دەیەی نەوەددا دابەزی، بۆ

٠،٦ لەسەد و، تاوەکوو ساڵی ١٩٩٥ نزمتریش بووەوە، بۆ ٠'٤ و، ١٠٢ دەوڵەت لە هەژارترین وڵاتەکانی جیهان، بەشدار بوون لە ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل بە ڕێژەی ٨ لەسەدی کۆی ڕێژەی بازرگانیی جیهانی لە ساڵی ١٩٨٠دا، بەڵام نزم بووەوە بۆ ١'٤ لەسەد لە ساڵی ١٩٩٠دا. ئەو ئامار و ژمارانەیش هەمووی لە زاری دەوڵەتانی پیشەسازیی خۆرئاوایی و ئەو دەستە و دامەزراوانەوە هاتوون کە کۆنترۆڵیان دەکەن. لەوە دەچێت زانیاریی پارێزراویش هەبێت؛ ئەمەیش بۆ ئەوەی وڵاتانی هەژار و گەشەئەستێن لە بەجیهانیبوون دوور نەکەونەوە. لەسەدا ٨٠ی هەمووی ئەو لێشاوی وەبەرهێنانە سەرمایەدارییەی کە لەسەر ئاستی جیهان ڕووی دا، لە جووڵەی ئابووریی ئەمریکا و ئەورووپا بوو، بەڵام دەوڵەتانی باشوور و خۆرهەڵاتی ئاسیا چالاکییەکانیان دەوەستا و دەڕووخا بە هۆی ئەوەی نەیاندەتوانی ڕکابەرایەتیی دەوڵەتانی خۆرئاوا بکەن. ئەوە وای لە هەندێک دانیشتووانی ئاسیا کرد بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ساڵی ١٩٩٧ ئاسیای گرتەوە، بۆ دەوڵەتانی پیشەسازی کۆچ بکەن. هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە کەمترین پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی، جووڵەی وەبەرهێنان تێیاندا دابەزی لە سەدا ١٤وە بۆ سفر لە ساڵی ١٩٨٢ تاکوو ساڵی ١٩٨٩. کیشوەری ئەفریقایش بە نموونەیەکی ڕوونی لاوازیی چالاکیی وەبەرهێنان دادەنرێت؛ بە شێوەیەک کە ئەو پارەیەی لە دەستی دا، زیاتر بوو لەوەی بەدەستی

هێنا. بێجگە لەمەیش، ٣٦٠ کەس لە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، کە سەروەتەکانیان دەگاتە نزیکەی نیوەی سەروەتی دانیشتووانی جیهان، زۆربەیان لە دەوڵەتانی پیشەسازیی خۆرئاوادا دەژین؛ لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو کەلێنەی نێوان داهاتی دەوڵەتانی دەوڵەمەند و هەژار زیادی کرد، بە شێوەیەک کە ساڵی ١٩٦٥ داهاتی تاکێکی دەوڵەتانی پێشکەوتوو ٢٠ جار زیاتر بوو لە داهاتی تاکێکی دەوڵەتانی هەژار و، ساڵی ١٩٩٥ ئەم جیاوازییە بوو بە ٤٠ جار؛ بە بەراوردێکی سادەیش دەردەکەوێت کە سامانەکانی ٢٠ لەسەدی دەوڵەمەندانی دەوڵەتانی پیشەسازی، ١٥٠ جار زیاترە لەو سامانەی کە ٢٠ لەسەدی هەژارترین دەوڵەتەکانی جیهان هەیانە. لە کۆتاییدا دەبێ ئەو چارە ستراتیژییانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بەجیهانیبوون و ئامڕازەکانی، چی بن؟ لە ڕاستییدا دەوڵەتانی هەژار و گەشەئەستێن پێویستییان بە دووبارە بنیاتنانەوەی هەیکەلی ئابووری هەیە. بە شێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندیی گەل و ئەو گۆڕانانە بگونجێت کە لە جیهاندا بەردەوام ڕوو دەدەن و، لەو بەرپرسیارێتییە ترسناکەیشدا بەشداری بە دەوڵەتانی پیشەسازی بکەن، کە خاوەنی ئامڕازەکانی ڕکابەرین، وەکوو تەکنەلۆژیی و شارەزایی و سامان. خۆی لە خۆیدا تەکنەلۆژیا کێشەیەکی گەورەیە، بۆ دەوڵەتانی گەشەئەستێن، چونکە ئەوان وەکوو دەوڵەتانی پیشەسازی خاوەنی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی

نین. بۆیەیش دەوڵەتانی پیشەسازی، دەست دەکەن بە گواستنەوەی تەکنەلۆژی و کەسانی شارەزا، بۆ ئەوەی ڕاهێنان و خول لە دەوڵەتانی گەشەئەستێندا بکەنەوە، بەڵام دەوڵەتانی پیشەسازی هەرچەندە لە دیاردەی بەجیهانیبووندا دڵسۆز و ڕاستگۆ بن، لە سەریشیان پێویستە ئاسانکاری بکەن لە گەیشتنی ئەو تەکنەلۆژییەی خاوەنین، بۆ هەستانەوەی ئابووریی دەوڵەتانی هەژار، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لە بانکی نێودەوڵەتی و دەستە و دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشدار بن. بێ گومان ئەو دامەزراوانەیش بەرپرسیارێتیی گەورەیان لەسەرە کە هاوکار بن بۆ هەستانەوەی ئابووریی ئەو دەوڵەتانە و، دواجاریش لەسەر ئابووریی جیهان کاریگەریی دەبێت. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، "ساموێل مۆرس" وێنەکێشی پۆرترێتی ویلایەتی ماساشۆتس لە ئەمریکا، یەکەمین نامەی بە ناوی What Hath God Wroughtی بە تەلەگرافی ئەلیکترۆنی گواستەوە، کە ئەو بەو کارەی دەستپێشخەریی کرد لە قۆناغێکی نوێی مێژووی جیهان. هەرگیز پێشتر نەدەتوانرا نامەیەك بنێردرێت، ئەگەر کەسێك هەڵی نەگرتبا و لە شوێنێکەوە نەیبردبایە شوێنێکی تر. لەگەڵ ئەوەیشدا هاتنی پەیوەندیکردن لە ڕێی مانگی دەستکردەوە ئەوە دەردەخات، کەوا جیاوازیی زۆر لەگەڵ ڕابردوودا دروست بووە. یەکەمین مانگی دەستکردی پەیوەندیکردن تەنیا سەرووی سی ساڵ لەمەوبەر

نێردرایە ئاسمان، کەچی ئێستا زیاتر لە دوو سەد مانگی دەستکردی لەو جۆرە لە سەرووی گۆی زەوی هەن کە هەر یەکەیان لەمانە هەڵگری کۆمەڵێکی زۆر لە زانیارین. بۆ یەکەمین جارە پەیوەندیکردنی دەستبەجێ لەو سەری دونیاوە، بۆ ئەوسەر دەستەبەر کراوە. جۆرەکانی تری پەیوەندیی ئەلیکترۆنی کە هەر بەهۆی گواستنەوە، لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە ئەنجام دەدرێن، بە هەمان شێوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زیادیان کردووە. چیتر کێبڵی گواستنەوەیی بەسەر زەریای ئەتڵەسی یان زەریای هێمندا لە کۆتاییی پەنجاکانەوە بوونی نەما. یەکەمین هێڵی پەیوەندی کەمتر لە سەد دەنگی هەڵدەگرت، بەڵام ئەوانەی ئێستا زیاتر لە یەك ملیۆن دەنگ هەڵدەگرن. لە یەکی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٩دا کە سەد و پەنجا ساڵ بەسەر داهێنانی مۆرس، کە سیستەمی خاڵ و داشەکانی داهێنابوو، تێ پەڕیبوو، لە کۆتاییدا داهێنانی مۆرس کە وەك هۆکارێکی پەیوەندیکردن بوو لەناو دەریا، چیتر لەسەر شانۆی ئەم جیهانەدا دیار نەما و بەیەکجاری دابڕا. لەجیاتی ئەوە سیستەمێك پەیدا بوو کە بەهۆی تەکنەلۆژیای سیستەمی مانگی دەستکردەوە، کار دەکات. بەهۆی ئەو سیستەمەوە هەر کەشتییەك تووشی کێشە ببێت، ئەوا دەستبەجێ پێیان دەڵێت. ماوەیەك لەمەوبەر زۆربەی وڵاتان ئامادەکارییان کرد بۆ ناو ئەو قۆناغە. بۆ نمونە دوو ساڵ لەمەوبەر فەرەنسا بەکارهێنانی سیستەمی "مۆرس"ی، بۆ

دیاریكردنی كێشەی كەشتییەكان لەناو دەریا و ڕووبارەكانی وڵاتدا ڕاگرت. پەیوەندیكردنی ئەلیكترۆنی، ڕاستەوخۆ نەك تەنیا گەیاندنی خێراتری هەواڵ و زانیارییەكانە، بەڵكوو هەبوونیشی پێكهاتەی تەواوی ژیانمان وەك یەك، بە هەژار و دەوڵەمەندەوە، دەگۆڕێت. هەر كاتێك وێنەی "نێلسۆن ماندێللا"، بۆ ئێمە لە ڕووخساری دراوسێكەمان ئاشناتر بوو، ئەوا بزانن كە شتێك لە ڕۆتینیاتی ژیانی ڕۆژانەماندا ڕووی داوە. نێلسۆن ماندێللا كەسایەتییەكی ناسراوی جیهانە و خۆی لە خۆیدا كەسی ناسراوی جیهانیش بەرهەمێكی نوێی تەكنەلۆژیای گواستنەوە و گەیاندنە. تەكنەلۆژییەكانی میدیا لە گەیشتنی هەر شەپۆلێكی داهێناندا پەرە دەسەنێت. لە ئەمریكا پەنجا ساڵی پێ چوو تا وای لێ هات ڕادیۆ پەنجا ملیۆن گوێگر بەدەست بهێنێت و هەمان ژمارەیش تەنیا پانزدە ساڵ پاش ئاشنابوونیان بە كۆمپیوتەری كەسی، توانییان ئەو كۆمپیوتەرە بەكار بهێنن. پاش داهێنانی ئینتەرنێت، تەنیا چوار ساڵی پێویست بوو تاكوو ئینتەرنێت بە شێوەیەكی ئاسایی، بۆ پەنجا ملیۆن ئەمریكی فەراهەم بكرێت و بەكاری بهێنن. هەڵەیە گەر وا تێ بگەین كەوا بەجیهانیبوون تەنیا لەبارەی سیستەمە گەورەكانی وەك پۆلێنكردنی داراییەوە هەیە. هەروەها بەجیهانیبوون هەر ئەوەیش نییە كە ئێمە دەیبینین و هێشتا دوورە لە گەیشتن بەدەست تاكەكان، بەڵكوو بەجیهانیبوون دیاردەیەكە و بوونی هەیە و كاریگەرییەكی

قوولیشی لەسەر بوارەکانی ژیانی کەسیماندا هەیە. هەر بۆ نموونە، پێدەچێت ئەو دیبەیتانەی لە زۆر وڵات لەبارەی بەها خێزانییەکانەوە دەکرێن، بەدەر بن لە کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون، بەڵام وا نییە، چونکە وا خەریکە سیستەمە تەقلیدییەکانی خێزان دەگۆڕێن، یان لەژێر گوشاردان، بەتایبەتیش کە ئێستا ئافرەتان لە زۆر بەشی جیهاندا داوای یەکسانییەکی زیاتر دەکەن. ئەوەی ئێمە بزانین، هەرگیز پێشتر لە مێژووی تۆمارکراوی جیهاندا کۆمەڵگەیەکی وا نەبووە کە ئافرەتان وا خەریکە لەگەڵ پیاوان یەکسان ببن. ئەوە لە ڕاستییدا شۆڕشێکی نوێی جیهانییە لە ژیانی ڕۆژانەماندا کە لێکەوتەکانی لە بواری کارکردنەوە تاکوو بواری سیاسەت، لەدونیادا هەستیان پێ دەکرێت. بەوەیش لەوە حاڵی دەبین کەوا بەجیهانیبوون تەنیا یەك پڕۆسە نییە، بەڵکوو بریتییە، لە کۆمەڵێك پڕۆسەی ئاڵۆز کە ئەو پڕۆسانەیش بە شێوازی دژیەك و پێچەوانە هەڵدەسووڕێن. زۆربەی خەڵك وا بیر دەکەنەوە کەوا بەجیهانیبوون بەسادەیی بریتییە، لە سەندنەوەی هێز، یان کارتێکردن لە کۆمەڵگە و نەتەوە ناوخۆییەکان لەناو گۆڕەپانی جیهانیدا کە لەڕاستیدا ئەوە یەکێکە، لە دەرەنجامەکانی بەجیهانیبوون. هەرچەندە لەگەڵ ئەوەیشدا وڵاتان هەندێك لەو هێزە ئابوورییانەی پێشتر هەیانبووە، لەدەست دەدەن. بەجیهانیبوون نەك تەنیا هەر تەنیا شتەکان بەرەو پێشەوە دەبات، بەڵکوو بەرەو دواوەیشیان دەبات و پاڵەپەستۆی

نوێیش لەسەر هەرێمە ناوخۆییەکان دروست دەکات. کۆمەڵناسی ئەمریکی "دانییێل بێل" زۆر بەباشی باسی ئەوە دەکات کاتێك کە دەڵێت: "وڵات زۆر بچووك دەبێتەوە لە چارەسەرکردنی کێشە گەورەکاندا و، زۆریش گەورە دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشە بچووکەکان." بەجیهانیبوون لە زۆر شوێنی جیاجیای جیهاندا هۆکاری بووژانەوەی ناسنامە کلتوورییە ناوخۆییەکانە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێك پرسیار بکات بۆچی "سکۆتلەندییەکان" سەربەخۆیی زیاتریان لە ئینگیلتەرا داوا دەکرد، یان بۆچی بزووتنەوەییەکی بەهێزی جیابوونەوە لە هەرێمی "کبیك" هەیە لە کەنەدا، ئەوا وەڵامەکەی تەنیا لە مێژووی کلتوورەکەیان نادۆزییەوە، بەڵکوو لە زۆر شوێنی تریش وەڵامان دەست دەکەوێت. نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم)، کاتێك لاواز دەبێت کە نەتەوە کۆنەکانی هەر وڵاتێك زیاتر بەرەو بەجیهانیبوون دەڕۆن و مەیلیان زیاتر بە لای بەجیهانیبووندا دەشکێتەوە. هەروەها بەجیهانیبوون، ڕێگە لاوەکییەکان بەرتەسك دەکاتەوە. بەجیهانیبوون، زۆنی ئابووریی و کلتووریی دروست دەکات. نموونەیش بۆ ئەوە هەرێمی "هۆنگ کۆنگ"، "باکووری ئیتاڵیا" یان "سلیکۆن ڤالی لە کالیفۆرنیا". "سنووری ناوچەی بارسێلۆنا لە باکووری ئیسپانیا" کە بەرەو فەرەنسا درێژ دەبێتەوە. "کەتەلۆنیا" ئەو شوێنەی بارسێلۆنای تێدا هەڵکەوتووە، زۆر نزیکە خۆی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا لێك

بدات و بە هەمان شێوە بەشێکیشە لە ئیسپانیا، کەچی وا پێدەچێت کەوتبێتە دەرەوەی ئیسپانیا. گۆڕانکارییەکان بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە ڕوو دەدەن، ئەوانیش فاکتەری پێکهاتەیین و هەندێکیشیان فاکتەری تایبەت و مێژوویین، بێگومان کاریگەرییە ئابوورییەکان یەکێکن لە هێزی دروستبوونی بەجیهانیبوون، بەتایبەتیش سیستەمی دارایی جیهانی. هەرچەندە ئەو هێزانە وەك هێزی سروشت نین، بەڵام بەهۆی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی کلتوور و، هەروەها ئەو بڕیارانەی حکوومەت، بۆ چاوپۆشیکردن و ئازادکردنی ئابووریی نیشتمانی دەری دەکات، دروست بوونە. ڕووخانی کۆمۆنیزمی سۆڤییەت قورسایی زیاتری خستە سەر ئەو جۆرە پێشکەوتنانە، چونکە چیتر هیچ گروپێکی بەرچاو لە وڵاتان لە دەرەوە ڕاناوەستێ. ڕووخانەکە تەنیا شتێك نەبوو کە ڕووی دا، بەڵکوو بەجیهانیبوون ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی و چۆن کۆمۆنیزمی سۆڤییەتی کۆتایی هات. یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا تاکوو سەرەتای حەفتاکانیش لەگەڵ خۆرئاوا لە ڕووی ڕێژەی گەشەسەندنەوە بەراورد دەکران و لە دوای ئەو خاڵەوە، ئەوان زۆر دوا کەوتن. کۆمۆنیزمی سۆڤییەت بە جەختکردنە سەر ڕاپەڕاندنی پڕۆژەکانی وڵات و پیشەسازییە قورسەکەی، نەیتوانی لەگەڵ ئابووریی ئەلیکترۆنیی جیهانیدا ڕکابەری بکات. ئەو کۆنترۆڵە ئایدیۆلۆژیی و کلتوورییەی کە

دەسەڵاتی سیاسیی کۆمۆنیستییش لەسەری بنیات نرابوو، بە هەمان شێوە نەیتوانی لە سەردەمی میدیای جیهانیدا بژیت و بمێنێتەوە. ڕژێمەکانی سۆڤییەت و خۆرهەڵاتی ئەورووپا نەیانتوانی ڕێگری بکەن لە وەرگرتنی پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی خۆرئاوا. تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە شۆڕشەکانی ساڵی ١٩٨٩دا بینی، کە شتێکی لە شوێنی خۆی بوو ناوی بنێن "یەکەمین شۆڕشە تەلەڤزیۆنییەکان". خۆپیشاندان لە وڵاتێکدا دەکرا و هاووڵاتیانی وڵاتێکی تریش، لە ماڵەکانی خۆیاندا سەیریان دەکرد. ئەوە وای دەکرد ئەوانیش بە ژمارەی زۆرەوە بڕژێنە سەر شەقامەکان، بێگومان بەجیهانیبوون بە هەمان ڕێگەی چۆنییەك پێش ناکەوێت و هەموو لێکەوتەکانی باش نین. زۆرێك لەوانەی لە دەرەوەی ئەورووپا و باکووری ئەمریکا دەژین، پێدەچێت زۆر حەزیان لەوە بێت ببن بە خۆرئاوایی، یان ببن بە ئەمریکی. بە حوکمی ئەوەی ئەمریکا ئێستا هێزی یەکەمە لە جیهاندا و لە بواری ئابووریی و کلتووریی و سەربازیدا ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە، بۆیە دیارترین ئەو دەستەواژە لتوورییە جیهانگیرانە ئەمریکین، هەروەك "مەكدۆناڵد و کۆکاکۆلا". زۆرێك لەو کۆمپانییە زەبەلاحە فرەنەتەوەییانەی لە ئەمریکا دامەزراون، خەڵك و نەتەوەی هەژاریان تێدایە. دیدگەیەکی گەشبینانەی بەجیهانیبوون لە پیشەسازیی وڵاتانی باکووردا بەدی دەکرێت و کۆمەڵگە گەشەسەندووەکانی باشوور

هیچ یاخود ڕۆڵێکی کەم تیایدا دەگێڕن. ئەوە بە تێکدانی کلتوورە ناوخۆییەکان و فراوانکردنی نایەکسانییەکانی جیهان و خراپترکردنی دۆخی هەژارەکان دادەنرێت. هەندێك دەڵێن بەجیهانیبوون، دونیایەك لە براوە و دۆڕاو دروست دەکات. کەمێك لەوانە زوو دەگەنە خۆشگوزەرانی و زۆرینەیشیان ژیانێکی ناخۆش و بێهیوایان بەبەردەکەوێت کە لە ڕاستییدا ئامارەکانی ئەو دیاردەیەیش وەرەڕووخێنن. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا سەدا پێنجی پشکی هەژارترین دانیشتووانی جیهان لە ڕووی داهاتی ساڵانەوە، لە سەدا (٢,٣%)ەوە بۆ (١,٤%) کەمی کردووە. لە لایەکی ترەوە ئەو ڕێژەیەی لەلایەن لە سەدا پێنجی دەوڵەمەنترینەکانی جیهانەوە دەست دەکەوێت، لە (٧٥%)ەوە بۆ (٨٥%) زیادی کردووە. بیست وڵات لە بیابانی ئەفریقا لەچاو دوو دەیە پێش ئێستا، داهاتی تاکەکەسییان بەرەوە کەمبوونەوە دەڕوات. لە زۆر وڵاتی کەم پێشکەوتوودا، ڕێکارە سەلامەتی و ژینگەییەکان هەر نین یان لاوازن. هەندێك لەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی لە بواری بازرگانیدا کار دەکەن، ئەو جۆرە کاڵایانە دەفرۆشن کە لەلایەن وڵاتە پیشەسازییەکانەوە کۆنترۆڵ یان قەدەغە کراون. لەوانەیش دەرمانی پزیشکیی کواڵێتیی نزم و دەرمانە حەشەراتکوژەکان و جگەرە پڕنیکۆتینەکان. من وەك نووسەرێك زیاتر لەسەر ئەم بابەتەم نووسیوە نەوەك گوندێکی لادێ. من ئەوەم وەك شتێکی تاڵانکاری

دێتە پێش چاو. هاوشان لەگەڵ مەترسیی ژینگەیی کە پەیوەندیی بە باتەکەوە هەیە، زیادبوونی نایەکسانی، جددیترین کێشەیە کە کۆمەڵگەکانی جیهان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەگەرچی ڕاستیش نەبێت، بەڵام ئەوە پەیوەندیی بە زۆربوونی سەرمایەوە هەیە. ئەوە شتێکی بنچینەییە، بۆ مشتومڕی من کەوا ئەمڕۆ بەجیهانیبوون، بەڕۆژاواییکردنی سیستەمە؛ بێ گومان جارێ زیاتر کاریگەریی بەجیهانیبوون بەسەر وڵاتە خۆرئاواییەکان، بە شێوەیەکی گشتیش وڵاتە پیشەسازییەکانەوە هەیە وەك لە وڵاتە هەژارەکان. هەرچەندە بەجیهانیبوون بە شێوەیەکی بەرچاو لە شوێنی خۆی ناوەستێت و لەژێر کۆنترۆڵی هیچ نەتەوەیەکیشدا نییە، بەڵکوو جارێ زیاتر بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە دیارە. دەرکەوتەکانی بەجیهانیبوون، زیاتر لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا هەستی پێ دەکرێت وەك لە شوێنەکانی تر. بە هەمان شێوە ئەو لێکدانەوەیە، ڕاستە بۆ سیستەمی دارایی جیهان و پەیوەندی و گەیاندن و میدیا و، هەروەها ئەو گۆڕانانەی کە کاریگەری دەخەنە سەر سروشتی خودی حکوومەت. ئەوەتا نمونەکانی "داگیرکاریی پێچەوانە" زیاتر و زیاتر دەبن. داگیرکاریی پێچەوانە واتە وڵاتە ناخۆرئاواییەکان کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنەکانی وڵاتانی خۆرئاوا هەیە. بۆ نموونە بەلاتینکردنی لۆس ئەنجلۆس و سەرهەڵدانی سێکتەری پێشکەوتووی باشی جیهانی لە بواری تەکنەلۆژیادا لە هیندستان و فرۆشتنی بەرنامە

تەلەڤزیۆنییەکانی بەڕازیل بە پۆرتوگال. ئایا بەجیهانیبوون هێزێکە، بۆ پێشخستنی بەرژەوەندیی گشتی؟ بەهۆی ئاڵۆزیی دیاردەکەوە پرسیارەکە بەئاسانی وەڵام نادرێتەوە. ئەو خەڵکانەی ئەم پرسیارە دەکەن و ئەوانەیشی کە گلەیی لە بەجیهانیبوون دەکەن وەك هۆکارێکی قووڵکردنەوەی نایەکسانییەکانی جیهان، هەمیشە هەردووکیان ئابووریی جیهانییان لەمێشکدایە و لەناویشیاندا بازرگانیی ئازاد. بەدڵنیاییەوە ئێستا ئاشکرایە کە بازرگانیی ئازاد سوودێکی باشی هەیە، بەڵام ئەوە بەتایبەت لە وڵاتە کەم پێشکەوتووەکاندا جێی هەڵوەستەلەسەرکردنە. کردنەوەی وڵاتێك، یان هەرێمێك بەڕووی بازرگانیی ئازاددا، دەتوانێت بوونی ئابووریی ناوخۆیی لاواز بکات. وڵاتێك کە سەربەخۆ نەبێت لە فرۆشتنی بڕێکی کەمی بەرهەمەکانی لە بازاڕەکانی جیهاندا، لە گۆڕانی نرخەکان و گۆڕانە تەکنەلۆژییەکاندا زۆر لاوازە، هەمیشە بازرگانی لە کاتی پەیڕەوکردنی شێوازەکانی تری پێشکەوتنی ئابووریدا، پێویستیی بە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی هەیە. بازاڕەکان بە ئامرازی ئابووریی تەواو دروست ناکرێن و ئەوەی کە تاچەند، دەبێت ئابوورییەکی باش لەگەڵ بازاڕی جیهاندا بەرکەوتن دروست بکرێت، دەبێت پشت بە کۆمەڵێك پێوەر ببەستێت، بۆ دژایەتیکردنی ئابووریی جیهانی و هەڵبژاردنی پاراستنی ئابووریی هاوشێوە. تەکتیکێکی نابەجێ دەبێت ئەگەر وەك یەك، بۆ وڵاتە هەژار و

دەوڵەمەندەکان سیستەمی ئابووریی جیهانی بەسەریاندا بسەپێنرێت. ڕەنگە لە هەندێ کات و هەندێ وڵاتدا، پارێزگاریکردن ستراتیژییەکی پێویست بێت. بۆ نمونە بە بۆچوونی من مالیزیا لە ساڵی ۱۹۹۸ شتێکی ڕاستی کرد لە دانانی کۆنترۆڵ، بۆ هاتنی سەرمایەی بەلێشاو لە وڵاتانەوە، بەڵام هەوڵەکان، بۆ پەرەپێدانی وڵاتە هەژارەکان کەڵکیان نییە، ئەگەر بێت و وڵاتە سەرمایەدارەکان و کەرتە بازرگانییەکان بەردەوام لە ڕکابەریدا بن. ئەو دیبەیتانەی سەرەتا لەبارەی بەجیهانیبوون باسم کردن، زیاتر جەختیان لە لێکەوتەکانی بەجیهانیبوون دەکردەوە لەسەر دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان. ئایا سەرکردە سیاسییەکان و دەوڵەتەکان هێشتا بەهێزن یانیش بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییان بەو هێزانەوە نییە کە جیهان هەڵدەسووڕێنن؟ لە ڕاستیدا وڵاتە خاوەن سەروەرییەکان هێشتا بەهێزن و ڕابەرە سیاسییەکانیش ڕۆڵێکی گەورە لەم جیهانەدا دەگێڕن و لە هەمان کاتیشدا وا خەریکە لەبەرچاومانەوە گۆڕانکاری لە شێوازی وڵاتە خاوەن سەروەرییەکاندا دەکرێت. چیتر وەك پێشوو سیاسەتی ئابووریی نەتەوەیی کاریگەر نابێت، لەمە گرنگتریش دەبێ نەتەوەکان دووبارە بیر لە ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان بکەنەوە. ئێستا وا خەریکە شێوازە دێرینەکانی جوگرافیای سیاسی (جیۆپۆلۆتێکی)، کۆن دەبن. هەرچەندە ئەوە شتێکی بەردەوامە، من دەڵێم دوای نەمانی جەنگی سارد، وڵاتەکان چیتر دوژمنیان نییە.

دوژمنەکانی بەریتانیا، یان ژاپۆن، یان فەرەنسا کێ بوون؟ ئێستا وڵاتان زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی و ڕیسك دەبنەوە وەك لە پەیدابوونی دوژمن، کە ئەوەیش گۆڕانێکی زۆر بەرچاوە لەچاو سروشتی سەرەتای خۆیان .ئەوە تەنیا لەبارەی ئەو وڵاتانەوە نییە کە باسمان کردن، بەڵکوو ئێمە سەیری هەر شوێنێك دەکەین دەبینین کە دامەزراوەکان لە دەرەوەیاندا بە هەمان شێواز دەردەکەون و هەمان ناوی پێشووتریان هەیە، کەچی لەناوەوەیشیاندا تەواو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئێمە بەردەوامین لە گفتوگۆکردن لەبارەی نەتەوە، خێزان، کار، نەریت و شروشت، بەوەی کەوا هەموویان وەك ڕابردوو وەك یەك ماونەتەوە. بەڵام وەك یەك نەماون؛ توێکڵی دەرەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ناوخۆدا تەواو جیاوازە کە ئەوەیش نەك تەنیا لە ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسادا ڕوو دەدات، بەڵکوو خەریکە لە گشت شوێنێك ڕوو دەدات. بەجیهانیبوون ئەو ڕێگەیانە شلۆق دەکات کە ئێمە تا ئێستا لەسەریان ژیاوین، جا گرنگ نییە ئێمە پێشتر لە کوێ بووین. گۆڕانەکان هەر تەنیا لە ئێستا نابن، بەڵکوو بەردەوام دەبن، کە ئەوە خواستی کۆمەڵێك مرۆڤە و بە شێوازێکی بەرەڵلایی و نارێك بەهۆی گیراوەیەك لە چەند فاکتەرێکی ئابووری، تەکنەلۆژیی و کلتوورییەوە پرۆسەکە ئەنجام دەدەن. شتەکە نە جێگیرە و نە پارێزراویشە، بەڵکوو پڕە لە دڵەڕاوکێ و دابەشبوونی قووڵ. زۆربەمان درك بە هێزێك دەکەین کە هیچ

کۆنترۆڵیان لەسەری نییە،؛ ئایا ئێمە دەتوانین دووبارە ئیرادەی خۆمان بەسەریدا بسەپێنین؟ پێم وایە دەتوانین. ئەو بێهێزییەی ئێمە هەستی پێ دەکەین، نیشانەی کەوتنی کەسێتیی مرۆڤ نییە، بەڵکوو کاردانەوەی لاوازی دامەزراوەکانمانە. پێویستە ئەو شتانە بنیات بنێینەوە کە هەمانن، یاخود پێویستە شتی نوێ دروست بکەین کەوا لەگەڵ ئەو سەردەمەی دونیا بگونجێن. بەجیهانیبوون لەناو ژیانی ئەمڕۆماندا شتێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو ئەو گۆڕانەیە کە لە بارودۆخەکانی ژیانی سەرەکیماندا و ئەو شێوازەیشە کە ئێمە ئێستا لەسەری دەژین. هەروەک "هۆبز" دەڵێت: ئەگەر هات و لە ڕاستیدا مرۆڤەکان وەکوو گورگێک بن بۆ یەکتر، ئەوە ژیانیان لەگەڵ یەکتردا مەحاڵ بوو بەبێ هەوڵدان بۆ دانانی سنوورێک، بۆ ئەم دڕندایەتییەی کە لە چەند شێوازێکی جیاجیای توندوتیژیدا خۆی دەنوێنێت، بۆ ئەم سنووردانانەیش و، هەروەها خولْقاندنی ئاشتی و تەبایی لە نێوان مرۆڤەکاندا کۆمەڵێک بەهای هاوبەش لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بنیات نرا و لەگەڵ ڕۆژگاردا، بوون بە کۆمەڵێک پێوەر و دواتریش بوون بە ئەرک و، پێویست دەکات پێوەیان پابەند بین. ئەوانیش بریتیین، لە بەهاکانی: خۆشەویستی و سۆز و ئاشتی و تەبایی و ئاسایش و هاوکاری و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و هتد.

ملکەچبوون بۆ ئاژاوەگێڕی، شایستەی ئاوەزی مرۆڤەکان نییە، چونکە بەردەوام ئاوەزی مرۆڤ لەناو ئەم گێژاوەیشدا بە دوای

خەسڵەتە هاوبەش و هاوشێوەکانی مرۆڤایەتی دەگەڕێت، تا لە ڕێگەیانەوە بەها هاوبەشەکان دروست بکات و بەرگرییان لێ بکات و هەوڵ بدات بیانگۆڕێت بۆ ئەوەی ببنە شێوازێک بۆ ژیانی مرۆڤایەتی. هەرچەندە دروستبوونی ئەو گۆڕانکارییانە هێواش و قورس بێت، بەڵام نابێت مرۆڤایەتی لێی نائومێد بێت. بەتایبەتیش چالاکوانانی بواری کۆمەڵایەتی، دەبێت هەموو کات هەوڵی ئەم وەچەرخانە بدەن و هەوڵ بدەن بۆ جێگیرکردنی ئیرادەی خێر و چاکە و ئاشتی و، زاڵکردنی بەسەر نائومێدی و خەمۆکی و ویستی شەڕانگێزانەی مرۆڤەکاندا. پرسیاری ڕاست و گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ئایدیۆلۆژییەکان کە خۆی لە خۆیدا بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤن، بوونەتە هۆی تێکدان و وێرانکردنی بەها هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی. لەوەیش گرنگتر، ئایینەکان کە پڕاوپڕن لە بەها چاک و جوانەکان، کەچی بوونەتە سەرچاوەی پێکدادان و لێکترازانی خاوەن بیروڕا جیاوازەکان؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە لە لای عەقڵانییەکان زۆر سادە و ئاسانە، چونکە ئەوان بە دوای ئەو هۆکارانە دەگەڕێن کە فاکتەرن لە پشت ئەم تەنگژانەوە کە دیارترینیان بریتییە، لە ناکۆکییەکان لەسەر سامان و ئارەزووکردنی بەدەستهێنانی دەسەڵات و جگە لە هەموو ئەو بەرنامانەی کە بەئەنقەست، بۆ زیادبوونی ئاژاوە و ناکۆکییەکان دادەڕێژرێن.

# خزمگەرێتی و گەندەڵی
# دیوە ناشیرینەکەی دیموکراسییەت

خزمەگەرێتی بریتییە، لە پێشخستنی خزم و دۆستە نزیکەکان، بە هۆی پەیوەندییان بە تۆوە نەوەك بە هۆی لێهاتوویان. زۆربەی کات ئەو زاراوەیە، مانایەکی نەخوازراو ونیگەتیڤانە دەگەیەنێت. بۆ نمونە ئەگەر بەڕێوەبەرێك هەڵسا بە دامەزراندنی فەرمانبەرێك، یان بە بەرزکردنەوەی پلەکەی بە هۆی پەیوەندی خزمایەتی، لە بری فەرمانبەرێکی تر کە لەو کەسە لێهاتووتر بێت، بەڵام پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە نەبێت، ئەو کاتە بەڕێوەبەرەکە بە خزمگەرێتی تاوانبار دەکرێت. هەندێ لە زانایانی بواری زیندەوەرزانی ئاماژەیان بەوەکردووە کە بوونی ئارەزوو، بۆ خزمەگەریەتی ئارەزوویەکی زگماکییە لە مرۆڤدا و شێوەیەکە لە شێوەکانی بە پێشخستنی خزمایەتی. وشە ئینگلیزیەکەی ( Nepotism) بنەڕەتەکەی لاتینییە و لە وشەی ( Nepos) وەرگیراوە کە مانای منداڵی برا، یان خوشك دەگەیەنێت.

ئەگەر چاوێك بەمێژوودا بخشێنین دەبینین، لەچەرخە ناوەڕاستەکاندا کە هەندێك لە پاپاکان و قەشە کاثۆلیکییەکان کە پەیمانی ڕەبەن بوونیان لەسەر خۆیاندابوو، منداڵە نا شەرعییەکانی خۆیان بەخێودەکرت، بەو پاساوەی کە ئەوانە منداڵی خوشك، یان

برايانن و له مامەڵەكردنيشدا پله و پايەی جياوازيان پێدەدان، بەراورد به منداڵی خەڵكی تر. هەندێك له پاپايان لەو جۆره منداڵه نا شەرعييانەی خۆيان، يان منداڵه خزمەكانيان دەگەيشتن به پلەی "كاردينالْ"يی و زۆربەی جاريش ئەو جۆره دامەزراندنانه، بۆ دامەزراندنی شتێك كه له خانەواده پاشاييەكان دەچوو به شێوەيەكی شمولييانه دەستيان بەسەر كورسی پاشايەتيدا دەگرت. بۆ نمونه "پاپا كليستۆس"ی سێيەم لەخانەوادەی "بۆرجيا" دوو له كوڕەكانی خۆی وەك كاردينالْ بەكارهێنا و دواتر گەيشتن به پاپايەتی و دواجاريش بوون به پاپا "ئەلكسەندر"ی شەشەم. وا رێكەوت كه ئەلكسەندەر كه يەكێك له هەره گەندەڵترين پاپاكان بوو، لەسەردەمی خۆيدا دواجار پلەی كاردينالْی بەبرای دڵبەندەكەی خۆيدا كه "ئەليساندرۆ فانيه". كه پلەو پايەی فارنيەش بەرزدەبێتەوه و دوايی دەبێته به پاپا "پۆل"ی سێيەم، پۆليش بەهەمان شێوه خەريكی خزمگەرييەتی بوو. بۆ نمونه دوو له منداڵه خوشكەكانی كه تەمەنيان ١٤ و ١٦ ساڵان بوو وەك كاردينالْ دامەزراند. ئەو پيادەكردنه لەو كاتەوه كۆتايی پێهات كه پاپا "ئەنوسنتفەر" له ساڵی ١٦٩٢ فەرمايشتێكی پاپای دەركرد، بۆ قەدەغەكردنی يەكجارەكی ئەو جۆره كارانه. ئەو بڕياره پاپاييه، بۆ هەموو پاپايەك گشتگير بوو كه زەويی و خانووبەره و پله و پايه و قازانجه دارا ييەكان نابێت به

هیچ لە خزمەکانی خۆی بدات، بێجگە لە یەك خزم نەبێت کە شیاوو لێهاتوویی ئەوەی هەبێت، ئەو پەڕی ببێتە کاردینالّ.

هەڵبەتە ئایدیای خزمگەرییەتی دیاردەیەکی باوە، لەناوەندە سیاسییەکاندا. کاتێك کە خزمی کەسێکی خاوەن کاریگەری پلەو پایەك، لە دەسەڵات وەردەگرێت. بەبێ ئەوەی ، بۆ ئەو شوێنە لێهاتوویی گونجاوی هەبێت. بۆ نموونە کاتێك کە سیناتۆرێکی ئەمریکی، لە وێنەی "فرانك مارکۆفسکی" وەك فەرمانڕەوای ویلایەتی "ئالاسکا" کچی "لیزا مارکۆفسکی" وەك نوێنەری ویلایەتەکە دامەزراند، بۆ ئەوەی وەك فەرمانڕەوای ویلایەتەکە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، ئەو پێگەیە بەرێوەببات. لەو کاتەشدا ئەو دیاردەیە لە ناوەندە میدیاکانی ئەمریکا گەڕانەوە، بۆ ژینگەی خزمگەرییەتی پێشوو تۆمەتبارکرا. "جۆن کەنەدی"ش لەلایەن ژمارەیەك لە ڕکابەرەکانیەوە بەخزمگەرییەتی تاوانبارکرا، کاتێك براکەی "ڕۆبرت کەنەدی" وەك بەرێوەبەری گشتی دامەزراند. بێگومان لە هەموو شوێنێکی جیهان خانەوادە هەن کە دەستیان بەسەر سیاسەتی وڵاتەکایاندا گرتووە. وەك خانەوادەی "تون عەبدولڕەزاق"ی دووەم وەك سەرۆك وەزیرانی مالیزیا و "مینتۆر لی کوان" یەکەم سەرۆك وەزیرانی سەنگافورە و کوڕەکەی "لی هین لۆنگ" کە بەو دواییە جێگەی "گوە تۆنگ" ی گرتەوە. وەك سەرۆك وەزیرانی سەنگافورە. زۆر لە وڵاتانی ئاسیاش، بەلای

فەرمانڕەواییکردنی خانەوادەکانیان هەنگاو دەنێن. لە هیندستان تا ئێستا خانەوادەی "نەهرۆ و خانەوادەی "غاندی" فەرمانرەوایی هیندستان دەکەن. لەکاتێکدا خەڵکانی تریش، بەهۆی ئەوانەوە لە ویلایەتە هیندیەکانیش، لەسەر پێشخستنی خزم و ناسیاوەکانیان پێشبڕکێ دەکەن. لە ڕۆمانیا لەماوەی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستی خزمگەرێیەتی تاکە ڕێگە بوو، بۆ بەدەستهینانی کارێکی باش و بە موچەیەکی سەرنجڕاکێش. ئەو دەستەواژەییەی کە لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیاش بەکاردەهێندرێت، بۆ گوزارشتکردن، لە خزمگەرێیەتی بریتییە، لە فەلسەفەی (بۆب، مامی خۆتە) بنەچەی ئەو وتەیەش، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە "ڕوبرت سیسل دوك سالبری" سەرۆك وەزیران بوو، کوڕە براکەی خۆی "ئارسەر بەلفۆر" لە پلەیەکی بەرز دامەزراند. ئەو دەستەواژەیە، لە بنەڕەتدا وەك گاڵتەجاڕیی بەرابنەر بە خزمگەرێیەتی بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا ماناکەی تەواوەك گۆڕاوە و یەك پارچە بۆتە دیاردەییەکی ڕێك کۆمەلایەتی کە بریتییە، لە (هیچ کێشەیەك نیە!؟)، یان هەمووشتێك تەواوکراوە. وەك لە چیرۆکی پلاکە کارەباییەکەوە هاتووە کە دەڵێت: پەنچە بە دوگمەکە بنێ، ئیتر بۆب مامی خۆتە. دیاردەی خزمگەرێیەتی چەمکێکی کۆنی پرەنسیپی دونیای گەندەڵی سیاسیی و ئیدراییە و، لە کۆنەوە تا ئیستا درێژەی هەیە. بۆتە دیاردە و وەك پرسێکی دونیای گەندەلی پێناسەی بۆ دەکرێت.

بەمانایەکی فراوانتر بیڵێین گەندەڵی سیاسیی بریتییە، لە خراپ بەکارهێنانی ئۆفیسە گشتیەکان (حکوومەت) لەپێناو دەستکەوتە نهێنیی و نایاسایی و تایبەتەکاندا. بە دڵنیاییەوە هەموو فۆڕمەکانی حکوومەت، دواجار ئەگەری کەوتنە ژێر کاریگەری گەندەڵی سیاسییان تێدا هەیە. شێوازەکانی گەندەڵی لە یەکترجیاوازن، بەڵام باوترینییان بریتیین لەدانی مافی پێشینە لە ئەنجامدان و بەدەستهێنانی خزمەتی گشتیی و بەرتیل و بەکارهێنانی هەڕەشە لە بەدەستهێنانی خزمەتە گشتییەکاندا. هەروەها بەکارهێنانی کاریگەریی و دزینی ماڵی حکوومەت لەلایەن فەرمانبەر و بەکارهێنانی واستەکاری. ئامانجی کۆتاییش لە گەندەڵی سیاسی کە مانا حەرفیەکەی بریتییە، لە فەرمانڕەوایەتی دز و جەردەکان کە تەنانەت تیایدا ڕواڵەتە دەرەکیەکەی ڕاستگۆییش بەدی ناکرێت. گەندەڵکاری لەهەردوو ئۆفیسی سیاسیی و بیرۆکراتییەکان سەرهەڵدەدات و دەکرێت بە ڕێژەیەك کەم، یان بە ڕێژەیەکی زۆر بەشێوەیەکی ڕێکخراو، یان نا ڕێکخراو بێت. هەرچەندە گەندەڵی زۆربەی جار ڕێگە خۆشکەرە، بۆ چالاکییە تاوانکارییەکانی تر وەك مامەڵەکردن بە ماددە بێهۆشکەرەکان، شۆردنەوەی دراو، لەشفرۆشی، بەڵام گەندەڵی سەتدەرسەت بەو چالاکییانەوە بەند نییە. بەمەبەستی تێگەیشتنی کیشەکە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان،

شتێکی گرنگە کە تاوان و گەندەڵی لە ڕووی شیکارکردنەوە بە لەیەکترجیاکراوەیی بهێڵیتەوە.

بە گوێرەی وڵات و تایبەتمەندییەتی دادگەری، ئەو شتانەی کە بەگەندەڵی دادەندرێن و ئەوانەشی کە بەگەندەڵی دانانرێن، گۆڕانیان بەسەردادێت. بۆ نمونە هەندێك کرداری تەمویلکردنی سیاسیی لەوانەیە لە شوێنێکی دیاریکرا و یاسایی بێت، کەچی لە وڵاتێکی تر یاساغ بێت. پەرتووکی "چوارچێوە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دارایی)" لە نووسینی "دەبڵیو. پائاتی ئۆفوسۆ- ئێپاه، ڕاج سوپرامانیان، کیشور ئاپرێتی" کە لە لایەن ئەحمەد ڕەنجبەر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و دواجار کاروان کەریمخان لە فارسییەوە بەکوردیکردووە. ئەو کتێبە لە دەلاقەی یاساییەوە لێکۆڵینەوە، لەبارەی هەوڵی وڵاتانی پێشکەوتوو و ئەو وڵاتانەی کە لە حاڵی پێشکەوتندانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکات. لەو کتێبەدا یاسا وەک ئامرازێکی ڕەق و کارا بۆ توندو- بەندکردنی ئیرادەی سیاسیی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەتۆکمەیی و وردی باس کراوە. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە یاسای ڕێکوپێک دەتوانێ ئامرازێک بێت، بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی دارایی و تەنانەت دەتوانێ لە دوورمەودادا ببێتە هۆی فەرهەنگسازی لە دژی گەندەڵیدا. ئامانجی ئەو توێژینەوەیە، لێکدانەوەی ڕوانگەکانی

بەرەنگار- بوونەوەی گەندەڵییە لەناو سیستەمە یاساییەکانی وڵاتانی جیهان. ئەو توێژینەوەیە بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵە کە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، ئامڕاز و شێوەی جیاوازی یاساییان، بۆ بەرەنگار- بوونەوەی گەندەڵی هەیە، سەرەتا ئامڕازی ڕێگریی و چاکسازیی لێک جیا کردۆتەوە. ئامڕازی پێشگری، ڕێسا و نۆڕمی یاسایی ڕێگری دەگرێتەوە کە دەتوانێت، بۆ دروستکردنی کەشێکی دوور لە گەندەڵی کاریگەر بێت. ئامڕازی چاکسازی بریتیین، لە یاسای دژەگەندەڵی کە لە بنەڕەتدا مەبەستی بەدواداگەڕانی شێوازی گونجاوە، بۆ سزادانی کردەوەی گەندەڵاوی. ئامڕازی پێشگری بە شێوەی پێشینەیی کار دەکەن و، هەروەها لێپێچینەوە و یاسای چاکسازی بەرانبەر بە دیاردەی گەندەڵی ئامڕازگەلی دواتر و پاشینەیین. بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە ئامڕازی ڕێگری، کە بەپێی جۆری بەرەنگار-بوونەوەی گەندەڵی، لەژێر دوو بابەتی شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تاوتوێ دەکرێن. بە-پێی سەرچاوەکانی یاسای بابەتی، یاسای چاودێریی کارگێڕیی دارایی، دابینکردنی بوودجەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریی گشتی، سێ نمونەی فراوانی ئامڕازی ڕێگرین کە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی تایبەتی پشت بە شێوازی ڕاستەوخۆی بەرەنگار-بوونەوەی گەندەڵی دەبەستن. ئەو نموونانەی کە شێوەی ناڕاستەوخۆترن و لەم توێژینەوەیەدا هەن بریتیین، لە: بنەمای

ڕەفتاری "کۆد" (کۆدی ڕەفتاری، واتا ئەو فەکتانەی کە لە ڕەفتاری تاک کە بنەما سەرەکییەکانی ڕەفتاری تاک دێنن، لە ناو زانستی یاسادا بە کۆدی ڕەفتاری دەناسرێن)، پێداگریکردن لە پابەندیی نەتەوەیی و بنەما و بڕیاری سەرکردایەتی و، هەروەها زۆر ڕێسای تر کە پەیوەستن بە ئاشکراکردنی باری ماددی و ئازادیی زانیاری و میدیاکان. لە بەشی سێیەمی ئەو توێژینەوەیەدا ئامڕازی چاکسازیی بەرەنگار-بوونەوەی گەندەڵی دەخرێنە بەر باس کە بریتیین، لە پڕۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوانی تایبەت بە گەندەڵیی دارایی و دواتر پڕۆسەی دادگەیی. ئەو توێژینەوەیە بە سوودوەرگرتن لە باشترین نموونەی کرداریی سیستەمە دادوەرییەکانی ئێستای جیهان، جەوهەری یاسای دژە-گەندەڵی وەك سزای کارا، پێناسەی دروستی سپیکردنەوەی پارە و دواجار بەتایبەت ڕێسا گرینگەکانی چاودێر لەسەر بەڵگەی سەلماندنی تاوان کە هەندێ جار ڕێزی بنەمای جیهانیی بێتاوانی تووشی کێشە دەکات، دەبێتە هۆی ئاسانکاریی پڕۆسەی لێکۆڵینەوە و، هەروەها بەدواگەڕانی تاوانی تایبەت بە گەندەڵی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەو بەشە بە کورتە باسێك لەبارەی ئەو ڕەگەزانەی کە پێویستە لە پێناسەی گەندەڵی گرینگییان پێ بدرێت، کۆتایی دێت. پێداگری لە ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگار-بوونەوەی گەندەڵی، بابەتی بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە دەبێت. داهێنانی بێژمار لە لایەن

كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ هاوكاریكردنی هەوڵی وڵاتان بە مەبەستی پێشگریكردن لە بڵاو-بوونەوەی گەندەڵی ئەنجام دراوە. زۆرێك لەم داهێنانانە بە ڕێبەرایەتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بووە. ڕێكخراوە ناوچەییەكانی وەك ڕێكخراوی وڵاتانی ئەمریكا، ڕێكخراوی هاوكاری و پەرەسەندنی ئابووری، ئەنجومەنی ئەورووپا و هاوپەیمانیی جیهانی، بۆ ئەفریقا ئەو پرۆسەیان گرتۆتە -بەر. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە كە داهێنانە یاساییەكان بەتەنیایی دەردێك دەرمان ناكەن. ئەو هەنگاوانە تەنیا ئامرازێكن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. سەركەوتووترین هەنگاو ئەو هەنگاوانەن كە پشتیوانیی ئیرادەی سیاسیی و سەرچاوەی پێویستیان، بۆ ئامادەكاریی و بەردەوامی بە مەبەستی بەرەنگار-بوونەوەی گەندەڵی، هەبێت. وتاردانی تەڕ و بریقەدار، بەیاننامە، یان تەنانەت یاساكان، بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئەلتەرناتیڤی گونجاوبن، بۆ ئیرادەی سیاسی و نییەتی ڕاستەقینەی پێویست، بۆ پێشگریكردن لە تەشەنەی گەندەڵی. ئەو توێژینەوەیە دەتوانێ ببێتە نمونەیەكی ئەزموونكراوی وڵاتان بۆ هەرێمی كوردستان و، ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ڕێی یاسا بۆ كوردستان ئاسانتر دەكات. هەروەها دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەكی باش بۆ بەشی ماف و یاسا لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان و، دەزگە جێبەجێكارەكانیش دەتوانن سوودی زانستیی لێ وەرگرن.

گەندەڵی بەرەنگاریەکی زۆر ترسناك دەخاتە بەردەم پێشکەوتن، لە بواری سیاسەتدا، دەبێتە هۆی لاوازکردنی دیموکراسیی و ئەنجامدانی حکومڕانیەتێکی باش لە ڕێگەی بنکۆڵکردنی ڕووخاندنی پرۆسە ڕەسمییەکان. گەندەڵیکردن لە هەڵبژاردنەکان ودەستە و دامەزراوەکانی یاسادانان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی لێپێچینەوە و کەمکردنەوەی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردن لە پرۆسەی بڕیاردروستکردندا. گەندەڵی لە دەسەڵاتی دادگەری دەبێتە هۆی لەکارخستنی سەروەری یاسا، گەندەڵی لەبەرێوەبردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکاندا دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی نا یەکسان. بە شێوەیەکی زیاتر گشتیتر، گەندەڵی دەبێتە هۆی بەرە بەرە تێکشکانی توانا دامەزراوییەکانی حکوومەت، لەکاتێکدا کە ڕێوشوێنەکان بەهەند وەرنەگیرێن. سەرچاوەکان هەڵدەلۆشرێن و کارمەند و فەرمانبەران دادەمەزرینرێن و پلەیان بەرزدەکرێتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی کارەکانیان. لە هەمان کاتیشدا، گەندەڵی دەبێتە هۆی بێهێزکردنی ڕەوایەتی شەرعییەتدان حکوومەت و هەندێك بەهای دیموکراسییانەی وەك باوەڕیی و ڕاستگۆیی و لێبوردەیی. بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ئەو هەموو شێواندن و ناکاراییەی کە بەرهەمی دەهێنێت، گەندەڵی پێشکەوتنی ئابووری لاواز دەکات. لەکەرتی تایبەتدا، گەندەڵی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی کارە

بازرگانیەکان بە هۆی نرخی ئەو پارانەی کە بەڕێگەی یاساغەوە دەدرێن و تیچووی ئەنجامدانی وتووێژی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانبەران و نەترسی پێشێلکردنی رێکەوتنەکان و ئاشکرابوونیان. هەرچەندە هەندێك کەس بانگەشی ئەوە دەکەن کە گەندەڵی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچوونەکان لە ڕێگەی پەڕاندنی ڕۆتینەکان، ئامارێکی دەرکەوتوو ئەوە پیشان دەدات کە بوونی بەرتیل، هانی فەرمانبەران دەدات کە ڕێسا و رێگری نوێ دابریێژن. کاتێکیش گەندەڵی دەبێتە هۆی هەڵئاوساندنی تێچوونەکانی کار و پرۆژەبازرگانیەکان، بەهەمان شێوەش دەبێتە هۆی شێواندنی بواری یاریەکە و دوورخستنەوەی کۆمپانیا و دامەزراوەکان لە پێشبڕکێکردن و بەو پێیەش دەبێتە هۆی مانەوەی کۆمپانیا و دامەزراوەی ناکارا. هەروەها گەندەڵی دەبێتە هۆی دروستبوونی شێواوی ئابوری لە کەرتی گشتیدا، لە ڕیگەی گۆڕینی وەبەرهێنانی گشتی بۆ پرۆژەی سەرمایەداری کە تیایاندابەرتیل و پارەوەرگرتنی نارەوا زۆر زیاترە. کارمەندان لەوانەیە ئاڵۆزکاری تەکنیکی زیارتر دروستبکەن لە پرۆژەکانی کەرتی گشتیدا بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کێشانە بشارنەوە. کەواتە شێواندنی زیاتری وەبەرهەمهێنان دێتەئاراوە. گەندەڵی دەبێتە نزمکردنەوەی ئاستی گوێڕایەڵییەکان، بۆ ڕێنماییەکانی بنیاتنانەوە و ژینگەیی و ڕێنمایی دیکە، دەبیتە هۆی کەمکردنەوەی جۆرایەتی ژێرخان و خزمەتگوزارییە حکوومییەکان

و دەبێتە هۆە بەرزکردنەوەی فشاری بودجەیی لەسەر حکوومەت. ئابووریزانان دەڵێن: یەکێك لە فاکتەرەکان لەدواوەی پێشکەوتنی جیاجیای ئابوری وڵاتانی ئەفریقیایی و ئاسیایی و بریتییە، لەوەی لە ڕووی فۆڕمەوە گەندەڵی فۆڕمی دەرکیشانی سەرمایەی (استنزاف راس المال) وەرگرتووە لەگەڵ ئەو سەرمایە دارییە بەدەستهاتووەی کە لەدەرەوە بەکاردەهێنرێت نەوەك لە ناوەوەی وڵات وەبەربهێنرێت. لەبەر ئەوەش ئەو وێنە باوەش، بەداخەوە زۆربەی جار ورد و دروستە، لەمەڕ بوونی دیکتاتۆرە ئەفریقاییەکان کە حیسابی بانکی سویسرییان هەیە. گەندەڵی لە زۆر لە وڵاتان بەربڵاوە و بریتییە، لە سەرەکیترین زیان بەخش، بۆ سەلامەتی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە. گەندەڵکاری سیاسی مانای وایە سیاسەتکردنی حکوومەت لەبەرژەوەندی ئەوانەدابێ کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەك بەرژەوەندی گشتی، بەرتیل دەبەخشن. نموونەیەکی تر ئەوەیە کە چۆن سیاسەتمەدراران ئەو یاسایانە دادەڕێژن کە پارێزگاری دەکەن لە کۆمپانیا گەورەکان وزیانیش بە پرۆژە بازرگانییە بچووکەکان دەگەیەنن. ئەو سیاسیانەیش کە پاڵپشتیکاری بازرگانین زۆر بە ئاسانی دەگۆڕێن، بۆ پاڵپشتیکاری ئەو کۆمپانیا گەورانەی کە بەڕێژەیەکی زۆر لە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنی ئەواندا بە پارە بەشدارییانکردووە. گەندەڵی سیاسی، پیشێلکارییەکانی کارمەندانی حکوومەت وەك دزینی پارەی حکوومی (اختلاس ) و

بەكارهێنانی ناسراوییەتی و خزمایەتی لە كارە گشتییەكاندا ( واستەكاری) دەگرێتە خۆ. هەروەها بە هەمان شێوەش پیشێلكارییە پەیوەندیدارەكانی تر لە كەرتی تایبەت، یان كەرتی گستیی وەك بەرتیل و دەست بەسەرداگرتنی زۆردارەكی ڕێگری بەكارهێنانی كاریگەری (نفوذ) ساختەكردن تەزویر دەگرێتەوە. گەندەڵی، بۆ ئەوەی درووست بێت. پێویستی بە دوو لایەن هەیە، (بەرتیل دەر و بەرتیل وەرگر). لە هەندێك وڵاتدا بەرتیل وەرگرتن دەبێتە كلتوور و بە هەموو لایەنەكانی ژیانی گشتییدا بڵاودەبێتەوە. وای لێدەكات كە نەتوانیت لە كاری بازرگانییدا بەردەوام بێت بەبێ بەرتیل. وڵاتە زۆرترین بەرتیل بەخشەرەكان، بە شێوەیەكی گشتیی لەهەمان شێوەی وڵاتە زۆرترین بەرتیل وەرگرەكان نین. تا ئێستا ئەو ١٢ وڵاتە كەمترین گەندەڵكارن بە پێی سەرژمێری نێودەوڵەتی ( ئوستراڵیا" كەنەدا" دانمارك، فینلەندا، لۆكسەمبۆرگ، هۆڵەندا، بیۆزلەندا، نەرویج، سەنگافورە، سوید، سویسرا). بە گوێرەی هەمان سەرژمیر ١٣ وڵاتی گەندەڵكار بریتیین، لە (ئازربایجان، بەنگلادیش، بۆلیڤیا، كانیرۆم، ئەندەلۆسیا، كینیا، نایجیریا، پاكستان، فلیپین، ڕووسیا، تەنزانیا، ئۆگەندا، ئۆكرانیا). هەرچەندە بەهای ئەو سەرژمیرییە كێشەی زۆری لەسەرە، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی تاكەكەسی كەسە سەرژمیرەكان دامەزراوە. لە بواری سیاسییدا زۆر قورسە كە گەندەڵی بسەلمێندرێت، بەڵام مەحاڵیشە

کە نەبوونی بسەلمیندرێت. لەبەر ئەو هۆیەش" زۆربەی جار دەنگۆ لەسەر زۆر لە سیاسەتمەداران دروست دەبێت. سیاسەتمەداران بە شێوەیەکی ئاشکرا لەو پێگەیەدان کە سازش و وتووێژ دەکەن لەبارەی پێگەکان لەبەر پێویستبوونییان بە بەشداریە مادەییەکان، بۆ هەڵمەتەکانیان، زۆربەی جار وا دەردەکەوێت کە لەبەرژەوەندی ئەو لایەنانە کاردەکەن کە پارەیان پێ دەبەخشن" ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قسە لەبارەی گەندەڵی سیاسییەوە بکرێت. پالپشتیکارانی سیاسەتمەداران ئەوە دووپات دەکەنەوە کە شتێکی تەواو ڕێکەوتە کە زۆر لە سیاسەتمەداران وا دەردەکەون کە لەبەرژەوەندی ئەو کەسانە کار دەکەن کە پارەیان پێداون، یان پاڵپشتی داراییان کردوون. ئەو کەسانەی کە باوەڕیان وایە مرۆڤ، بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی کار دەکات، پرسیار لەوە دەکەن کە بۆچی ئەو ڕێکخراوانە بەبێهۆ پارە بەو سیاسەتمەدارانە دەدەن. ئەگەر هیچ شتێك، لە بەرانبەر ئەو پارەیە وەرنەگرنەوە؟!. جێگای سەرنجە کە کۆمپانیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی کۆمپانیا گەورەکان، پالپشتی دارایی دەبەخشنە هەموو پارتە سەرەکییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەیان، لایەنگری پارتێك زیاتر دەکەن. وەك لە، پارتەکانی تر. هەندێك وڵاتی دیاریکراو وەك فەرەنسا پارە بەخشینی دامەزراوە و کۆمپانیا بازرگانییەکانی، بۆ هەڵمەتەکانی پارتە سیاسییەکان قەدەغەکردووە، لەبەر ئەگەری

لادان له ڕێساكانی ئەو قەدەغەكردنەیش كه لەبارەی پاره بەخشینی دامەزراوه بازرگانییەكان به پارته سیاسیەكان، فەرەنسا بەهەمان شێوه هەڵساوه بەسەپاندن ودانانی ڕێژەی زۆرترین بڕی پاره كه سەرف دەكریت له هەڵمەتكردندا. ئەو پالێوراوانەی كه لەو بڕە پاره دیاریكروه تێدەپەڕێنن، یان ئەوانەی ڕاپۆرتی دارایی نا ڕاستەقینه پێشكەش دەكەن. وەك دۆڕاو له هەڵبژاردنەكاندا حیسابیان، بۆ دەكرێت. تەنانەت ڕێگەیان پێنادرێت تا له هەڵبژاردنەكانی داهاتووشدا، بەشداری بكەن. سەرباری ئەوەش، لەبەرانبەر ئەوەدا حكوومەت هەڵدەستێت به پارەدان به پارته سیاسییەكان به گوێرەی سەركەوتنیان له هەبژاردنەكاندا. تەنانەت ئەو ڕێوشوێنه یاساییانەش باسی ئەوەیان لەسەر دەكرێت كه وەك فۆڕمێكی گەندەڵی وان، لەو ڕوانگەیەی كه لەبەرژەوەندی بارودۆخی هەنوكەیی سیاسییدا بن. حزبه بچووكەكان و سەربەخۆكان زۆربەی جار دەڵێن: هەوڵەكانی جڵەوگیركردنی (سنوورداركردنی) كاریگەری بەشداریكردنه داراییەكان زیاتر، بۆ پاراستنی پارته گەورەكانه، له ڕێگەی دابینكردن به پارەی گەرەنتیكراو لەلایەن حكوومەت. لەكاتێكدا، دەبینین پالپشتی دارایی دەرەكی سنووردار دەكرێت. لەو حاڵەتەشدا بەرپرسان به شێوەیەكی یاسایی پاره له خەزێنەی گشتی وەردەگرن، بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەو شێوەیەش گەرەنتی ئەوە دەكەن كه بەردەوام دەبن، لەسەر پێگه و مووچه باشەكانیان.

زۆربەی کات، سیاسیەتمەداران ڕەنگە بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کە ڕکابەرەکانیان بە تۆمەتی گەندەڵی تۆمەتباردەکەن. لەکۆماری میللی چینی ئەو دیاردەیە لەلایەن "زو ڕۆنگ"ی و لەو دواییانەش لەلایەن "هو جینتاو" بەکارهێنرا، بۆ ئەوەی ڕەکابەرەکانیان بەهۆیەوە لاواز بکەن.

بەهەرحاڵ پێوانەکردنی گەندەڵی بەمانایەکی ئاماریانە، بەبەراوردکردنی وڵاتان بە شێوەیەکی سروشتی بابەتێکی ئاسان نییە. هەتاوەکوو بەشداربووان بە شێوەیەکی گشتی بیانەوێت لەبارەیەوە بێدەنگ بن. ڕێکخراوی بەرچاوڕوونی نێودەوڵەتی "منضمة الشفافية العالمية" کە ڕێکخراوێکی پێشەنگی دژ بە گەندەڵییە. سێ پێوانەی دابنکردووە: نوێکردنەوەی ساڵانە، دانانی لیستێکی لەبارەی ڕێژەی هەستپێکراوی گەندەڵی( لەسەر بنەمای ڕاوبۆچوونی شارەزایان، لەبارەی جیاوازی وڵاتان لە ڕووی گەندەڵکاریانەوە دامەزراوە). بارۆمیتری گەندەڵی جیهانی: ( لەسەر بنەمای هەڵوێستی گشتی خەڵکی ئاساییە لەهەمبەر پرسی کیشەی گەندەڵی دامەزراوەیی و سەرژمێری بەرتیل دەرەکان. کە بریتییە، لە سەرنجدان لە ئارەزووی دامەزراوە بازرگانییە دەرەکییەکان، بۆ بەخشینی بەرتیل.

# ئازادی ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربڕین

ئازادی ڕاگەیاندن، یان ڕۆژنامەگەری ئازاد. بریتییە، لە گەرەنتییەك كە حكوومەت، بۆ ئازادی ڕادەربرین لە ڕێگای یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی، بۆ ڕێكخستنی كار و باری میدیایی دەری دەكات. زۆربەی جاریش ئەو مافە، لەلایەن دەستووری دەوڵەتەوە دەپارێزرێت. ئەو پرەنسیپە، بۆ هاوڵاتیان و كۆمەڵە و كایەكانی دیكەی وڵات بەرفراوان دەبێتەوە تا ڕێكخراوەكانی پەخشكردنی هەواڵ و ڕاپۆرتە چاپكراوەكانیش دەگرێتەوە. ئەو مافە كۆكردنەوەی هەواڵ و كردارە پەیوەندیدارەكانی بەدەستهێنانی زانیارییە هەواڵییەكانە، بۆ مەبەستی بڵاوكردنەوە. ئەوەی تایبەتیشە بە كۆكردنەوەی زانیارییەكان لەبارەی حكوومەتەوە، ئەوە دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) كە دیاریبكات. كامە زانیاری پێویستە خەڵكی بیزانێت و ئەو زانیاریانەیش چین كە پێویستە بپارێزرێن و نەكەونە بەردەستی خەڵك. ئەوەیش بە گوێرەی پۆلێنكردنی زانیارییەكان، بۆ پێدانی زانیارییە هەستیارییەكان، یان ئەو پەڕی نهێنیی و شتە پارێزراوە تایبەتەكان كە لەبەر كاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی دووردەخرێنەوە، لەبڵاوكردنەوەیان. زۆر لە وڵاتان ئێستا كەوتوونەتە ژێر باری ئەو یاسایانەی كە موڵكی ئازادیی، یان یاسای ئازادیی دەستكەوتنی زانیارییەكان لادەبەن و

کە بەکاردەهێندرێن، بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی. ئازادی ڕۆژنامەگەری سەبارەت زۆربەی وڵاتان مانای ئەوە لە دووتوێی خۆیدا هەڵدەگرێت کە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە گوزارشت لە خۆی بکات بە نووسین، یان بە هەرشێوازێکی تری ڕادەبرین، یان ئەفراندن. لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: هەموو تاکێك مافی ئازادی بۆچوون و ڕادەبڕینی هەیە، ئەو مافەش ئازادی پەیڕەوکردنی بۆچوونەکان و بەبێ هیچ دەستێوەردان و پشکنینێك وەرگرتنی زانیارییەکان، بیرۆکە گرنگەکان، لە ڕێگەی هەر پێناوێکی ڕاگەیاندنی بە چاوپۆشین، لە هەموو سنورێك. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو فەلسەفەیە بە یاسایەکەوە دەلکێندرێت کە پلەی جۆراجۆری ئازادی تویژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوە و لەچاپدان دەستەبەر دەکات، بەڵام قوڵایی بەرجەستەکردنی ئەو یاسایە لە سیستەمی دادگەریی وڵاتێك، بۆ وڵاتێکی تر ئەوا دەکرێت بگاتە ڕادەی گەرەنتی کردن و بەدەقکردنی لە دەستووردا. زۆربەی جاریش هەر هەمان ئەو یاسایە، هەردوو چەمکی ئازادی قسەکردن و ئازادی ڕۆژنامەگەری لە خۆوە دەگرێت، ئەوەش مانای وایە لە دەرئەنجامدا چارەسەری، بۆ ئازادی تاکەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی یەکسان پێشکەش دەکات. شان بەشانی ئەو پێورە یاساییانە هەندێك لە ڕیکخراوە نا حکوومییەکان پێوری زیاتر بەکاردەهێنن، بۆ بڕیاردان لەسەر ڕیژەی ئازادی

ڕۆژنامەگەری، لەجیهاندا. ڕێكخراوەی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور ژمارەی ڕۆژنامەنووسە كوژراو، یان دوورخاوە، یان هەڕەشەلێكراوەكان و دەسبەسەرداگرتنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، لەبەرچاودەگرێت وەك پیوەر، بەڵام ڕێكخراوی ماڵی ئازادی Freedom House هەڵدەستێت بە لێكۆڵینەوەی ژینگە سیاسیی و ئابوورییەكان، بۆ هەر وڵاتێك بەمەبەستی دیاریكردنی پێشێلكارییەكان. لەدونیای هاوچەرخدا، بەتایبەتی لەئیستادا چەمكی ڕۆژنامەگەری وەك دەسەڵاتی چوارەم بەكاردەهێندرێت، بۆ بەراوردكردنی ڕۆژنامەگەری بە گشتی لەگەڵ سێ لقەكەی "مۆنتیسكیۆ"ی خاوەن پەرتووكی "ڕۆحی یاساكان" كە بریتیین، لە : دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێكردن و دەسەڵاتی دادگەری. "ئامۆند برۆك" لەوبارەیەوە دەڵێت: سێ دەسەڵات لێرەدا یەكدەگرنەوە لە ژێر بنمێچێكدا لە پەرلەمان، بەڵام لەوێدا، لە هۆڵی پەیامنێران دەسەلاتی چوارەم دانیشتوون كە لە هەموویان گرنگترە. بیرتان نەچێت پێشكەوتنی ڕاگەیاندنی خۆرئاوایی هاوشانبوو لەگەڵ پێشكەوتنی لیبرالییەت، لە ئەورووپا و ویلایەتە یەكگرتووەكاندا. "فر. س. سایبرت" لە بابەتێكدا بەناونیشانی تیۆری لیبرالییەت، بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری نووسیویەتی: بۆ تێگەیشتنی ئەو پرەنسیپانەی كە جڵەوی ڕۆژنامەگەریان بەدەستە، لە حكوومەتە دیموكراسییەكاندا. پێویستە مرۆڤ، لە فەلسەفەی لیبرالییەتی

بنچینەیی تێبگات کە بە درێژایی ماوەی نێوان سەدەی حەڤدە و سەدەی نۆزدە پەرەی سەندووە. ئازادی ڕادەبڕین مافێك نەبووە کە دەوڵەت بیبەخشێتەوە، بەڵکوو مافێکە کە تاك بەپێی یاسای سروشتی هەیەتی، بۆیە ئازادی ڕۆژناگەری بەشێکی جیانەکراوەی مافە کەسییەکانی مرۆڤ بووە کە ئایدۆلۆژیای لیبرالی پاڵپشتی لێ دەکات. بیرۆکەی لیبرالییەت، بۆ ئازادییەکان خۆی لە ئازادی نیگەتیڤیانە دەبینێتەوە. بە مانایەکی تر، واتە کۆتایی هینان بە سەرکوتکاری. بەمانایەکی تر ئازادی بریتییە، لە ئازادی کارکردن و قسەکردن و ئازادی ئاوەدانکردنەوەی زەوی. لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە کە ئازادی ڕادەربڕین لە ماوەی سەرهەڵدانی لیبرالییەت گەشە بکات. دەبی لەوەیش تێبگەین کە ئازادی، ئەگەری بڵاوکردنەوەی بیروڕای، بۆ هیچ کەسێك گەرەنتی ناکات، بەلکوو ئەوە گەرەنتی دەکات کە هیچ کەسێك ڕێگەی پێنەگیرێت لە بڵاوکردنەوەکە. ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور هەموو ساڵێك، بە گوێرەی مەرجەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری ڕاپۆرتی خۆی پۆلێن دەکات و بڵاودەکاتەوە. ئەو ڕاپۆرتانەش پشت بە دەرئەنجامی ئەو فۆڕمی ڕاپرسیانە دەبەستێت کە بۆ ئەندامەکانی ڕێکخراوە هاوشێوەکانی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور دەنێردرێن. سەرباری توێژینەوەکانی توێژەرەوە تایبەتمەندەکان و یاساناسان و چالاکوانەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ. ئەو

ڕاپرسیەش پرسیار لەبارەی هێرشکردنی ڕاستەوخۆ، بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و، هەروەها سەرچاوەکانی تری فشا،ر بۆ هێنان لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری وەك فشاری لایەنە نا حکوومییەکان، بۆ سەر رۆژنامەنووسان لەخۆوە دەگرێت. ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور گرنگی پێدانێکی لە ڕادەبەدەر دەبەخشن، بۆ ئەوەی کە ڕاپۆرتەکە پۆلێن کردن یان ڕێبەری ئازادی ڕۆژنامەگەری تیدابێت و بەدوور بێت لە هەڵسەنگاندنی خودی کاری ڕۆژنامەگەری. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ئەو دەوڵەتانەی کە ئازادییەکی ڕۆژنامەوانی تەواویان هەبوو بریتیی بوون لە (فیلەندا، ئایسلەندا، هۆڵەندا، نەرویج)، و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا هاوشان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە وڵاتانی وەك (دانمارك وئیرلەندا وسلۆفاکیا و سویسرا) لەسەرەوەی لیستی ئەو وڵاتانە بوون کە ئازادییەکی ڕۆژنامەگەری تەواویان هەیە و دوا بە دوای ئەوانیش (نیوزلەندا و لاتیڤیا )دێن، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە نزمترین ئاستی ئازادی ڕۆژنامەگەریان هەبوو لە پێشەوەی هەموویان (کۆریای باکور) دێت بە دوای ئەویشەوە (کوبا و پۆرما و تورکمانستان و ئەریتریا و چین و ڤێتنام و نیپاڵ و سعودیە و ئێران دێن). بە گوێرەی ڕاپۆتەکانی رۆژنامەنووسانی بێ سنوور، سێیەکی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی لەو وڵاتانەدا دەژین کە ئازادی ڕۆژنامەگەری تیدا بوونی نییە. بەمانایەکی تر سەر بە دەوڵەتە نا

دیموکراسییەکانن. زۆرینەش لەو وڵاتانە دەژین کە سیستەمێکی دیموکراسی تیدا نییە، یان ئەوەتا لە پرۆسەی دیموکراسیدا کەم و کوڕی زۆر ترسناکیان تیدایە. ئازادی رۆژنامەگەری، بۆ زۆرینەی سیستەمە فەرمانرەواییە نا دیموکراسییەکان بە چەمکێکی زۆر کێشە ئامێز دادەندریت. کۆنترۆڵکردنی گەیشتن بە زانیارییەکانیش لە سەردەمی نوێدا بە شتێکی گرنگ و زیندوو دادەندرێت، بۆ مانەوەی زۆرینەی حکوومەتە نا دیموکراتەکان. دیارە ئەوەیش بە هاوکاری دەزگاکانی کۆنترۆڵکردن و دەزگاکانی ئاسایش دەستەبەردەبێت. حکوومەتە شمولییەکان، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نا دیموکراتییە. ئاژانسی هەواڵی سەر بەحکومەت دادەمەزێنن، بۆ پروپاگەندەی درۆینەی دژ بە ئازادیخوازان و دەستەبەرکردن و سەرکوتکردنی نەیارانیان ( کە زۆربەی جار بە شێوەیەکی دڕندانەی توند دەبێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش). هەر هەوڵدانێکی بەرچاو لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان تاکەکان، بۆ بەزاندنی (هێڵی حزب)ی بەتایبەت لەپرسە ناکۆکەکاندا، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەو جۆرە وڵاتانەدا دەژین. دەبنە ئامانجێك، بۆ هەڕەشە دووبارە بووەکان لەلایەن بەکرێگیراوانی حکوومەت ( دەسەڵات) ئەو مەترسیانەش لە هەڕەشەی سادە، لەسەر دواڕۆژی پیشەکەیان و دەرکردنیان، دانانی ناوی ڕۆژنامەنووسەکە لە لیستی ڕەشدا، دەست پێ دەکات. تا

دەگاتە هەڕەشەکردن، بە کوشتن و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردن. ئازادی قسەکردن زۆربەی جار بە چەمکێکی جەوهەری دادەنریت لە دیموکراسییەتە لیبڕالیخوازە نوێکاند کە تیایاندا ئازادی قسەکردنەکردن وەك قەدەغەکار و یاساغکارێك ڕەچاودەکرێت، بۆ نەهێشتنی سانسۆر و چاودێری. مافی ئازادی قسەکردن لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا زامنکراوە، لە ڕێگەی چەندین هۆکاری بێشوماری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤەوە، بە شێوەیەکی بەرچاویش ئەوە لە ماددەی ٩ی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی ١٠ی پەیماننامەی ئەورووپی لەسەر مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.

زاراوەی هاوتای ئەو زاراوەیەش کە ئازادی ڕادەبڕینە هەندێك جار بە زاراوەیەکی باشتر ڕەچاو دەکرێت وەك لە ئازادی قسەکردن، چونکە ئازادی قسەکردن تیایدا مەبەست تەنها قسەکردنی زارەکی نییە، بەڵام ئەو مافە بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە کە پارێزگاری لەهەموو کردارێکی گەڕان و وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکان بکات، بە چاوپۆشین لەو ناوەندەی کە بەکاردەهێندرێن، بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارانە لە ڕێگەیانەوە. مافی ئازادی ڕادەبڕین مافێکی ڕەها نییە، هێشتا حکوومەتەکان ڕەنگە هەندێك جۆری زیانبەخشی ڕادەبڕین بە قەدەغەکراو ڕەچاوبکەن. لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتی، سنوردارکردنەکان، بۆ سەر ئازادی قسەکردن پێویستە بگونجێن لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی سێ بەشی توندا و

تیایدا دەربچن. پێویستە ئەو سنوردارکردنە بەیاسا پاڵپشتی بکرێن و بەدوای بەدەستهێنانی ئامانجێکەوە دانەبرابن کە ئامانجێکی ڕەوا بێت و پێویست بێت واتە بەبەراورد گونجاو بێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. لەنێو ئەو ئامانجەش کە بەڕەوا دادەنرێن. بریتیین، لە پارێزگاریکردن لە ماف و ئابڕوومەندی کەسانی تر و ڕێگە نەدان بە ناوزڕاندن و پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی و شیرازەی سیستەمی گشتی و تەندروستی گشتی و ڕەوشتە گشتیەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی ئازادی ڕادەبڕین، وەك ڕێسای بنچینەیی ڕەسەن دانی پێدادەندرێت و سنوردارکردنەکانیش وەك هەڵاوێردراو لەو ڕێسایە ڕەچاودەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی ئەو ڕێسایە شتێکە زۆربەی جار کەموکوڕی تیدایە و بەتەواوی ئەنجام نادرێت. یەکەم یاسای مۆدێرن، لەبارەی ئازادی قسەکردن و دەستپێڕاگەیشتنی خەڵکی، بە زانیارییەکان لە شانشینی سویدی لە ساڵی ١٧٦٦ دامەزرا. لێرەشدا بەزۆری سوپاسەکە، بۆ هەوڵەکانی فەیلەسوفی فینلەندی "ئەندێرس چی دەینەس" دەگەڕێتەوە. ئەو فەیلەسوفە لیبڕالییەکی تەقلیدی بوو کە بانگەشەی، بۆ بازرگانی ئازاد و ئازادی زانیارییەکان دەکرد، بۆ ئەوەی کەناڵێکی دروستی پێدانەوەی زانیارییەکان دابین بکرێت، بۆ پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردان لەسەر دابەشکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکان.

لەلایەکی دیکەوە فەیلەسووف "ئەلیکس دو توکیوڤێ" ١٨٠٥-١٨٥٩ تیبینی ئەوەی کرد کە ڕەنگە خەڵك لەترسی ئازاردانیان لەلایەن حکومەتەوە، دوو دڵ بن لەقسەکردن بە ئازادی، یان لەبەر دروستبوونی فشاری کۆمەڵایەتی زۆر لەسەریان. کاتێك کە تاکەکەسێك بۆچونێك ڕادەگەیەنێت کە باو و جەماوەری نییە، ڕەنگە ئەو کەسە ڕووبەڕووی قێز و ڕقلێبوونەوەی کۆمەڵگەکەی خۆی ببێتەوە و تەنانەت لەوانەیە بکەوێتە ژێر شەپۆلی توندوتیژی پەرچەکردارەکانیشەوە. ئەگەر بمانەوێت تێڕوانینێك لەبارەی سروشتی ڕاستەقینەی چەمك و سنوورە عەقڵانییەکانی ئازادی دروست بکەین، گرنگە کە لە پاساوە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ ئازادی قسەکردنەوە تێبگەین. بەشێکی پاساوی قسەکردنی ئازاد بریتییە، لە گریمانەی لیبڕالی گشتی. یان گریمانەی لیبڕالییانە لەدژی ناچارکردنی تاکەکەسەکان و دوورخستنەوەیان لەو ڕێگەیەی کە بۆ خۆیان حەزیان لێیە بژین و لەوەی کە بۆ خۆیان دەیانەوێت ئەنجامی بدەن. بەهەرحاڵ ژمارەیەك لە پاساوی زیاتر ڕوون و دیاریکراوتر هەن کە بەشێوەیەکی بەربڵاو وەك پاساو، بۆ ئازادی قسەکردن پێشنیارکراون. بۆنمونە، دادوەری باڵای کەنەدی ( ماکلا چلان لەبارەی کەیسێکەوە کە لە ساڵی ١٩٩٠ ڕوویداوە، لەبارەی قسەکردنێك کە ڕق و کینە دەربڕیت، ئەو دەرئەنجامانەی دەستنیشانکردووە.

- قسەکردنی ئازاد دەبێتە هۆی پەرەپێدانی " هاتنە ناوەوەی ئازادانەی ئەو بیرۆکانەی کە زۆر گرنگ و بنچینەیین بۆ دیموکراسییەتی سیاسیی و دەزگا و دامەزراوە دیموکراتییەکان کە تواناکانی دەوڵەت پێوەند و سنورداردەکات لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تر".
- قسەکردنی ئازاد دەبێتە هۆی برەودان بە هێنانەکایەوەی بازاڕێك، بۆ بیرۆکەکان کە لەڕووی نموونە هێنانەوە نەوەك لە ڕووی ناونان و داستنیشانکردنەوە، گەڕان بەدوای ڕاستییەکان لە خۆوە دەگرێت.
- ئازادی قسەکردن لەڕووی خودی سروشتی شتگەلێکەوە وەك هۆکارێك، بۆ خۆ بە واقعیکردنی قسەکەر و گوێگر شتێکی گرنگ و بە نرخە.

لەوانەیە ئەو جۆرە پاساوانە تیکەڵ بەیەك بن، هەموویان بەیەکەوە پاساوێك دروست دەکەن کە بەشێوەیەکی بەرفراوان قبوڵ دەکرێت، بۆ داننان بە ئازادی قسەکردن وەك ئازادییەکی بنچینەیی سیاسیی و مەدەنیی. دەکرێت بە شێوەیەکی ورد لەڕێگەی جیاوازەوە هەریەك لەو پاساوانە ڕوونبکرێنەوە و ڕەنگە پێویست بکات، هەندێکیان ڕادەی لێهاتووییان تاقیبکرێتەوە. دەکرێت پاساوی یەکەم و سێیەم لەگەڵ یەك دابندرێت بەوپێیەی کە پاساوی دیموکراتییانەن، یان

جۆره پاساوێكن كه پەیوەندیدارن به خود موختاریەوە. ئەوانه دەگەڕێنەوە بۆ ڕووەكانی ڕۆڵی سیاسییانەی قسەكردنی ئازاد له كۆمەڵگەی دیموكراتییدا. پاساوی دووەم پەیوەندیداره به ئاشكراكردنی ڕاستییەكان. پاساوی سێیەمیش زۆر به توندی پەیوەندیداره به بەها ئازادیخوازییه گشتییەكان، بەڵام جەخت لەسەر گرنگییەتی تایبەتی زمان و هیمابازیی و نوینەرایەتیكردن، بۆ ژیان و سەربەخۆییمان دەكاتەوە. ئەو شیكاریانەش، ژمارەیەك دەرئەنجام پێشنیار دەكەن:

یەكەم: بەڵگەی بەهیز و تێكەڵ بەیەك هەن، بۆ قسەكردنی ئازاد وەك بنەمایەكی سیاسیی سەرەكی له هەر دیموكراسییەتێكی لیبڕالییدا.

دووەم: هەرچۆنێك بێت، قسەكردنی ئازاد چەمكێكی ڕەهاو ساده نییه، بەڵكوو ئازادییەكه كه له ڕێگەی بەهای قووڵترەوە، ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت.

سێیەم: ئەو بەهایانەی كه له پاساوه جۆراوجۆرەكاندا دەردەكەون، بۆ قسەكردنی ئازاد ڕەنگه به هەمان هێزی هاوشێوه نەتواندرێت بچەسپێندرێن، بەسەر هەموو جۆرەكانی قسەكردن و هەموو جۆره بارودۆخێكدا.

ئازادی قسەكردن زۆر گرنگه له هەموو دیموكراسییەتێكدا، چونكه گفتوگۆی كراوەی نێوان پاڵێوراوان لەبەردەمی خەڵك شتێكی بنچینەییه، بۆ دەنگدەران تا بتوانن بڕیاری خۆیان بدەن له ماوەی

هەڵبژاردنەکاندا. هەر لە ڕێگەی قسەکردنەوەیە کە خەڵك دەتوانن کاریگەریان بەسەر بڕارەکانی حکوومەتەکەیانەوە هەبێت لە دەستنیشانکردنی پلانە سیاسییەکاندا. هەروەها کارمەندە گشتییەکان لە ڕێگەی ئەو ڕەخنانەوە بەرپرسیاردەکرێن کە لێیان دەگیرێت و ڕێگە خۆش دەکەن، بۆ لەسەر کارلادان و دانانی کەسانی تر لە شوێنیان. بەو شێوەیەی کە جەوهەری یەکەم هەموارکردن بووە. گەرەنتییەکانی قسەکردن و ڕۆژنامەوانی تەنها پەیوەست نین بە ڕادەربڕینی سیاسیی، یان باسکردنی کاروباری گشتیی کە بنچینەیین، بۆ بوونی حکوومەتێکی ساغلەم. هەندێك پێیانوایە کاتێك کە خەڵك لە دەرخستنی ناکۆکییەکانیان دەسڵەمێنەوە ئەوە لەبەر ئەوەیە کە لە سزادان و تۆڵەکردنەوە دەترسن، لەو کاتەش حکوومەت وەڵامی داواکاریەکانیان نادەنەوە کە ئەوان داوای دەکەن. کەواتە حکوومەت کەمتر لەبەرانبەر کردارەکانی خۆیدا بەرپرسیار دەبێت. دیموکراسخوازەکان، بۆ هێنانەکایەوەی حکوومەتێکی ئازاد زۆربەی جار پێیانوایە کە ئەوە هۆکاری سەرەکییە کە وادەکات حکوومەت قسەکردنی ئازاد سەرکوت بکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی لە لێپرسینەوە بە دوور بگرێت. هەرچۆنیك بێت ڕەنگە بووترێت کە هەندێك لە پەیوەندییەکانی سەر ئازادی قسەکردن دەکرێت بوونیان هەبیت و بگونجێن لەگەڵ دیموکراسییەت، یان تەنانەت بگرە پێویستیش بن، بۆ پاراستنی

دیموكراسییەت. پاساوێكی كلاسیكییانە، بۆ پارێزگاریكردن لە ئازادی قسەكردن وەك مافێكی بنچینەیی ئەوەیە كە ئەو مافە شتێكی سەرەكیی و پێویستە، بۆ ئاشكراكردنی ڕاستی. ئەو پاساوە بە تایبەتی پەیوەندیدارە بە فەیلەسووفی بەریتانی "جۆن ستاورت میل"، دادوەر "ئۆلیڤەر ویندیل هۆڵمز" نووسیویەتی: باشترین تاقیكردنەوە، بۆ ڕاستی بریتییە، لە هیزی بیرۆكەكان لە كێبڕكێكردن، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لە بازاڕی بیرۆكەكاندا، ڕاستیش تاكە زەمینەیە، بۆ ئەو بیرۆكانە كە بتوانن لەسەری خواستەكانیان بە سەلامەتی بەجێبگەیەنن. هەروەها دادوەری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا "هۆڵمز" بوو كە ئەو خوازە "ستعارە"ی بە هێزەی بازاڕی بیرۆكەكانی ورووژاندو و هێنایە كایەوە. ئەو پاساوەی بازاڕی بیرۆكەكان، بۆ ئازادی قسەكردن لەلایەن پسپۆڕانەوە ڕەخنەی لێگیراوە لەسەر بنەمای ئەوەی كە كارێكی هەڵەیە هەموو بیرۆكەكان بێنە ناو ئەو بازاڕەوە، هەتاوەكو ئەگەر بێنە ناو بازاڕەكەشەوە، ڕەنگە هەندێك لە بیرۆكەكان هەندێك بیرۆكەی تر وەلاوە بنێن، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو بیرۆكانە لەلایەن سەرچاوەی باڵاترەوە بڵاودەكرێنەوە و هێزی زیاتریان دەبێت. هەروەها بازاڕی بیرۆكەكان لەبەر ئەو گریمانەیەی كە دەڵێت: لە كۆتاییدا ڕاستی هەر بەسەر ناڕاستییدا سەردەكەوێت ڕەخنەی لێدەگیرێت. شتێكی بینراوە بە درێژایی مێژوو كە خەڵك ڕەنگە بە

گوێرەی سۆز و هەستەکانیان پاڵبنرێن و کاردانەوەیان هەبێت. نەوەك لە ڕێگەی عەقڵیانەوە، تەنانەت ئەگەر واشبێت کە راستی لە کۆتاییدا هەر دەربکەوێت، تا ئەو کات ئەوا زەرەری زۆر گەورە ڕوویداوە لەو ماوەیەی تا ڕاستییەکە ئاشکرا دەبێت. هەرچۆنێك بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو لایەنە لاوازانەی بازاڕی بیرۆکەکان دانیان پیادابنرێت ئەوا لایەنگرانی ئەو تیۆرە دەڵێن: گۆڕینەوەی ئەو بیرۆکەیە، بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکان بە دیاریکردنی ڕاستییەکان لەلایەن حکوومەت و چاودێریکردنی ناڕاستییەتی شتێکی خراپترە. "ئالان هۆرس" لە کتێبەکەیدا بەناوی "قسەکردنی ئازاد" ١٩٩٨ دەڵێت: بەکارهێنانی خوازەی بازاڕی بیرۆکەکان شتێکی هەڵخەڵەتێنەرە. ئەو دەڵێت: پاساوی پارێزگاریکردنی کلاسیکییانەی "میل"، بۆ ئازادی قسەکردن لە کتێبەکەیدا بە ناوی لەبارەی ئازادی هەڵناستێت بە پێشخستن و هێنانە کایەوەی بیرۆکەی بازاڕ ( کە دواتر لەلایەن هۆڵمزەوە ئەو بیرۆکەیە دەناسرێنرێت). بەلکوو بە شێوەیەکی سەرەکی داوای ئازادی پێشکەوتن و گفتوگۆکردنی بیرۆکەکان دەکات، لە گەڕانیاندا بە دوای ڕاستییەکان، یان لە تیگەیشتنیاندا، بۆ ڕاستییەکان. لە داڕشتنی ئەو بەڵگەیە، "هۆرس" دەڵێت: "میل" کۆمەڵگە وەك شتێك کە زیاتر لە سیمنارێکی ئەکادیمی بەرز بکات، وێنە دەگرێت. نەوەك بازارێك، بۆ بیرۆکەکان. ئەوەش پیویستبوونی ستاندەردە

نەنووسراوەکانە، بۆ رەفتارکردن و کارلێککردن،. لە خۆوە دەگرێت کە لە ناویشیاندا چەند پلەیەکی رێزگرتنی دوولایەنانە هەبێت. ئەوەش ڕەنگە بە باشی ئەو جۆرە قسانە سنوردار بکات کە پاساوی پاریزگاری لێکردنیان هەیە.

# دیموکراسی وەکوو خەونێکی تێکشکاو*

کە لە دووەمین جەنگی دونیاگرەوەدا، ئەڵمانیای نازی هەرەسی هێنا، پرسیارێک هاتە ئاراوە کە هێشتا بە دوای وەڵامدا وێڵە، چۆن گەلێکی وەک ئەڵمان، کە لە بوارەیلی ئەدەب و فەلسەفە و موسیکدا، ئەو هەموو بلیمەتەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردبوو، فریوی خوارد و لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاکژدا، دەنگی بە سەرکردەیەک دا، کە تاقە بەهرەی گوتاردان بوو، گوتارگەلێکی پووچ و بێ مانا، بە دەم هاوار و قیژەوە؟ سەیر و سەرسوورهێن بوو، گەلێک کە بە ڕۆشنگەریدا ڕەت بووبوو، گەلێکی خوێندەوار و شارستانی، وەک مێگەل وەدووی سەرکردەیەکی نەخۆش کەوت، سەرکردەیەک ئاگری لە تەڕ و وشک و لە خۆیشی بەر دا؟ ئێستایش ئەگەری ئەوە بەهێزە، مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە و لە ئەشکەوتی سندووقەکانی دەنگدانەوە، ستەمکارێکی دیکەی وەک هیتلەر بێتە دەرەوە. ئایا گەرەنتی ئەوە چییە، بە پاساوی دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە، یان بە ناوی چارەسەری ئیسلامییەوە، ڕژێمێکی ستەمکار لێرە یان لەوێ، لە ڕێی هەڵبژاردنەوە، نایەتە ئاراوە؟ لە هەر شوێنێک سندووقی دەنگدان هەبێت، ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکیش هەیە، لەبەر ئەوە نا، ئەم یان ئەو گەل، بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتییانە ئامادە نین و شیاوی ژیانێکی ئازاد نین،

بەڵکوو لە سۆنگەی فشوفۆڵیی دیموکراسییەوە کە جێی ڕژێمی ستەمکاریشی تێدا دەبێتەوە. هێشتا دیموکراسی دەستەوسانە لە بەرانبەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا: دیموکراسی چی بکات بۆ ئەوەی دوژمنانی، دەسەڵات نەگرنەوە دەست؟ ئاخر هێشتا چەندان وەڵاتی ئەورووپا، سەروەختی هەڵبژاردن دەکەونە بەردەم هەڕەشەی ڕاستەقینەی ڕاستڕۆی توندڕۆوە. ئەگەر دیموکراسی کوودەتای بەسەر خۆیدا کرد، ئەگەر ڕێویی دیموکراسی لە کونی خۆی هەڵگەڕایەوە، وەڵامی دیموکراسیخوازن تەنیا ئەوەیە، دەڵێن: لە بەرەنگاری بەولاوە، هیچ چارەسەرێکی دیکە شک نابەین. بۆچی دیموکراسی هێشتا هەر مەترسیی لەسەرە و چۆن دکارین پتەوتری بکەین و لە هەڕەشە بە دووری بگرین؟ دەتوانین لە سێ قۆڵەوە، بە گژ لەرزۆکی و فشوفۆڵیی دیموکراسیدا بچینەوە : (یەکەم) لە ڕووی فەلسەفییەوە، فیکرێکی شل و شلۆق و شێواو زاڵە، کە نەک هەر بەشداریی لە بەهێزکردنی قەڵای دیموکراسیدا ناکات، بەڵکوو مەترسیی گەڕانەوەی دیکتاتۆریایش بەرهەم دەهێنێت. هابەرماس دەڵێت: (ئاوەزێکی ئامێر ئاسا، کە بێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ خودی ئازادی ئینسان دابنێت، لە دەوری تەکنەلۆژیا، زانست، ئامار و زیادکردنی سامان، کۆ بووەتەوە، هۆکاری سەرەکییە بۆ لەرزۆکیی دیموکراسی و بەرەو هەڵدێر بردنی، بۆیە دەبێت چی زیاترە بایەخ بە کولتووری گوتوبێژ و پێکەوە هەڵکردن بدەین.)

کارڵ پۆپەر (١٩٠٢ – ١٩٩٤) پێی وایە، مەترسیی گەورە بۆ سەر دیموکراسی، لای دونیابینیی داخراوەوە دێت، دونیابینییەک سەرکەوتنی خۆی بە پێویست و بە مسۆگەر دەزانێت و وای بۆ دەچێت هەموو شتێک بڕیاری لەسەر دراوە و کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە دەرگە بە ڕووی هەموو ئەگەرێکی دیکەدا کلۆم دەدات، هەرچەندە کۆمەڵ بەردەوام پێویستی بەوەیە بیر لە ڕێگەچارەی جیاواز بکاتەوە و ملکەچی لۆگیکی کۆمەڵێک ئەگەر بێت، نەک لۆگیکی تاقە ئەگەرێک، نەک تەنیا چارەسەرێک کە گوایە لە گیرفانی ئەم یان ئەو لایەن دایە. شتراوس (١٨٦٤ – ١٩٤٩) بە گژ تێزی ڕێژەییبوونی بەها و پێوانەکاندا دەچێتەوە، ئاخر پێی وایە دۆخەکە وای لێ هاتووە، بە پاساوی ئەوەی بەهاکانی عەقڵانیبوون و پێوانەکانی دادپەروەری، لەنێو مرۆڤایەتیدا هاوبەش نین و هەر کولتوورە بەها و پێوانەی جیاوازی خۆی هەیە، ناچار کراوین، ڕێز لەو بەها و پێوانە جیاوازانە بگرین، تەنانەت لەبارەی زەبروزەنگ و تاوان و ئەفسانەیشەوە، ناتوانین قسەی کاربڕ بکەین و بە گژیاندا بچینەوە. میشیل فۆکۆ (١٩٢٦ – ١٩٨٢) کە دەیگوت، ئەرکی فەلسەفەی هاوچەرخ ئەوەیە، خۆی لەبن دەستی هیگڵ (١٨٧٠ – ١٨٣١) قوتار بکات، مەبەستی ئەوەبوو، خۆی لەژێر چنگی مۆدێرنێتەی نەریتخواز ڕزگار بکات کە بایەخێکی ئەوتۆی بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نەداوە و نادات.ئەو بایەخ پێ

نەدانەیش زادەی هەژموونی دەسەڵاتی حەقیقەتە لەنێو فەلسەفەی نوێدا، کە بووە بە سەرچاوەی ستەمکاری و هەڕەشە لە سیستەمە نوێیەکان دەکات. ئەو لێکدانەوە نوێیانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بۆ فەلسەفەی نیتشە (١٨٤٤ – ١٩٠٠) کراون، وەک خاڵێکی وەرچەرخان وان، بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی، لەسەر بناغەی ڕزگارکردنی ئینسان لە دەسەڵاتی حەقیقەت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، نیتشە یەکەم فەیلەسووف بوو، چەمکی حەقیقەتی وەلا نا و چەمکی مانای لە جێی دانا، ئاخر پێی وابوو، حەق لە حەقیقەتدا نییە، لەماندایە و ملدان بۆ مانا، دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ دیموکراسی. بۆچی وای دەگوت؟ (١) چونکە حەقیقەت ددان بە جیاوازی و فرەییدا نانێت، بەڵام مانا هەڵگری جیاوازی و فرەییە. (٢) چونکە حەقیقەت وەک ئەرکێکی لەسەرەوە هاتوو، بەسەر خەڵکدا دەسەپێنرێت، بەڵام مانا سەپاندنی تێدا نییە، هەر کەسە و خۆی دەیدۆزێتەوە و پێی دەگات. (٣) چونکە حەقیقەت بەبێ هیچ هەوڵێکی زەینیی ئینسان، پێشوەخت لەسەر عەرشی خۆی ڕۆ نیشتووە، بەڵام مانا زادەی لێکدانەوەی ئینسانە. لەبەر ئەو هۆکارانە، گۆڕینی چەمکی حەقیقەت بە چەمکی مانا، وەرچەرخانێکی فەلسەفییە لە قازانجی سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی دیموکراسی.

(دووەم) لە ڕووی سیاسییەوە، شلۆقی و فشوفۆلیی دیموکراسی لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە زۆرینەیەکی دیاریکراو، دەتوانێت دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا بگرێت و بە دامەزراوەییکردنی دەوڵەت، بخاتە بەر هەڕەشەی مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، ئەوسا ئیدی کرانەوە بە ڕووی جیاوازی و فرەییدا، دەبێتە وەهم. هەنووکە لە خۆرئاوا، بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵگەڕانەوەی دیموکراسی لە خۆی، پشت بە گەلێک ڕێگەچارە دەبەسترێت، لەوانە:

(١) جیاکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتەکان لە یەکدی، تا زۆرینە بە پاساوی ئەوەی زۆربەی دەنگەکانی هێناوە، دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتەکاندا بە مافی ڕەوای خۆی نەزانێت، ئاخر ئەگەر زۆرینە دەستی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا گرت، بەوە دەرگە بە ڕووی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا دادەخات.

(٢) پێویستە بەگوێرەی دەستوور، مافەکانی ژنان و کەمینە نەتەوەیی، ئایینی، سیاسی و کولتوورییەکان دابین بکرێت.

(٣) پێویستە دەسەڵاتی دادوەری هێندە سەربەخۆ بێت، توانای ئەوەی هەبێت، بوێرانە چاودێریی دوو دەسەڵاتەکەی دیکە، یاسادانەر و جێبەجێکار، بکات.

(٤) هەڵبژاردنەکانی سەرۆک و پەرلەمان و شارەوانییەکان، هەموویان پێکەوە نەکرێن، بەڵکوو ماوەی گونجاو لە نێوانیاندا

هەبێت، ئەگەرنا، ئەگەری ئەوە بەهێزە، تووشی شۆکی هەڵبژاردن ببین، کە بریتییە لەوەی لایەنێک لە ساتەوەختێکدا، دەست بەسەر هەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرێت.

(سێیەم) لایەنێکی لاوازی دیکەی دیموکراسی، پێوەندیی بە سایکۆلۆژیای جەماوەرەوە هەیە، کە دەشێت لەناکاو وەک مێگەل دوای کۆمەڵێک دروشمی گشتگیری عەوامفریودەرانە بکەوێت، لەو دروشمە بریقەدارانەی ڕەوتە ڕاسیست و ئیسلامییەکان بڵندیان دەکەنەوە. بۆ ئەوەی تاک نەبێتە ئامێر بە دەست پۆپولیستەکانەوە و دیموکراسی بە زیانی دیموکراسی نەشکێتەوە، پێویستە بەردەوام بایەخ بە ئازادیی ڕەخنەگرتن بدرێت، خەڵک هان بدرێن پۆزەتیف بیر بکەنەوە و ڕێز لە فرەیی و جیاوازی بگرن.

ڕووی نەداوە، حیزبێک بڕوای بە بەهاکانی خێڵ هەبووبێت و لەناکاو لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکەوە، دەستبەرداری ئەو بەها دێرینانەی خۆی بووبێت، بڕوای بە دیموکراسی هێنابێت و ملی بۆ ئەنجامی دەنگدانێک کەچ کردبێت کە لە قازانجی لایەنێکی دیکە شکا بێتەوە، بۆیە ئەوە لوتکەی گەوجایەتییە، پێمان وابێت، بە زەبری کۆکردنەوەی دەنگ، بەڕە لەژێر پێی حیزبی ستەمکاری وەها ڕادەکێشین و ناچاری دەکەین مل بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بدات.

چەرچڵ (١٨٧٤ – ١٩٦٥) دەڵێت: (دیموکراسی سیستەمێکی خراپە، بەڵام خراپەی لە هیی هەموو سیستەمەکانی دیکە کەمترە.) دیموکراسی بێ خەوش نییە، بەڵام گەلێک لە ڕژێمەکانی وەک ئۆتۆکراسی، دیکتاتۆری، ئۆلیگارکی، یان شوورا باشترە. هەرچەندە دیموکراسی لە ڕژێمە ستەمکار و سەرکوتکەرەکان ئینسانیترە، بەڵام با هێندە گەشبین و خەیاڵپڵاو نەبین، وای بۆ بچین، بە تونێلی دیموکراسیدا دەگەینە دادپەروەری و یەکسانی. ئەو پێشبینییەی مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) کە دەیگوت: پرۆلیتاریا لە هەناوی سەرمایەداریدا گەشە دەکات و گۆڕ بۆ ڕژێمەکە هەڵدەکەنێت، نەهاتە دی، بەڵام ئەوەی کە دەیگوت: (ئەوە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانن، شێوازی سیستەمی سیاسیی دیاری دەکەن،) هێشتا تێزێکی زیندووە و ڕاستیی لێ دەچۆڕێت. جەللادی دیموکراسی، بازاڕی ئازادی جیهانییە کە لە دەروونی سیستەمی سەرمایەدارییەوە سەری هەڵداوە و هەژموونی ڕەشی خۆی، بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە. لە گەلێک شوێن، هەژاران خەونی خۆیان بە بزووتنەوە ئایینییەکانەوە گرێ داوە، هەرچەندە سیستەمی تیۆکراسی هەرگیز لە خزمەتی چەوساوەکاندا نەبووە.

*نووسینی: سەعید ناشید و. حەمەسەعید حەسەن

(*)سعيد ناشيد، هشاشة الديمقراطية، الإتحاد الثقافي، جريدة الإتحاد ٢٠١٤/٤/١٧ شركة أبوظبي للإعلام.

ئۆتۆکراسی: فەرمانڕەواییی کەسێکی ستەمکار کە دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەبێت.

ئۆلیگارکی: ڕژێمێک چەند کەسێک یان خیزانێک بەڕێوەی ببەن.

تیۆکراسی: ڕژێمێک لەسەر بناغەی ئایین ڕۆ نرابێت.

# پۆپۆلیزم و دیموکراسی*

ئەگەر ئەو دوو چەمکە [پۆپۆلیزم و دیموکراسی] لە دەوری هەمان بیرۆکەی بنەڕەتیدا بخولێنەوە و بناغەی ئەو بیرۆکەیەیش لەسەر ئەوە ڕۆ نرابێ، کە دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەت لە گەلەوە سەرچاوە هەڵببەستێ، کەواتە ئەو دوو چەمکە لە گەوهەردا پێکناکۆك و ناتەبان؛ بۆ؟ چونکە ئایدیای پۆپۆلیزم لەسەر ڕەتکردنەوەی "دەستەبژێرێکی دیاریکراو" هەڵبەستراوە، جا ئەو دەستەبژێرە چ بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێ یان گریمانەیی، لێ وەکوو کۆسپێکی بەردەم گەل چاو لە دەستەبژێر دەکرێ و هەوڵی دوورخستنەوەی لە [دەسەڵات] دەدرێ [٣]، ئەمەیش بنەمای ئاراستەی پۆپۆلیزم دژ بە دیموکراسی پێك دەهێنێ. بەگوێرەی ئەم لۆژیکەی سەرەوە، پۆپۆلیزم وەسفێکە کە بە ستایل و تەرزێکی بیرکردنەوەی سیاسی دەگوترێ و دەلکێنرێ کە بیەوێ و گەرەکی بێ، جۆرێ لە پیرۆزی بە گەل وەکوو هەقیقەتێکی ڕەها، بدات؛ وشەی پۆپۆلیزم لە گەل و، لە توانای قەناعەتپێهێنانی کۆمەڵانێکی بەرفرەی خەڵکەوە هاتووە. ئەم وەسفە پشت بە دیماگۆژی دەبەستێ کە لە ڕێگەی گوتارێکی ڕاستەوخۆوە ئاراستەی خەڵك دەکرێ. گوتارێك کە ختوکەی سۆزی زۆرینەی خەڵك بدا و، کار لە هەست و نەستیان بکا، گوایا

نوێنەرایەتیی "گەل" دەکا و، بە ناوی ئەوانیشەوە قسە دەکا و دەئاخێوێ. بە شێوەیەکی گشتی، پۆپۆلیزم بۆ خۆگرتن و پاراستنی ڕاددەی پتەوی و یەکگرتوویی خۆی و شوێنکەوتووەکانی، حەز بە دابڕان و دوورەپەرێزی دەکا. هیچ دیبەیتێکی سیاسی، یان دیبەیتێکی هەڵبژاردن نییە کە لەم ساڵانەی دواییدا کرابێ، گڕگڕ قسەوباس و چمکێکی نەهاتبێتەوە سەر پۆپۆلیزم. هەرچەند پۆپۆلیستان بارستەیەکی هاوچەشن نین، یان بارستەیەکی یەکگرتوو پێك ناهێنن، یان ڕاوبۆچوونێکی یەکگرتووی سیاسی، یان قزگە و ژێدەرێکی فیکریی یەکگرتوویان نییە، بەڵکە ئەوان بەسەر شەبەنگێکی لێکجیا و دوورلەیەك و تا ڕاددەی پێکناکۆکبوون، دابەش بوون و، هەڵوێستەکانیان لە نێوان چەپ و ڕاستدا و، لەو پەڕی توندڕەوییەوە لەمسەر و بۆ سەرەکەی دیکەی توندڕەوی دەگۆڕێ، لێ ئەوەی کۆیان دەکاتەوە، گوتارێکە کە لاف و گەزافی نوێنەرایەتیکردنێکی "ڕاستەقینە"ی گەل لێ دەدا و، بێ لە خۆیان، کەس و لایەنی دیکەیان، هەموو پێ دوژمنی گەل و نەیار و ناحەزی هەق و هەقیقەتە. بەزۆری پۆپۆلیزم لەنێو چینەکانی خوارێی کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدا کە هەست دەکەن نوێنەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینەیان [لەناو دامودەزگە ڕەسمییەکاندا] نییە لە لایەکەوە و، بەرتەك و کاردانەوەیەکیشە لە بەرانبەر سیاسەت و دامودەزگە و ڕژێمگەلێکی ئارادا لە لایەکی دیکەوە. بە هۆی گوتاری سازدەر

[مۆبالیزە] و دنەدەرانەی پۆپۆلیستی و شوێنەوارەکانی، پۆپۆلیزم لە دنیای سیاسەتدا بڵاو بۆتەوە و، شۆپ و کاریگەریی لەسەر چەندین ڕێکخراوی سیاسی بەرچاو بووە، نەخوازە لەنێو ئەو ڕێکخراو و سازمانانەدا کە خودان ڕابەری کاریزمایی چەپڕەون، یان ڕاستڕەو، عەلمانی یان ئایینی، چ لەنێو دەسەڵات و حکوومەتدا بن یان نا. هەندێ لە پۆپۆلیستان توانیویانە لەنێو پەرلەمانی ئەورووپییشدا لە ستراسبۆرگ، کورسیی ئەندامێتی بەدەست بهێنن، لە کاتێکدا هەندێکی تریان ئاڵا و بەیداخی بەرهەڵستی و بەرەنگاریی جیهانگیرییان هەڵکردووە، یان دژایەتیی کۆچ و کۆچبەر و پەناهەندان، یان دژایەتیی ئیسلام دەکەن، یان دامودەزگەی ئارا ڕەت دەکەنەوە و، بەرەنگاریی ڕۆڵی دەستەبژێران دەکەن و، دروشمگەلێکی دیکەی هاندان بەرز دەکەنەوە. لێ هەمیشە خاڵی ناوەندیی پۆپۆلیزم، بوونی ڕابەرێکی کاریزمییە کە ڕۆڵێکی گرنگ لە یەکخستنی گەلدا دەبینێ؛ ڕۆڵێك کە گەل لە قەبەڵ ئەو ڕابەرەی کردووە بۆ گۆڕینی "خواست و ویستی میللی" بۆ حوکمڕانییەك.[٤ ]

]د. عەبدولحوسێن، لێرەدا، سەرچیخ چووە، چونکە بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە، هەموو بزاڤێکی پۆپۆلیستی، ڕابەر و سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی نییە. بۆ ئەمەیش دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ Barr, : Robert R. 2009. 'Populists, Outsiders and Anti-Establishment Politics', Party Politics, Vol. 15 (1), pp.

... .48–29لەو لێکۆڵینەوەیەدا، قامك بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشرێ کە لە نزیك ڕابەرە گرنگە کاریزمایە پۆپۆلیستەکاندا "سەرکردەی پۆپۆلیستی ناکاریزیماییش هەن،" کە ئەلبیرتۆ فۆجیمۆری پیرۆ یەکێ لەو نموونانەیە؛ [Barr 40 , 2009] وەك ئەنجام ئەگەر سەرکردایەتییەکی کاریزمایی هەندێ جار هاودەم و هاوڕێی پۆپۆلیزمیش بێ، لێ ئەو سەرکردایەتییە توخمێکی پێکهێنەری پۆپۆلیزم نییە- ئاسۆ.]

کۆن و نوێیەتیی پۆپۆلیزم:

بێ ئەملاو ئەولا و نکۆڵیکردن، ساڵی ٢٠١٦ ساڵی پۆپۆلیزم بووە لە سەر ئاستی دنیادا. ئاخر لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە، پۆپۆلیستان هاتنە نێو پەرلەمان و گەیشتنە دەسەڵاتڕانی. ئا ئاواهی لەژێر تایتلی پۆپۆلیزمدا، "دۆناڵد ترامپ"ی سەرۆکی ئەمریکا، "ماری لۆپین"ی فەڕەنسا، "خیرت فیلرز"ی هۆڵەندا، "بێرنی ساندرز"ی ئەمریکا و "سیریزا"ی یۆنان، "پۆدیمویس"ی ئیسپانیا، "یانوش ئەدیر"ی هەنگاریا، بێجگە لە "هۆگۆ چاڤێز"ی فەنزوێلا، "ئیڤۆ مۆرالیس ئیما"ی بۆلیڤیا، "برلیسکۆنی"ی ئیتاڵیا... هی دیکەیش کۆ دەکرێنەوە. جان فیرنەر مۆلەر (Jan-Werner Müller)[ئەم نووسەرە، نامیلکەیەکی لەبارەی پۆپۆلیزم چییە، لە ٢٠١٦دا نووسیوە و کراوە بە عەرەبی بە ناوی "ما الشعبوية- رشيد بوطيب"] زاراوەی پۆپۆلیزم زێتر بۆ سۆز و مەزاج و گێول

دەگێڕێتەوە تا ئەوەی ناوەڕۆك و ناواخنێکی هەبێ.[5] بە چاوپۆشین لە ڕایەڵە فیکرییەکانی سیاسەتوانان و ئاراستە و سەمتە کۆمەڵایەتییەکانیان، یەکێ لەو پرسانەی کە هەرتم بیر و زەینی داگرتوون، ئەوەیە کە چۆن دەستیان بە ئاپۆرای خەڵك بگا، چۆن بە گوتارێکی کاریگەری هەستبزوێن ئاراستەیان بکەن و سۆز و متمانەیان بۆ خۆ ڕابکێشن، جا چ لە ڕێگەی هەڵبژاردن و سندووقەکانی دەنگدانەوە بێ لە سیستەمگەلێکی دیموکراتیدا، یان لە ڕێگەی سازدانی ئاپۆرای زۆروزەبەندی خەڵك بێ، وەکوو سەردەمی لوولەی دووکەڵکێشان و پاڵنانیان بە ئاراستەی هەڵگەڕانەوە و سەرهەڵدان و یەکلاکردنەوەی ململانە؛ جا چ بە ئاشتییانە بێ، یان بە توندوتیژی و هەر شێوەیەکی دیکە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە پۆپۆلیزم هەوڵیان بۆ دەدا، بەتایبەتی لە جیهانی سێیەمدا. هەر هەندە ئاپۆرای خەڵك بە گوتاری پۆپۆلیستی بورووژێ و ببزوێ، بەتایبەتی ئەگەر ڕابەرەکەی خەسڵەت و ئەدگاری کاریزماییی هەبێ، ئیدی دەبێتە بەرفەرمانی ویست و خواستی سەرکردە و بە هەست و سۆز و جۆش و خرۆشەوە بە دوای دەکەوێ. لەوانەیە ئەو خاڵەی پۆپۆلیستان کۆ بکاتەوە بریتی بێ لە: سادەکاریی سیاسی، بەکارهێنانی سۆزەکییانەی وشەی "گەل" و، هەندێ جاریش پەنابردن بێ بۆ کەلەپوور و هێما و سیمبوڵی مێژوویی، یان لافی نوێنەرایەتیکردنی میللەت و دەربڕینی

ویژدانی خەڵك بێ. بەگشتی گوتاری پۆپۆلیستی، گوتارێکی لێڵ و پڕتەمومژە، تا ڕاددەیەکی زۆر گشتییە و، مەیل و خولیای سۆزجووڵاندن و بەڵێندان و خەون و گەڕانەوە بۆ مێژوو و بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیکانەی وەکوو کاردانەوە؛ بەقەد ئەوەی کە پۆپۆلیستان تەکەز لەسەر پراکتیك دەکەن، سەروکارێکیان لەگەڵ هزروبیردا نییە و، تیۆریزەکردن بە چیرەدرێژییەکی بۆش و بێتام دادەنێن. لەوما پۆپۆلیزم بەو مانایە، نزیکترە لە میتافیزیکی سیاسی یان لە لاهووتی سیاسی.

بەکورتی، دەکرێ گرنگترین ئەدگار و خەسڵەتی پۆپۆلیزم بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

- بەرهەڵستیی هەر شتێکی ئارا و مەوجوود، دژایەتیی دەستەبژێران و؛
- پێداگرتن و جەختکردنەوە لەسەر هاوچەشنێتی لە چوارچێوەی دابەشبەندیی کۆمەڵگە بەسەر "ئێمە" و "ئەوان"دا و [واتە هەم "ئێمە" کۆیەکی هاوچەشنە و هەم دەستەبژێر و، هیچ جیاوازی و ناتەباییەکیان تێدا نییە- ئاسۆ]؛
- باوەڕبوون بە ڕابەرایەتیی ڕەهای سەرکردەیەکی کاریزمای ئیلهامبەخش و؛

- سازدان و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك وەك سەرچاوەیەکی هێز و؛
- گوتارێك کە هەموو چارەسەرێکی مامناوەند بەلاوە بنێ؛
- سەرباریش داوەرییەکی ئەخلاقی بەسەر گەلدا بدرێ وەکوو سەرچاوەی دەسەڵات و، بەرزکردنەوەی دروشمی ڕادیکاڵانە لەبارەی چاکسازییەوە.[6]

دەکرێ بڵێین، پۆپۆلیزم وەکوو دیاردەیەك، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی قەیران لە بار و ڕەوشی وڵاتاندا بەگشتی و، لە ڕۆژاوادا بەتایبەتی؛ وەکوو چۆن بەڵگەیەکیشە لەسەر خەوش و کون و کەلەبەری دامودەزگە دیموکراتییە نوێنەرایەتییەکان و، لەگوێنە ڕواڵەتێکیش بێ لە ڕواڵەتەکانی داکشانی مۆدێرنە و بەهاکانی.

گوتاری پۆپۆلیستی، بە چی لە گوتارەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە؟

ئەگەر باری پتر، کۆڕ و کۆمەڵەی پۆپۆلیستی لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەگورەگەمای چەپڕەوانەیان هەبووبێ و تێکەڵەیەك بووبن لە تەوژم و ئاراستەی ماویستی و ترۆتسکی و ناسیۆنالیستی کە ڕەنگدانەوە و ڕەنگوڕوویان لە وڵاتانی ئێمەیشدا هەبووە، ئەوا ئەمڕۆ بزووتنەوە پۆپۆلیستەکان، بزووتنەوەگەلێکی ڕاستڕەوانەن و، لە وڵاتانی ئێمەیشدا بەگشتی، بە

شێوەی كۆڕ و كۆمەڵی ئیسلامی و تەوژم و ئاراستەی ئایینی خۆ دەنوێنن و خۆ دەدەنە پشت گەل و، گرەو لەسەر سروشتی خۆڕسكانەی خەڵك دەكەن و، پێیان وایە دەكارن لە ڕێگەی هاندان و پەمپدانی ئایینی و تائیفیی سەرجەم كۆمەڵانی خەڵك یان بەشێكیان: واتە تائیفەیەك یان مەزهەبێك یان ئیتنیك Ethnicity كە گوایا ئەوان نوێنەرایەتییان دەكەن و بە ناوی ئەوانەوە دەئاخڤن؛ سەركردایەتیی میللەت بكەن. هەنووكە ئەمە یەكێكە لە تەنگژەكانی سیاسەت. لە ڕۆژاوادا تەبای وڵاتانی ئێمە، هەندێ جار گوتاری پۆپۆلیستی كاردنەوەی توندی لێ دەكەوێتەوە كە خەتەری بۆ سەر ئاشتیی كۆمەڵایەتی هەیە. لەم سۆنگەیەوە كە ئەم جۆرە گوتارە، توانایەكی ڕاماڵینی [ئەوانی دیكەی- ئاسۆ] هەیە و، دەكارێ گێلەوەژە و ئاژاوە و هەرا لەنێو كۆمەڵگەكاندا بنێتەوە. هەندێ جاریش پۆپۆلیستان ڕەهەندێكی ئەخلاقیی "خێرخواز و شەڕخواز" و "هەق و ناهەق" بەبەر "ئێمە" و "ئەوان"دا دەكەن و بەزۆریش ئەو پۆلینبەندییە دژی ناحەز و نەیار و دوژمنەكانیان بەكار دەهێنن. پۆپۆلیزم یەكدەست و یەك جۆر نییە، بەڵكە چەند چەشنێكی هەیە، وەكوو: پۆپۆلیزمێكی سیاسی، نەمازە كاتێ بە قۆناغی میلیتاریزەكردن و هەڵكشانی دەستەبژێرێكی سەربازی كە ئاراستەگەلێكی ناسیۆناڵیستییان هەبێ، گرێ دەدرێ كە دوا بە دوای ئەو شۆڕش و كودەتایانەدا لە میسر و عێراق و سووریادا

کران، هاتنە سەر حوکم، دەکرێ یەمەن و جەزائیر و هی تریشیان بخرێتە پاڵ. دەستەبژێرێکی کلتوورییش هەیە، هەرچەندە یاسین حاج ساڵح پێی وایە تەوژمێکی پۆپۆلیستیی کەلتووری لە ئارادا نییە و، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە تەوژمە تۆتالیتارە نەتەوەیی و ئایینی و چەپڕەوەکان، لە نوختەنیگایەکی باوکانەوە سەیری گەل دەکەن؛ ئەمەیش بە لای ئەوەوە، زێتر مایەی داخ و کەسەرە، زێتر لەوەی مایەی شادی و خۆشی بێ[7] . لەگوێنە پرسیارەکەی سەرەوە، سەرلەنوێ لەبارەی پێوەندیی پۆپۆلیزم بە دیموکراسی بهێنینەوە گۆڕێ: ئایا پۆپۆلیزم کۆسپێکە لە بەردەم دیموکراسیدا، یان ئەوەتا پۆپۆلیزم خولیایەکە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی خواروخێچی دیموکراتی؟ هەڵبەت سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم ئەنجامێکی بەبنبەستگەیشتنی ئاسۆکانە لە ڕۆژاوادا، لە کاتێکدا ئەو ئالینگارییانەی ڕێگە لە گرتنەبەری ڕێرەوێکی دیموکراتی لە وڵاتانی پەرەئەستێندا دەگرن، بوون بە مایەی سەهەڵدانی تەوژمگەلێکی پۆپۆلیستی، بەتایبەتی کۆڕ و کۆمەڵی ئیسلامیی سیاسی لە چارەکە سەدەی ڕابردووەوە. جیاوازی لە نێوان پۆپۆلیزمێکی ڕۆژاوایی، ئەگەر دەربڕینەکە ورد و ڕاست بێ، لەگەڵ پۆپۆلیزمێکی جیهانی سێیەمدا، پێوەندیی بە گۆشەنیگای نێوان پۆپۆلیزمی ڕەتکراوە و پۆپۆلیزمی خوازراودا هەیە. عەزیز عەزمە پێی وایە، کە پۆپۆلیزم کۆسپێکە و ڕێگە بە لێتێگەیشتنی چەمکایەتیی دیموکراسی نادا.

ئاخر دیموکراسی، تیۆریی پلۆرالیزم و عەقڵانییەت و عەلمانییەت [سێکیۆلاریزم]ە. ئەمڕۆ عەلمانییەت لە گوتاری هاندەرانەی چەپڕەوی و ئیسلامی و نەتەوەییدا بۆ دیموکراسی حزووری هەیە، بەتایبەتی واهیمەیەك هەیە کە گەل جەوهەرێکی میتافیزیکی سەروومێژوویی هەیە لە ڕەوت و ڕێرەو و خەسڵەت و ئەدگارەکانی خۆیدا.[8] وەك مورشد ئەلقوبی ناوی لێ ناوە پۆپۆلیزمێکی شۆڕشگێرانە هەیە. ئەو پۆپۆلیزمە شۆڕشگێرە، قۆناغێکە لەگەڵ شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و دروشمە سەرەکییەکانیدا دەستی پێ کردووە "گەل دەیەوێ..."، قارەمانی ئەو جۆرە پۆپۆلیزمە شۆڕشگێرە، خەڵکی جادە و هاووڵاتیی خواسایی ناحزبی و لەقاڵبنەدراوە. پاشان هەوڵی داوە دەست بەسەر شیلەی شۆڕشدا بگرێ [٩]. بەڵام بە ڕای من، پۆپۆلیزمی ئیتنی و ئایینی، بە شێوەیەکی تایبەتیش تائیفی یان مەزهەبی، خەتەرترین جۆری پۆپۆلیزمە، چونکە پێوەندیی بە ناسنامە (شوناس) و تایبەتمەندی و هەستکردن بە ئینتیماوە هەیە بۆ کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە چوارچێوەی نیزامێکی سیستەماتیکدا. بەم مانایە، دەکرێ پۆپۆلیزم لە دیموکراسی جودا بکەینەوە؛ جا پۆپۆلیزم لەنێو بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بێ یان کاتێ کە دەگاتە دەسەڵات لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە و، ئەو تەنگوچەلەمانە دەقۆزێتەوە کە لە

وڵاتەکەیدا هەن و، لەسەر ژێی سۆز و هەستی خەڵك وازی دەکا و گوایا نوێنەرایەتیی کۆی گەل و داکۆکی لە بەرژەوەندەکانی دەکا:

١- (پۆپۆلیزم نە عەقیدەیەکی سیاسییە نە ئایدیۆلۆژی. چونکە پۆپۆلیزم لە ستایلێکی دیاریکراودا، یان لە سیستەمێکی سیاسیدا، یان لە ناوەڕۆکێکی یەکگرتوو و موکمی فیکریدا بەرجەستە نابێ و، جودایە لەو بزاڤانەی کە ڕواڵەتێکی شۆڕشگێرانەی نەریتئاسایان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پۆپۆلیزم بریتییە لە ستایل و شێوازێکی نوێ کە شێوە و فۆرمی نارەزایی و کاردانەوە وەردەگرێ و بزووتنەوەی جوداجودا "تەبەنی"یان دەکەن و، هەر هەموویشیان لاف و گەزافی ئینتیما بۆ گەل و تەعبیرکردن لە خەڵك لێ دەدەن و، باری پتریش لە دەرەوەی دەسەڵاتن؛ کاتێکیش دەگەنە دەسەڵات، پاساوی بوون و حزووری خۆیان لەدەست دەدەن، بەتایبەتی کە خودان پرۆژەیەکی ڕوون و دیاریکراوی سیاسی نین. لە کاتێکدا دیموکراسی بریتییە لە دامودەزگە، یاسا و میکانیزمەکانی حوکمڕانی؛ لەوانە وەکوو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ناوبەناو و بەپێی پرەنسیپی ئەمدەست و ئەودەستپێکردنی بەئاشتییانەی دەسەڵات و، بناغەکەیش بریتییە لە لێکجیاکردنەوەی

دەسەڵاتە گشتییەكان و، بوونی دادوەرییەكی دەستپاك و بێلایەن و پارێزەر و، بەرپرسیارێتی و ئازادییە گشتی و تایبەتەكان.

٢- (لاف و گەزافی پۆپۆلیزم كە تەنیا خۆی و خۆی نوێنەرایەتیی گەل دەكا، بەتایبەتی كاتێ ئەم ئیدعایە لە باری ئەخلاقییەوە هەمیشە و بێ حیساب و بێ پێوان، بە پۆپۆلیستانەوە گرێ دەدرێ و، ڕكابەرەكەیشی بە "دەستەبژێرێكی گەندەڵ" حیساب دەكرێ. لێ كاتێ پۆپۆلیزم دەستی لە حكوومەت گیر دەبێ، ئەودەم كێ بەرهەڵستیی بكات بە "بێكەلك و چروك"ی دادەنێ. لە كاتێكدا دیموكراسی بەگوێرەی پێناسەكەی خۆی، بریتییە لە "سەروەریی گەل لە ڕێگەی نوێنەرەكانییەوە و مافی بڕیاردانی چارەنووس بە خواست و ویستی ئازادانەی خۆی،" بە پشتبەستن بە پرەنسیپەكانی ئازادی و یەكسانی و لێكجیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان. "نایگل فاراگ"ی سەرۆكی حزبی سەربەخۆیی دژ بە بەردەوامبوونی بریتانیا لەنێو یەكێتیی ئەوروپیدا، ئەم لێتێگەیشتنە پۆپۆلیستانەیەی دەربڕیوە، كاتێ گوتی سەركەوتنی ڕاستەقینە بۆ گەلی "ڕاستەقینە" هاتە دی. لە نەریتی ئەو پیاوەدا، ئەو ٤٨%ی خەڵكی بریتانیا كە دەنگیان بۆ مانەوە

لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەوروپی دا، نوێنەرایەتیی "گەلی ڕاستەقینە" ناکەن!

٣-(ڕەتکردنەوەی پلۆرالیزم و داننەنان بەوی دیکە؛ چونکە بە لای پۆپۆلیزمەوە تەنیا خۆی مافی نوێنەرایەتیکردنی گەلی هەیە. ها ئەمە سەرۆك "ئەردۆغان"مان بیر دێنێتەوە کاتێ لە کۆنگرەیەکی تایبەتدا بە جەماوەرە حزبییەکەی خۆی گۆ: "ئێمە گەلین... ئێوە کێن؟" لێرەدا مەبەستی ئەردۆغان هەموو نەیار و دوژمنەکانی خۆی بوون و، سیفەتی ئینتیما بۆ گەل و نوێنەرایەتیکردنی بەشێکی میللەتی لێ داڕنین. ئەوە هەمان قسەی لۆیسی چواردەیەمە کە دەیگۆ و دەیگۆتەوە: دەوڵەت منم و، منیش دەوڵەت. لە کاتێکدا یەکێ لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی، داننانە بە هەمەجۆری و پلۆرالیزم و ئەوانی دیکەدا. با زۆرینەیش حوکمڕان بێ، ئەرکی ئەوەیە کەمینە بپارێزێ، وەکوو چۆن ئەرکی کەمینەیشە، ددان بە مافەکانی زۆرینەدا بنێ، ئەگەر کار لە ڕێگەی ئەمدەست و ئەودەستپێکردنی دەسەڵات و هەر جارەی یەکێ بەڕێوە بچێ و سندووقەکانی دەنگدان ببنە بڕیاردەر لە پرۆسەی گۆڕاندا، لە تەك بوونی سیستەمێکی یاسایی کە بنەماکەی حوکمی یاسا و دادوەریی سەربەخۆ و لێپرسراوێتی و شەفافییەت بێ.

٤-(گرێدراویی پۆپۆلیزم بە سیاسەتەکانی ناسنامە (شوناس)ەوە: ناسنامە دەخوازێ ددان بە مەرجە دادپەروەرەکانی پێکەوەژیاندا بنرێ، نەمازە بنەماگەلێکی ساغ و پتەو بۆ ئایدیای هاووڵاتیبوون و یەکێتیی ئارەزوومەندانەی هاووڵاتییە ئازاد و هاوشانەکان، کە لە هەمان کاتدا لێکجیان چونکە هەمەجۆرن. لێ هەوڵ و تەقەڵلا بۆ لەنێوبردنی ئەو جیاوازییانە بە بیانووی "یەك گەل"ی هاوچەشن کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان تاکەکانیدا نەبێ، خولیایەکە بە ئاراستەی خۆبەسەرداسەپاندن کە خۆی لە خۆیدا واهیمە و خەیاڵێکە. چونکە جیاوازی و هەمەجۆری لە سروشتی خۆبەخۆی شتەکانەوەن. ئا بەم شێوەیە پۆپۆلیستان مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەکۆ وەکوو "دوژمنانی گەل" دەکەن، چونکە گەل دارِشتەی کۆی "ئێمە"یە و بێ لەو "ئێمە"یە، ئەوەی دەمێنیتەوە بریتییە لە خرتوپرتێکی بڵاوە و دەرەوەی چوارچێوەی گشتی، شتێکی دیکە نین کە گوایا "ئەوان" نوێنەرایەتی دەکەن.

ئەگەر زاراوەی پۆپۆلیزم رِۆژانە و لەگەڵ هەر هەڵبژاردنێکدا دووبارە ببێتەوە، هەروەکوو لە هەڵمەتی سەرۆك دۆناڵد ترامپ و

دوای ئەویش لە ئەمریکادا هاتە پێشەوە، یان لەگەڵ دەنگدان لەسەر بریگزیت لە بریتانیا یان لە هەڵبژاردنەکانی نەمسا، ئیتاڵیا، هەنگاریا و وڵاتانی دیکەیشدا، بینرا. لەوما ناکرێ و ناشێ پۆپۆلیزم لە یەك تاقیکردنەوە یان تەوژم و ئاراستەدا کورت بکەینەوە، چونکە پۆپۆلیزم بەرجەستەی دیاردەگەلێکی فرە جیاواز دەکا، سەرباری نەبوونی پێوەر و تەرازووێکی یەکگرتوو کە ئەو دیاردەیەی پێ بپێورێ. هەندێ فەرهەنگی زمان پێیان وایە، پۆپۆلیزم بریتییە لە گوتارێکی سیاسی کە ئاراستەی چینە میللییەکان بکرێ و لەسەر ڕەخنەگرتن لە ڕژێم، لە بەرپرسان و دەستەبژێران ڕۆ نرابێ. بە قسەی مارك گلۆربای، پۆپۆلیزم بریتییە لە "هەوڵ و تەقەڵلای ئەو سیاسەتکارە کاریزمایانەی کە بە دوای پشتیوانیێکی گەورەی میللیی ڕاستەوخۆوەن لە ڕێگەی گوتارێکی گشتییەوە کە بەرەنگاری دامودەزگە نەریتئاسا دیموکراتییەکان ببێتەوە[10] ".

## کەی پۆپۆلیزم پەیدا بووە؟

ناکرێ مێژوویێك بۆ سەرهەڵدان و پەیدابوونی پۆپۆلیزم دەستنیشان بکرێ و، ڕەنگە لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا هەبووبێ. بەڵام پەیدابوون و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە. هەرچی سەرهەڵدانە هاوچەرخانەی پۆپۆلیزمە، بۆ پەیدابوونی بزووتنەوەی پۆپۆلیستی لە ڕووسیا و ئەمریکا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەگەڕێتەوە. هەرچەند هەر گوتارێك ئاراستەی خەڵکی خواسایی بکرێ و بە ناوی ئەوەوە قسە بکا، گوتارێکی پۆپۆلیستییە، لێ لە بنەڕەتدا لە ڕووسیا لەو دەمەوە پۆپۆلیزم ناس کراوە کە بزووتنەوەیەکی جووتیاری، هەندێ ئاراستە و سەمتی گرتۆتە بەر کە پێوەندییان بە دادەروەریی کۆمەڵایەتییەوە هەبووە. ئەو بزاڤەیش لە سەردەمی تزارەکانی ڕووسدا،ساڵی ١٨٧٠ کەوتۆتە خۆ و چالاکیی نواندووە، لە هەمان دەمدا بزاڤگەلێکی نارەزایی لە گوندەوارەکانی ئەمریکادا دژ بە بانکەکان و کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسن لە ئارادا بوون. ئەم زاراوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی سەرکردەی ئارژانتینی، "خوان بیرۆن" و "گیتۆڤارگاس"ی بڕازیلی خەسڵەتی دیکەیشی بۆ پەیدا بوون. ئەم دوو سەرکردەیە، نوێنەرایەتیی کۆمەڵێك بزووتنەوەی میللی و نەتەوەییی خودان ئاراستە و سەمتگەلێکی جڤاکییان

دەکرد. ئەگەر ئەوە پەیدابوونێکی هاوچەرخانەی پۆپۆلیزم بێ، لێ بەر لەمەیش، لە هەموو گوتارێکی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی یان ئایینیدا هەبووە کە لافی ئەوەی لێ داوە کە ڕاستی لای ئەوانە و ئەوان لە خەڵکی دیکە باشترن و مافیان هەیە نوێنەرایەتیی گەل بکەن و ختوکەی سۆز و هەست و غەریزەکانی بدەن. ئەگەر ئێمە باسمان لە پۆپۆلیزم کردبێ لە دەرەوەی حوکمڕانیدا، ئەوا دەکرێ هەندێ ڕواڵەتی پۆپۆلیزم دیاری بکەین وەختێ لەناو دەسەڵاتدا خۆی ببینێتەوە: تێڕوانینی تۆلیتاری: نەمازە کە دەگاتە دەسەڵات و یەکجێ لە ڕێگەی دامەزراندنی دەستوپێوەند و شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە لە وەزیفەی گشتیدا، بەرەو "داگیرکردن"ی دەوڵەت مل دەنێ، هەروا دەستوەردان لە میدیا و دەسەڵاتی دادوەری و پێدانی "ماف"ی نوێنەرایەتیی گەل بە خۆی. دەستوپێوەندپەیداکردن: پۆپۆلیزم، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەگاتە حوکم، دەسکەوتەکان دابەش دەکا. ئەوەیش لە پێناوی مانەوە و لایەنگرپەیداکردن بۆ خۆی، جا چ بە شێوەی بەرتیلدانی سیاسی بێ، یان دارایی، یان کاربگێڕی، یان هی دیکە، ئەمە سەرباری ختوکەدانی هەست و سۆزی خەڵك؛ یان بانگەشەی دابەشکردنی ڕاستەوخۆی داهاتەکانی نەوت بێ؛ یان کاتێ کە سیاسەتوانە پۆپۆلیستەکان لە ئەوروپادا بە ئارەزووی خۆیان کۆمەك و باروبووەکانی EU بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنوێنییەکان، دابەش و مامەڵەی پێوە دەکەن لە هەوڵێکدا بۆ

بەرتیلدان بە هەندێ توێژ و دەستە و گرۆی کۆمەڵایەتی، تا پشتگیریی ئەوان بۆ خۆی مسۆگەر بکا. داپڵۆسینی سیستەماتیکانەی فیکری و سیاسی: جا لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژی و سەرلێتێکدانی میدیایی بێ، یان لە ڕێگەی داپڵۆسینی سیاسی و پۆلیسییەوە بێ، بەتایبەتی دەرهەق بە دوژمنان و نەیاران و هەموو شێوەکانی بەرهەڵستکاری لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هەر ڕەخنەیەك لە عورفی پۆپۆلیستاندا، هەڕەشەیە لە لاف و گەزافەکانیان سەبارەت بە نوێنەرایەتیکردنی ئەخلاقی و تایبەتیی میللەت. ئاخر لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دوژمنان شتێکی دیکە نین جگە لە کرێگرتەی بیانی و دەستی دەرەکی و گومانلێکراوان. تەنانەت کاتێ کە پۆپۆلیستان سەریش ناکەون و تێ دەشکێن، سەرنەکەوتنی خۆیان بۆ دوژمندارییی دەستەبژێر دەگەڕێننەوە کە گوایا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا پیلانیان لەدژ دەگێڕێ؛ واتە لە گوتاری پۆپۆلیستیدا هەمیشە تیۆریی پیلانگێڕی [نظرية المؤامرة] ئامادەیە. ڕەنگە یەکێ بپرسێ: ئەی لەبەر چ پۆپۆلیستان پاش ئەوەی دەگەنە حوکم، هەڵبژاردن دەکەن، خۆ دەتوانن سیستەمی هەڵبژاردن بگۆڕن و هێژموونی خۆیان بەسەر میدیادا بسەپێنن؟ بەڵام ئەوە شتێکە و، توان و شیانی دەستبەردان لە دیموکراسی شتێکی دیکەیە، بەتایبەتی دیموکراسی بەرە بەرە و لەسەرەخۆ و لە ماوەیەکی دوورودرێژدا کەڵەکە بووە و بووەتە بەشێکی داب و نەریتی

کۆمەڵگە، نەخاسمە ئازادی و مافە مەدەنی و سیاسییەکان؛ ئەوە سەرباری ئەو دەسکەوتانەی لەسەر ئاستی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی باوەڕ و مافی ڕێکخستنی حزبی و سەندیکایی و مافی بەشداریکردن بەدی هاتوون و بریتین لە مافگەلێکی بنەڕەتی کە ناکرێ بازیان بەسەردا بدرێ یان لێیان کەم بکرێتەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا کە پۆپۆلیزم لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە هەڵکشاوە؛ ئەمە سەرباری هەندێ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری. ئا بەم شێوەیە دیموکراسیی نالیبراڵ دروست دەبێ، یان هەندێ جار سنوور بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی دادەنێ. ئەم پرسە بەتایبەتی ڕووبەڕووی وڵاتانی پەرەئەستێن دەبێتەوە کە هێشتا تاقیکردنەوەی دیموکراتییان تێدا جێگیر و ڕەگئاژۆ نەبووە و، لە بەشی زۆریاندا هێشتا دیموکراسی کۆرپەلەیە، یان ناکام و ناتەواوە؛ ئەوە بێ لە هەوڵدان بۆ سووککردن یان بەتاڵکردنی دیموکراسی لە ناوەڕۆکی خۆیدا. ئەگەر وا کەوتەوە، دیموکراسی تەنێ لافیتە و قاوغەکەی لێ دەمێنێتەوە، وەکوو چوارچێوەیەکی بێوێنەیە یان ناونیشان و تایتلێکی بێنێوەڕۆك. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکوو هەنگاریا کە پۆپۆلیزم حوکمی تێدا دەکا، هەر ڕەخنەگرتنێك لە دەستووری ئەو وڵاتە، بە مانای ڕەخنەگرتن لە نیشتمان دێ. ئەمەیش لە پێشەکیی دەستووری ناوبراودا جەختی لێ کراوەتەوە کە بە "دیموکراتی" وەسف دەکرێ و بەپێی خولیای دیاری

نەتەوەیی لەو وڵاتەدا "نەتەوەیەك لە کریستیانە ساڵح و پشتاوپشت هاتووی گرووپێکی زۆرینەی ئیتنی." ئا ئەوە لەگەڵ ڕۆح و جەوهەری دیموکراسیدا ناکۆکە کە لەسەر بنەماکانی یەکسانی، ئازادی، کەرامەت و شکۆ، دادپەروەری و بەشداریکردن ڕاوەستاوە. کاتێ نیکۆلاس ماودرۆ لە کۆتاییی ۲۰۱۵دا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی لە ڤێنزوێلا بردییەوە، هەوڵی دا بە بیانووی خەتەری دەرەکی، دەسەڵات لە دەستی خۆیدا چڕ بکاتەوە، تۆمەتی کلکگرێدانی لەگەڵ هێزە بیانییەکاندا دایە پاڵ ئۆپۆزیسیۆن؛ کاتێکیش نەیتوانی بەئاسانی هەندێ بریار بەسەر پەرلەماندا تێ بپەڕێنێ، بۆ هێنانەئارای شەرعییەتێکی هاوتەریبی پەرلەمان، کۆمۆناتی دامەزراند؛ ئا بەم شێوەیە پۆپۆلیستییەکان کاتێ لە حوکمدا دەبن، لە ڕێگەی دەستوورەوە، هەوڵ دەدەن ڕاددەیەك بۆ هێز و توانای نەیارانی خۆیان دابنێن. ئەگەر لە زۆر ڕژێماندا، هەڵبژاردنیان تێدا بکرێ، ئەوە بە مانای ئەوە نایێ کە ئەو وڵاتانە دیموکراتیکن، چونکە هەڵبژاردن بەبێ لیبراڵیزم تەواو نییە، بەتایبەتی ئەگەر دەست بە حوکمی یاساوە نەگیرێ و میکانیزمەکانی Checks and balancesی دەسەڵات پێشێل بکرێن، چونکە ئەگەر دەستیان پێوە بگیرێ و کاری خۆیان بکەن، مافەکان بەرفرە دەبن. هەندێ جار حوکمڕانیی زۆرینە و حوکمی یاسا دەکەونە بەرانبەر یەك؛ واتە ئەگەر زۆرینە دەستی لە هەوکی

ئۆپۆزیسیۆن نا و هەڕەشەی لە مافە بنەڕەتییەکان کرد. نموونەی هەرە خاسیشن، ئەو نموونانەن کە لە دوای لاچوونی حوکمڕانیی سۆسیالیستی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا هاتنە سەر کار.. ئاخر بنەما و بناغەی دیموکراسی لەسەر ڕەواییی ململانە و ڕەواییی جیاوازی دادەمەزرێ.

داخوا پۆپۆلیزم خەتەرە لەسەر دیموکراسی؟

بە سەرکەوتنی ترامپ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرکەوتنی گرۆی برێگزیت لە بریتانیا، بە نەمانی ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی، نیگەرانی زۆرتر بووە. هەر زوویش هۆشداری درا کە دەبێ پۆپۆلیزم تێك بشکێندرێ، چونکە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر دیموکراسی پێك دەهێنێ. "شانتاڵ مۆف"ی بیرمەندی چەپڕۆی بەلژیکی، پۆپۆلیزم بە جۆر و ستایلێك لە پراکتیکی سیاسی دەزانێ کە ئامانجی هێنانەدیی "خواستێکی ئازادانەی بەکۆمەڵ"ە لە بەرانبەر دیموکراسییە لیبراڵەکاندا کە لەسەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی دامەزراون و دواتر بوون بە مایەی کەمکردنەوەی ڕاددەی ململانەی جڤاکی، بە شێوەیەك کە هیچ جیاوازییەکی چۆنایەتی لە نێوان ئەو حزبانەدا نەماوە کە لە نێوان خۆیاندا جێگۆڕکێ بە دەسەڵات دەکەن. بە قسەی ئەو بیرمەندە: "بەشەیتانزانینی پۆپۆلیزم و ترسان و تۆقین لە گەڕانەوەیەکی لەگوێنەی فاشیزم، بەسن بۆ ڕێگەگرتن لە نەشونمای ئەو حزب و

بزاڤانەی کە دەخوازن نیولیبرالیزم بخەنە ژێر پرسیارەوە[11] ".
ڕەنگە یەکێ لە هۆیە ڕاستەقینەکانی بەرەوژوورهەڵکشانی پۆپۆلیزم لەم ساڵانەی دواییدا، وازهێنان و هەڵگەڕانەوەی حزبە "دیموکراتییەکان" بێ لە پرەنسیپەکانی سەروەریی میللی و یەکسانی، ئەمە سەرباری هەڵکشانی نیولیبرالیزم کە هەندێ تاقیکردنەوەی دیموکراتیی خزاندە ناو قۆناغی پۆست-دیموکراسییەوە بە قسەی شانتاڵ مۆف و، ئاخر دیموکراسی کە بە مانای دەسەڵاتی گەل دێ لە وشەیەکی لێکدراوی یۆنانی "دیمۆس-کراتۆس"ەوە هاتووە؛ واتە پرەنسیپی شەرعییەت بە شێوەیەکی ئەبستراکت پراکتیزە ناکرێ، بەڵکە لە ڕێگەی دەزگەگەلێکی تایبەتەوە. ئەم دەزگەیانەیش لە پێڤاژۆی مێژوویی ڕۆژاوادا بە ناونیشانی لێکجیا پەرەیان سەندووە: دیموکراسیی مۆدێرن، دیموکراسیی نوێنەرایەتی، دیموکراسیی پەرلەمانی، دیموکراسیی دەستووری، دیموکراسیی لیبراڵی، دیموکراسیی پلۆرالیستی. لێ هەر هەموویان لەسەر "لیبراڵیزمێکی سیاسی، حوکمی یاسا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئازادییە گشتی و فەردییەکان" ڕۆ نراون. بە قسەی کارل شمیت، لیبراڵیزم، دیموکراسی ڕەت دەکاتەوە و دیموکراسییش هەروا لیبراڵیزم ڕەت دەکاتەوە، چونکە کارل شمیت ئەو دیاردە سیاسییەی لەسەر دووانەی دۆست و دوژمن ڕۆ نراوە، جیا دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەسڵ بە قسەی هابەرماس ئازادی و

یەکسانییە، لێ پەرەسەندنەکان بوون بە مایەی کزی و لاوازیی بەها دیموکراتییەکان وەك ئەنجامێکی هێژموونی نیولیبراڵیزم کە تەنیا هەندێ حزبی دیموکرات لیبراڵ، ڕازی بوون بە دێکتەی سەرمایەداری بۆ پارەپێدان، نەمازە دەستێوەردانیان و سیاسەتەکانی دەوڵەت و کەمبوونەوەی ڕۆڵی پەرلەمان و ئەو دەزگەیانەی کە کە لە ڕێگەیانەوە هاووڵاتیان دەتوانن کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان دروست بکەن و، بێبەشکردنی هاووڵاتیان لە شیان و توانی پراکتیزەکردنی مافە دیموکراتییەکانیان.[12] ئەم پەرەسەندنەیش لە سایەی ڕۆڵی کەرتی دارایی لەسەر حیسابی ئابووریی بەرهەمهێنان و زۆربوونی ژمارەی کرێکاری هەقدەستکەم و نەمانی چەندین ئەرك و وەزیفە، ڕووی داوە. سیاسەتی تایبەتیکردن و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان، مایە و سۆنگەی هاتنەئارای ڕەوشێکی بێکاری و خراپبوونی بار و گوزەرانی کرێکاران بووە و ئەمەیش یەکێ بووە لە ئەنجامەکانی قەیرانی ٢٠٠٨ کە چەندین بانکی زەبەلاح و کۆمپانیای گەورەی بیمە هەرەسیان هێنا و جیاوازی لە نێوان باکوور و باشووردا هەراوتر بوو؛ ئەمە بێ لە کۆچکردن لە باشوورەوە بۆ باکوور و، کۆچبەران و پەنابەران بوون بە ئالینگارییەکی گەورەی بەردەم ڕۆژاوا، ئالینگاریی تیرۆری نێودەوڵەتییش سەربار. ئەم ڕەوشە شۆپی بۆ سەر چینی ناوەڕاست هەبووە و کەوتۆتە ناو پرۆسەیەکی هەژار و

نەدارکەوتنەوەی خێراوە؛ لە لایەکی دیکەیشەوە نەمانی گوتاری یەکسانی لە لایەن هێزە دیموکراتییە لیبراڵەکانەوە لە سایەی کۆمەڵگەیەکی بەرخۆردا، بەتایبەتی لە سایەی هەڵکشانی دەستەبژێرێکی ئۆلیگارشی کە لە پشت سەرکەوتن و ئامادەگیی حزبە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکانەوەیە، بە بیانووی داکۆکیکردن لە گەل دژی جیهانگیری و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی دەستبەسەرداگیراوەوە و شتی دیکەی لەم بابەتە، نەخوازە پرسی دژمنایەتیکردنی خەڵکی بیانی. پۆپۆلیزم ساتی گۆڕانکاری بۆ خۆی دەقۆزێتەوە و بە پشتبەستن بە چەمکێك کە قەرە بە قەرە و شان بە شانی گەل بڕوا، بۆ ئەمەیش بەرەیەك کە چەند کەرت و تویژێکی چینی کرێکار و چینی ناوەڕاستی تێدا بێ و کەوتبنە ژێر کاریگەریی جیهانگیریی نیولیبراڵ، پێك دەهێنێ. هەڵبەت خاڵی جیاوازی لە نێوان پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو و پۆپۆلیزمی چەپڕەو لە فەڕەنسا بۆ نموونە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو کە ماری لوپن نوێنەرایەتیی دەکا، چەمکێکی سنوورداری گەل پێڕەو دەکا و تەنیا هاووڵاتییە ئەسڵی و ڕەسەنەکانی فەڕەنسای پێ "ئێمە"یە، واتە کۆچبەران "ئەوان" دوور دەخاتەوە و ئەوانەیش دەخەنە ناو چەمکی دەستەبژێری ناحەز و نەیارەکانی گەلەوە؛ لە کاتێکدا پۆپۆلیزمی چەپڕەو کە جۆن لۆك میلانخۆ نوێنەرایەتیی دەکا، کۆچبەران و بزووتنەوەکانی ژینگە و کۆمەڵەی هاوڕەگەزبازانیش دەخاتە ناو

چەمکی "ئێمە"وە؛ هەرچی "ئەوان"یشن بە ڕای پۆپۆلیزمی چەپڕەوە، بریتین لە کۆمەڵێ هێز کە پشتەوانی لە سیاسەتەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەکەن. جیاوازی لە نێوان پۆپۆلیزمی ڕاستڕەوی بەرتەسك و پۆپۆلیزمی چەپڕەوی بەرفراوان، بریتییە لە هەڵوێستوەرگرتن لە دیموکراسی. ئەوەی یەکەمیان لەسەر دەسەڵاتڕانی و ئۆتۆریتە و دەستوپێبەستنی دیموکراسی هەڵبەستراوە و، ئەوەی دووەمیشیان هەوڵ دەدا لە ڕوانگەی خۆیەوە بازنە و ئاقاری دیموکراسی بەرفرە بکا و ڕەگ دابکوتێ کە دوژمنان گۆشەگیر بکا و بازنەی نەیار و ناحەزانیش تەسك بکاتەوە.

دووانەی پۆپۆلیزم:

سیاسەتگەلی ناسنامە (شوناس) هەمیشە پێویستی بە دووانەیەك هەیە؛ واتە "ئێمە" و "ئەوان" لە چوارچێوەیەکی پێکناکۆکدا. هەندێ جار ئەم چوارچێوەیە بەرجەستەی دژبەرییەك دەکا کە بە ئاقاری ململانێیەکی ناعەقڵانی دەڕوا، لە سایەی بەرەوڕووبوونی هەق و ناهەق و خێر و شەڕدا. شۆڕشی فەڕەنسی بە شێوەیەکی توند ئەو ناکۆکییانەی ورووژاند. لە وڵاتانی عەرەبیدا، پێم وایە ململانەیەکی بەهێز لەنێو کۆمەڵگەکانی ئێمەدا لە نێوان پۆپۆلیزمێکی ڕاستڕەو، باری پتریش ئایینی و تائیفی، لەگەڵ پۆپۆلیزمێکی چەپڕەوی ناسیۆنالیستی و مارکسی و پاشماوەکانیاندا بەڕێوە دەچێ. ئەم ململانەیە لە ساڵانی داهاتوودا توندتر دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر

ئاپۆرایەکی زۆری مرۆیی تێکەڵ ئەو ململانەیە ببێ. پێیشم وایە ئەو بیرکردنەوە سیاسییەی کە لە پەنجاکاندا تا کۆتاییی هەشتاکان باو بووە، ناکارێ ئەو ململانەیە بە لایەکدا بخاتەوە، بەتایبەتی بە سەرهەڵدانی ناسنامەی لاوەکیی دیکە، جا چ ئایینی بن یان ئیتنی یان زمانی و بنەماڵەیی، لە تەك بەرەوژوورهەڵکشانی ڕۆڵی هۆکاری تائیفی (مەزهەبی) و، ئەو ڕۆڵەی کە هێزە دەرەکییە ملهوڕەکانی سایەی جیهانگیری وازی دەکەن لە سەردەمی دوای جەنگی سارد و گۆڕانکارییەکانی ململانەی ئایدیۆلۆژی لەسەر ئاستی گەردوونیدا. ئەگەر دیموکراسیی ڕۆژاوایی پشتی لە چینە هەژار و بێدەرەتانەکان کردبێ، ئەوا ئەو چینانەیش پێشتر ڕوویان لە دیموکراسی وەرگێڕاوە. لێ سەرنجدان لە پرسی کۆمەڵایەتی، هەنووکە ئەو بایەخپێدانەی هێناوەتە ئارا و پۆپۆلیستەکان دەیانەوێ لە ڕۆژاوا و لە وڵاتانی ئێمەیشدا بۆ خۆیان دەعەمەلی بهێنن. چونکە ئەو مەسەلەیە سەروکاری لەگەڵ ململانەی ئایینی و شێوەکانی ململانە مەزهەبی و دابەشبەندییە قووڵەکاندا هەیە کە لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانییەوە تا ئێستا کەوتوونەتەوە. لە دەمەدەمی ڕووخانی دیواری بەرلین (١٩٨٩) و هەرەسهێنانی ڕژێمە سۆسیالیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات: لە پۆلۆنیا، هەنگاریا، چیکۆسلۆڤاکی و ئەڵمانیای دیموکراتی و یۆگسلاڤی و ڕۆمانیا و هی دیکەیش، پۆپۆلیزم بە شێوەیەکی دیار سەری دەرێ ناوە. مەیدان و گۆڕەپانەکان تژی

ببوون لە دروشمگەلێکی پۆپۆلیستی و ئیدعای نوێنەرایەتیکردنی گەل و دروشمەکانی ئازادی و شکۆ و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و داننان بەوی دیکەدا کە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان تەنیبووەوە لە وارشۆوە تا بوداپێست و تا پراگ و بەرلین، وێڕای کە خوێنێکی زۆر لە مەیدانەکانی بوخارست ڕژان و پاشان یۆگسلاڤی بووە شەش قەوارە؛ لێ بە شێوەیەکی گشتی ململانە لە ناوەندا ساغ بووەوە، بەدیاریکراویش لە مۆسکۆ کاتێ کە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، بووە ١٥ قەوارە و، شەڕوشۆڕ لە گورجستان و ئۆکراینا و پاشتریش لە نیمچەدوورگەی کریمیا [قرِم] و هی دیکەیش قەومان. لەوانەیە دروشمەکانی وەك ئازادی، نان و کەرامەت کە بەم دواییانە لە تونس و میسر لە جادە و شەقامی حەبیب بۆرقێبەوە تا مەیدانی تەحریر لە قاهیرە بەرز کرانەوە و گەیشتنە چەند پایتەختێکی دیکەی عەرەبی، دەیانگۆ: ئەو کەسانەی لەو مەیدان و گۆڕەپانانەدان نوێنەرایەتیی ئاوات و چاوەڕوانییەکانی گەلانی ئەو وڵاتانە دەکەن نەك دەسەڵاتداران. کاتێ دەسەڵاتەکانی زەینولعابدین بن عەلی و حوسنی موبارەك و موعەمەر قەزافی و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لەناو بران، لێرە و لەوێ بانگەشە دەکرا بۆ برەودان بە ئایدیای لادانی سیاسی و ڕێگەنەدان بە ئەنجامدەران و پێڕەوانی ڕژێمی پێشوو کە پلە و پایەی سیاسی وەربگرن؛ ئەم بانگەشەیەیش، لەسەر ئەو ئایدیا پۆپۆلیستییە بنەڕەتییە دامەزراوە کە ئێمە سەکەوتووین و ئەوانیش

دۆڕاو. بەپێی ئەم بنەمایەیش "ئایدیای دادپەروەریی ڕاگوەزەر" هاتە گۆڕێ، کە پێویست بە ئاشکراکردنی ڕاستی بەتەواوی دەکا: چ ڕووی دا و بۆ ڕووی دا و چۆن ڕووی دا؟ پاشان لێپرسینەوە بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی زیان و بژاردنەوە تا دەگاتە ئاشتەوایی و پێکهاتنەوەی ڕاستەقینە و ڕیفۆرمی سیستەمگەلی یاسایی و قەزایی و ئەمنی تا ئەوانەی ڕوویان داوە، دووبارە نەبنەوە.[13]

بەپوختی پۆپۆلیزمی ئەوروپی کە بەرایی دیمەنی سیاسیی لە ڕۆژاوادا گرتووە، بریتییە لە تێکەڵەیەکی ناهاوچەشنی هێزگەلێکی ڕاسترەو و چەپڕەو کە پشت بە سیستەمگەلێکی کەلتووری و بەها دەبەستن و دەیانەوێ باری ئارایان پێ بگۆڕن.

ئەو حزبانەی کە ئاڵای ئەو گۆڕانە و سەمتەیان هەڵگرتووە بریتین لە:

حزبی بەرەی نیشتمانیی فەڕەنسی (FN) کە لە ١٩٧٢دا دامەزراوە، لە دوا هەڵبژاردندا (٢٠١٧)، ١٣,٢%ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە و حزبی باوکانەی چەپڕەو و پۆپۆلیستیی فەڕەنسی (Front de gauche)، لەو هەڵبژاردنەدا ١١% کە ئەویش داوای هاتنەدەرەوەی فەڕەنسا لە ڕێککەوتنەکانی EU و لە ناتۆ دەکا. حزبی ئەڵتەرناتیڤی ئەڵمانی (AfD) کە لە ٢٠١٣وە دامەزراوە و فراوکا پیتیری ڕابەرایەتیی دەکا، لە دوژمنەکانی "یۆرۆ" دەژمێردرێ، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٧دا، ١٢,٣%ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە و

حزبی ئازادیی نەمسایی(FPÖ) یش کە هاینز کریستیان شتراخە ڕابەرایەتیی دەکا، %٢٦ی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٧دا بردەوە و ئەویش دژایەتیی EU دەکا. لە هەنگاریا، حزبی فیدز (Fidesz)کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتە فیکتۆر ئۆربان ڕابەرایەتیی دەکا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤دا، %٤٤,٩ی کورسییەکانی پەرلەمانی بردەوە و ئەویش حزبێکی دژ بە یەکێتیی ئەوروپییە.

حزبی ڕایەڵەی باکوور) (Northern League (Lega Nord)) لە ئیتاڵیا و سەرۆکەکەی، ماتیۆ ساڵڤینی، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا، %١٧ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە و، حزبی بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە (M5S) کە ئەکتەری کۆمیدی، جۆزیبی گریللۆ ڕابەریی دەکا، %٣٢,٧ی کورسییەکانی بەدەست هێناوە. ئەمما لە هۆڵەندا، حزبی ئازادی (Party for Freedom (PVV)) ، لە هەڵبژارنەکانی ٢٠١٧دا، پلەیەکی دیکەیش چووە پێشەوە و %١٣,١ی دەنگەکانی هێناوە. لە پۆلۆنیا، حزبی یاسا و دادپەروەری (PiS) لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥دا، %٣٧,٦ی دەنگەکانی هێناوە کە لیخ کاشینیسکی و برا جمکەکەی، سەرکردایەتیی دەکەن و، پێشەوای بزووتنەوەی هاریکاری (١٩٨١- ١٩٨٩)، لیخ ڤالیسا بە هەڵکەوتووترین ڕابەری پۆپۆلیستی لە ئەوروپادا دادەنرێ کە دژی حوکمڕانیی حزبی شیوعی وەستایەوە (پارتی یەکگرتووی

کرێکارانی پۆلۆنیا) و سەرکردایەتیی بزاڤێکی نارەزاییانەی کرێکارانی کرد و لە ١٩٨٩دا سەر کەوت. حزبی ئانۆ(ANO) ی چیکی، ئەندرێ کە میلیاردێرێکی خەڵکی چیك-ە و "ترامپ"ی چیکیشی پێ دەگوترێ، سەرکردایەتیی دەکا. هەرچی گوتاری پۆپۆلیستییە لە وڵاتی ئێمەدا، ئەوا وەك ئەوەی هەنگی لە داردا دۆزیبێتەوە؛ رەخنە لە سەرەرۆیی و ملهوریی دەوڵەت دەگرێ کە لە لایەن بزاڤە پۆپۆلیستەکانەوە (چ چەپرەو بن یان نەتەوەیی یان ئیسلامی) بەرهەڵستکاری دەکرێ و دەوڵەت بە خەڵك و کۆمەڵگە نامۆ دەکەن، لە چوارچێوەیەکی پۆپۆلیستیدا کە بنەماکەی لاف و گەزافی نوێنەرایەتیکردنی گەل و، سەرلەنوێ گرێدانەوەی دەوڵەت و گەلە. ئیسلامی و ئیسلامییەکان، نەمازە رێکخراوی قاعیدە و پاش ئەویش رێکخراوی داعش داهێنانیان لە ئاراستەکردنی گوتارێکی کاریگەردا کردووە و بەردەوام "ملکەچبوون"یان بۆ دەرەوە قۆزتووەتەوە کە تا ئێستا چارەسەری کێشەی فەڵەستینیان نەکردووە و دانیان بە مافەکانی گەلی عەرەبی فەڵەستین، بەتایبەتی مافی بڕیاردانی چارەونووس نەناوە؛ داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراقیش لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٣دا سەربار. لەم سۆنگەیەوە توانییانە بنکەی کۆمەڵگە و توێژە نارازییەکانی خوارەوە لە رەوش و باری کۆمەڵایەتی و گوزەرانی خراپی خۆیان، بدوێنن. ئاخر ئەو توێژانە لە لایەکەوە بە هۆی هەستکردنیان بە پەراوێزخستن و بێبەشبوونیان و،

هێژموونی دەرەکی و، کەڵەگاییی ڕایەداران بۆ سەر ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانیان لە لایەکەی دیکەوە، ئەوانە ئیسلامییەکانی پاڵ داوە لە ماوەی ١٥ ساڵێکدا ئاگر لە تەواوی ناوچەکە، بەڵکە لە دنیایش بەربدەن. ئەوەیش لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاوانگەلێکی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانەکانی جەنگەوە دەرهەق بە پێکهاتە سەرەکییەکانی وەکوو کریستیانان، ئێزدییەکان، و پێڕەو و شوێنکەوتووانی هەموو ئەو ئایین و ئول و مەزهەبانەی کە لەگەڵ ئاراستە تاکلایەنەکانی ئەواندا نین لەبارەی "الفرقه الناجیه"ەوە؛ بەو مانایەی ئەوەی لەگەڵ فیرقەی ناجیەدا نەبێ، جگە لە دوژمنانی ئیسلام شتێکی دیکە نییە: واتە دەسەڵاتداران و بزووتنەوە و تەوژمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان؛ ئایین و مەزهەبەکان و ڕۆژاوا و بگرە تەواوی جیهان.

*د. عەبدولحوسێن شەعبان [نووسەر و سیاسەتکارێکی عێراقییە، دکتۆرای لە فەلسەفەی یاسادا هەیە و پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتییە و لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا شارەزایە.]

لە عەرەبییەوە، بۆ کوردی: ئاسۆ کەریم

سەرچاوە: https://www.mominoun.com

# پاراستنی عێراق لە نەوتەکەی*

لەناو هەموو ئەو پرسیارە فشار هێنەرانەی کە لەو ڕۆژگارەدا ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە، لەوانەیە گرنگرتینییان، بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ ئەوەبێت کە ئایە پێوستە چی لە نەوتی ئەو وڵاتە بکرێت. سامانێکی زۆری سەرچاوە سروشتییەکان ڕەنگە زۆرجار ببێتە هۆی نەگبەتی نەوەك خۆشبەختی، دام و دامەزراوە سیاسی و ئابووریەکانی وڵاتەکەش گەندەڵکار بکات و ببێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندنی دیموکراسییەت. تاکە ڕێگە، بۆ نەهێشتنی ئەو نەگبەتیەش لەبەردم عێراقدا، بریتییە، لەوەی کە داهاتی نەوت ڕاستەوخۆ بدرێتەوە دەست خەڵکی عێراقی .

**خۆدوورخستنەوە لە نەگبەتی سەرچاوەکان:**

لەکاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی فەرمانڕەواییکردنی عێراقی، هەوڵدەدەن، بۆ بڕیاردان لەسەر فۆڕمی حکوومەتی داهاتووی عێراق. پرسیارێك کە ڕەنگە زیاتر لە هەموو پرسیارەکانی تر گرنگییەتی و هەستیارییەتی خۆی، بۆ داهاتووی وڵات بەسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو سامانە زۆرەی نەوتی وڵاتەکە بکرێت. وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکان ئەو خۆشبەختییەیان بەرناکەوێت کە زۆر بەی جار لێیان

چاوەڕواندەکرێت کە وابێت، لە ڕاستییدا زۆربەی جار وڵاتەکان تووشی هەژاری دەبن، تەنهاش لەبەر ئەوەی نەوتیان زۆرە. سامانی نەوتی و سامانە کانزاییەکان دەکرێت بە خراپ بشکێنەوە سەر گەشەسەندن و دیموکراسییەت" تاوەکوو، بۆ ڕێگەگرتن لە پێشخستنی ئەو دام و دامەزراوو بەهایانە بەکاربهێندرێت کە گرنگن، بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی کراوە و پشت بەستوو بە بازاڕی ئازاد و، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان و ئازادییە مەدەنییەکان و سەروەری یاسا و پاراستنی مافی مولکداریەتی و بەشداریکردنی سیاسی.

ژمارەیەکی زۆری نموونە لەبەردەستدان کە ئەو حاڵەتە ڕوون دەکەنەوە کە پێی دەگوترێت " نەگبەتی سەرچاوەکان" سوپاس، بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای دۆزینەوەی سەرچاوەکان، ئێستا ٣٤ دەوڵەتی نا پێشکەوتوو سەرچاوەیەکی گرنگی نەوت و گازی سروشتییان هەیە کە بەلایەنی کەم سەدی سی ٣٠% کۆی داهاتی هەناردەکانیان پێکدەهێنن. هەرچۆنێك بێت سەرەڕای ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندەش دوانزە دانە لەو وڵاتانە داهاتی ساڵانەی تاکە کەس تیایاندا لە ژێر ١٥٠٠$ و ژیانی ڕۆژانەی لەنیوە زیاتری تاکەکانی دانیشتوانیان لەسەر یەك دۆلارە. سەرباری ئەوەش دوو لەسەر سێی ئەو ٣٤ وڵاتانە نا دیموکراتیین، لە ناویشیاندا تەنها سێ وڵات هەن کە بریتیین، لە (ئیکوادۆر، ساوۆتۆمێ و پرینسیپ و ترینیداد

و تۆباگۆ) دەکەونە سەرەوەی نیوەی لیستی "ماڵە ئازادەکان" لە ڕووی پلەدارکردنیانەوە، بۆ ئازادییە سیاسییەکان. تەنانەت ئەو سێ وڵاتەش لە بارێکی لەرزۆك و هەژاردان. ئێستا "ئیکوادۆر" لەسەر ڕۆحی سەرهەڵدانەوەیەکی تری نا سەقامگیردا دەهەژێت و لە ساوۆتۆمێ و پرینسیپ هەوەس و ئارەزووی سەرچاوە نەوتییە لەناوەکانی بووەتە هۆی گرژبوونی دیموکراسییەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوسێکەی کە نێجیریایە. لە ڕاستیدا ئەو ٣٤ وڵاتە دەوڵەمەندەی نەوت هەموویان لە خاڵێکی بەیەکچووی سەرنجڕاکیشدا هاوبەش دەبن. ئەویش ئەوەیە کە هەموویان لەو وڵاتانەن کە دامەزراوە سیاسیی و ئابورییەکان تیایاندا لاوازن، یان لە هەندێك حاڵەتدا هەر بوونیان نییە. ئەو کێشەیە ڕەنگە شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبێت، بۆ زۆر لە وڵاتانی ئەفریقیایی لەو لیستەدا وەك، ئەنگۆلا و کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی کە تا بەو زووانە هەر لە کێشمەکێشمی ناوخۆدابوون، بەڵام بە هەمان شێوە، بۆ ئەو کۆمارە نەوتی گازیە تازە سەربەخۆیانەی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو ئەوە کێشەیە کە تا ئێستا کارێکی وایان ئەنجامداوە، بۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی مافە مولکدارییەتی و گرێبەستییەکان، بۆ دڵنیابوون لە تایبەتمەندییەتی بەڕێوەبردن و سەربەخۆیی دادگەری. تەنانەت وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش لە لیستەکەدا وەك (لیبیا و عەرەبستانی سعودی) بەدەست کێشەی

دام و دامەزراوە سیاسی پێشنەکەوتووەوە دەناڵێنن، بۆیە بوونی سامانێکی چڕی نەوت بە پلەی یەکەم ڕێگرە لەبەردەم گۆڕانکاریە سیاسییەکاندا.

ئایە عێراق دەتوانێت لەو نەگبەتییە ڕزگاری بێت کە وڵاتە نەوتییەکانی تر بەدەستیەوە دەناڵێنن؟!. وەڵامەکە بریتییە لە بەڵێ، بەڵام بەو مەرجەی بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئارەزووی ئەوە بکات کە ڕێکخستن و ڕێوشوێنێکی نوێ و تایبەت، بۆ بەڕێوەبردنی سامانە نەوتییەکانی خۆی پەیڕەوبکات. ئەو ڕێکخستنەش نابێت کۆپیکردنەوەیەکی بەرنامە ناکاراکەی "نەوت بەرانبەر بەخۆراك" بێت کە لەدەرئەنجامەکانی شەڕی کەنداوی فارسی داڕێژرا و بەپێی ئەوەش نەوتی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەلایەن (بێگانە) بەڕێوەبردرا و دەستی بەسەرداگیرا. لەبری ئەوە پێویستە گەلی عێراقی لە داڕشتنی دەستوری نوێدا ڕیکخستنێك کە لە ژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابێت .

لە خواردنێکی بەهەشتیەوە بۆ خواردنەوەیەکی تام ناخۆش:

بۆ تێگەیشتن لەو دەرئەنجامە گەندڵکارانەی کە دەکرێت نەوت بیانخاتە سەر وڵاتێك، شتێکی سودبەخشە لەوە تێبگەین کە ڕێگەی بیرکردنەوە لەبارەی گەشەسەندن، لەو پێنج دەیەی دواییدا چۆن پەرەی سەندووە. تیۆری گەشەسەندن، تیروانینە

بەردەستەکان لەسەر ئەوەی کە چۆن گەشەسەندنی ئابووریی و سیاسی دابین بکەین لە وڵاتە نا پیشەسازیەکاندا، بە سێ قۆناغدا پەرەی سەندووە.

- بەشێوەیەکی هاوڕێك تا ساڵی ١٩٧٠ کان، شارەزایانی بواری گەشەسەندن جەختیان لەسەر زیادکردنی سەرمایەی مادی ( فیزیایی) یان (هاردوێر)ی کۆمەڵگە دەکردەوە وەك بەندەکان و ڕێگاوبانەکان و کارگەکانی بەرهەمهێنانی وزە. دوابەدوای سەرکەوتنە بەناوبانگەکەی "مارشاڵ پلان" و ئەوەی ئەوکات وەك سەرکەوتنی مۆدیلی سۆڤییەتی، بانکی جیهانی، ویلایەتە یەکگرتووەکان و پارە بەخشەرانی ڕەسمی تریش جەختیان لەسەر بەخشینی دارایی، بۆ ژێرخانەکان دەکردەوە. پرۆژە پەیوەندیدارەکانی جیهان، ئەو ڕێچکەیەش پەیمانییدا بە گەیاندنی خێرا و بەرچاوی ئەنجامەکان، بۆ ئەو وڵاتە تازە سەربەخۆیانەی کە لەژێر زوڵمی حوکمی وڵاتە کۆلۆنیاڵەکاندا دەیناڵاندا.

- لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ کاندا باو بوو، پەندۆڵی ئایدۆلۆژییەت بەلای وڵاتە هەژارەکاندا وەرگەڕا. تا وایان لێبکات کە پلان و سیاسەتە ئابوورییە لیبڕالییەکان پەیڕەو بکەن، ئەوەش کرانەوەی ئەو وڵاتانە بەڕووی بازرگانی و وەبەرهێنانی دەرەکی و کەمکردنەوی ڕۆڵی دەوڵەت لەو بوارە و هاندانی پێشبڕکێکردن لە ڕێگەی بەتایبەتکردن و سووککردنی یاسا ڕێککارییەکان و دانان

و پاراستنی سیاسییەتێکی دروستی دارایی دەگرێتەوە. ئەو ڕێچکەیە باشتر ناونرا بە " ڕێکەوتنی واشنتۆن" کە بە هۆی بێ ئومیدبوون لە دەرئەنجامە لاوازەکانی ڕێچکەی (هاردوێر) و دانپێدانانێکی بەرفراوان بە پێویستبوونی هاندەری گونجاو بۆ هاندانی بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە ئابوریدا" ئەو ڕێچکەیە بەگرخرا.

- لە ساڵانی ١٩٩٠ ەکان، کۆمەڵەی گەشەسەندن دەستبەکار بوون لەسەر بنەمای ئەو پێشبینیەی کە پەرەسەندن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بڵاودەبێتەوە و ڕوویان لە تەندروستی و پەروەردە و هەندێك وەبەرهێنانی ترکرد، بۆ کەمکردنەوەی ڕاستەوخۆی هەژاری. هەرچۆنێك بێت، لە کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠ ەکان ڕوون بووەوە کە تەنانەت ڕیچکەی دروستی ( هارد وێر) پلان و سیاسەتە ڕاست و دروستەکان و پرۆگرامە ڕاست و دروستەکانی هەژاریش گەرەنتی نین، بۆ گەشەسەندن و پیشکەوتنێکی بەردەوام. ئەمریکای لاتینی، بۆ نموونە کە پێشەنگێکی بە تایبەتکردن و کرانەوەیە، بۆ بازرگانی توانی ڕێژەیەکی گەشەسەندوو دروست بکات بە ڕێژەی ١,٦ بە سەدی داهاتی ساڵانەی تاك لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠ ەکان سەرەڕای ئەو زیادکردنە گەورانەی ژێرخانی ئابوری وخەرجیە کۆمەڵایەتیەکان، لەکاتێکدا گەشەسەندن لە (سەب سەهاران)ی ئەفریقیا ساڵانە بە

ڕێژەی ٠,٢ لەسەدا لە کورتی دەدات، سەرەڕای ئەو وەبەرهێنانە زۆرەی کە لە دەرەوەڕا پارەی بۆ دابین دەکرێت و چاودێری بەردەوامی بانکی جیهانی و ڕێکخراوی کۆمەککردنی دارایی نێودەوڵەتی بۆ ئەو وڵاتە. لەهەمان کاتدا، ئابورییەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا، بەتایبەتی ئابووری چین، بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەو ماوەیەدا گەشەی سەند. هەرچەندە جیاوازی پێشێلکاری بەرچاوی مۆدێلی لیبڕالییان تێدایە.

بەو شێویە ئەو ڕوانگە پێشووترەکانی تیۆری گەشەسەندن دووبارە دەستی بە گۆڕان کرد. ئەمڕۆ شارەزایان جەخت لەسەر لایەنی " سۆفت وێر"ی ئابووری دەکەنەوە کە بریتیین، لە: دامەزراوە و داب و نەریت و یاسا و شیرازەی کۆمەڵایەتی کە یارمەتیدەرن، بۆ دروستکردن و پاراستنی بەردەوامی بازاڕ. سۆفتوێرێکی باش دەتوانێت بە زۆر شێوە خۆی بنوینێت، هەر لە بانکی ناوەندی سەربەخۆی یەکێتی ئەورووپییەوە بگرە تا تاقیکردنەوە داهێنەرانەکەی چینی لە سیستەمی پرۆژەی گوندەکاندا. لە هەندێك کۆمەڵگەدا دەکرێت سۆفت وێر فۆڕمیی کەمتر هەستپێکراو بەرجەستە وەربگرێت، بۆ نموونە ئەو متمانە لە مێژینەیەی کە لەنیوان لەلایەن گرێبەستە تایبەتییەکانی چین هەیە کلیلی ئەو وەبەرهێنانەبوو لەلایەن ئەو ئاوارە بووە چینیانەوە کە لەسەرەتادا بوونە هۆی بەگەرخستنی گەشەسەندن لە (مالیزیا) و

ئیستاش لە (چین)دا. لە شوینانی تریشدا" ئەوە فۆڕمی خاوەندارییەتی مولکاییەتی یاسایی و کۆنتراکتەکان و سیستەمێکی دادگەری نا گەندەڵکار وەردەگرێت.

بە پێچەوانەشەوە زۆر ڕوون بووەتەوە کە ئەو ئابوورییانەی بەبێ سۆفت وێرێکی باش لاواز و شلۆق دەردەچن و چاودێرێکردنی ناکارای بانکەکان ڕەنگە ببێتە هۆی دروست بوونی تەنگەژە دارایەکان. نەمانی پێوەرەکانی ڕاپەڕاندن و پاداشت لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی لاوازکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پیشێلکارییەکانی مافە خاوەندارییەتییەکان دەبنە هۆی ڕەواندنەوەی پرۆژە بازرگانییە بچووکەکان.

کێشەی ئەو وڵاتە تازە دووبارە بنیاتنراوانەی وەك عێراق ئەوەیە کە ئەو دامەزراوە و نەریتانەی گەشەسەندن ناتواندرێت بە ئاسانی بگوازرێتەوە، بۆ ناویان. پێویستە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ناوچەکەدا پەرەیان پێبدرێت و چاودێری بکرێن و کاتیش بریتییە، لەو شتە بەرنرخەی کە ئەو وڵاتە تازە پیشکەوتووانەی تووشی کیشەی ئەو سەرچاوە سروشتییە بوون بە دەگمەن هەیە. بەدرێژایی میژوو، زۆر لەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی سروشتیان هەیە زۆر خراپتریان بەسەرهاتووە لە نەتەوە کەم دەرامەتەکان. لەسەدەی حەڤدەم زەویە نزمەکان ( هۆڵەندە) زۆر لە پێشتر بوو لە

ئیسپانیای سەرچاوە دەولەمەند، سەرەڕای ئەو ڕاستیەش کە ئەوەی دواتریان خەزێنەکەی پڕبوو لە زیڕ و زیو کە لە جیهانی نویدا خوازراوە. بەهەمان شێوە، یابان و سویسرا لەسەدەی نۆزدەم و بیستدا بە پێش ڕووسیا کەوتنەوە. بەو زوانەش، وڵاتە کەم سەرچاوەکان لە ئاسیای خۆرهەڵاتدا زۆر بە پێش وڵاتە بە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی وەك (ئەرجەنتین، مەکسیك، نایجیریا و فەنزوێلا)کەوتنەوە کە هەر هەموویان پەرپوت "موفلیس" و بەردەوامی لە ناوکێشەی نا سەقامگیری سیاسییدان. لەسەرەتادا سەرچاوە سروشتییەکان لەوانەیە وەك مانا لە بەهەشتەوە دەرکەون، وڵاتە تازەکان بە ئامڕازەکانی خۆ ڕزگارکردن لە هەژاریی و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە بواری دروستکردنی قوتابخانە و ڕێگاوبانەکان دابین دەکات و لە ڕاستییدا هەندێك جار پارە بە شێوەیەکی ژیرانە خەرج دەکرێت وەك لە (کوێت و بەحریندا). هەرچۆنێك بیت، سەرباری ئەوەش ئەو سەرچاوانە نەگبەتی خۆیان هەر دەسەلمێنن.

لێرەدا ژمارەیەکی زۆر ڕوونکردنەوە هەن، بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە لەبەر چی نەوت کۆمەڵگەکان بی هیز و لاواز دەکات. نرخە جیهانییەکانی نەوت و سەرچاوە هاوشێوەکان بە ڕادەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو و گۆڕاوە و ناجێگیرن، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ شتومەکە بەرهەمهێنراوەکان بەراورد بکرێن و بەو شێوەیەش ئەو

وڵاتانەی کە پشت بە ناردنە دەرەوەی نەوت دەبەستن، ڕووبەڕووی نادیاریی و مەترسییەکی زۆر دەبنەوە. هەڵسان ودابەزینی نرخەکان دەکرێت بازنەیەکی ترسناك دروست بکات کە تیایدا وڵات بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر پارە خەرج بکات لەو کاتەی کە لە حاڵەتی پارەبڕاندا بێت، لە کاتی دابەزینی نرخەکانیشدا تەنها ناچار دەمینێتەوە کە بڕینی خەرجیەکان ئەنجام دەدات کە کێشە دروست دەکەن ( تیایدا قوتابخانەکان بەبی مامۆستا دەمێننەوە و باڵەخانەکان بە تەواو نەکراو جێدەهیڵرێن). ڕوونکردنەوەیەکی تر، بۆ نەگبەتییەکانی نەوت ناودەنرێت بە نەخۆشییە هۆڵەندییەکان، چونکە هۆڵەندە بەو تایقیکردنەوەیەدا تێپەڕی کاتێك گازی سروشتییان دۆزیەوە لە دەریای باکور لە ساڵانی ١٩٦٠ەکاندا، بەکارهێنانی سەرچاوە کانزاییەکان دەرکرێت ببێتە هۆی خستنە دەرەوەی هەندێ چالاکی تر لە ناو ئابووری وڵاتدا. کاتێك کە سەرچاوەکان دەدۆزرێتەوە، یان نرخەکانیان بەرزدەبێتەوە ئەوا دراوی وڵاتەکەی بەهێزتر دەبێت. ئەوەش زیان بە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان دەگەیەنێت کە دەبینن پێشبڕکێکردن لەگەڵ هاوردە نرخی کەمترەکان شتێکی گرنگە. زۆرترین بڕی هێزی کار و سەرمایەی ئەو وڵاتەش دەست دەکەن بەکارخستن لە کەرتە نابازرگانییە ناوخۆکان، تاوەکو هەنگاوی ڕاستکەرەوەش نەگیرێتەبەر، ئەوا زۆر بە زوویی هەموو وڵاتەکە بە تێکڕایی

تووشی کێشە و ئازار دەبێتەوە، چونکە ناتوانێت ئەو قازانج و سوودانە بەدەستبهێنێت کە لە کەرتێکی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بەهێزدا بەدەست دەهێندرێت، وەك داهێنانی تەکنەلۆجی وبەڕێوەبردنی باش.

هەرچۆنێك بێت، گرنگترین شیکار و ڕوونکردنەوەش، بۆ نەگبەتییەکانی نەوت پەیوەندی بەو ڕۆڵە هەیە کە سەرچاوە سروشتییەکان دەیگێڕن لە ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنی دامەزراوە ئابووریی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە. نەوت بە زۆر ڕێگا ژەهرەکەی خۆی بەکار دەهێنێت. سەرچاوە سروشتییەکان بە پێچەوانەی ئەو بەرهەمانەی کە بە هەوڵدەدەن و ماندووبونی مرۆڤ دروست دەبن، بریتییە، لە بەرهەمهێنانی کرێیەکی زۆر کە پاشەکەوتێکی زۆر زیاتر بەقەدەر خەرجکردنی هێز و توانایە، بەڵام ئەو پاشەکەوتانە زۆر بە ئاسانی خاوەندارییەتی دەکرێن لەلایەن دەوڵەت، یان کەمینەیەك کە دەست بەسەر دەرهێنانی سەرچاوەکاندا دەگرن. لەو حاڵەتەی پێشوو، وەك لە (ئێران و لیبیا و عەرەبستانی سعودیە)دا هەیە، کۆمەڵێك کێشە سەرهەڵدەدەن. وڵات واز لەو پاڵەپەستۆیەی وەرگرتنی باجەکان دەهێنێت و هیچ ئارەزوویەکی نابێت بۆ هاندانی پاراستنی مافەکانی مولکدارییەتی وەك ڕێگەیەك، بۆ کۆکردنەوەی سامان. لەلایەکی ترەوە، بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەش، لەبەر ئەوەی کە باجیان لێ

وەرناگیرێت ئارەزوو و میکانیزمێکی کارگەریان بەدەستەوە نابێت، بۆ ئەوەی کە حکوومەت بەرپرسیار بکەن لەبەرانبەر کردەوەکانی. ئەوەش دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە خراپە و پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەبێ چاودێری بمێننەوە و ئەو پرۆسەیە لاوازبکات کە لەڕێگەیەوە سیستەمە سیاسییەکان داخوازی و بەرژەوەندییە بەگژیەکدا چووەکان کۆك دەکات و بەیەکیان دەگەیەنێت. لە ڕاستیشدا ئەو بارودۆخە وادەکات کە پێشکەوتنی دامەزراوە سیاسییەکان کارێکی ئەستەم بێت.

کاتێك کە کەمینەیەکی دانشتوان بتوانێت دەست بەسەر سامانی سەرچاوە سروشتییەکان دابگرێت، ئەوا دەتونێت " بیفرۆشێت "، یان ببێتە دەوڵەتیش وەك ئەوەی کە لە (ئەنگۆلا)، یان ئەوەی کە ئەوکات "زایر" بوو ئێستا (کۆماری کۆنگۆی دیمکراتییە) ڕویدا، تەنانەت لەوکاتەش کە دەوڵەت و ئەو کەسانەی دەست بەسەر سەرچاوە سروشتییەکان دادەگرن، لەیەکتر جیاوازن وەك ( ڕووسیا و فەنزوێلا). کارمەندە گشتییەکان گەندەڵکار دەردەچن. زۆر جار شەڕی زۆر سەخت لەسەر دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکان سەرهەڵدەدەن. زۆربەی جار ئەو شەڕانە وەك شەڕی ئیتنیکی وێنا دەکرێت، کەچی لە ڕاستیدا لەوانەیە شەڕی سادەبن لەسەر پاوانکردن و دەست بەسەرداگرتنی سامان. تەنانەت لە کاتێکیشدا ئەگەر ئەو کیشە بەئەنجام هاتووانە بەتەواوی نەشتەقنەوە و نەبن

بە شەڕی ڕاستەقینەی ناوخۆیی، ئەوا دەبنە هۆی خاوکردنەوەی وەبەرهێنان و گەشەسەندن و دامەزراوە سیاسییەکان. بەگوێرەی مێژوونووسە ئابوورییەکان، ئەو شێوازە هەڵدەستیت بە ڕوونکردنەوەی ڕێگە زۆر لەیەکتر جیاوازانەی کە باکوور و باشووری ئەمریکا بە هۆیەوە پێشکەوتوون. لەوەی دواییدا، ڕووبەرێکی فراوانی چاندنی شەکر ڕێگەی بەخاوەن زەوی و زارەکاندا کە کۆنترۆڵکردنێکی چڕی ئابووریی و سیاسیی بپارێزن. ئەوەش وای کرد نوخبە خاوەن زەویی و زارەکان بەرەنگاری چاکسازییە دیموکراتییەکان و دام و دامەزراوەکانی مافەکانی خاوەندارییەتی ببنەوە. کەچی لە ئەمریکای باکوور، بەپێچەوانەوە چاندنی گەنم وگەنمەشامی لە کێڵگە بچووکەکاندا بووە هۆی پارچە پارچە بوونی هێزی ئابووریی و دروستکردنی بارودۆخێکی باشتر، بۆ دیموکراتی بوون و پێشکەوتنی دامەزراوەیی.

**حالەتی سەرکەوتنی زۆرکەم:**

لێرەدا هەموو ئەو نەخۆشیانە دەبینین کە پەیوەندیان بە نەوت هەیە و، بە شێوەیەکی ڕوونتر لە نایجیریادا خۆیان دەردەخەن. لە کۆتایی سالانی ١٩٦٠ەکان، شەڕی "بیافران"ی جوداخوازی، پاشانیش گەورەترین شەڕی ناوخۆی "ئەفریقیا" کە بووە هۆی کوژرانی ملیۆنێك کەس. بەشێکی بریتیی بوو لە هەوڵدانی هەرێمی خۆرئاوای وڵات، "ئیجیبۆ"ی باڵادەست، بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵکردنێکی تایبەت بەسەر یەدەگە نەوتیەکاندا. هەروەها "نێجیریا" بەدەست کێشەی تیرۆکردنی دوو لە سەرکردەکانی، شەش کودەتای سەرکەوتوو و چواری تری سەرنەکەوتوو ماوەی ٣٠ ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی کردنی سەربازە چەتە و ڕێگرەکانی دەسەلات، ناڵاندوویەتی. لە زمانی یەکێك لە مێژوونوسە ئەفریقیەکانەوە کە بەو شێوەیە سەرکردەکانی ئەو وڵاتە ناو دەنێت، سامانی نەوتی ئەو وڵاتەیان ڕەنگە تا ڕادەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بە تالان بردووە. هەروەها ئەو تەقینەوەی لە خەرجییەکانی ئەو حکوومەتە خاوەن داراییە زۆرە ڕوییدا دەرفەتی زیاتری دروسکرد، بۆ بەرتیل و دزی. ئەو هەموو هۆکارانە بوونە هۆی بەرهەمهێنانی گەشەسەندنێکی لاوازی ئابووریی و هەندێك ئەنجامی تری زیان بەخش و لەرزۆك. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٠ ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە لەژێر هێلی هەژاری دەژیان لە ١٩ ملیۆن کەسەوە

بەرزبۆتەوە بۆ ٩٠ ملیۆن کەس. نایەکسانیش پەرەی سەندووە، بەرزترین ٢ لە سەدی دانیشتوان کە لە ساڵی ١٩٧٠ تا ئەوپەڕی سەدا ١٧ی داهاتیان هەبوو، ئەوا ئێستا سەدا ٥٥ داهاتی گشتی بەدەست دەهێنن.

ئەوسەرژمێری و ڕوونکردنەوانە تەنها تایبەت نین بە بارودۆخی "نایجیریا"، بە شێوەیەکی جیواز و لە کاتی جیاوازدا، سەرچاوە سروشتیەکان بووەتە هۆی داروخان و تێکدانی هاوشێوە لە (ئەنگۆلا و کینیای ئیستوائی و گابۆن و فەنزوێلا) و ئێستاش هەڕەشە لەو وڵاتە بچووکە دەکات کە ناوی (ساوۆتۆمی و پرینسیپە). لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لە "ئەنگۆلا" ٤,٢ بلیۆن دۆلار مەزەندەکراوە کە بزربووە لە خەزێنەی حکوومەت. لە "فەنزوێلا" هەژاری نزیکەی دوو ئەوەندە بووەتەوە لە ساڵانی ١٩٧٠ەکانەوە تاکو ئێستا و ئەو بەشەی داهاتی نیشتمانی کە بۆ خاوەن پرۆژە بازرگانییەکان دەڕوات لەسەدا ٥٠وە بۆ نزیکەی سەدا ٨٠ زیاد بووە، لەبەر ئەوە کرێکارە ئاساییەکان ئێستا تەنها بڕی سەدا ٢٠ی داهاتی نیشتمانییان بەردەکەوێت. وڵاتە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستا لە هەندێك لە خراپترین دەرئەنجامە لاوەکییەکانی سامانی کانزایی ڕزگاریان بووە، بەڵام ئەوە تەنها لەبەر ڕێژەی گشتی نەوتەکانیان بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی دانیشتوانەکەیتیان و ڕێگر بوونە لەو بەرەو پێشچوونە سیاسی و

کۆمەڵایەتییە کەمانەی کە پەیوەندیان بە نەوت هەیە. پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٠٠٢ لە ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی نەبوونی ئازادی ڕۆژنامەوانیی و ئازادییەکانی تر و پێگەی نزمی ئافرەت وەك ڕێگری سەرەکی لەبەردەم پێشکەوتنە درێژخایەنەکانی جیهانی عەرەبی دەستنیشانکراوە. زیاتر لەوەش، هەرچەندە ئەداکردنی ئێستای ئابووری لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین ڕەنگە بەشێوەیەکی بەرفراوان جێگەی ڕەزامەندی بن، کەچی ناتواندرێت چاوەڕوانی مانەوەی بەو شێوەیە لێبکرێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. "فەنزوێلا"ش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا چۆن تەنانەت وڵاتێکی تا ڕادەیەك خاوەن سەرمایەی زۆر لەگەڵ بەسەر چوونی کات زیاتر دەکرێت بەرە و خراپی بڕوات لەکاتێکدا کە شەڕەکان لەسەر سامانی ئاسان بەدەست هاتووەکانی بەردەوام دەبن و دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکان لەبەر یەك هەڵدەوشێنەوە. لە ڕاستییدا لەنێوا ئەو هەموو نمونەیەی وڵاتان کە بەهۆی دەوڵەمەندیان بە سەرچاوەکانیان لاواز و کەم تونا بوون، نمونەی سەرکەوتووش بەدەرکەوتوون: وەك (نەرویج و بۆتسوانە). تەنانەت ئەو نموونانەش تەنها، بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەی دەئەنجامە ترسناکەکانی سەرچاوە سروشتییەکان لێرەدا بەکاردەهێندرێت. "نەرویج" لە ساڵانی ١٩٧٠ کان سەرچاوە نەوتیەکانی خۆی دۆزیەوە" تەواوێك پاش ئەوە میکانیزمەکانی

بەرپرسیارییەتی، بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخست. ئەو وڵات ەئەو بووژانەوە لەناکاوەی پاراست، چونکە چاودێریکردن و هاوسەنگی دارایی توندوتۆڵی ئەو وڵاتە نەیهێشت داهاتەکانی نەوت بەفیڕۆبچن و بدزرێن. ئەو بڕیارەش کە لە سەرچۆنییەتی خەرجکردنی پارەی نەوتیش دەدران بە شیوەی پرۆسەیەکی دیموکراتیانە بە ڕێوەدەچوو. تەنانەت ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە بریتییە، لە حاڵەتی "بۆستوانە" کە بۆ چەند دەیەکە ئەڵماس لە کانەکان دەردەهێنێ، "بۆستوانە" نەکەوتە ژێر ڕکێفی نەگبەتییەکانی سەرچاوە سروشتییەکان، چونکە یەکێك بوو لەو ژمارە کەمەی وڵاتان کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی بەریتانیاوە سەری هەڵدا لە ساڵی ١٩٦٦ بە هەبوونی دامەزراوە بەهێز و ئەو داب و نەریتە خۆجێیی و خێڵەکیانەی کە پێشتر هەبوون و بوونە هۆی بەهیزکردنی بەشداریکردنێکی سیاسی فراوان. خۆشبەختانە، دام و دامەزراوە کۆڵۆنیاڵییەکان ئاوا بە قووڵی ڕوونەچونە ناو (بۆستوانە) تا بتوانن ئەو داب و نەریتانە تێك بشکێنن کە پاش سەربەخۆیی بوونە بناغەی پەیڕە وکردن و کارکردنی دیموکراسی. دیموکراسییەتی بەردەوام و نەپچڕاوە و لەسەرکردایەتییەکی باش بوونە هۆی دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە داهاتی سەرچاوە سروشتیەکان بە فیڕۆ ناڕوات لە "بۆستوانە"دا وەك ئەوەی کە لە شوێنەکانی تری"ئەفریقیا" ڕوودەدات. "نەرویج و بۆستوانە" ئەوە

ڕووندەکەنەوە کە دەکرێت خۆ بەدوور بگیرێت لە نەگبەتییەکانی سەرچاوە سروشتییەکان ئەگەر وڵاتەکان دامەزراوەی ئاوا بەهێزیان هەبێت کە بتوانن خۆیان لە کارتێکەرە زیانبەخش و ئاساییەکانی سەرچاوە سروشتییەکان بپارێزن. نەوت وسەرچاوە سروشتییەکانی تر مەرج نییە هەموو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان تووشی چەرمەسەریی و سەرنەکەوتن بکەن، (ئەندەنووسیا و مەکسیك) ئومێد بەخشیە پارێزراومان پێدەدەن کە نەگبەتییەکانی نەوت دەکرێت خۆی لێ لابدرێت. هەرچەندە ئەندەنووسیا هەر لەسەرەتای تەنگەژە ئابوورییەکەی ئاسیا لە ساڵی ١٩٧٧ وە بەدەست پاشکەکشێی ئابووریی و سیاسییەوە دەناڵێنێت. کەچی دوو دەیەی لە گەشەسەندنێکی بەردەوام و کەمبوونەوەی هەژاریدا سەلماند پێش دروستبوونی تەنگەژەکە. هەروەها مەکسیکیش بە شێوەیەکی بەرپرسیاران نەوتەکەی خۆی بەڕێوەدەبات و لە ساڵی ٢٠٠٠ پاڵێوراوێکی بەرهەڵستکار، "ڤایسنت فۆکس" وەك سەرۆك هەڵبژێردرا. هەرچۆنێك بێت لە هەموو حاڵەتەکەد" دادوەران هێشتا بەتەواوی لەوە دڵنیانین کە ئایە ئەوانەی دەتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام و مەودا درێژ ڕوبەڕووی نەگبەتییەکانی نەوت ببنەوە. (چیلی و مالیزیا) دەکرێت هێشتا دوو نمونەی باشتربن، هەرچەندە لە ڕێڕەوی پێشکەوتنیاندا بە ئابوورییەکی لاواز و دامەزراوەیەکی بێ هێز

دەستیان پێکرد و زۆر بە توندی پشتیان بە سەرچاوەکان ( کانزای مس) لە چیلی و (مطاط) لە مالیزیا بەستابوو، کەچی لە دەرئەنجام توانیان بە خێرایی گەشە بسێنن و چیتر پشت نەبەستن بەسەرچاوەکان.

چارەسەری ئەو نەگبەتیە:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چۆن نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی تر کاریگەری خراپیان بەسەر پێشکەوتنی بازاڕەکان و ئازادییە سیاسییەکان هەیە، پێویستە ئەو سەرچاوانە لە عێراق و وڵاتانی تردا چۆن بەڕێوەببردرێت؟ سێ بژار لەبەردەستدان و پێوستە ڕەچاوبکرێن: بەتایبەتکردنی سەرچاوە نەوتییەکان و دانانی پلانێکی تایبەتی نەوت کە بڕیارەکانی حکوومەت لەبارەی سەرفکردنی ئەو پارەیە سنووردارییکات و گەواستنەوەی سوود و قازانجەکانی نەوت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خەڵك بێت. ڕێچکەی یەکەم بەتایبەتکردن: بەتایبەتکردنی کەرتە نەوتییەکان، تا ئێستا سەرکەوتووە نەبووە. لەو وڵاتانەدا کە دامەزراوەکانیان لاوازن، زۆربەی جار ئەو سەرچاوانەی قازنج کە زۆر بە نرخن بە نرخێکی هەرزان بەو ژمارە کەسە خۆش بەخشانە دەفرۆشرێت کە پەیوەندییەکی باشی دارایی و سیاسییان هەیە. بۆ نمونە لە ڕووسیا تایبەتیکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان و سەرچاوەکانی تری سۆڤییەتی پێشوو تەنها بووە

هۆی قوولّترکردنەوەی نا هاوسەنگییە ئابوورییەکانی دۆخی هەنوکەیی ئەوکات. ئەو سەرمایە بەدەستهاتووە ئۆلیگارکیەش ( دەسەلاّتی کەمینە ) ئابووری بازاڕی ڕووسیای لاوازکرد، وای کرد کە شتێکی زۆر قورسبێت تا بتوانی متمانەی گشتی لە دامەزراوەکانی بازاڕ زیندوو بکاتەوە وەك مولکدارییەتی تایبەت و سەروەری یاسا و شەرعییەت و قودسییەتی گرێبەستەکان. کاتێك بەتایبەتیکردن دەبێتە هۆی دروستبوونی نا هاوسەنگییەکی زیاتری ئابوری ئەوا لەبەرانبەردا دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لەبەردەم هەنگاونانی وڵات بەرە و دیموکراسییەت، یان دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەوەی کە لە حاڵەتی (نایجیریا و ڕووسیا)دا هەیە، کە ب هەواڵنامەی "فەریدا زەکەریا" ناوی دەبات بە " دیموکراسییەتی نا لیبڕالییانە " لەو حاڵەتانەدا، هەڵبژاردنەکان بە شێوەی ئاسایی و دەوری ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئازادییە مەدەنییەکان سنووردارن و هەندێك جاریش دەوڵەت، بۆ خۆی هەڵدەستێت بە لاوازکردنی ئازادییەکانی تاکە کەسی و مافەکانی خاوەندارییەتی لەبری ئەوەی کە بیانپارێزێت. لێرەدا نەوت دەبێتە هۆی درێژکردنەوە و بەردەوامبوونی نا هاوسەنگییەکی دەسەڵات لە ڕێگەی خزمەتگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەو کەسانەی کە لە پێگە و پلەوپایەدان ( ئەوانەی کە دەرفەتی گەیشتنیان بە نەوت ئاسانە) و هاندانی پێشخستنی یەکێك لەسەر حیسابی یەکێکی تر

و گەندەڵی. ئەلتەرناتیڤی دووەم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نەوتی وڵات دروستکردنی هەندێك پلانی دارایی تایبەت بەنەوت بە بوونی کۆت و چاودێری دەستوری، یان لە جۆری تر لەسەر بەکارهێنانی داهاتەکان ماوەی چەند دەیەیەکە لە (کویێت و نەرویج) بەکاردەهێندرێت و لە ساڵانی ١٩٩٠ەکانیشەوە لە (کۆڵۆمبیا و فەنزوێلا) بەکاردەهێندرێت. (ئازەربایجان و چادی)ش بەهەمان شێوە بەو دواییانە ئەو جۆرە پلانانەیان دارِشتووە و (تەیموری خۆرهەڵات و ساوۆ تۆمێ و پریسیپ)یش پلانیان داناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو جۆرە رِێگەیە لەو ساڵدا. هەرچەندە ئەوانە لە رِووی وردەکارییەکانەوە لەیەکتری جیاوازن، کەچی هەموو ئەو پلانە داراییە نەتەوەییانەی نەوت هەوڵدانێکن، بۆ بەرچاورِوونکردن و برِینی خەرجکردنەکانی دەوڵەت، بۆ بەشێك، یان هەموو داهاتەکانی نەوت. ئەو پلانە داراییانە، بۆ مەبەستی یارمەتیدانی جێگیرکردنی داهاتەکان، بۆ بەرژەوەندی وەچەکانی داهاتوو دانراون. هەروەها ئەو پلانانەش ئامانجیشیان ئەوەیە کە ئەو حکوومەتە بە پارە دەووڵەمەندهانە ناچار بکات کە لە خەرجیەکانیاندا پشت بە وەبەرهێنەرانی بەرهەمهێنەر و کۆمەڵایەتیی ببەستن لە بری ئەوە.

بەداخەوە، بێجگە لە نەرویج ( لەگەڵ دامەزراوە حکوومییە بەهێزەکانی و دیموکراسییەتە رِاست و دروستەکەی) تا ئێستا

تاقیکردنەوەی دانانی پلانی دارایی نەتەوەیی، بۆ داهاتەکانی نەوت هاندەر و کاریگەر نەبووە. بۆ نموونە لە "فەنزوێلا" حکوومەت لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا شەش جار ڕێسا ڕێکخەرەکانی چۆنیەتی پێویستی خەرجکردنی پارەی پلانە داراییەکانی نەوتییەکانی گۆڕیوە. لە ئەنجامدا ئەو سەرچاوانەی پلانە داراییەکە بەشیوەیەکی تایبەت وشك بوون ونەیتوانی بەڕێوەبردنێکی بە ئاگایانە بۆ ئەو داهاتانە دابڕێژێت یان چاکسازیەك لە جۆری خەرجکردنەکان دابین بکات. لە ئازربایجانیش خەرجکردنە بێ بەرنامەکان لە پلانەکەدا بوونەتە هۆی دروست بوونی پرسیارێك لەبارەی پەیمانە درێژخایەنەکانی ئەو پلانە نەوتیانە لەسەر مەرجی قەرزەکانی بانکی نێودەوڵەتی دانراون، بۆ یارمەتیدانی دارایی بۆڕیە نەوتییەکان، سەرۆکی وڵات سەرەڕای چاودێریکردنی ڕێکخراوە نا حکوومییەکان، هێشتا توانی یەکەم شەپۆلی داهاتەکان بەکاربهێنێت، بۆ کڕینی فڕۆکەیەکی سەرۆکایەتی. هەرچەندە پلانەکە بۆ خۆی دەستکاری نەکرا، کەچی کڕینی فڕۆکەکە شتێکی چاوەڕوان نەکراوو ناکۆك بوو لەگەڵ ئەو بودجە گشتییەی کە "چاد" و قەرز پێدەرە نێودەوڵەتییەکانی لەسەری ڕێککەوتبوون. کەواتە وا دەردەکەوێت کە پلانە داراییەکانی نەوت ناتوانن داهاتەکانی نەوت بپارێزن، لەدەست بەسەرداگرتن لە ڕێگەی حکوومەتێکی

بێهێز، یان نا بەرپرسیار. ناشتواندرێت وەك جێگرەوە، بۆ بەرپرسیاربوون لەبەردەم خەڵك و ئەو چاودێریانەی کە ڕاگەیاندنەکان و دیموکراسییەتی ڕاست و دروست ئەنجامی دەدەن سەیربکرێن. ئەلتەرناتیڤی سێیەم، بۆ بەڕێوەبردنی سامانی نەوتی وڵات، دابەشکردنی ئەو سامانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەر هاوڵاتیاندا، تۆمارێکی باشتری هەیە. بەلایەنی کەمەوە لە هەندێك شوێندا ( لە ویلایەتی ئالاسکا و هەرێمی ئەلبێرتای کەمەندی) کە ئەو جۆرە ڕێچکەیە تیایاندا تاقیکراوەتەوە. ( لە هەردوو حاڵەتەکەدا قازانجەکانی وەدەستهاتوو لە فەندە نەوتیەکان، نەوەك لە داهاتە نەوتیەکاندا، دابەش دەکرێت). ئەو جۆرە سیستەمە دەرفەتی گەندەڵکاری و دەستبەسەرداگرتنی نارەوا کەمتر دەکاتەوە، چونکە ئەو داهاتە زۆرەی نەوت لەژێر دەستی کاربەدەستانی گشتییدا نەبێت. هەروەها دەبنە هۆی نەهێشتنی نا هاوسەنگی دەسەڵاتی ئابووریی و سیاسیی، بۆ مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی تاك لایەنانەی داهاتی نەوت. زیاتر لەوەش لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکاندا دابەشکردنی ڕاستەوخۆی داهاتی نەوت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داهاتی تاکەکەس زیاد دەکات، هەندێك جاریش ئەو زیادبوونە گرنگ و بەرچاوەبێت. لە وڵاتی چاد، بۆ نموونە داهاتی تاکەکەسێك ٢٠٠ دۆلارە لەساڵێکدا، دابەشکردنی یەکسانی داهاتی نەوتی چاوەڕوانکراوی وڵات

بەسەر دانیشتواندا دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی داهات بە ڕێژەی ٢٠% لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ساۆوتۆمێ و پرنسیپیشدا، زیادبوونەکە هێشتا لەوە زیاتر دەبێت. ئەو زیادبوونانەش وادەکات کە دایك و باوکەکان بتوانن منداڵەکانیان لە قوتابخانەکان بهێڵنەوە و یارمەتی بەرهەمهێنەرە کێڵگەییەکان دەدات تا بتوانن کارەکانیان فراوان و هەمە جۆر بکەن و زیاتر هانی حکومەت دەدات لەخەرجکردنی پارە لە ئەنجامدانی وەبەرهێنانی دروستکردنی ڕێگا و بان و ژێرخانەکانی تر. بە مانایەکی تر، دابەشکردنی داهاتی نەوت یارمەتی پێشکەوتنی بازاڕی دروست بووی ناوخۆیی و سیاسەتی ناوخۆیی دەدات. هەرچۆنێك بێت پێشنیارەکانی دابەشکردنی داهاتی نەوت بەسەر خەڵکی گشتی زۆربەی جار ڕوبەڕووی دوو ڕەخنە دەبێتەوە: ئەویش ئەوەیە کە لەدەستدانی حکومەت بۆ داهاتەکانی نەوت ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی نا جێگیری ئابووری گەورە و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت تەنها بەسەر خەڵکیدا و وەرگرتنەوەی بەشێکی لە ڕێگەی باجەکانەوە بەشی تەمویلکردنی وەبەرهێنانی گشتی و خەرجیە پێویست و بە پاساوەکانی حکومەت ناکات. هیچ کام لەو دوو ڕەخنەیەی سەرەوە باوەڕپێهێنەر نین، لە ڕووی ئابوری گەورەوە. ئاڕاستەکردنی سامانی نەوت بۆ خەڵکی گشتی لە بری ئەوەی کە حکومەت گۆڕان ناجێگیری ترخەکان بگۆڕێت. ئەوا لەو وڵاتانەی کە

دامەزراوەی لاوازیان هەیە خێزانەکان زۆر باشتر لە حکوومەت دەتوانن کێشەی ناجیگیری نرخەکان چارەسەربکەن، لە ڕاستیدا ئەوان بڕیاردەر و دادوەری باشترن نەم تەنها ئەوەی کە چەند خەرج دەکەن، بەڵکوو لە ڕوانگەی بڕیاردانیشیان لەسەر ئەوەی کە چی خەرج دەکەن. مێژووی هاوچەرخ پڕە لە نمونەی ئەو وڵاتانەی کە شتی بێکەڵك و ناوەڕۆك پووچیان دروستکردووە لەماوەی بوژانەوەی داهاتەکانیان وەك "ئەندەنوسیا" و پیشەسازییە ناتەواوەکەی دروستکردنی فڕۆکە، یان کۆمپانیا بێ ناوبانگەکەی "ئاجاکۆتای نایجیر"ی بۆ دروستکردنی پۆڵا ( کە تەنانەت یەك تەنیشی لە پۆڵا بەرهەم نەهێناوە لەماوەی زیاتر لەچوار دەیەدا). لەکاتێکدا ئاستەمە بێنیتە بەرچاو کە تاکەکەسێکی وەبەرهێنەر ئەو هەڵەیە بەو ڕێژەیە و، بۆ ئەو ماوەیە ئەنجام بدات. ناڕەزایی و ڕەخنەی دووەم ئەو دابەشکردنەی کە باج وەرگرتنی بەدوادا دێت بە فیڕۆدەرە، بڕێك لە عەقڵانیەتی تێدایە، بەڵام ئەو تێچوونانە بە تەواوەتی بە قازانجەکانی ئەو چاودێریە گشتییە هاندراوەی لەسەر خەرجیەکانی حکوومەت دانراوە داپۆشراون. ئەو حکوومەتانەی کە داهات لەسەرچاوە سورشتییەکانی وەك نەوت وەردەگرن ئەوا لە بەهەشتێکی هەموو شت، بۆ دەستەبەرکراوی ترسناك دەژین. کاتێك کە تێچووە لاوەکییەکانی سەرچاوە سروشتییە ڕوو لە زیادبووەکان نزیکەی سفر بێت، حکوومەتەکان

پاڵنەر و ئارەزوویەکی کەمیان دەبێت، بۆ بەڕێوەبردنێکی ڕێك و پێك، یان دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی گشتی تەواو، یان بەرجەستەکانی ( سۆفتوێر) ئابورییەکانی بازاڕ و حکوومەتێکی باش. بە شێوەیەکی تەنز ئامێزانە، حکوومەتی باش و دامەزراوەی بەهێز پێویستییان بەوە هەیە کە تێچوونەکانی بەرزبوونەوەی سەرچاوە گشتییەکان زۆر بێت.

دابەشکردنی ڕاستەوخۆی داهاتەکانی نەوت بەسەر خەڵك کارێکی گرانە، بۆ ئەو هەژارانەی کە توانایەکی کارگێڕی سنورداریان هەیە، بەڵام شتێکی مەحاڵ نییە. بۆ نمونە پێش ئەوەی کە کێشە سیاسییەکان باڵ بکێشن بەسەر چاکسازیەکانی "بۆلیڤیا"دا، حکوومەتەکەی توانی ئەو مووچە خانەنشینیە لەپاشەکەوتی بەشی خۆی لە پرۆژە بەتایبەتیکراوەکان و دڵنیاکردنەوەی ڕێك و پێکی و دابەشکردنێکی کارایانە ( ڕەنگە لە ڕێگەی کۆبۆن و بلیت بێت) ڕووبەڕووت دەبنەوە و کارێکر گرانە، بەڵام بە لە ڕووی چۆنیەتییەوە شتێکی زۆر جیاواز نییە، لە ئەنجامدانی کۆتانی منداڵان کە زۆر لە وڵاتە هەژارەکان توانیویانە ئەو کارە ئەنجام بدەن. لە ڕاستیدا دەکرێت ئەو کارە ئاسانتریش بێت، لە کاتێکدا کە خەڵك بەپەرۆشن، بۆ وەرگرتنی پارەکانیان، بۆیە بەخێرایی هاوکاری دەکەن و دێنە پێش. کێشەیەکی گەورەتری جێبەجێکردن لە پلانی دابەشکردن کێشەیەکی

سیاسییه. ئەویش ئەوەیە هەموو گۆڕانێك ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوە دەبێت لەلایەن ئەو سوود وەرگرانەی كە بەرژەوەندی جێگیر و بەدەستهاتوویان هەیە لەمانەوەی بارودۆخی هەنوكەیی، ئەوانەش ڕەنگە كارمەندانی كارگە و پرۆژە حكوومییەكان بن، یان كەمینەی بڕیار بەدەست بن، یان ئەو كەسانە بن ئێستا لەسەر كورسین. زیاتر لەوەش، پاش ساڵێك یان زیاتر سیستەم و دەستە كارگێڕییەكەی دابەشكردن دەكەونە ژێركاری فڕوفێڵ و گەندەڵی. تەنانەت بەرنامەكانی دژەكوتانیش لە وڵاتە هەژارەكاندا پێویستی بە چاودێری و ئاگاداری لایەنی بەخشەر هەیە ئەگەر پێویس بكات ڕاستگۆیی خۆی بپارێزێت.

یارمەتیدانی دەرەكی:

خۆشبەختانە عێراق وەك وڵاتانی (ئەنگۆلا و نایجیریا) هەژار نییە و سەرەڕای تەنگوچەڵەمەی هەنوكەییەكان عێراق، لە ڕوانگەیەكەوە خەونێكە بۆ پلانێكی شارەزایانەی ئابووری، تا ڕادەیەك تۆمارێكی پاك دابین دەكات و ڕێگەش، بۆ ڕێچكەی پلانی نویێ خۆش دەكات، بۆ ئەوەی تاقی بكرێنەوە بە گەورەترین بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ بەرژەوەدیە جێگیر و بەدەستهاتووەكان. لە ڕیگەی چارەسەرییەكی ڕاست و دروست و ئامادە كە بریتییە" لە دابەشكردنی ڕاستەوخۆی داهاتی نەوتی عێراق بەسەر خەڵكەكەی. عێراق دەرفەتێكی باشی لەبەردەستدا دەبێت، بۆ

زاڵبوون بەسەر نەگبەتییەکەی نەوت. بۆ دڵنیابوونیش لەئەنجامدانی ئەوە، پێویستە دەقێك بخرێتە نێو دەستووری نوێی عێراقی کە مافی هەر خێزانێکی عێراقی بپارێزێت، بۆ وەرگتنی بەشێك لە داهاتی نەوتی وڵاتەکە. ئەو مافەش، بۆ کەمترین ماوە درێژ دەبێتەوە، با بڵێین دە ساڵ. پاساویش، بۆ ئەو سزادان و غەرامە وەرگرتنەی شێوەی سەروەری تەقلیدی بریتییە، لە ڕێگەگرتن لەبەردەم حکوومەتی عێراقی داهاتووە. تەنانەت ئەگەر حکوومەتێکی دیموکراتیش بێت، بۆ گۆڕینی ڕێکخستن ڕێوشوینەکانی ئەو ماوەیە دیاریکراوە. پاش ئەوەی ئەو ماوەیەش بەسەر دەچێت، خەڵکی عێراقی لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دیموکراتیانە دەتوانن، بۆ خۆیان ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی داهاتووی داهاتەکانی نەوت دیارییکەن.

ئەو پێوەندکردنە کاتیەی سەروەری تەقلیدی، هەرچەندە لەوانەیە ورووژێنەربێت، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی بناغەی سەروەری خەڵکی عێراق. لەوانەیە ئەوە تاکە ڕێگەی کرداری بێت، بۆ پێشخستنی دامەزراوەی دیموکراتی دوور لە کاریگەریە گەندەڵکارەکانی نەوت و دڵنیاکردنەوەی بەهێزکردن و دەسەڵات پێدانی سیاسی و ئابووری بە خەڵکە ئاساییە عێراقیەکە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بە شێوەیەکی ئایدالی خۆی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەبینێتەوە،

سەرپەرشتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پێشنیارە دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەندێك لە کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدان لەبەر خراپ بەڕێوەبردنیان، بۆ پرۆگرامی نەوت بەرانبەر خۆراك لە ساڵانی ۱۹۹۰ کاندا، پێویستە لەژێر سایەی ئەو سیستەمە نوییەدا ڕێوشوێنی زیاتر کارایانە، بۆ بەرچاوڕوونی و لێپرسراوییەتی دابرێژرێت. ئەمڕۆ عێراق ژینگەیەکی زۆر کراوە و بنچینەییە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر تیایدا بوو لە سەردەمی سزا سەپێندراوەکاندا. ئێستا بەشداریکردنێکی زۆرتری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئارادایە و خەڵکی عێراق، بۆ خۆشیان لە ڕێگەی داکۆکیکردنیان لە مافە دەستووریەکانیان و داواکردنیان بۆ بەشی خۆیان لەسەرچاوە نەوتیەکان بۆ بەرەنگار بوونەوە و ڕێگە نادەن بە خراپی بەڕێوەبردن و دەیتبەسەرداگرتنی نارەوای ئەو فەندە نەوتیانە کاردەکەن. بەهەمان شێوە دابەشکردنی ڕاستەوخۆی قازانجە نەوتییەکان بەسەر خەڵکی عێراقدا چارەسەری کێشەی قەرزە دەرەکییەکانی عێراقیش دەکات. زۆر لە وڵاتە تازە دیموکراتییەکانی وەك "نایجیریا"، هەوڵیانداوە، بۆ هەڵگرتنی قەرزە دەرەکییەکانی سەریان، بەتایبەتی ئەگەر بڕێکی بەرچاوی قەرزەکان ناحەز بن ( واتە ئەو قەرزانەی کە لەلایەن دیکتاتۆریەتی پێشوو گرێبەستیان لەسەر کراوە، زۆربەی جاریش

بە تێوەگلان و هاندانی خاوەن قەرزەکە ئەنجامدراون)، بەڵام بەخشەرانە پاساوی ئەوەیان هەیە کە نیگەرانن لەسەر لێخۆشبوونیان لەبەرانبەر ئەو قەردانە بۆ ئەو حکوومەتە ساوایە و فرەلایەنەی عێراقی، بەڵام ئەگەر هاتوو نەوتی عێراقی ڕاستەوخۆ بەسەر گەلی عێراقیدا دابەشکرا لەبری ئەوەی بۆ حکوومەت بێت ئەوە دەکرێت ببێتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو ترسە و بەو شێوەیەش وا دەکات کە پارەبەخشەکان زیاتر ڕازی بکات بە بەخشینی لێخۆشبوونی قەرزەکان.

ئایە تەنها بڕی چەندی داهاتی نەوت دابەشبکرێت؟ لەلایەکەوە، تا زیاتر بدرێتە دانیشتوان ئەوا کەمتر دەرفەتی ئەوە دروست دەبێت کە عێراقی نوێ بە هۆی نەوتەوە تووشی گەندەڵی و تێکچوون ببێت. لەلایەکی تریشەوە، دابەشکردنی بڕی سەد لەسەدی داهاتەکان شتێکی مەحاڵە. حکوومەتی نوێی عێراق ڕووبەڕووی پێداویستی شلگێرانە دەبێتەوە وەك سارێژکردنەوەی بەرچاوی ئەو ژێرخانەی کە بەهۆی ئەو شەڕەی دوایی و چەندین ساڵ لە پێشتگوێخستنی لەژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێن و دانەوەی هەندێك لەقەرزە نێو دەوڵەتیەکانی. لەماوەیەکی کورتخایەندا، دابینکردنی پارە، بۆ ئەو خەرجیانە لە ڕێگەی باج وەرگرتنەوە شتێکی خەیاڵیە، چونکە تا ئێستا ئامرازەکانی باج وەرگرتن لە بەغدا بەسادە و ساکاری ماونەتەوە. کەواتە پێویستە هەندێك لە

داهاتەکانی نەوت لەلایەن حکوومەتەوە دەستی بەسەر دابگیرێت، بەڵام بەلایەنی کەم دەبێت سەدی پەنجا لە داهاتەکان بەسەر خەڵکدا دابەشبکرێت. بۆ ماوەی درێژخایەنیش، نەوت بەتەنها لە عێراق، بەڵکوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێوستی بە فشارخستنە سەر کۆمپانیا نەوتییەکان دەبێت کە زۆربەی جار هانی گەندەڵکاری لەناوخۆی وڵاتەکەی دەدەن. بۆ نموونە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی ٣٤ کۆمپانیای فرە ڕەگەز پارەیان دراوە بە "ئەنگۆلا"، بۆ دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتەکەی بەبێ ئاشکراکردنی ئەوەی کە ئەو پارەیە بۆ کوێ دەڕوات و، بۆچی بەکاردەهێندرێت لەناو "ئەنگۆلادا". کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێوستە پاڵ بە حکوومەت و کۆمپانیا نەوتییەکان بنێت بەرە و بەرچاوڕوونی و شەفافیەتێکی زۆرتری بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان. هەرچۆنێك بێت، تاوەکوو لەبەرژەوەندی هیچ کۆمپانیایەك نەبێت کە تەنیا و یەکلایەنانە شەفاف و ڕاستگۆ بێت. ئەوا کاری هەروەرزی و بەکۆمەڵ تاکە چارەسەر. ڕوونی ئەو جۆرە کردەوە هەرەوەزیەش دەکرێت لە ڕێگەی هەوڵدانی ڕێکخراوو هەمەنگیکارانەی حکوومەت و کەتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەستبهێندرێت. زۆر لەو هەوڵدانانە لەو ڕووەوە ئەنجامدراون، لە ناویشیاندا ڕێکەوتنی پیشەسازییە دەرهێنراوەکان کە لەسەر ئەرکی دارایی وەزارەتی گەسەسەندنی

نێودەوڵەتی بەریتانیایە. هەرچەندە تا ئێستا سەرکەوتنێکی سنورداری بەدەستهێناوە. بەهەمان شێوە پێوستە هەوڵدانی ڕاستەقینەش بخرێتەگەڕ، بۆ لەناوبردنی گەندەڵی. پێویستە وڵاتە خۆرئاواییەکان یاسایەك دەربکەن هاوتەریب بێت لەگەڵ هەوڵدانی یەکێتی ئەورووپا، بۆ بە تاوانکردنی بەرتیل و وەرگرتنی کارمەندانی کاروباری دەرەوە پشت بەستوو بە بنەمای پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی بەرتیل وەرگرتن.

ئەگەر ئەو تاقیکردنەوەی عێراقی سەرکەوتوو بوو ئەوا دەرئەنجامەکەی بریتی دەبێت، لە بوژانەوە و قازانجێکی گەورە و بەتەنها بۆ عێراقیەکانیش. سەرکەوتنی عێراق بە هەمان شێوە دەبێتە نموونەیەك، بۆ وڵاتانی خاوەن سەرچاوهکان، بۆ ئەوەی کە ئەونیش پەیڕەوی بکەن و ڕێنیشاندەرێك دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن ئەوانیش دەتاونن ئابووریی و سیستەمە سیاسییەکانیان باشتر بکەن. پێویستە وڵاتە خاوەن سەرچاوەکان ئەوە بزانن کە گۆڕان، تەنانەت گۆڕانی ڕادیکاڵانەش بێت، کەمتر مەترسیدارترە وەك لەوەی کە باردۆخی هەنوکەیی بپارێزێت و وەك خۆی بهێڵدرێتەوە کە تیایدا نەوت بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدان و گەیاندنی ئەو جۆرە زیانانەی کە زۆربەی جار لە جیهاندا هەیەتی .

- گۆڤاری فۆرن ئەفێرن/ بە پێنووسی: (نانسی بیردسەڵ و ئارڤیند سەبرەمانیان). ژ: تەموز و ئابی ٢٠٠٥.

مصادرالعربية :

١- (الاصول الاجتماعية للديكتاتورية والدمقراطية) تأليف: بارينجتون مور. ترجمة احمد محمود - ٦٥٢ ص. المنظمة العربية للترجمة- بيروت: ٢٠٠٠.

٢- (الديمقراطية) تأليف: تشارلز تيللي. ترجمة - محمد فاضل طباخ – مراجعة د. حيدر حاج اسماعيل. دارالنشر- المنظة العربية للترجمة. توزيع: مركز دراسات الوحدة العربية. ٤٠٠ ص. الطبعة الاولى: بيروت: ٢٠١٠.

٣- (نهاية التاريخ والانسان الاخير) تأليف: فرانسيس فوكوياما. فريق الترجمة – د. فؤاد شاهين، د. جميل قاسم، رضا الشايبي. الاشراف والمراجعة والتقديم – مطاع صفدي. دارالنشر- المركز الانماء القومي. ٣٥٤ ص . بيروت: ١٩٩٣.

٤- ( الديمقراطية العالمية - من منظورات غربية ونحو منظور حضاري اسلامي في علم العلاقات الدولية) تأليف: أ.د. نادية محمود مصطفي. التوزيع النشر- دارالنشير للثقافة – مصر. ١٥٢ ص . الطبعة الثانية ٢٠١٣ .

٥- (هل الديمقراطية قابلة للتصدير؟) تأليف: زولتان باراني – روبرت موزر. نقله الى العربية – جمال عبدالرحمان. جداول – للنشر والترجمة والتوزيع. ٣٨٩ ص. الطبعة الاولى: بيروت. ٢٠١٢.

٦- (الديمقراطية .. الجذور واشكالية التطبيق) تأليف/ محمد الاحمري. ٢٧٨ ص. الشبكة العربية اللابحاث والنشر. الطبعة الاولى: بيروت: ٢٠١٢.

٧- (الواجب) مذكرات/ روبت م. غايتس – وزير الدفاع الأمريكي ومدير وكالة الاستخبارات المركزية لأمريكية سابقا. ٧٠٥ ص. ترجمة والنشر: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر. الطبعة الاولى: ٢٠١٧.

٨- (حروب الاشباح) تأليف: ستيف كول. ٩٢٢ ص. ترجمة: شركة الاء للترجمة. تحرير ومراجعة: فؤاد زعيتر. الطبعة الاولى: ٢٠٠٨.

٩- (فقه الثورة) تأليف: يوسف زيدان. ٣٣٠ ص. دار النشر- الطبعة الاولى:٢٠١٣.

١٠- (نظام التفاهة) تأليف. د.الان دونو. ترجمة والتعليق: د.مشاعل عبدوالعزيز الهاجري. ٣٦٨ ص. دارسؤال للنشر. الطبعة الاولى: ٢٠٢٠.

١١- (مفهوم الايدولوجيا) تأليف: عبدولله العروي. ١٧٦ ص. الناشر: المركز الثقافي العربي. الطبعة الثامنة: ٢٠١٢.

١٢- (دين الفطرة) تأليف/. جان- جاك روسو. نقله من الفرنسية الى العربية: عبدولله العروي. ١٣٦ ص. الناشر: المركز الثقافي العربي. الطبعةالاولى: ٢٠١٢.

١٣- (الهوية والأمة في العراق) تأليف/ شيركو كرمانج. ترجمة عوف عبدالرحمن عبدالله. ٤١٤ ص. داراراس للطباعة والنشر. الطبعة الاولى: ٢٠١٥.

١٤- (مقالات في الاسلام السياسي) تأليف: د. عرفان كرم ستوني. ٣١٧ ص. الجزءالاول. الطبعة الاول – اربيل: ٢٠٢٢.

١٥- )ماهي الديمقراطية – حكم الاكثرية ام ضمانات الاقلية. ٣٤٨ ص

١٦- (اليمقراطية وحقوق الانسان – دور الامم المتحدة) حقوق التأليف والنشر الامم المتحدة ٢٠١٣ .

١٧- ( الديمقراطية المباشرة – لمحة عامة عن دليل المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات – ٢٠١٥).

١٨- مجلس حقوق الانسان – الدورة الثانية والعشرون البندان ٢ و ٣ من جدول الأعمال – التقرير السنوي لمفوضة الأمم المتحدة السامية لحقوق الانسان وتقارير المفوضية السامية والأمين العام.

١٩- ( استراجيات لدعم الديمقراطية في العراق) من المؤلفات : معهد السلام الأمريكى. سنة ٢٠٠٤.

٢٠- (حقيقة الديمقراطية والموقف منها – دراسة نقدية في ضوء الاسلام) تأليف: د. ابراهيم طلبة حسين عبد النبي. الرياض – ٢٠١٢.

٢١- لثقافة و عصر الحضارة الديمقراطية / ديلمون كريم.

http://www.m.ahewar.org

٢٢- (تهذيب الرياسة وترتيب السياسة) تأليف: أبو عبد الله محمد بن علي بن الحسن القَلْعي الشافعي (المتوفى: ٦٣٠هـ) المحقق: إبراهيم يوسف مصطفى عجو الناشر: مكتبة المنار - الأردن الزرقاء الطبعة: الأولى عدد الأجزاء: ١.

٢٣- (الإسلام والدستور) تأليف: توفيق بن عبد العزيز السديري الناشر: وكالة المطبوعات والبحث العلمي وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد الطبعة: الأولى، ١٤٢٥هـ عدد الصفحات: ٢٤١ عدد الأجزاء: ١

٢٤- (الاخلاق البروتستانتية والراسمالية) تأليف: ماكس فيبر. ترجمة: د. محمد على مقلد. مراجعة: جورج ابي صالح. ١٨٦ ص. دار نشر – بيروت.

٢٥- (الاقتصاد والامجتمع – الاقتصاد والانضمة الاجتماعية والقوى والمخلفات السادة) تأليف: ماكس فيبر. ترجمة: محمد التركي. مراجعة: فضل الله العميري. ٨٦٢ ص. الطبعة الاولى: بيروت ٢٠١٥ .

٢٦- (العولمة) تأليف: جلال امين – ٢٣٤ ص. دار الشروق: الطبعة الاولى: ١٩٩٩.

٢٧- (العولمة ... النظرية الاجتماعية والثقافية والكونية) تأليف: رونالد روبرتسون. ترجمة: احمد محمود – نورا امين. مراجعة

وتقديم: محمد حافظ دياب. الامجلس الاعلى للثقافة – والمشروع القومي للترجمة.

٢٨- (الأحزاب السياسية في العالم الثالث) تأليف: أسامة الغزالي حرب: عالم المعرفة.

٢٩- (تاريخ الفلسفة) تأليف: فريدريك كوبلستون. ترجمة: امام عبد الفتاح الامام. المجلد الثالث – الطبعة الاولى ١٩٤٤ .

٣٠- (ظاهرة نقد الدين في الفكر الغربي الحديث) تأليف: د. سلطان بن عبدالرحمان العميري — الجزء الأول والثاني - دار النشر/ تكوين للدراسات والأبحاث.الطبعة الثانية ١٤٣٩ه - ٢٠١٨م.

٣١- (الأسس المنهجية لنقد الأديان- دراسة في سؤال المنهج ونظرية البحث) تأليف: د. محمد بن بسيس بن مقبول السفياني. المجلد الأول – ناشر/ مركز التأصيل للدراسات والبحوث. الطبعة الأولى ١٤٣٧ه – ٢٠١٦م.

سەرچاوە کوردیەکان:

١- (دیموکراتیزەکردن و حکومڕانی چاك) ن/ هەڵکەوت عەبدوڵلا. ١٦٣ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاند. چاپ: یەکەم.

٢- (لیبڕالیزم و دیموکراسی) ن/ نۆربێرتۆ بۆبیۆ. بە کوردیکردنی لە فارسییەوە/ ڕێباز مستەفا. ١٧٣ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری. چاپی سێیەم: ٢٠٢١ .

٣- (دیموکراسی بەدەم ڕەشەباوە) ن/ د. شەونم یەحیا. ١٦٠ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا. چاپی یەکەم: ٢٠١٩.

٤- (ڕق لە دیموکراسی) ن/ ژاك ڕانسیر. لەعەرەبییەوە بۆ کوردی: ئەسەلان ئەفراسیاو – ناجی ئەفراسیاو. ٢٦٠ لاپەڕ. چاپخانەی تاران: ٢٠١٧.

٥- (تاوانە ڕێکخراوەکان - توێژینەوەیەکی زانستییە لەسەر تاوانە هاوچەرخەکان) ن/ نەبەز تاڵیب ڕۆستەم. ٥٣٢ لاپەڕ. چاپخانە: شیڤان سلێمانی: ٢٠٠٩.

٦- (قۆناغە بنەمایەکانی هزر لە کۆمەڵناسییدا) ن/ ڕیمۆن ئارۆن. وەرگێڕانی بۆ فارسی: باقر پەرەهام. بەکوردیکردنی: عەبدوڵلا ڕەسوڵی. بەرگی یەکەم و دووەم: ٩٠٧ لاپەڕ. لە

بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. چاپی یەکەم: ٢٠١٢.

٧- (ڕۆحی یاساکان) ن/ مۆنتسکیۆ. وەرگێڕی فارسی: عەلی ئەکبەر موهتەدی. بەکوردیکردنی: ئیدریس شێخ شەریفی - پاسۆری. ٩٣٧ لاپەڕ. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپی یەکەم: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر: ٢٠٠٣.

٨- (شۆڕشەکانی نەرمەهێز - ڕوە و هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆری و فەنتەمێنتالیزمەکان) ن/ عەلی حەرب. لەعەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵلا. ١٤١ لاپەڕ. چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم: ٢٠١١.

٩- (فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە) ن/ ڕێبوار سیوەیلی. ٣٧٥ لاپەڕ. دەزگای چاپ: ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاریی کلتووری وڕۆشنبیری ژمارە(١٤). چاپی یەکەم: ٢٠١٦.

١٠- (وەهمەکانی دەسەبژێر، یان ڕەخنەگرتن لە ڕوناکبیر) ن/ عەلی حەرب. بە کوردیکردنی: هەڵکەوت عەبدوڵلا. ٢٧٢ لاپەڕ. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان/ چاپخانە: شیڤان. چاپ: یەکەم ٢٠١٢.

١١- (مێتافیزیك) ن/ ئەریستۆ. لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی: د. محەمەد کەمال. ٣٢٠ لاپەڕ. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم: ٢٠٠٨.

١٢- (فەلسەفە - سیاسەت – سینەما) ن/ ژیل دۆلوز. لە فەرنسییەوە بۆ کوردی: فازل مەحمود وەلی و کاروان ئەحمەد نامیق. ٢٢٢ لاپەڕ. لەبڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی. چاپی یەکەم: ٢٠١٧.

١٣- ( لەدنیای شارەوە تا شاری دنیا) ن/ سەید محەمەدی خاتەمی. بەکوردیکردنی: مەلا ڕەشید – پێداچوونەوەی: ئیسماعیل کوردە. ٢٣٦ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکریی و ئەدەبی نما. چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦.

١٤- (هۆمۆدیۆس – مرۆڤەخوا – کورتە مێژوویەکی سبەینێ) ن/ یۆفال نوح هەراری. بە کوردیکردنی: وریا ئەحمەد. ٧٢٢ لاپەڕ. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند. چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٢٠.

١٥- (مرۆڤ و سروشت – قەیرانی مەعنەویی مرۆڤی مۆدێرن)ن/ سەید حوسێن نەسر. بەکوردیکردنی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز یاسین. ٤٢٩ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی. چاپی یەکەم: ٢٠١٨.

١٦- (ئیسلام و توندوتیژی – گفتوگۆی نێوان ئەدۆنیس و حووریە عەبدولواحید) مەنسوور تەیفوری، لە فەرنسییەوە

کردوویەتی بە کوردی. ١٥٥ لاپەڕە. پرۆژەی هاوبەشی ماڵی سوهرەوەردیی و ناوەندی غەزەلنووس. چاپخانەی تاران. چاپی یەکەم: ٢٠١٦.

١٧- (بەرە و ئاشتی هەمیشەیی) ن/ ئیمانوێل کانت. بە کوردیکردنی: ڕێبین ڕەسوڵ. ١٧٢ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا/ چاپی یەکەم: ٢٠١٧.

١٨- (بزوتنەوەی ژنان) ن/ ئاندرێ میشێل. بە کوردیکردنی: خالید عەلیزادە. ١٦٧ لاپەڕ. چاپ: سلێمانی ٢٠١٥.

١٩- (ئالان بادیۆ) بەکوردیکردنی کۆمەڵێك نووسەر- بەرگی چوارەم. دەزگای ئایدیا. ٢٠٠ لاپەڕ. چاپی یەکەم: ٢٠١٧.

٢٠- (فرانسیس فۆکۆیاما) بەکوردیکردنی کۆمەڵێك نووسەر- بەرگی چوارەم. دەزگای ئایدیا. ١٨٠ لاپەڕ. چاپی یەکەم: ٢٠١٧.

٢١- ( مارکسیزم چۆن کار دەکات) ن/ کریس هارمەن. بەکوردیکردنی: بابان ئەنوەر. ١٨٤ لاپەڕ. دەزگای ئایدا. چاپی دووەم: ٢٠١٧.

٢٢- (دەیڤید هارڤی) بە کوردیکردنی کۆمەڵێك نووسەر. بەرگی چوارەم. دەزگای ئایدیا. ١٩٤ لاپەڕ. چاپی یەکەم ٢٠١٧ .

٢٣- (کۆنفوشیۆس) بە کوردیکردنی کۆمەڵێك نووسەر. بەرگی چوارەم. دەزگای ئایدیا. ١٨٦ لاپەڕ.چاپی یەکەم ٢٠١٧.

٢٤- (نوام چۆمسكی) به كوردیكردنی كۆمەڵێك نووسەر. بەرگی چوارەم. دەزگای ئایدیا. ٢٠١٢ لاپەڕ. چاپی یەكەم ٢٠١٧.
٢٥- (جۆن دێوی) به كوردیكردنی: د. لوقمان ڕەئوف – ئارام محمود. ١٦٢ لاپەڕ. دەزگای ئایدیا. چاپی یەكەم: ٢٠١٧.
٢٦- (فینۆمینۆاۆجیای ئایین) ن/ ئێریك شارپ – جۆناسان زێن. سمیت. بەكوردیكردنی: ئارام مەحموود ئەحمەد. ١٨٥. دەزگای ئایدیا. چاپی یەكەم: ٢٠١٩.
٢٧- (سەرهەڵدان و بەردەوامیی حزبە سیاسییەكان لە ڕۆژاوا) ن/ د. حوجەتوڵڵا ئەیووبی. وەڕگێرانی: ئازاد وەڵەدبەگی، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧.
٢٨- (پایە و بنەماكانی سیاسەتی گشتی) ن/ دكتۆر حەمیدڕەزا مەلیك محەمەدی، مامۆستای زانستە سیاسییەكانی زانكۆی تاران. وەرگێڕانی: محەمەد كەریمخان، زانستگەڕی زانستە سیاسییەكانی زانكۆی تاران.
٢٩- (چوارچێوە یاساییەكانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دارایی) ن/ دەبڵیو. پائاتی ئۆفوسۆ- ئێماه، ڕاج سوپرامانیان، كیشور ئاپرێتی و لە لایەن ئەحمەد ڕەنجبەر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و دواجار كاروان كەریمخان لە فارسییەوە بە كوردی كردووە. ئەو كتێبە لە دەلاقەی یاساییەوە لێكۆڵینەوە

لەبارەی هەوڵی وڵاتانی پێشکەوتوو و ئەو وڵاتانەی کە لە حاڵی پێشکەوتندانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکات.
٣٠- (لە نێوان ڕاست و چەپدا) ن/ ئەنتۆنی گیدنز. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: خەسرەو میراودەلی. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١٠.
٣١- (بنەماکانی تۆتالیزم) ن/ هانا ئارێنت. بە کوردیکردنی: حەمە ڕەشید. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم. چاپی: یەکەم سلێمانی ٢٠٠٧.
٣٢- (قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ) چەند دۆکیۆمێنتێکی سەرەکیی نێودەوڵەتی. بەکوردیکردنی: ئاسۆ کەریم.
٣٣- (سروشتی دیموکراتیی لامەرکەزییەتی کارگێڕی- لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارە خۆجێیییەکانی هەرێم) ن/ هـۆگـر ئیبراهـیم حـەکیم.
٣٤- (بەجیهانیبوون و جیهانی سێیەم و ئاسایشی نەتەوەیی) ن/ سەید عەبدولعەلی قەوام. بەکوردیکردنی: سەڵاح جەعفەری. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی هاوسەر: هەولێر ٢٠٠٩.

٣٥- (هەڵبژاردنی دیموكراسی؛ گرنگی و پێوەرەكانی لە دیاریكردنی شێوەی حوكمدا). ن/ سەیفەدین كاتح - لە عەرەبییەوە: چرا عومەر ساڵح.

http://www.siironline.org

٣٦- (بۆچی بەجیهانیبوون شایانی پارێزگاریلێكردنە) ئەو بابەتە پوختەی موحازەرەیەكی "جێی دۆگلاس گیبسۆن"ە لە زانكۆی كوین، كینگستۆن، كەنەدا. بەكوردیكردن و كورتكردنەوەی لە ئینگلیزییەوە: هێلین ساڵح .

https://www.weforum.org

٣٧- (دیموكراسییەت بە گەندەڵی و چاوچنۆكی هەرزانفرۆش كراوە، بەڵام كاتی فریاكەوتن ماوە) ن/ جاپێت ئۆمۆجاوا. سەرۆكی بۆردی ئەلفا ڕیچ. بەكوردیكردنی لە ئینگلیزییەوە: هێلین ساڵح .

https://www.weforum.org

٣٨- (شێوازی دەربڕینی قبووڵكردنی شكست لە دیموكراسیدا) ن/ پۆڵ كۆركۆران* بەكوردیكردن: تەحسین تەها بەهائەدین.

تێبینی: پۆڵ كۆركۆران، (Paul Corcoran)توێژەری سیاسی و ئەمریكایی و مامۆستای یاریدەدەرە لە زانكۆی ئادلاید، لە ئوستراڵیا. بە شێوەیەكی تایبەت گرنگی بەو بابەتانە دەدات كە لەبارەی پەیوەندییە سیاسییەكان، لەوانە ستراتیژییەكانی پشتبەستوو بە تەكنیكی دەربڕین و پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی

میدیاکان، فەلسەفەی سیاسی و، سیاسەت و هونەرن. ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

٣٩- (ئاڵنگارییە دیموکراسییەکان لە وڵاتانی دیموکراتیکدا) ن/ عەلی ئەفشاری. بەکوردیکردنی لە فارسییەوە: ساماڵ ئەحمەدی
https://www.dw.com

٤٠- (دیموکراسی، هەر دەنگدان و ناڕەزایی دەربڕین نییە) بەکوردیکردنی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم .
https://www.project-syndicate.org

٤١- ماڵپەڕی: پێنووس.

٤٢- (حوکمی کلیپتۆکراسی) ن/ سیپان عەلی. ٨٩ لاپەر.

٤٣- پەیمانگەی نیشتمانی دیموکراسی / بۆ کاروباری نێودەوڵەتی. (NDI )

٤٤- (ئیسلام و خۆرئاوا) ن/ بێرنارد لویس. بەکوردیکردنی لە ئینگلیزیەوە: رەزوان حەسەن. ٢٨٤ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان. چاپ - تاران ٢٠١٨.

٤٥- (تارماییەکانی مارکس) ن/ جاك دریدا. بەکوردیکردنی: ئیبراهیم بەهائەدین خەتەیی. ٣٦٠ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما. شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج. چاپی یەکەم: ٢٠١٦.

٤٦- (مرۆڤی یاخی ) ن/ ئەلبێر کامۆ. بە کوردیکردنی: ئەسەلان ئەردەڵانی. ٣٨٤ لاپەڕ. لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما. شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج. چاپی یەکەم:٢٠١٦.
٤٧- (خێچ و ڕوانین - دەروازەیەك بۆ دەروونشیکاریی لاکان لە ڕێگەی کەلتوری عەوامەوە). ن/ سلاڤۆی ژیژەك. بەکوردیکردنی: وەلید عومەر. ٤١٦ لاپەڕ. ناوەندی ڕۆشنبیریی رەهەند. چاپخانە: مهتاب. چاپی یەکەم: ٢٠٢١.
٤٨- ماڵپەڕی: پلاتفۆڕمی دابڕان.

کۆتایی